







# مێژووی وێنەی کۆماری کوردستان

## بەشی دووهەم

کۆکردنەوەو شیکردنەوەی وێنەکان: حەسەن قازی

دیزاین و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێرست: مێژووی وێنەی کۆماری کوردستان

## ساڵی: ٢٠١٠ .................. لاپەڕەی.......... ١٠

١- سەرپۆلی ٢ حوسێنی زێڕینگەران (فرووهەر)
٢- مەدرەسەی گەلاوێژ، پۆلی ساوایان
٣- مەدرەسەی گەلاوێژ، پۆلی ساوایان
٤- وتووێژی نوێنەرانی ئازەربایجان و کوردستان لە گەڵ حکوومەتی نێوەندی سەبارەت بە چارەنووسی زەنگان، تیکانتەپەی هەوشار و سەردەشت
٥- ڕێژەی هێزی پێشمەرگە لە بەرانبەر پێشەوا و ڕێبەرانی دی کۆمار بە ئامادە بوونی ئەفسەرێکی ئێرانی
٦- حەمە ڕەسووڵی مکاییلی (م.م. هۆشەنگ ١٦) لە تێکۆشەرانی کۆمەڵەی ژ.ک.
٨- وێنەی هێمن کە بە هەڵە وەک وێنەی هەژار لە ڕۆژنامەی آذربایجان دا بڵاو کراوەتەوە
٩- وێنەی هەژار کە وەک وێنەی هێمن لە ڕۆژنامەی آذربایجان دا بڵاو کراوەتەوە
١٠- فەتاحی حامیدی لە مەدرەسەی نیزامی باکۆ
١١- پێشمەرگەی کۆماری کوردستان لە تەورێز
١٢- دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان
١٣- دیداری پێشەوا قازی محەمەد و میر جەعفەری پیشەوەری لە شاگۆلیی تەورێز
١٤- ژمارەیەک لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان
١٥- پێشەوا قازی محەمەد لە دەفتەری کاری
١٦- چاردە بەڵگەی کۆماری کوردستان
١٧- شێرە ژن
١٨- بەیانییەی سەرلەشکر هومایوونی سەبارەت بە ئێعدامی پێشەوا قازی محەمەد، سەدری قازی و سەیفی قازی
١٩- شەهیدانی کۆماری کوردستان ( ٦ - ١٣٢٥ = ٧ - ١٩٤٦)

٢٠- سەنەدێکی حکوومەتی ئێران سەبارەت بە لە سێدارەدانی شەهیدانی ١٧ی خاکەلێوە
٢١- سنوورەکانی کۆماری کوردستان
٢٢- پەیکەری پاکی شەهیدانی ١٧ی خاکەلێوە لە سەر داری بێدادی
٢٣- شەهید ناودار محەمەدی نازمی
٢٤- شەهید کاپیتان حامیدی مازووچی سەرۆکی دیژبانیی ناوەندی مەهاباد
٢٥- ڕۆژی ڕەشی دەی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی
٢٦- "محاکەمە"ی پێشەوا، سەیفی قازی و سەدری قازی
٢٧- وێنەی لە سێدارەدانی شەهیدانی کۆماری کوردستان لە سەقز
٢٨- شەهید ئەحمەدی شەجیعی
٢٩- شەهید عەلی فاتیح
٣٠- شەهید حەسەنی فەیزوڵابەکی
٣١- محەمەدی دانیشوەر لە شەهیدانی کۆماری کوردستان
٣٢- شەهید محەمەدی فەیزوڵابەگی لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان
٣٣- عەبدوڵای مەتین یەکێکی دیکە لە شەهیدانی کۆماری کوردستان
٣٤- شەهید ئەحمەدی فاروقی موعاوینی فەرماندەهی هێزی بۆکان و مەنتەقە
٣٥- پەیکەری پیرۆزی عەلی بەگی شێرزاد لە سەر داری بێدادی
٣٦- شەهید عەلی شێرزاد فەرماندەی هێزی چلّی ٥ی ناوەندی
٣٧- شەهید سەرپۆلی ٢ محەمەدی نانەوازادە معاونی وەزارەتی هێزی دێمۆکراتی کوردستان
٣٨- شەهید خۆشەوی خەلیل مزوری
٣٩- شەهیدانی کۆماری کورستان، بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە
٤٠- وێنەی بازار و مەیدانێکی سابلاغێ لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا
٤١- هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە تەورێز بۆ بەشداری لە ڕێو ڕەسمی چوونەوە و بەڕێکردنی ئەرتەشی سوور
٤٢- ڕێوڕەسمی هەڵکرانی ئاڵای کۆماری کوردستان، ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤
٤٣- ژەنەراڵ مایور محەمەد حوسێنی سەیفی قازی وپۆدپۆڵکۆڤنیک سەلاحەدین عیسازادە

## ساڵی: ٢٠١١..................... لاپەڕەی.......... ٩٦

٤٤- وێنەیەکی عەلی خوسرەوی لە هەڵسووڕاوانی کۆماری کوردستان
٤٥- وێنەیەکی بنەماڵەیی سەردەمی کۆمار.سەرپۆلی ٢ حوسێنی زێڕینگەران و ئەندامانی بنەماڵەکەی
٤٦- وێنەیەکی شەهید ئەحمەدخانی فاروقی معاونی هێزی بۆکان و مەنتەقە لە سەرا
٤٧- بەڵگەیەکی وەزارەتی ماڵییەی جەمهووری کوردستان
٤٨- چاپکراوی سەردەمی کۆمار: هەدیەی کوردستان
٤٩- ئەو قورئانە پیرۆزەی کە قازیی محەمەد سوێندی پێ خوارد
٥٠- نموونەی قەباڵەی هاوسەرێتی (زەواج) لە سەردەمی کۆماری کوردستان
٥١- بەڵگەی ئیزنی لێخوڕینی دووچەرخە لە لایەن ئیدارەی شارەوانی (پۆلیس) کۆماری کوردستانەوە تصدیقی لێ خوڕینی چەرخی پێ ی
٥٢- چەند بەڵگەیەکی گرینگ؛ چالاکیی کۆمار گەیشتووەتە کرماشانیش
٥٣- ژمارەیەک لە شاگردانی مەدرەسە لەگەڵ یەکێک لە مامۆستاکانیان کاک قاسمی حیجازی
٥٤- ڕێژەی کچە مەدرەسەیی لە بەرامبەر پێشەوا
٥٥- هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردوستان لە شاری بۆکان
٥٦- عەلی ڕیحانی لە تێکۆشەران ژێکاف ولە کاربەدەستانی کۆمار
٥٧- سەدیقی حەیدەری، زەبیحی، دڵشادی ڕەسووڵی، هێمن و؟
٥٨- هێندێک لە دامەزرێنەرانی ژ.ک.
٥٩- دۆستایەتی گەلانی کورد و ئازەربایجانی
٦٠- پێشەوا قازی محەمەد و میرجەعفەری پیشەوەری لە فرۆکەخانەی تەورێز
٦١- پێشەوا قازی محەمەد و پیشەوەری لە فرۆکەخانەی تەورێز
٦٢- پێشەوا قازی محەمەد و میر جەعفەری پیشەوەری لە شاگۆلی
٦٣- شاگردانی مەدرەسەی گەلاوێژ
٦٤- ڕێوڕەسمی میری نەورۆزی لە مەهابادێ
٦٥- ناودار محەمەدی نازمی لە ئەفسەرانی هێزی دیمۆکراتی کوردستان
٦٦- مەحموودی وەلیزادە، وەزیری کشتوکاڵی کۆماری کوردستان

٦٧- مام ئەحمەدی ئیلاهی (ئەحمەدی حاجی ئەڵای) وەزیری ئابووری کۆماری کوردستان
٦٨- محەمەد دڵشادی ڕەسوولی معاونی ئیدارەی فەرهەنگی کوردستان
٦٩- کەشەفی زێوین دیاریی گەلی کورد بۆ ئەرتەشی سوور
٧٠- تەوریز ٧ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی، بەشداری نوێنەران و پێشمەرگەی کۆماری کوردستان لە ڕێوڕەسمی ماڵاوایی کردنی لەشکری سوور

---

## ساڵی: ٢٠١٢ .................... لاپەڕەی........... ١٥٨

---

٧١- ڕۆژژمێری تایبەتی دەوڵەتی کوردستان
٧٢- وێنەیەکی ژەنەڕاڵ مایۆر ئەمەرخانی شەریفی و حاجی سەید عەبدوڵا ئەفەندی گەیلانیزادە لە گەڵ پۆلێک
٧٣- پێشمەرگەی ناوچە باکوورییەکانی کۆماری کوردستان
٧٤- حوسێنی زێڕینگەران (فرووهەر) و منداڵانی بێ سەرپەرست
٧٥- ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەد حوسێنی سەیفی قازی جێگری ڕەئیسی جمهوور و وەزیری هێزی کوردستان
٧٦- مایور (سەرلک) نووری ئەحمەد تەها، جێگری فەرماندەی لکی چواری هێزی بارزانیان
٧٧- وێنەیەکی سەردەمی کۆمار لە مەهاباد

---

## ساڵی: ٢٠١٣ .................... لاپەڕەی........... ١٣٢

---

٧٨- وولامی میرزا غەنی خوسرەوی شارداری مەهاباد بۆ میرزا کەریم خوسرەوی بەرپرسی ئیداری نەوت
٧٩- بەڵگەیەکی کانگای نەفتی مەهاباد (ئیدارەی نەفتی مەهاباد) لە سەردەمی کۆمار دا
٨٠- هێندێک لە خوێندکارانی ناوچەی باکووری کوردستانی ئێران لە مەدرەسەی نیزامی باکۆ
٨١- سەید محەمەدی تەهازادە معاونی ڕێبەری حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان و شاعیر سەید کامیلی ئیمامی لە دوای

ڕووخانی کۆمار لە زیندانی ورمێ

٨٢- ووتارێکی هەواڵدەریی " ئاسۆشییەتد پرێس" لە مەڕ دامەزرانی کۆماری کوردستان کە لە ١٥ی مارسی ١٩٤٦ ناردوویە

٨٣- وێنەیەکی دیکەی سەیفی قازی لە شاری کیسلۆڤۆدسک لە باکووری قەفقاس

٨٤- خیتابەی شاسوڵتانی فەتتاحی قازی لە کۆنفرانسی سوخەنرانی یایان

٨٥- وێنەی یەکی دیکەی یای مینای قازی و دوو لە کچەکانی

٨٦- یای خانمۆڵی نانەوا (ئیمامی)، هاوسەری عەبدولڕەحمانی ئیمامی لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک.

٨٧- یای عیسمەتی قازی کچی گەورەی پێشەوا قازیی محەمەد

٨٨- یای مینای قازی سەرۆکی کۆمەڵەی یایانی کوردستان لە سەردەمی کۆمار

٨٩- مام برایمی فەهمی سەرۆکی "ئیدارەی کولی گومرگاتی کوردستان"

٩٠- میرزا محەمەدی سۆفی زادە یەکێک لە تاجرەکانی مەهابادی لە سەردەمی کۆمار دا

٩١- کاپیتان حەمەدی مەولوودی لە باکۆ

٩٢- وێنەیەکی کەم پێ زاندراوی پێشەوا قازیی محەمەد

٩٣- سەیفی قازی لە کیسلۆڤۆدسک لە باکووری قەفقاز

٩٤- ڕێژەیەک لە تەورێز

---

**ساڵی: ٢٠١٤..................لاپەڕەی........... ٢١٥**

---

٩٥- ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵا لە مەهاباد

٩٦- دوکتور سەمەدۆف ڕەئیسی نەخۆشخانەی شووڕەوی لە تەورێز

٩٧- برایم نادری جێگری وەزیری فەرهەنگی کۆماری کوردستان

٩٨- دوگمەی یونیفۆرمی نیزامی لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا

٩٩- وێنەیەکی دیکەی پۆدپۆلکۆڤنیک حوسێنی زێرینگەران (فرووهەر)

١٠٠- حوسێن زێرینگەران لەگەڵ ئەو منداڵانەی لە مەکتەبی گەلاوێژ دەبەر خوێندنی نان و چەندێک لە پێشمەرگە و هاوکارانی

١٠١- پۆدپۆلکۆڤنیک حوسێن فرۆهەر و بنەماڵەی
١٠٢- رۆژی شەهید بوونی یازدە شەهیدەکەی کۆماری کوردستان لە شاری سەقز ڕوون بووەوە
١٠٣- وێنەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش و مێژوویی حوسێن زێڕینگەران
١٠٤- فرووهەر لەگەڵ قاسم قادریی قازی و دڵشاد ڕەسووڵی
١٠٥- هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە نەغەدە بە سەرپەرستی حوسێنی زێڕینگەران،
١٠٦- حوسێن زێڕینگەران (حوسێن فرووهەر) لە تاراوگەی شیراز لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی

## ساڵی: ٢٠١٥ و ٢٠١٦..................لاپەڕەی.......... ٢٥٤

١٠٧- پێشەوا قازی محەمەد و میر جەعفەری پیشەوەری لە شاگۆلی
١٠٨- بەڵگەیەکی گمرگاتی کوردستان
١٠٩- بەڵگەیەکی هەیئەتی رئیسەی میلی کوردستان
١١٠- بەڵگەیەک سەبارەت عەبدولای نەهری، ئەندامی کۆمەڵە کە لە شانۆی "دایکی نیشتمان" دا دەوری دایکی نیشتمانی گێڕا
١١١- چەند کاربەدەستتی کۆمار لە زیندانی ورمێ
١١٢- هێندێک لە کاربەدەستانی کۆمار لە زیندانیی ورمێ
١١٣- هێندێک لە کاربەدەستانی کۆمار لە زیندانی ورمێ
١١٤- دوکتور خوسرەوی زولفەقاری
١١٥- هێندێک لە کاربەدەستانی کۆمار دوای ڕووخانی کۆمار لە زیندانی شارەبانی قەزوێن

## ساڵی: ٢٠١٧........................ لاپەڕەی........... ٢٧٧

١١٦- دەستخەتی دوکتور ئەمیر حەسەنپوور لە کتێبی "کوردستان لە سێبەری مێژوو" ی سوسان مەیسێلاس دا لەمەڕ مەزاری قازییەکان
١١٧- هەڵسەنگاندنی کتێبی مەحموود مەلا عززەت لە لایەن دوکتور ئەمیر حەسەنپوورەوە
١١٨- چەند کەس لە خوێندکارانی کورد لە مەدرەسەی نیزامی باکۆ
١١٩- وێنەیەکی دەگمەن و پێ نەزاندراوی پێشەوا قازیی محەمەد
١٢٠- پۆدپۆلکۆڤنیک مستەفا خۆشناو، فەرماندەی لکی یەکی بارزانیان، دواتر فەرماندەی هێزی بۆکان و سەقز لە سەرا
١٢١- نووسینێکی مەحموودی تەفەزولی ڕۆژنامەنووسی ئێرانی سەبارەت بە پێشەوا قازیی محەمەد
١٢٢- حوسێن زێڕینگەران (فڕووهەر) لە پشت میلەی زیندانی ڕەزائییە (ورمێ)
١٢٣- مەجید خانی حەمەڕەشیدخان قادر خانزادە، فەرماندەی پێشمەرگە لە قەباغلووی بۆکان لە سەردەمی جمهووری دا
١٢٤- میرزا محەمەدئەمین مەنگوڕی ڕووناکبیری دووربینی سەردەمی جمهووری
١٢٦- هێندێک لە کاربەدەستانی جمهووری لە زیندانی ورمێ
١٢٧- چەند ساڵ بەر لە ڕاگەیاندنی جمهووری، نامەی فەرمانداری مەهاباد بۆ سەدری قازی
١٢٨- کاپیتان حەمەدی ڕاتبی (حەمەدی مەولوودە چرچی)
١٢٩- حوسێنی زێڕینگەران (فڕووهەر) لە پشت میلەی زیندانی ڕەزائییە (ورمێ)
١٣٠- ڕەحمان گەرمیانی لە باکۆ
١٣١- جەعفەر کەریمی و هاوڕێیانی لە زیندانی ورمێ
١٣٢- وێنەیەکی دیکەی زیندانییە کوردەکان دوای ڕووخانی جمهووری
١٣٣- وێنەیەکی دیکەی مەناف کەریمی لە زیندانی ورمێ
١٣٤- مەناف کەریمی، سەید محەمەد تەهازادە و برایم نادری لە زیندانی ورمێ
١٣٥- هێندێک لە کاربەدەستانی جمهووری کوردستان لە زیندانی شارەبانی ورمێ
١٣٦- بەشێک لە کاربەدەستانی جمهووری کوردستان لە زیندانی ورمێ
١٣٧- حوسێن فرووهەر و دۆستانی لە زیندان، دوای ڕووخانی جمهووری

١٣٨- وێنەی حوسێن فرووهەر لە زیندان کاتی سەردانی دایکی
١٣٩- نامەی سەرلەشکری ئامانولا جەهانبانی بۆ پێشەوا ٦ مانگ بەر لە ڕاگەیاندنی جمهووری
١٤٠- وێنەیەکی دیکەی شەهید ژەنەڕاڵ مایور محەمەد حوسێن سەیف قازی لە شاری کیسلۆڤۆدسک
١٤١- جەنابی قازیش ڕۆییشت, کاتێک کە باران باریوە ، هیچ چارەیەک نییە جگە لە خواردنەوەی ئاوی باران نەبێ
١٤٢- ٣ خوێندکاری کورد کە لە سەردەمی جمهووری کوردستان دا لەباکۆ دەیانخوێند سەری نیشتمان دەدەنەوە
١٤٣- هاتنی محەمەد حوسێن خانی سەیف قازی بۆ بادکووبە، بەشێک لە بیرەوەرییەکانی ڕەحمان حەلەوی
١٤٤- ئەو وێنەیەی محەمەد حوسێن سەیف قازی لە کیسلۆڤۆدسک

## ساڵی: ٢٠١٨ ..................... لاپەڕەی........... ٣٣٦

١٤٥- هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە تەورێز بۆ بەڕێ کردنی ئەڕتەشی سوور
١٤٦- سەعید هومایوون و سەید عوبەیدیلا ئەیووبیان
١٤٧- وێنەیەکی مەلا مستەفا بارزانی لە سەردەمی جمهووری کوردستان دا
١٤٨- سەربەرگی یەکێک لە ژمارەکانی گۆواری "هەڵاڵە" کە لە سەردەمی جمهووری کوردستان دا لە بۆکان دەردەکەوت
١٤٩- دوو وێنەی دیکەی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سەر بنکەی هەیئەت ڕەئیسەی میللی کوردستان
١٥٠- مەلا مستەفا و هێندێک لە سەرکردەکانی دیکەی کوردستانی عێڕاق لە مەهاباد
١٥١- بەڵگەیەکی وەزارەتی عەدلیەی کوردستان، جەمهوری کوردستان

## ساڵی: ٢٠١٩ ..................... لاپەڕەی........... ٣٤٥

١٥٢- سەربەرگی جزمی یەکەمی دیوانی قانع، چاپی سەردەمی جمە...
١٥٣- بەڵگەیەکی نوێی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لە سەردەم...

## ساڵی: ٢٠١٠

### سەرپۆلی ٢ حوسێنی زێڕینگەران (فرووهەر)




سەرپۆلی ٢ حوسێنی زێڕینگەران (فرووهەر) لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا ئەندامی کۆمیتەی شاری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بووە لە مەهابادێ. وەک بە تەواوی ساغ کراوەتەوە نەمر حوسێنی زێڕینگەران ئەندامی ژمارە ١ی کۆمەڵەی ژ.ک. و نێوی ڕێکخراوەیی لە ژێکاف دا کاوە - ١ بووە، بەڵام وەک دەبینین لە بن ئەم وێنەیە دا کە لە ئارشیڤی نەمر عوبەیدیلای ئەییووبیان وەرگیراوە نووسراوە "نەریمان" و دیارە ئەوەش تاق و جووت کردنی نێوی واتە کاوە - ١ لە گەڵ کەسێکی دیکەیە . وەک لە چاپەمەنییەکانی سەردەمی کۆمار دا دەردەکەوێ حوسێنی زێڕینگەران دەورێکی سەرەکی گێڕاوە لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە زۆر شوێن. لە کتێبی ئەلەمووتی دا "فصولی از تاریخ مبارزات سیاسی و اجتماعی ایران و جنبشهیای چپ. شرکت انتشارات چاپخش، ١٣٧٠ تهران" دا باسی ئەو

سەفەرەی کراوە کە دوکتور سەلامولای جاوید کردوویە بۆ نەغەدە بۆ جێ بەجێ کردنی کێشەیەک کە لەوێ لە ئارا دابووە و لەوێ حوسێنی زێڕینگەران نوێنەرایەتی کۆماری کوردستانی کردووە. ئەلەمووتی دەنووسێ: "... بەهەر حاڵ وەزیری نێوخۆ لە گەڵ ئاغای شەکیبا بەرەو نەغەدە وەڕێ کەوتن. ئامادە کردنی وەسیلەی سەفەر پێ کردن زەحمەت بوو، بەڵام دوای ماوەیەک ژمارەیەک قەرەپەپاغی چەکداریان لێ پەیدا بوون و بە وڵاغەکانی وان بەرەو نەغەدە چوون. لەوێ لە نەغەدە خێڵی قەرەپەپاغ هاتنە پێشوازیان و زۆر لە کوردەکان کۆبوونەوە و لە سەرکردە کوردەکان حوسێنی زێڕینگەران لەوێ بوو و خیلافەکە جێ بە جێ کرا...."

تێبینی: ئەم وێنەیەش بە سپاسەوە لە کتێبی ساوجبلاغ مکری (مهاباد) وەرگیراوە و وەک لە ژێر وێنەکە دا نووسراوە لە ئارشیڤی سەیید عوبەیدیلای ئەیووبیان وەرگیراوە

٦ی بەفرانباری ١٣٨٩ = ٢٧ی دێسەمبەری ٢٠١٠

## مەدرەسەی گەلاوێژ، پۆلی ساوایان



لە مەڕ وێنەی مامۆستا عوبەیدی ئەییووبیان و شاگردەکانی لە پۆلی ساوایان دا، بە ڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک پرسیارم لە بەڕێز کەریمی دانشیار کرد کە لەو وێنەیە دا دەیبینین.بەسپاسەوە بەڕێزیان، دوای زیاتر لە ٦٤ ساڵ لە ڕێکەوتی هەڵگرتنی ئەم وێنەیە لە ٢٣ - ١٢ - ٢٠١٠ دا ئەم شەرحەی خوارەوەی نووسیووە.

کاک حسن گیان . سڵاوێکی گەرم و هیوای سەرکەوتنت. زۆر باشم لەبیرە ئەو دەمەی کە ئەو عەسکەیان کێشاین. ئەو عەکسە لە حەسارە گەورەکەی تجارەتخانەی سەید عەلی حسێنی کێشرا. پێموایە هەر ئەو تاهرپوورە کێشای کە هەتا ماوەیەکی زۆر تەنیا عەکاسی مەهاباد بوو.

زەمانێک بۆمان لوا ئەو عەکسە بکێشین، کە ئێمەی پۆلی ساوایان، ڕۆژێک پێشتر لە دەفتەری سەرۆک کۆماری دا چووینە زیارەتی پێشەوای گەورەمان. سرودی پۆلی ساوایانمان بۆ خوێندەوە. پێشەوا بە ئیحتیرامی منداڵانی پۆلی ساوایان لە پشت مێزەکەی بە سەر پێوە ڕاوەستا. لە نیوەی سروودەکە دا بووین کە فرمێسک بە سەر ڕوخساری پێشەوا دا هاتە خوار. دوای خوێندنەوەی سرود هاتە لامان. دەستی لە ناو دەستی ناین و دەستی بە سەر دا کێشاین. لە کار و باری بابمانی پرسی و کەمێکیشی قسە بۆ کردین. زەنگێک لە سەر مێزەکەی بوو، قامکی بەسەر داگرت، بە دەنگی زەنگەکە پێشخزمەتێک هاتە ژوور. پێشەوا لە سەر کاغەزێک دا شتی نووسی و دایە دەستی. دوای خوداحافیزی کردنمان، مامۆستا هێدی (مامۆستا عوبەید)مان کە دەگەڵ بوو بە دوای خزمەتکارەدا ڕۆیشتین. لە ڕێگایە دا مامۆستا هێدی مزگێنی پێداین کە پێشەوا ئەمری فەرمووە سەر و دەستێک لیباس و جووتێک چەکمەی قایشمان بۆ بکرن، مامۆستا سەید عوبەید کە مامۆستا پۆلی ساوایان بوو. سرودی فێر دەکردین. دەیبردینە سەیرانگای قۆپێ مەولەوی و گۆرانی و سرودی پێدەگوتین. بۆ سبەینێش مامۆستا سەید عوبەید بردێنیە عەکاسخانە و ئەو عەکسەیان کێشاین.

من سرودەکەی پۆلی ساوایانم بە نیوە چلی لەبیر ماوە. نەنکم کە لە یەکێتیی ژنان دا بوو. لە گەڕەکی قوڵەقەبران دا یاریدەدەری زیبا خانمی ئەیوبی بوو. نەنکم هەموو سرودەکانی دەزانی. تەنانەت سرودی پۆلی ساوایانیش

ئێمە پۆلی ساوایان
هەموو وەکوو برایان
لە ئامێزی دوبوستان
تاقە گوڵی کوردستان
بژی بۆمان پێشەوا
بابی بە میهر و وەفا
بژین هەتاو و هێدی
دڵ نادەین بە چ جێی دی

هەتاو (مامۆستا مەلا عەبدوڵای داودی . مەلای حەجۆکێ)

هێدی (مامۆستا سەیە عوبەید).

**دانیشتووان لە ڕاستەوە بۆ چەپ:** ١- محمد گادانی ٢- ...؟... . ٣- قادر قیت مەڕۆ (دانشیار) ٤- مامۆستا سەید عوبەیدی ئەیوبیان ٥- پێموایە جەعفەری ئیمامی یە. ٦- ....؟... ٧- ...؟.....

**ڕاوەستاوەکانی ڕەدیفی نێوەڕاست:** ١- مامۆستا ابراهیم داودی کوڕی مەلای داودی ٢- ئەمیری جەوانمەردی قازی ٣- ...؟... ٤- عەبە سووری قازی ٥- ... ؟ ... ٦- ....؟... ٧- برایمی دەهستانی ٨- پێموایە سلێمانی ئەحمەدخانە ٩- ...؟.... ١٠- پێموایە مامۆستا محمد تەوفیق وەردییە

**ڕاوەستاوانی ڕەدیفی ئاخر:** ١- ڕەشید شێخ الاسلامی ٢- عزیز شاروخ ٣- ... ؟... ٤- کاوەیس بخت النصر ٥- مجید حسامی ٦- ڕەحیم رەفیقی ٧- کەریم قیت مەڕۆ (دانشیار). ٨- ....؟...

٥ی بەفرانباری ١٣٨٩ = ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١٠

## مەدرەسەی گەلاوێژ، پۆلی ساوایان




**تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی ساوجبلاغ مکری (مهاباد) وەرگیراوە و ئی ئارشیڤی نەمر سەیید عوبەیدیلای ئەییووبیان ە**

**٥ی بەفرانباری ١٣٨٩ = ٢٧ی دێسەمبەری ٢٠١٠**

## وتووێژی نوێنەرانی ئازەربایجان و کوردستان لە گەڵ حکوومەتی نێوەندی سەبارەت بە چارەنووسی زەنگان، تیکانتەپەی هەوشار و سەردەشت



نوێنەرانی حکوومەتی نیشتمانی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان لە تاران بۆ وتووێژ لە سەر ئاڵوگۆڕکردنی زەنگان بە تیکانتەپەی هەوشار و سەردەشت . دانیشتووان لە لای ڕاستەوە ئەوکەسەی دەستی چەپی بۆ زاری بردووە:

١- دوکتور سەلامولای جاوید وەزیری نێوخۆی حکوومەتی نیشتمانی ئازەربایجان، ئەستانداری ئازەربایجان
٢- حاجی میرزا عەلی شەبوستەری سەرۆکی مەجلیسی نەتەوەیی ئازەربایجان، سەرۆکی مەجلیسی ئەیالەتی،
٣- ئەبولقاسمی سەدری قازی نوێنەری کوردستان لە تاران.
٤- ئەو کەسەی لە پشت شەبوستەری ڕاوەستاوە بە ئەگەری زۆر دوکتور ڕەزای ڕادمەنێش سکرتێری گشتی حیزبی توودە ئێران و نوێنەری خولی ١٤ی مەجلیسی شوورای میللی یە.

زیائەدینی ئەلەمووتی لە کتێبی "فصولی از تارخ مبارزات سیاسی و اجتماعی ایران و جنبشهای چپ"، شرکت انتشارات چاپخش ١٣٧٠، تاران "لە لاپەڕەی ٥٠١ دا لە بن سەردێڕی مەسەلەی بۆکان [تیکان تەپەی هەوشار] سەردەشت و بانە دەنووسی: " لە سەفەرێکی دیکە دا لە تەورێزەوە بۆ تاران قازی محەمەد، سەدری قازی وەک نوێنەری کوردەکان دیاریی کرد و ئەوە بە ئاگاداریی قەوام گەیشت. سەدری قازی بە کردەوە لە کۆمیسیۆنەکاندا بەشداری دەکرد. ئەو مەسەلانەی کێشەیان لە سەر بوو، بریتی بوون لە مەسەلەی بۆکان [تیکان تەپەی هەوشار دروستە] و بانە و سەردەشت. ڕاست لەو وەختە دا هێزەکانی دەوڵەت لە گەڵ هێزی کوردان لە سەردەشت

تێکهەڵچووبوون، بۆ ئاگاداری و پێڕاگەیشتنی ئەو مەسەلەیە سەدری قازی و مورتەزەوی لە لایەن ئازەربایجانەوە و سەرتیپ عەلەوی لە لایەن دەوڵەتەوە دیاریی کران و چوونە سەردەشت. پاش ئەوەی کە سەدری قازی لەو سەفەرە گەڕاوە پێی زانی کە نوێنەرانی ئازەربایجان بە لە دەست دانی زەنگان ڕازی بوون و دەوڵەتیش بۆکان (دەبێ مەبەست تیکانتەپەی هەوشار بێ و بە هەڵە نووسەر نووسیویە بۆکان) و سەردەشت دەداتەوە دەست کوردەکان. سەدری قازی لەو بڕوایە دابوو ئەگەر دەوڵەت زەنگان وەرگرێتەوە ئیتر بانە و تیکانتەپە ناداتەوە و پێکێشی دەکرد دەبێ وتووێژ لە سەر سەردەشت و تیکانتەپە دیسان دەست پێ بکاتەوە. کاتێک وتووێژ دەستی پێکردەوە.

قەوام بە تووڕەیی گوتی ئەرتەش ئامادە نییە سەردەشت لە کیس بدا. پاش وتووێژی دوورو درێژ و هێنانە گۆڕی سەنەد و بەڵگە قەوام پێمل بوو و بڕیار درا لە مەڕ سەدەشت و تیکان تەپە بە جیاواز بنووسرێ و بۆ جێ بە جێ کردنی مەسەلەی سەردەشت لە لایەن فیرقەوە حەسەنی جەوودەت و لە لایەن دەوڵەتەوە سەرلەشکر ڕەزم ئارا وەک کۆمیسیۆنی ئاوارتە چوونە سەردەشت. ئەرتەشی سەر بە دەوڵەت کوردەکان و کوردەکانیش ئەرتەشیان بە خەتابار دەزانی، هەر چۆنێک بێ مەسەلەکە بە ڕەزایەتی هەر دووک لا جێ بە جێ کراو و نوێنەران گەڕانەوە..."

تێبینی: ئەم وێنەیە بەسپاسەوە لە کتێبی: ساوجبلاغ مکری (مهاباد) وەرگیراوە. بەداخەوە ئامادەکاری کتێبەکە باسی سەرچاوەی ئەم وێنەیەی نەکردووە.

٥ی بەفرانباری ١٣٨٩ = ٢٧ی دێسەمبەری ٢٠١٠

## ڕێژەی هێزی پێشمەرگە لە بەرانبەر پێشەوا و ڕێبەرانی دی کۆمار بە ئامادە بوونی ئەفسەرێکی ئێرانی




ڕێژەی هێزی پێشمەرگە لە سابڵاغی بە ئامادە بوونی ئەفسەرێکی ئێرانی

لە کتێبی "از مهاباد خونین تاکرانەهای ارس" دا نەجەفقولی پسیان لە زمان سەرهەنگ فیووزی کەلەو "دادگە" نیزامییەی دا کەبۆ پێشەواوهاوڕێیانی لە مەهاباد پێک هێندرا، دادستان بوو دەنووسێ:

"سەرهەنگ فیووزی جگە لە پێشاندانی بەڵگەی پێویست بە دادگە، ئاماژەی بەو گەشتەی خۆی کرد کە لە سەردەمی سەرۆک کۆمارەتیی قازیی محەمەد دا کرد بووی بۆ مەهاباد و گوتی" "قازی محەمەد نەک تەنێ سووکایەتیی بە ئەرتەش دەکرد بگرە لە سەردانی ڕۆژی حەوتی گەلاوێژ [ ۱۳۲۵] و یەکی ڕەزبەر و بیست و یەکی خەزەڵور دا کە بۆ مەهابادم کرد هەڕەشەی لێکردم و گوتی:" بەم زووانە هێرش دەکەمە سەر هێزی دەوڵەت، سەقز و سنە و کرماشانیش دەگرم." لە سەردانی ۷ی گەلاوێژ دا لە بەر چاوی من بە بەرگی ژەنەڕالییەوە ڕێژەی بە هێزەکانی خۆی کرد". بەو قسانە ڕا دەر دەکەوێ کە ئەم وێنەیە لە ۷ی گەلاوێژی ساڵی ۱۳۲۵ی هەڵگیراوە. بەڵام بە پێچەوانەی قسەی فیووزی پێشەوا بەرگی ژەنەڕاڵی دە بەر دا نییە. خاڵێکی جێی سەرنج لەم وێنەیە دا ئەوەیە کە سەرهەنگ فیووزی بە پێچەوانەی ڕێسای ڕێژەی نیزامی دەستی بە نیشانەی ڕێز بەرز نەکردووەتەوە وبێ ڕێزی کردووە.

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی": ساوجبلاغی مکری (مهاباد) وەرگیراوە و وەک لەژێر وێنەکەشدا هاتووە لە ئارشیڤی نەمر سەید عوبەیدیللای ئەیووبیانی مەرکەزی (بڕەک) وەرگیراوە.

٥ی بەفرانباری ١٣٨٩ = ٢٧ی دێسەمبەری ٢٠١٠

## حەمە ڕەسووڵی مکاییلی (م.م. هۆشەنگ ١٦) لە تێکۆشەرانی کۆمەڵەی ژ.ک.



حەمە ڕەسووڵی مکاییلی (م.م. هۆشەنگ ١٦) لە تێکۆشەرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد

لە ژمارەی ١ی نیشتمان دا، پووشپەڕی ١٣٢٢ی هەتاوی، ژوویيەی ١٩٤٣ چەند چوار خشتەکی وی بڵاو بوونەتەوە و گەڕێنەندەی نیشتمان نووسیویە: "م.م.هۆشەنگ ئەندامی ژمارە شازدە (١٦) ی کۆمەڵە، لاوێکی خوێندەوار و بوێژ (شاعر) ێکی نیشتمانپەروەرە. ئەم چوارخشتەکیانەی خوارەوە نموونەییکی شێعرە جوانەکانی ئەم لاوە خۆشەویستەن":

تا دەبینم میلەتی کوردی فەقیر و سەر هەژار
بێ زمان و بێ کەس و بێ کۆمەگ و بێ کار و بار
ژێر چەپۆکی میلەتی دی ڕادەبوێرن ڕۆژگار
ئاوی چاوم هەر وەکوو گۆزەی سەرەوژێر دێتە خوار

***

بەش بەحاڵی خۆم ئەمن عومرم دەگەڵ غەم تەوئەمە
موونیس و غەمخۆری قەلبی دەردناکم هەر غەمە
دایما بگریم ئەگەر بۆ کوردی بەستە زمان کەمە
مەنعی من بۆچی دەکەن خەڵکی لە هەر گۆشە و کەنار

***

ئەورۆ ڕۆژێکە کە نابێ دابنیشین ڕەنجەڕۆ
یا عەدوو بن بۆ تەماعی ماڵی دونیا خۆ بە خۆ
موتمەئین کەن یەکتری بە قسەی پڕو پووچ و درۆ
ڕۆژی مەیدان و عەمەل بگرن هەموو ڕێگەی فەرار

***

میلەتی دی چی ئەگەر کردی تەڕەقی عیلەتی ؟
بۆچی تێ نافکری کورد ؟ ئاخر ئەتۆش خۆ میلەتی !
شد نفاق تۆ سبب گرتاکنون در ذلتی
بێ وەتەن وەک جوولەکەی دایم هەتیو و سەر هەژار

***

غیرەتی کوردی لە نێو ئاحاد و ئەفرادی میلەل
بۆتە باعیسی سەرئەفرازی دەزانین لائەقەل
ئیتیحادوو بێ وەکوو ئەو غیرەتەی زەربولمەسەل
تا بزانن چۆن دەکەن تەحسیلی ناو و ئیفتیخار

***

مایەیی هەر جۆرە عیز و ئیفتیخارە ئیتیحاد
میلەتی دی بەم تەریقە لادەبەن ڕیشەی فەساد
ئیتیحادوو گەر ببێ جالازمە عیلم و سەواد

چونکە بێ عیلم و هونەر ناکا تەڕەقی هیچ کار

***

هیچ کەس ناژی لەوەی دوا بە بێ عیلم و هونەر
میلەتی عالەم کە دەگرن عالەمێک نییە بێ ئەسەر
گەر نەبێ عیلم و هونەر، حەیوانن ئەبنایی بەشەر
مایبلی دەشتوو دەر و سەحرا و کێو وکێوسار

**تێبینی:** ئەم وێنەیەش لە کتێبێ ساوجبلاغ مکری (مهاباد) وەرگیراوە، ئەویش لە ئارشیوی ڕەحمەتی سەید عوبەیدیللای ئەیووبیان (بڕڕەک)ی وەرگرتووە.

٤ی بەفرانباری ١٣٨٩ = ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٠

## وێنەی هێمن کە بە هەڵە وەک وێنەی هەژار لە ڕۆژنامەی آذربایجان دا بڵاو کراوەتەوە



## هێمن لە تەورێز!

ڕۆژنامەی آذربایجان ئۆرگانی فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان لە شمارەی ٢٢١ی خۆیدا، ٢شەمۆ ٢٠ی جۆزەردانی ١٣٢٥ ئەم وێنەیەی هێمنی بەهەڵە لە جیات وێنەی هەژار بڵاو کردووەتەوە. لە نوسخەیەکی ئەم وێنەیە کە پێشتر لێرە دا بڵاو کراوەتەوە و لە سەر بەرگی ژمارە ٧٣ی گۆواری مەهاباد دا بڵاو کراوەتەوەم هێمن ئەو شەرحەی خوارەوەی بە زمانی فارسی نووسیوە کە ڕەنگە ئەو وێنەیەی بۆ بیرەوەری بۆ دۆستێکی خۆی ناردبێ و ئەو شەرحەی لە سەر نووسیبێ:


ئێستا کە بەداخەوە مووی سەرو ڕووم بەرەو سپی بوون دەچن و چرچ و چۆڵێکی زۆر لە ڕوخسارم دا پەیدا بووە هەرکاتێک چاو لەووێنەیەی خۆم دەکەم کە یادگاری تافی لاوێتی و ڕۆژگاری کامرانی منە، هەناسەیەک هەڵدەکێشم و ئەم شێعرە لەبن لێوان دەڵێمەوە: پیر بووم لەم کۆنە دەیرە دا، ئەی لاوەتی لە کوێی یادت بەخێر بێ. ئەم وێنەیەم لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٢٥ لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵی دا لە یەکێک لە عەکاسخانەکانی شاری تەورێز کێشاوە ، ئەودەمی هێشتا ژیانی هاوسەریم دەست پێنەکردبوو و سەڵت بووم و تاقە یادگاری سەردەمی خۆشبەختی و لاوەتی منە - ٢٠ - ١٢ - ١٣٣٤ محەمەدئەمینی شێخولئیسلامی.

مەکێشە لە خوڕا ئەم نەخشە نەخش دەکەی ئەی نەقاش
خوێن دەگری ئەگەر سەر لە ئەحواڵم دەربهێنی
چ پێویست دەکا لە دوای من ئەم تیمسالە
فەلەک چی لە گەڵ خۆم کرد تا بیکا لەگەڵ تیمسالم

تێبینی: ئەم نوسخەیە لە کتێبی "ساوجبلاغ مکری (مهاباد) وەرگیراوە کە بە داخەوە لە کتێبی نێوبراو دا نەهاتووە وێنەکە لە چ سەرچاوەیەک وەرگیراوە.

٤ی بەفرانباری ١٣٨٩ = ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٠

## وێنەی هەژار کە وەک وێنەی هێمن لە ڕۆژنامەی آذربایجان دا بڵاو کراوەتەوە



هەژار لەو سەردەمەی دا کە رابیتەی فەرهەنگی شووڕەوی لە تەورێز "ئاڵەکۆک" و "لایلای" بۆ چاپ کردووە. ئەو وێنەیەی هەژار وەک وێنەی هێمن لە ژمارەی ۲۱۷ی آذربایجان ئۆرگانی فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان، ۱۵ی جۆزەردانی ۱۳۲۵ی هەتاوی دا بڵاو کراوەتەوە

**تێبینی:** ئەم وێنەیەش لە کتێبی "ساوجبلاغ مکری" وەرگیراوە. بەداخەوە لە کتێبی باسکراو دا باسی سەرچاوەی ئەم وێنەیە نەکراوە.

٤ی بەفرانباری ۱۳۸۹ = ۲۵ی دێسەمبەری ۲۰۱۰

## فەتاحی حامیدی لە مەدرەسەی نیزامی باکۆ



فەتاحی حامیدی یەک لەو خوێندکارانەی کۆماری کوردستان ناردنی بۆ باکۆ بۆ خوێندنی نیزامی

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە ، لە کتێبێ : ساوجبلاغ مکری (مهاباد)،گردآوری و تالیف: فریدون حکیم زادە وەرگیراوە. ئەویش لە ئارشیڤی نەمر سەید عوبەیدیللای ئەیوبیانی مەرکەزی (بڕڕەک) ی وەرگرتووە.

٤ی بەفرانباری ١٣٨٩ = ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٠

## پێشمەرگەی کۆماری کوردستان لە تەورێز




پێشمەرگەی کۆماری کوردستان لە تەورێز

**تێبینی:** "ئەم وێنەیە لە ژمارەی ٢٠٤ی ڕۆژنامەی "آذربایجان"، ٣١ی اردیبهشت ١٣٢٥، ئۆرگانی فیرقەی دێموکڕاتی ئازەربایجاندا چاپ کراوە و لە بنی نووسراوە "دیمەنێک لە گەلی کورد لە تەورێز" بە ئەگەری زۆر ئەم وێنەیە و وێنەی پێشوو کاتێک هەڵگیراوە کە پۆلێک لە پێشمەرگەی هێزی دێموکڕاتی کوردستان بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی بەڕێکردنی ئەرتەشی سوور چوونە تەورێز.

٢٨ی سەرماوەزی ١٣٨٩ = ١٩ی دێسەمبەری ٢٠١٠

## دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان



دەستەیەک لە  پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان

**تێبینی: ئەم وێنەیە لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی " آذربایجان" ،ئۆرگانی فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان، ژمارەی ٢٠٤، ٣شەمۆ ٣١ اردیبهشت ١٣٢٥ دا چاپ کراوە و لە بنی نووسراوە "یەکێک لە دەستە چەکدارەکانی گەلی قارەمانی کورد"**



ئەم وێـنەیەی سـەرەوەش هەر نوسـخەیە ئەو وێـنەیەیە کە لە ڕۆژنـامەی آذربـایجـان دا چـاپ کـراوە و پەلێـک لە پێشمەرگەی کۆماری کوردستان نیشان دەدا کە بۆ بەشداری لە ماڵاوایی کردنی ئەرتەشی سوور چووبـوونە تەورێزێ

**تێبینی**: ئەو وێنانە لە تۆڕی ئینترنێت وەرگیراوە

۲۸ی سەرماوەزی ۱۳۸۹ = ۱۹ی دێسەمبەری ۲۰۱۰

---

## دیداری پێشەوا قازی محەمەد و میر جەعفەری پیشەوەری لە شاگۆلیی تەورێز



«خوجامیر» گندبندە آذربایجان رهبرلری ایلە کوردستان رهبرلیی آراسیندا آپاریلان دانیشیقلار زامانی

دیداری پێشەوا قازی محەمەد و میر جەعفەری پێشەوەری سەرۆکی فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان و سەرۆکوەزیری حکوومەتی میللی ئازەربایجان لە شاگۆلی تەورێز.بە پێی خەبەرێک کە لە ژمارەی ۱۸٤ی آذربـایجـان، یەکشـەمۆ ۸ی بانەمەڕی ۱۳۲۵ی هەتاویدا بڵاو کـراوەتەوە، ڕۆژی ٥ی بـانەمەڕ "بـاش وزیرمیز کرد خلقینن پیشواسی ایلە برابـر قوشون تشکیلاتینا باش چکمیشدیر" هەر لەو ڕۆژەدا پێشەوا و پیشەوەری مانۆری تۆپچی یانیان لە شاگۆلی بەسـەر کردووەتەوە و ئەم وێنەیەی سەرەوە لەو بۆنەیە دا لە ڕۆژی پێنجشەمۆ ٥ی بانەمەڕی ۱۳۲٥ لە شاگۆلی هەڵگیراوە،

نەک لە خوجامیر.

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە ماڵپەڕی ئازەربایجان وەرگیراوە.

Azer-online

٢٥ی سەرماوەزی ١٣٨٩ = ١٦ی دێسەمبەری ٢٠١٠

## ژمارەیەک لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان



ژمارەیەک لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان


لە لای ڕاستەوە نەفەری دووەم ڕەحیمی لەشکری سەرۆکی دەفتەری پێشەوایی، نەفەری سێیەم برایم خانی سەلاح، نەفەری پێنجەم هەژار؟

تێبئینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە ماڵپەڕی ئازەربایجان وەرگیراوە.

Azer-online

٢٥ی سەرماوەزی ١٣٨٩ = ١٦ی دێسەمبەری ٢٠١٠

## پێشەوا قازی محەمەد لە دەفتەری کاری



پێشەوا قازی محەمەد لە دەفتەری کاری

تێبینی: ئەم وێنەیە لە کتێبی:" از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس، نووسینی حوسێنقوڵی پسیان وەرگیراوە.

٢٩ی ڕەزبەری ١٣٨٩ = ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

## چەند دیمەنی کۆماری کوردستان لە فیلمێکی بەڵگەیی ڕووسی دا

فیلمێکی بەڵگەیی ڕووسی سەبارەت بە کشانەوەی ئەرتەشی سوور لە ئازەربایجانی خواروو. لەم فیلمەدا چەند دیمەنێکی کۆماری کوردستان دەبینین. بەتایبەتی سپاسنامەیەک بۆ ئەرتەشی سوور،


http://www.criticalpast.com/video/65675041187_Parade_women-picking-flowers_newspaper-headlines_women-with-covered-heads

٢٨ی خەرمانانی ١٣٨٩ = ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٠

---

## چاردە بەڵگەی کۆماری کوردستان



[بەڵگەی ١]

**لاپەڕە:** ١
**نیشانی:** ئیدارەی چاپخانەی کوردستان- مەهاباد
**ژمارە:** ١٤

بەروار: ١٥ - ٦ - ٢٥

ئیدارەی شارەوانیی کوردستان

ئەورۆ ڕۆژی هەینوو سەعات دوازدە، وەختێکی کارگەران ئیجازەی ڕۆیشتنەوەیان دەدرێتێ "ئەلیاس ئەلیاسی" حرووفچینی چاپخانە مەعلووم نییە لە ڕووی چ نەزەریەوە لە چاپخانە دا، کە تەواوی ئەسباب بە بێنزین و ماسڵە دەشۆرێ و حەتتا کارگەر لیباسیشیان بێنزیناوییە، عەمدەن کبریتی هەڵدەکا و بە بەرهەڵبێنەی بێنزیناوی ئاغای ڕەحیمی دەبباغییەوەی دەنێ کە بیسووتێنێ، فەورەن گڕ بڵێند دەبێ، ئیسماعیلی فتووحی لاقی دەسووتێ و ئێستا تەحتی معالیجەی دایە و هەم بۆخۆشی ئاور دەگرێ، نیزیک دەبێ بە کوللی چاپخانە و حەڵەبیی بێنزین ئاور بگرێ. ڕجا ئەوەیە فەورەن ئەلیاسی ئەلیاسی دەگرن و تەوزیحاتی لازمەی لێ وەربگیرێ کە ئەو حەرەکاتە چبوو و بۆچی کردوویەتی و لەو

لاپەڕە ٢

بابەتەوە تەحقیقاتی لازم بفەرموون و نەتیجەی ئیعلام بفەرموون و پەروەندەی ئەمر بە دادگای ئیحالە بکرێ.

- ئیمزا: سەرۆکی چاپخانە[ئیمزاکە ناخوێندرێتەوە، بەڵام ئەودەم سەرۆکی چاپخانە "قادری مودەڕیسی" بووە. - هێدی-]

- ئیمزا: دەفتەری سەبت ....

لە بن نامەکە تێبینیی "دەفتەری شارەوانیی کوردستان" بەو چەشنە نووسراوە: "ئاگاداریی فەوری: ئیقدامی تێدا دەفەرمووی و پەروەندەی بە دادگا حەواڵە دەفەرمووی".

٥- ٥ ئیمزا

مۆری دەفتەری شارەوانیی کوردستان

بەروار: ١٥ - ٦ - ٢٥

ژمارە ٢٤٢١

تێبینیی "هێدی":

- دەو بەڵگەیە دا نێوی "ڕەحیمی دەبباغی" هاتووە؛ دە بەڵگەکانی دیکەی سەردەمی کۆمار دا "عەبدوڵڵای دەبباغی" وەک کارگەری چاپخانە نێوی هەیە.

- ڕێنووسی بەڵگەکان هێنراونە سەر شێوازی ئەوڕۆ.

**تێبینی: "حەسەنی قازی":**

**※ لەو بەڵگەیە را دەردەکەوێ کە لە چوار چێوەی ئیدارەی شارەوانی دا بەشی لێکۆڵینەوە هەبووە و بە "ئاگاداریی" ناوی هاتووە. ئەوەش وەرگێڕانێکی ڕاستەوڕاست بووە لە "آگاهی" فارسییەوە.**


**※ لە ڕووی زمانەوە ئەوودەمی "بەروار" لە بری "بتاریخ"، یان "تاریخ" بە کار هاتووە.**

**※ لە جیات وشەی "جومعە"، "هەینوو" دەکار کراوە، لە ڕۆژنامەی "کوردستان"یش دا هەر وایە.**

**※ دەفتەری شارەوانیی کوردستان، نامەی هاتووی سەبت کردووە. لە مۆرەکە ڕا دەردەکەوێ، تا تاریخی ١٥ - ٦ - ١٣٢٥ - ٢٤٢١ نامە لە دەفتەری شارەوانیی کوردستان سەبت کراون.**

**٢٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ = ١٩ی مای ٢٠١٠**

## بەڵگەی ٢


۲۴۴۲/۸۹

دادستانی دادسرای کردستان

٨٩ / ٢٤٤٤

٦ ٢٥

دادستانی دادسەرای کوردستان

٧ پەڕ پەروەندەی "ئەلیاسی ئەلیاسی"ی کەلیمی، کارگەری چاپخانەی کوردستان، کە لە چاپخانە دا ئیقدامی جینایی و سیاسی کردووە، لە پێوەندیی ئەو نامەیە دا ناردرا و ڕجا وایە نیسبەت بە سدووری قەراری لازم ئیقدام دەفەرموون.

- سەرۆکی شارەوانیی کوردستان- نیزامی
- مۆر و ئیمزا
- ئاغای موستەنسیق
- ڕەسیدەگی و قەراری پێویست سادر بفەرموون
- مودەعییەلعمووم - ئیمزا - ١٧ - ٦ - ١٣٢٥

لە پەراوێزی نامەکەدا:

- دەفتەر ئەلیاس ئەلیاسی و ئیسماعیل فتووحی ئیحزار بکەن
- موستەنتیق ئیبراهیمی قازی
- ئیمز: ١٨ - ٦ - ١٣٢٥


**شیکردنەوەی "حەسەنی قازی":** وا دیارە دوای لێکۆڵینەوەی شارەوانی، سەرۆکی شارەوانی سەید خدری نیزامی(سەید پیرە) داوای لە دادستانی دادسەرای مەهاباد کردووە لەو بارەوە بڕیار بدا. مودەعییەلعمووم(دادستان)یش پەروەندەکەی حەواڵەی موستەنتیق (بازپورس) کردووە.

٭ **تێبینیی "حەسەنی قازی":-** شێوەی دەستنووسی ئەو نامەیە کە بە ئیمزای سەید پیرەی سەرۆکی شارەوانییە، وە دەستخەتی عەرەبی - کوردی دەچێ؛ بەو پێیە دەبێ کاتیبی سەید پیرە لە کوردەکانی ئەودیو بووبێ.

٭ بە پێی ئاگادارییەک کە لە ژمارەی ٨٥ی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو کراوەتەوە (٢١ی خەرمانانی ١٣٢٥) دادستانی دادسەرای مەهاباد ناوی "لاهووتی" بووە.

٢٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ = ١٩ی مای ٢٠١٠

## بەڵگەی ٣



٨٩

١٦ - ٦ - ١٣٢٥

سەرۆکی بەرزی شارەوانیی کوردستان

عەینی پەروەندەی ئەلیسی ئەلیاسیی کەلیمی لەگەڵ دوو پەڕ پرسیار لەو پێوەندییە دا تەقدیم کراو شەخسی نێوبراو بە کوللی تەکزیبی شکایەتی مودیری چاپخانە دەکا.


ئاگاداری ١٦ - ٦ - ١٣٢٥

- ئاگاداری/ تەهییە بفەرمووی

- ئیمزا

٢٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ = ١٩ی مای ٢٠١٠

## بەڵگەی ٤



[بەڵگەی ٤]

### پرسیاری ئەلیاسی ئەلیاسی کەلیمی

پ: خۆت مەعرەفی بکە.

و: نێوم ئەلیاسی ئەلیاسی، کوڕی عەزیز، کەلیمی، شوغڵ کارگەری چاپخانەم. حقوقم سەد تمەن. ئیمزا

پ: چەند مانگە مەشغوڵی؟

و: مانگ و نیوێکە. ئیمزا

پ: سەرۆکی چاپخانە لە ژێر نامەی ژمارە ---- لە تۆ شکایەت دەکا کە بە خەلافی موقەڕەڕات لە چاپخانە دا پەڕۆی بێنزیناویت بە مەنزووری لە بەینبردنی چاپخانە ئاور داوە و لە زیمن دا سمایلی فتووحیش بەو ئاورە ئاورت تێبەرداوە کە ئێستا لە بیمارستاندا کەوتووە. عیلەتی ئەو ئیقدامە چییە؟

و: کراسێکی ڕەفیقی ئێمە کە بۆ کارکردن دەبەری دەکرد لەسەر خوانچەی حرووفچینی دانراوە. سمایلی فتووحی کوتی دوێنێ کوتم ئەو کراسەی داکەنە و بەرهەڵبێنە دەبەر کە، ئەوە فڕێی نادا. لە ڕقان دەیدەم بەو کوڕە بارزانییە. دای بە کوڕە بارزانی. ئەویش بە واسیتەی شڕی قەبووڵی نەکرد، کبریتی لە گیرفانی من دەرهێنا و ئاوری تێبەردا و دە دەقیقە لە بەر دمی منی ڕاگرت. کوتم بۆسۆی دێ، بیبە دەرێ فڕێی دە! سەدیقی بەکری لە ژووری ئیسلاحی ڕۆژنامەی دەکرد. ئەمن مەشغوڵی قسەکردن بووم لەگەڵ ئەو. قاپێکی بێنزینی چووکە کە کارگەران دەستیان تێدا دەشون بە قەدری نیو ئیستیکان بێنزینی تێدا بوو بە سەر کراسەکەی داکردبوو، ئاور دەگرێ. مەوزوع ئەوەیە. ئیمزا

پ: پەس دانی گوزاریشی ئاغای مودەڕیسی لەو مەوزووغە دا درۆیە یان نا؟

و: بێ ئیتلاع بوو، وەئیلا شکایەتی نەدەکرد. ئیمزا

پ: لە سورتێکدا، تەحقحقی، ئەتۆ شەخسەن باعیسی ئەو کارە بووی. دەڵێی [چی]؟

و: حازرم بۆ هەر موجازاتێکی. ئیمزا

پ: زامنت هەیە؟

و: بەڵێ. ئیمزا

پ: ئیزهاراتی خۆت ئیمزا دەکەی؟


و: بەلێ. ئیمزا

- پرسیار لە ئەلیاسی ئەلیاسیی کەلیمی لە ڕۆژی ١٦ - ٦ - ١٣٢٥ دا وەرگیرا

- ئیمزا: سەرۆکی ئاگاداری ١٦ - ٦ - ١٣٢٥

**حەسەنی قازی** در **چهارشنبه, اردیبهشت ٢٩, ١٣٨٩** **Wednesday, May 19, 2010**

## بەڵگەی ٥ لاپەڕەی ١




[بەڵگەی ٥]

**بەرگی وەزارتی دادگوستەری کۆماری کوردستان کە نیشانی "شێروخورشید"ی پێوەیە.**

**لاپەڕە ١**

**خواهان: دادسەرا و چاپخانە**

**خواندە: ئەلیاسی ئەلیاسی**

خواستە: قەسدی سووتاندن

تاریخ: ٢٣ - ٦ - ١٣٢٥

ئاغای عەبدولقادری مودەڕیسی مودیری سابقی چاپخانە بە عینوانی موتەلیع حازر بوو و شەفاهەن تەوزیحی دا کە لەو مودەتە دا ئەو قەزییە واقیع بووە دەلیلێک پەیدا نەبووە کە کاری ئەلیاسی ئەلیاسی موتەهەم عەمدی بووبێ و بە تەوری کە پرسیومە قەزییە غەیری عەمدی و ئیتیفاقی بووە. [ئیمزا: عەبدولقادری مودەڕیسی]

ئەلیاسی موتەهەم بۆ تەحقیقات حازرە و تەبسەرەی مادەی ١٢٥ قانوونی موحاکمات بەوی حاڵی دەکرێ.

س: نێو و شۆرەت و مەحەلی دایمی و مەزهەبی خۆت بەیان کە!

ج: نێوم ئەلیاس کوڕی عەزیز، شۆرەت ئەلیاسی، مەحەلی ئیقامەتی دایم مەهاباد، خانووی پلاک بیستوچوار لە محەلەی کەلیمی ومەزهەبم کەلیمی و ئێرانیم. ئیمزا

س: ئەتۆ شوغلی ڕەسمیت هەیە و لە کێهەا ئیدارە دا کار دەکەی و شوغڵت چییە و حقوقت چییە؟

ج: کارگەری چاپخانە و شوغڵم حرووفچین و مانگێ حقوقم سەد تمەنە. ئیمزا

س: قەزییەی سووتانی ئیسماعیلی فتووحی چبووە، بەیانی بکە!

ج: کراسێکی کارکردنی ڕەفیقی مە کە زۆر شڕ بوو دای بە کوڕێکی بارزانی، نەیەویست، شەمچەی لە گیرفانی من دەرێنا، شەمچەی لێ دا و تەقریبەن دە دەقیقان لە پێش دمی منی ڕاگرت. لە بەر ئەوە بۆسۆی دەهات کوتم بیبە دەرێ فڕێی دە. ئەمن ئیدی موتەوەجیهی وەی نەبووم، تەماشای ژوورێم دەکرد، بە بێ وەی بزانێ بۆخۆشی ئاور دەگرێ. قاپێکی چکۆڵەی بێنزینمان هەبوو کە کارگەرانی چاپخانە دەستیان تێدا دەشوت. بە قەرا نیو ئیستیکان بێنزینی تێدا مابوو، بە سەر کراسەکەی داکرد، گڕی گرت و کراسەکەی فڕێ دا و لە لاقی هاڵا و لە پڕ لاقی سووتا. ئیمزا

س: تۆ لە سووتانی لاقی ویدا هیچ دەخالەتت نەبووە؟

**ج: زەمینەی ئاور، گوزەشت نامەی شاکیش تەقدیم دەکەم.**

**س: لەو وەقتە دا کە کراسەکە ئاوری تێبەربوو بۆچی نەتکوژاندەوە؟**

**ج: بە هەموومان کوژاندمانەوە، چونکە دوو نەفەر لە دالانێ بووین، دوو نەفەری دی سەدیقی بەکری و یۆنسی داود زادە لە ژووریّ بوون، ئیسلاحی ڕۆژنامەیان دەکرد.**


**س: ئەو دوو نەفەرە ئاگایان لە هەڵکردنی شەمچە و ئاور بوو؟**

**ج: ئیسماعیل هەڵات بۆ ژووریّ، لە پاشان دەریانکرد بۆ دەریّ، لە دەریّ کوژاندمانەوە، ئاگایان لە هەڵکردنی شەمچە و ئاورەکە نەبوو.**

**س: بۆچی شەمچەی لە کراسەکە دا مەنزووری چبوو؟**

**٢٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ = ١٩ی مای ٢٠١٠**

## بەڵگەی ٥ لاپەڕەی ٢


وزارت دادگستری

| خواهان | خوانده | خواسته | تاریخ | جزوه‌دان | پرونده |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | روز ــ ماه ــ ۲۳ | | |

بەڵگەی ٥ [لاپەڕە ٢]

ج- کراسەکە خراپ بوو، دای بە کوڕێکی بارزانی، ئەویش نەیەویست، کوتی وەڵڵا هێندە خراپە دەبێ بیسووتێنم. ئیدی سووتاندی. ئیمزا

- قەراری ئازادیی ئەلیاسی ئەلیاسی موتەهەم بە ئیلتیزامی مەبلەغی هەزار تمەن سادر دەبێ کە لە حەوزەی قەزایی و[--؟--] تا خەتمی تەحقیقات لە سوورەت [--؟--] دەبێ هەزار تمەن بە سندووقی دەوڵەت بدا.

- ئیمزا: موستەنسیقی عەدلییە [ئیبراهیم ] قازی و ئیمزای ئەلیاسی ئەلیاسی

[٣٥]- ٢٥ - ٧ - ١٣٢٥ دەبێ ئاقای ئیسماعیلی فتووحی شاکی، بۆ تەکلیفی سوڵح و تەحقیق ئیحزار بکرێ. [ئیمزا:

[ئیبراهیم] قازی ]- ئیقدام کرا.

ئیدارەی شارەوانیی کوردستان، عەتف ژمارە [٢٥٠٧]- ٢٧ - ٦ - ١٣٢٥ تەحقیق بفەرموون مودەتی موعالیجەی ئیسماعیلی فتووحی عوزوی چاپخانە لە بیست ڕۆژ زیاترە یا کەمترە و تەسدیقی دوکتوری، مەعالیج ئیرسالٚ بفەرموون. - ئیمزا: موستەنسیقی عدلییەی مەهاباد قازی - ئیقدام کرا.

بە تاریخی ١٦ - ٧ - ٢٥ ئاغایانی ئیسماعیل فتووحی و ئەلیاسی ئەلیاسی لە مەوزوعی موتەعەهیدبوونی خەسارەتی لاقی ئیسماعیلی فتووحی کە ئەلیاس مولتەزیم ببوو هەرچی بێ بیداتەوە لە سەر مەبلەغی سی‌وپێنج تمەن سوڵحیان کرد و مەبلەغەکەش بە ئیسماعیل گەیشت و کاریان خاتمەی هات. لە بەر ئەوە قەراری بایەگانیکردنی ئەو پەروەندەیە سادر کرا. - ڕەئیسی عەدلییەی مەهاباد: مەجدی - ئیمزا: حوسێنی مەجدی [دە ئاخریدا سێ ئیمزا لە بن ئەو کاغەزە دراون. یەکیان ناخوێندرێتەوە، دوویەکەی دی یەکیان ئی سمایلی فتووحی و ئەویدی ئی ئەلیاسی ئەلیاسییە.]

- سەبت کرا.

---------------------------

تێبینیی "حەسەنی قازی":

- لەو تاریخە دا، واتە لە خەرمانانی ١٣٢٥، ئیدی عینوانی وەزیر دەکار نەهێندراوە و وەک دەبێنن حوسێنی مەجدی یەکێک لە بەڵگەکانی وەک ڕەئیسی عەدلییەی مهاباد ئیمزا کردووە.


تێبینیی "هێدی":

- سەیر ئەوەیە ئەو کوڕە بارزانییەیان هەر بانگ نەکردووە لێی بپرسنەوە!

- ئەوەش سەرنجڕاکیشە کە هەمیشە بە دوای نێوی ئەلیاسی ئەلیاسی دا ئاماژە بەوەش کراوە کە کەلیمی (جوولەکە)یە! هەرچەند جوولەکە بوون یان نەبوونی ناوبراو دەو ڕووداوە دا هیچ دەورێک ناگێڕێ.

٢٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ = ١٩ی مای ٢٠١٠

## بەڵگەی ٦


دادسرای مهاباد

۲۱/۶/۲۵

[بەڵگەی ٦]

**نامەی سمایلی فتووحی بۆ دادسەرای مەهاباد**

**دادسەرای مەهاباد**

**ئاغای ئەلیاس ئەلیاسی کە مورتەکیبی سووتانی من بووە ئەوە لە تەقسیر و خەتای وی سەرفی نەزەرم کرد. ڕەجا وایە مەوریدی تەعقیب قەرار نەدرێ و زیمنەن کاغەزی بە ئیمزای خۆی و تەسدیقی مودیری چاپخانە دامێ کە هەر مەخاریج و حەماڵی و دەرمان و هەرگوونە سەدەمەیەک بێ لە عۆهدەیی بیمە دەرێ.**


**ئیمزا: ئیسماعیلی فتووحی**

**۲۱ - ٦ - ۱۳۲٥**

**- ئیمزای ئاغای ئیسماعیلی فتووحی گەواهی دەکرێ**
**- ئیمزای مودیری چاپخانە - حەمیدی ۲۸ - ٦ - ۱۳۲٥**

**۲۹ی بانەمەڕی ۱۳۸۹ = ۱۹ی مای ۲۰۱۰**

## بەڵگەی ۷


16/6 1325

[بەڵگەی ٧]

**نامەی قادری مودەڕیسی بۆ ئیدارەی شارەوانی**
**ئیدارەی شارەوانی**

**لەبەر ئەوەی ئاغای ئەلیاسی ئەلیاسی پێویستی چاپخانەیە ئەوشۆ مەرەخەسی بفەرموون تا سبەینێ تەحقیقات بکرێ، خەتا موتەوەجیهی هەرکەس بێ بە پێی موقەڕەڕات موجازات بکرێ.**


**ئیمزا: [ناخوێندرێتەوە، بەڵام دیارە ئی "قادری مودەڕیسی"یە]**

**کێشک ئازادی بکە ١٦ - ٦ - ١٣٢٥**

**٢٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ = ١٩ی مای ٢٠١٠**

---

## بەڵگەی ٨



٣٥٠٧
٢٥/٦/٢٧

مدیریەتی دفتر دادگستری مهاباد

بەپێوی ژمارە ١٩٣ - ١٨/٦/٢٥ بە ئابڕوان ابلاغ ونوسخەی ئانوی

بەمصدقی لە پێوەست دا تقدیم کرایە وە - ارجمند مکری

سەرۆک شارەوانی کوردستان - نتطامی

٣٤
٢٥/٦/٢١

## [بەڵگەی ٨]

٢٥٠٧

٢٧ - ٦ - ١٣٢٥

**مودیری بەرزی دەفتەری دادگوستەریی مەهاباد**


به هۆی ژمارە [١٩٢٣]- ١٨ - ٦ - ٢٥ به ناوبراوان ئیبلاغ و نوسخەی سانەوی به مسەدقی له پەیوەست دا تەقدیم کرایەوە- ئەرجومەندی موکری

- ئیمزا: سەرۆکی شارەوانی کوردستان- نیزامی

- [٢٣] ٢٨ - ٦ - ٢٥

٢٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ = ١٩ی مای ٢٠١٠

## بەڵگەی ٩



وزارت دادگستری

برگ اخطاریه

جزوه‌دان

پرونده

بتاریخ ماه ۱۳

شماره

| محل اقامت | شغل | نام خانواده | پدر | نام اخطار شونده |
|---|---|---|---|---|
| | — | | | |

وقت حضور: روز ماه ساعت

محل حضور

موضوع

تاریخ تبلیغ: روز ماه ۱۳ رؤیت شد محل امضاء

محل گواهی مأمور

نام مأمور

نمونه ۱۹۹ - ۲۰۰۰۰۰ برگ ۱۳۱۹/۱۲

بابخانه مظاهری

[بەڵگەی ٩]

١٨ - ٦ - ٢٥

ژمارە: ٢٤٤٤ - ٨٩ - ٢٥

بەرگی ئیختارییەی وەزارەتی دادگوستەری بە نیشانی "شێروخورشید"ەوە
بازپرسی مهاباد
نام اخطار شونده: آقای الیاس
نام خانودە: الیاسی
محل اقامت: مهاباد
محل حضور: دایره بازپرسی مهاباد

- لە پاش ٢٤ سەعات ڕۆئیەت حازر بە وەئیللا جەلب دەکرێ.
- ئیمزا: بازپرسی مهاباد: ئیبراهیم قازی
- تاریخ تبلیغ: ١٩ - ٧ - ١٣٢٥ - رویت شد- محل امضا: ئەلیاسی ئەلیاسی
- محل گواهی مامور: ئیمزای ئەلیاسی تەسدیق دەکەم - نووسەری دەفتەری کەلانتەری[ئیمزاکەی ناخوێندرێتەوە]
- مۆری کەلانتەریی شارەوانیی کوردستان - ١٣٢٤


تێبینی: حەسەنی قازی:

٭ لە بەر ئەوە بەرگی ئیختارییە هەر ئی زەمانی حکوومەتی سەلتەنەتی بووە و بەفارسی بووە بە تێکەڵاوێک لە فارسی و کوردی پڕکراوەتەوە.

٭ وا دەردەکەوێ ئیدارەی شارەوانیی لە نێو شاردا چەند کانگای کەلانتەری هەبووە.

٢٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ = ١٩ی مای ٢٠١٠

## بەڵگەی ١٠


بتاریخ ٥/٧/ ماه ٢٥ ۱۳
شماره ٨٩/٢٤٤٤
جزوه‌دان
پرونده ٧/٢٥

وزارت دادگستری

اخطاریه شعبه بازپرسی ٥

| نام اخطارشونده | پدر | نام خانواده | شغل | محل اقامت |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| آقای اسماعیل | — | فتوحی | عضو چاپخانه | |

| | |
| --- | --- |
| وقت حضور | ماه ساعت |
| محل حضور | |
| در موضوع | |
| تاریخ تبلیغ | روز ٧/١٤ ماه ٢٥ ۱۳ رؤیت شد محل اقامت |
| محل گواهی مأمور | امضاء اعلام ٢٥/٧/١٤ |

نام مأمور

چاپخانه مظاهری

[بەڵگەی ١٠]

٥ - ٧ - ٢٥

ژمارە: ٨٩/٢٤٤٤

پەروەندە: ٧/٢٥

بەرگی ئیختارییەی وەزارەتی دادگوستەری بە نیشانی "شێروخورشید"ەوە

نام اخطار شونده: آقای اسماعیل

نام خانواده: فتوحی

شغل: عضو چاپخانە

محل اقامت: مهاباد

وقت حضور: یەک ڕۆژ لە پاش ڕۆئیەت بوون

محل حضور: لە دایرەی بازپرسی حازر بی


- تاریخ تبلیغ: ١٤ - ٧ - ١٣٢٥- رویت شد - محل امضا: اسماعیل فتوحی - ئیمزای مونشی بازپرسی عەدلییەی کوردستان [ناخوێندرێتەوە]

- محل گواهی مامور: ئیمزای ئاغای اسماعیل فتوحی تەسدیق دەکەم- مەئمووری ئیجڕایی عەدلییەی کوردستان:

خالید خەیاتی- ١٤ - ٧ - ٢٥- ئیمزای خەیاتی

٢٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ = ١٩ی مای ٢٠١٠

## بەڵگەی ١١



جزوه‌دان

پرونده

تاریخ ... ماه ... ۱۳۱

شماره

وزارت دادگستری

اخطاریه شعبه ... بازپرسی

| نام اخطار شونده | پدر | نام خانواده | شغل | محل اقامت |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| اسماعیل | | فتوحی | | مهاباد |

وقت حضور: روز ... ماه ... ۱۳ ... ساعت

محل حضور: دایره بازپرسی مهاباد

در موضوع

تاریخ تبلیغ: روز ... ماه ... ۱۳۱ ... رؤیت شد ... محل امضاء

محل گواهی مامور

نام مامور

[بەڵگەی ١١]

١٨ - ٦ - ٢٥
ژمارە: ٨٩/٢٤٤٤/ [٢٥/٦]

بەرگی ئیختارییەی وەزارەتی دادگوستەری بە نیشانی "شێروخورشید"ەوە
بازپرسی مهاباد
نام اخطار شونده: آقای اسماعیل
نام خانواده : فتوحی
محل اقامت: مهاباد
محل حضور: دایره بازپرسی مهاباد


- لە پاش ٢٤ سەعات ڕۆئیەت حازر بە وەئیللا تیبقی قانوون جەلب دەکرێ.

- ئیمزا: بازپرسی مهاباد: ئیبراهیم قازی
- ڕۆئیەت بوو، چونکە بە مناسبەتی برینی لاقم قادر بە ڕۆیشتن نیم، بەو موناسبەتەی نەمتوانی حازر بم و حازربوونم مەوکوولە بە چاک بوونەوە. — ئیمزای ئیسماعیل فتووحی
- محل گواهی مامور: ئیمزای ئاغای فتووحی تەسدیق دەکەم- پاسەبانی ژمارە ١٢٨: محێدینی عەڕەبزادە

تێبینی حەسەنی قازی: وا دیارە قۆڵ سوورەکان (پاسەبانەکان)ی ئیدارەی شارەوانیی کوردستان ژمارەیان هەبووە.

٢٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ = ١٩ی مای ٢٠١٠

## بەڵگەی ١٢



[بەڵگەی ١٢]

١٦ - ٦ - ٢٥

ئەمن میرزا داود، کوڕی میرزا بابا تەعەهود دەکەم هەر وەخت ئەلیاسی ئەلیاسییان لە منیان ویست بۆو حازر بکەم.


- ئیمزا: داودزادە

### تێبینی حەسەنی قازی:

- میرزا داودی داودزادە کە بە نامەیەک بۆ ئەلیاس ئەلیاسی بووە بە زامن لە مەزنانی جوولەکەکانی ساباڵاغێ بووە. لە ژمارەی ٧٥ی ڕۆژنامەی کوردستان (٢٠ی گەلاوێژی ١٣٢٥) ئاگادارییەک لە لایەن داود زادە وە وەکوو سەرپەرست و مودیری مەدرەسەی عیبری بڵاو کراوەتەوە. دیارە ئەو زمانەی جووڵەکەکان لە کوردستان قسەیان پێکردووە عیبری نەبووە، بەڵکوو سریانی بووە،

٢٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ = ١٩ی مای ٢٠١٠

## بەڵگەی ١٣


وزارت دادگستری

تاریخ

شماره

پیوست

برگ صادره از دادگاه

لفا فرستاده میشود مقرر فرمائید با رعایت ماده ۲۶ و ۲۷ مکرر قانون

آزمایش به

ابلاغ نموده با تسلیم نسخه

نسخه

رویت شده را بقید تاریخ رویت واخذ رسید و گواهی


صریح مامور عودت دهند

[بەڵگەی ١٣]

**نامەی مودیری دەفتەری دادگای شارستانی مەهاباد، بە ئیمزای حەسەنی داودی. ئەم نامەیە بە فارسییە. وەک خۆی خراوەتە بەر چاو.**

**٢٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ = ١٩ی مای ٢٠١٠**

## بەڵگەی ١٤



[بەڵگەی ١٤]

ئەمن ئەلیاسی موتەعەهید دە بم هەتا ڕۆژێکی کە سمایلی فتووحی بۆخۆی دەڕوا بۆ معالیجە، حەقی حەماڵ و ئیزافە دەرمانی کە بۆی دەکرِدرێ بیدەم. زیمنەن هەر سەدەمەیەک بە لاقی سمایلی فتووحی وارید بێ موتەعەهید و مولزەمم کە لە عۆهدەی بیمە دەرێ. - ئیمزا: ئەلیاسی

- ئیزهارات و ئیمزای ئاغای ئەلیاسی ئەلیاسی گەواهی دەکەم. - ئیمزا: مودیری چاپخانە و ڕۆژنامە سەید محەممەدی حەمیدی - ٢٠ - ٦ - ٢٥

- ئاغای ئەلیاسی مورتەکیبی سووتانی ئیساعیل موتەعەهید بوو کە تەواوی مەخاریج و حەقی حەماڵی و دەوا بدا، وە لە عۆهدەی سەدەمەی بێتە دەرێ. - ئیمزای ئاغای ئەلیاسی تەسدیق دەکرێ. - مودیردی مەدرەسەی کوردستان: خوسرەوی

- ئیمزای ئاغای مودیری مەدرەسەی کوردستان تەسدیق ئەکرێ- کاکاغازادە

- ئیمزا و ئیقراری ئەلیاسی ئەلیاسی تەدسیق دەکەم- عەبدولڕەحمان

- لە ڕووی تەسدیقی ئاغایان کاکاغازادە و چەند نەفەری دیکە ئیمزای ئاغای ئەلیاسی ئەلیاسی تەسدیق وبە مەزموونی موتەلیع و ئاگادار بووم.[ئیمزاکە ناخوێندرێتەوە]- ١٥ - ٧ - ٢٥

- ئیمزا و ئیقراری ئەلیاسی ئەلیاسی تەدسیق دەکەم[ئیمزاکە ناخوێندرێتەوە].

پەراوێزی "هێدی":

- ئەو بەڵگانەم لە "سوارەی فتووحی"، کوڕی کاک "سمایلی فتووحی"، وەرگرتوون. بە وتەی کاک سمایلی فتووحی ئەودەم هەم بۆخۆی و هەم ئەلیاسی ڕەفیقی تەمەنیان سێزدە یان چاردە ساڵ بووە. کاک سمایل ئێستا ماوە و چەند جاری ئەو ڕووداوە بۆ گێڕاومەوە. کوتی: "ئەو ئەلیاسە جوولەکە بوو، ڕەفیقی نیزیکم بوو، سیغاری دەکێشا، هۆشی نەبوو قونچکەکەی فڕێ دا، دەوروبەرمان هەموو بێنزین بوو، چونکە دوای کاری چاپخانە دەستمان بە بێنزینی دەشوتەوە. ئەمنیش کە لە پەنای ڕاوەستابووم، بە فڕێدانی قونچکە سیغارەکە لاقم ئاوری گرت. زۆرم ئەملاوئەولا پێکرا، لاقم هەر چاک نەدەبۆوە. ڕۆژێکی بابم مەڵحەمێکی بۆ گرتمەوە و لێیدا، هێندەی پێنەچوو لاقم چاک چاک بۆوە". بەداخەوە کاک سمایل ڕووداوەکەی بە وردی لە بیر نەماوە؛ ناوبراو دە وتەکانیدا ئاماژەی بە هێندێک شت دەکرد کە دە بەڵگەکاندا وەبەر چاو نایەن.

تێبینی حەسەنی قازی: ئەو بەڵگانەی لەمەڕ ڕووداوێکی نەخوازراو لە چاپخانەی کوردستان دا هەتا بڵێی گرینگن و شێوەی کاری ئیدارەی شارەوانیی و چلۆنایەتی لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەی چەند کارگێڕیی کۆماری کوردستان تا ڕادەیەک ڕوون دەکەنەوە.

٢٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ = ١٩ی مای ٢٠١٠

## شێرە ژن



شارەکەمان، شارە بچووک و تووک لێکراوەکەمان سەقز یەکێکە لەو شارە کاولانەی کوردستان کە لە مێژووی تاریک و پڕ کارەساتی خوێناوی خۆیدا گەلێک جار تووشی پەلاماری دڕندانەی دوژمن و تالآن و بڕۆ و کوشت و کوشتار و هەڵات و سووتمان ،خاپوور کران و چۆل بوون بووە. ڕووی خۆشی کەمتر بە خۆیەوە دیوە دەتوانم بڵێم هەر نەیدیوە.بەڵی شەقز شارێکی تووک لێکراوە. تەنانەت پاش تێکچوونی حکوومەتی ڕەزاخان پاش فەوتانی ئەو

سەرچاوە
Serchawe

قازاخە چەکمەڕەقە و ئەو دیکتاتۆرە خوێنمژە کە خەڵکی ئێران پشوویەکی هاتەوە بەر و ئاهێکی خۆشی لە دڵی گەڕا دیسان سەقز شوومترین و ڕەشترین ڕۆژانی تاریخی ڕابوارد.

ئەرتەشی شاهەنشاهی پەهلەوی کە دەیانگوت ئاسمانی بە سەرنێزەوە ڕادەگرێ و زەوی لە بەر پێیدا دەلەرزێ لە ڕاست سپای هاوپەیمانان‌دا بەری فوویەکی نەگرت. دەستی بۆ چەک نەچوو،تاوێکی بەربەرەکانی نەکرد، وەک تۆوی هەرزن بڵاو بوو، وەک بڵقی سەرئاو پووچاوە. چەک فڕێدان. بەجلی ژنانەوە ڕاکردن و خۆ لە تەویلەی ئاغا و دەرەبەگان ئاوێتن، تاکتیکی ئەو فەرماندە لووت بەرزانە بوو کە خەڵکیان بە دیل و کۆیلەی خۆیان دەزانی و لە سەردەمی دەسەڵاتی بیست ساڵەی ڕەزاخاندا کاریان زگ درین و گیرفان بڕین و هەژار چەوساندنەوە و دارا رووتاندنەوە بوو. بەلام ئەو قارەمانانەی کە لە لێقەومانەکەی شەهریوەر دا دەمانچە و شمشێرەکانیان بە چارشێوێکی ژنان دەدا و چەکمە بریقەدارەکانیان بە کەلاشێکی کرچ و کۆن دەگۆڕییەوە و باقیشیان دەداوە و خۆیان دەشاردەوە و لە بەر دەستی خەڵک، خەڵکی تووڕە و داخ لە دڵ هەڵدەهاتن،نازانم چۆن بوو پاش ماوەیەکی کەم سەروسەکوتیان لە سەقز پەیدا بۆوە؟ نە حەیا و نە شەرم، وەک نە بایان پێدا هاتبێ نە بۆران، بە بەرگی بە زەرق و بەرقەوە، بە سەردووشی مەنگوڵەدارەوە، بە چەکمەی ڕەش و خرینگە خرینگی مامزانەوە وەک ڕۆمێل لە خەیابانەکانی سەقز دا بە گەڕان و خۆ بادان و قەمچی هەڵسووڕاندن و پۆز لێدان.

بێجگەلە ڕۆمێلەکانی خۆ ولاتی و خۆماڵی قیافەی نامۆ و سەیر سەیریش وەبەرچاو دەهاتن. ئەفسەری سوورە زرتە و قەڵەو و درێژ و زەلام، سەربازی ڕەشی،لاوازی مردەلۆخە، وا دیار بوو بێگانەن، هێندێکیان لەو بەری دەریاوە بۆ پاراستنی خۆیان هاتوونە ئێرە ئەوانی دیکەش لەئاسیای دوورەوە ڕست کراون و بە زۆری زۆردار هێنراونە ئەم ولاتە کە لە پێناوی سوودی "ساحێب" دا ببنە قۆچی قوربان.

من ئەو دەمی نا کە مێرمنداڵێکی چاو نەکراوە بووم، بەڵکە ئێستاش کە هەزار پەند و گۆڵمەزم بە سەر هاتووە و زۆرم چەرمەسەری و کوێرەوەری و دەربەدەری دیوە هیچ سەرم لە زاراوەی لەشکری دەر ناچێ. بەڵام لە بیرمە ئەو کەسانەی لەو سەردەمە دا سەریان لە سیاسەت دەخورا و دەمیان لە شتی وا وەردەدا دەیانگوت:

وەزعی ستراتێژیکی سەقز ئەوە هەڵدەگرێ. دەیانگوت هۆی گرینگی چارەڕەشی ئێمە هەڵکەوتنی جوغرافیایی ئەم شارەیە. دەیانگوت سەقز دەروازەی کرماشان و قەسری شیرین و تەنانەت ئەو دیوی سنووری ئێرانە کە کانگا نەوتەکانی دەربەست لەدەستی ساحێب دان. دەیانگوت شەپۆلی تووڕەیی و بیری دژی ئیمپریالیستی خەڵکی ئێران و جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئەم ولاتە نەترەی ئیمپریالیسمی بردووە و مەترسی گەورەی بۆ ئیستیعمار

پەیدا کردووە. زۆر شتی دیکەیان دەگوت کە من سەرم لێ دەرنەدەچوو و تێی نەدەگەیشتم.دەیانگوت هەر بۆیەش ئیستیعمار ناچار بووە ئەم ئەڕتەشەی بە دەستی خۆی تەفر و توناى کردبوو سەرلەنوێ زیندوو بکاتەوە و گەورەکانی بکاتە نۆکەری خۆی و لە سەقز مۆڵیان بداتەوە. چونکە مردووی خۆیەتی و بە دەستی خۆی ناشتوویەتی و دەزانێ چییە و تێی ڕانابینێ دەس بکاتەوە،ئەم سوورفلانەی هێناوە نەخشەی بۆ بکێشن و ئەم دیلانەی هێناوە پشتی بگرن و خەریکە بە هەموو هێزی خۆی ئەم دەروانە،بپارێزێ.

لەو سەروبەندانە دا کە ئێمەی خەڵکی لێقەوماوی هەژاری سەقز لە ژێر جەزرەبە و ئەشکەنجەی ئەڕتەشی شاهەنشاهی و ئاغاکانیدا لە ئاویلکەی گیان کێشاندا بووین، جووڵانەوەی ئازادیخوازی لە سەرانسەری ئێراندا برەوی ئەستاندبوو بەتایبەتی فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان ڕۆژ بە ڕۆژ زنجیری کۆیلەتی لە دەس و پێی گەلەکەی دەپساند و بەن کەڵەوەی نیری دیلی هەڵدەبڕی و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئاڵاهەڵگری خەباتی گەلەکەمان،بە ڕابەری ڕۆڵەی بلیمەت و هەڵکەوتی کورد پێشەوای خۆشەویست قازیی موحەممەدی نەمر، تەنگی بە ئیستیعمار هەڵچنیبوو و ڕەگوڕیشەی لە هەموو لایەک دا کوتا بوو و، لک و پۆپی بۆ هەموو مەڵبەندێکی کوردستان هاویشتبوو.

ڕێکخراوی حیزبی شارەکەی ئێمەش سەرەڕای ئەو هەموو کەند و کۆسپەی لە پێشدا بوو،لە ژێر چاوەدێری توندی شا و ئیستیعمار دا ئازایانە خەباتی دەکرد و ژیرانە چالاکی دەنواند و پەیوەندی نهێنی و بەردەوامی دەگەڵ مەرکەزی حیزب لە مەهاباد نەدەپچڕا و پەیکەکانی حیزب بە شەو و نیوەشەو هەر لە هاتوچۆ دا بوون، بەیاننامە و ڕۆژنامەکانی حیزب بە نێو خەڵکدا بڵاو دەکرانەوە.

پاش ئەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە یەکجاری سەرکەوت و کاربەدەستانی تارانی لە موکریان و ئەولاتریش دەرپەڕاند و جمهووری کوردستان دامەزرا،هێزی گەل و پێشمەرگە گەمارۆی سەقزی دا ئیتر حکوومەتی تاران بە جارێکی زراوی تۆقی و حەزیای برینداری ئیستیعمار بە تەواوی ئاوڕووژا و گەزارەی دەرکێشا و ژەهری پیسی خۆی بە سەر ئێمە دا ڕژاند.ڕۆژ نەبوو پۆلێک لاو نەگیرێن،نەخرێنە بەندیخانەوە یا بەڕێ نەکرێن بۆ پشتی جەبهە.شەو نەبوو دەستەیەکی دیکە خۆ ڕزگار نەکەن و پەنا نەبەن بۆ کوردستانی ڕزگارکراو کە ئامێزی بۆ هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و هەموو ئازادیخوازێکی جیهان ئاواڵا بوو،لەو لاشەوە ئەو دەرەبەگ و خاین و خۆفرۆشانەی کە حیزب دەرتانی خەیانەت و خراپەی لێ گرتبوون و ماوەی نەدەدان خوێنی مسکین و هەژاران چیدی بمژن و ئێسکیان بکرووسنەوە بە پەلە پرووزە خۆیان لە ئامێزی شاهەنشا دەهاویشت. ئەم حەمەڕەزایەی ئەمڕۆ بێ شەرمانە دەڵێ من شای پێخواسانم و بەردی دڵسۆزی بۆ جووتیار و کرێکارلە سینگ دەدا.ئێستاش ئەو دەرەبەگانەی ئەو سەردەمی

خەیانەتیان بە گەل و نیشتمانی خۆیان کرد بە زەبری نووکی نێزە دەکاتە نوێنەر و سەناتۆر. بە کورتی سەقز بوو بە کەشتی نووح و لە هەموو تۆ و تەرەمەیەکی تێ خزا.چونکە تەویلەش نەمابوو جاشی تێ بکرێ ئاغاوەتەکانیان وەک گا و گۆل بە سەر خەڵکدا برِی و بەزۆری لە ماڵان دایان مەزراندن. خاوەن ماڵ ناچار بوو لەو قات و قرِ و گرانییە بەسامەی کە لە کاتی شەرِ لە هەموو جێگایەک بە تایبەتی لە سەقز دا هەبوو لە زاری ژن و منداڵی خۆی بگرێتەوە و گا و گۆلی شا دابەستێ. ئەگەر ئاغا بەرچایی رۆنی کەرە و هێلکە و هەنگوین و مرەبا و نیوەرۆژی چلاوکەباب و شێوی شەوانەی گۆشت و فرووج و قەلەموون نەبوایە و شەو چەلەشی لێ برِابا خاوەن ماڵ پێشمەرگە یا بە قەولی ئەوان " موتەجاسیر" بوو. دەسبەجێ راپۆرتی لێ دەدرا و دەیانبردە دیژبان و تێر و تەسەل دەیان کوتا و سەر و گوێلاکیان دەشکاند و زۆر جاریش بێ سەروشوێن دەچوو.

لەو سەردەمیدا کە لە سایەی خەباتی حیزبێکی شۆرِشگێرِ و ئازادیخواز و زانایی و دڵسۆزیی پێشەوا و رابەرێکی بلێمەت بەشێکی کوردستان هەر لە بەستێنی ئاراسەوە تا نیزیکترین گوندی سەقز ئازاد ببوو و گەلەکەمان لەو پەرِی خۆشی و ئازادی و سەربەرزیدا دەژیا و وەک دەڵێن " گورگ و مەرِ پێکەوە ئاویان دەخواردەوە" حاڵی خەڵکی شارەکەی ئێمە لە حاڵی کۆیلەکان گەلێک ناخۆشتر بوو.بۆیە من سەقزم نێو ناوە شاری تووک لێکراو.رۆژ نەبوو دیژبان،کاسب لە دووکان نەهێنێتە خوارێ وەبەر شەپانی نەدا یا گزیری ئاغا کەشیدە لە ئەستۆی چەند حاجی نەکا و ئاتەگی چەند مەلا نەبرِێ.خۆ ئەوەی راوێژکاران و کارناسانی بێگانە دەیانکرد ئەگەر لە رووم هاتبا بیگێرِمەوە مچورِک بە لەشی هەموو ئینسانێکی خاوەن شەرەف و بە نامووس دا دەهات.

ئیستیعمار هەمیشە لە شارەکەی ئێمەوە نەخشەی رووخاندنی جەمهووری دێمۆکراتیکی کوردستانی دەکێشا.چەند جار ئەرتەشی شاهەنشاهی شنگڵی لە خۆی دا و هێرشی بردە سەر سەنگەری ئازادی و، بەرەنگاری پێشمەرگەی کورد بوو.بەڵام دیتمان چۆن بە شرِ و ورِی گەرِایەوە ورِقی خۆی بە ئێمەی بێ چەک و بێ دەرەتان رِشت.

داخی بە جەرگەم گەندەڵ فێڵی ئیمپریالیزم کاری خۆی کرد و شای خایین کوتوپرِ هێرشی هێنا سەر حکوومەتی ئازەربایجان وپاش ساڵێک تەورێزی قارەمان داگیر کراوە و سێڵاوی خوێنی تێدا جاری بوو.مەهاباد قیبلەی ئاواتی نەتەوەی کورد، لە هەر چوارلاوە ئابلۆقە درا و بێ پشتیوان ماوە.جا ئەمجار ئەرتەشی شاهەنشاهی لە سەقزەوە بەرەو مەهاباد کەوتە رێ.ئەوەی نەدەبوو ببێ،بوو. کۆمارە خۆشەویستەکەمان رووخا،پێشەوا مەزنەکەمان بە خۆی و هاورِێیەکانیەوە گیران.پێتان سەیر نەبێ ئەوەدەمیش یەکەم زەربەتی جەرگبرِ وەشارەکەمان کەوت و هەوڵ رِیزی سێدارە لە سەقزی بێ فەرِ چەقی.

سەرچاوە
Serchawe

بەیانییەکی ساردی زستانی سەقز بوو،کاتێ خەڵک لە ماڵ وەدەرکەوتن چ ببینن؟! کافر نەبینێ،یازدە سێدارە چەقیبوو،یازدە ڕۆڵەی نەبەز، یازدە قارەمانی کۆڵنەدەر،یازدە پیاوی تێکۆشەری کوردیان پێوە هەڵاوەسرا بوون.بەشی زۆری ئەم شەهیدانە لە عەشیرەتی پێشکەوتوو و نیشتمانپەروەری بەگزادەی فەیزوڵابەگی بوون کە مێژوو شاهیدە ئەم عەشیرەتە لە پێکهێنانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا چ نەخشێکی گەورە و بەرچاوی هەبووە.لە نێو ئەم شەهیدانە دا ئەحمەدخانی فاروقی مەزنی بەگزادان و دوو برا نۆجوانەکەی دەبینران کە هێندە لە مێژ نەبوو بە فێڵ گیرابوون و بە تاوانی کوردایەتی بێ موحاکەمە و لێپرسینەوە حوکمی ئێعدامیان درابوو.

ئەفسەرێک کە ئەو حوکمەی پێ ڕاگەیاندوون لە زۆر جێیان و بۆ زۆر کەسی گێڕاوەتەوە:

نیوەشەو بۆ خۆم و چەند گرووبان لەو ژوورەی ئەو سێ برایانەیان تێدا بەند کرد بوو وەژوور کەوتم،چرایان دایسا تەماشام کرد ئەحمەدخان ئانیشکی داوەتەوە و سیغار دەکێشێ و براکانی لە خوارەوە بە ئەدەب لە سەر چۆک دانیشتوون.سام گرتمی،بە مینگە مینگ حوکمەکەم پێ ڕاگەیاندن.پێم سەیر بوو هیچیان نەبزڕکان،هیچیان ڕەنگیان نەگۆڕا و، ڕانەچەنین. ئەحمەد خان بە شێنەیی سیغارەکەی کووژاندەوە و گوتی:

"من بیرم لەوە کردبووەوە،ئەم ڕۆژەم لە پێش چاو بوو و دەمزانی لەسەر ئەم بیروڕایەی هەمە تووشی شتی وا دێم.بەڵێ، من کوردم،دێمۆکڕاتم،ئازادیخوازم، من دژی ڕێژیمی بۆگەنی پاشایەتیم و دژی دەسەڵات شوومی بێگانەم و چارەنووسی پیاوێکی وەک من لە ئێرانی ئێستا دا هەر ئەوەیە.هیچ چاوەنۆڕی بەزەییم لەو ڕێژیمە نەکردووە و ناکەم.بەڵام شایەکەی ئێوە کە لافی کۆمەڵناسی لێ دەدا،دەبوو ئەوەندەی زانیبایە ئێمە عەشیرەتین و لە نێو عەشیرەتاندا تاوان هەر ئی مەزن و برا گەورەیە چونکە برای بچووک بە پێی ڕێوشوێنی عەشیرەتی ناچارە وەدوای براگەورە بکەوێ و لە قسەی نەچێتە دەر،لە بەر ئەوە نەدەبوو حوکمی وا زۆردارانە و بێ ڕەحمانە و ناپیاوانە لە سەر براکانم بدا."

هێشتا ئەحمەد خان قسەی مابوو بیکا کە عەوڵاخان وەجواب هات و گوتی:

" کاکە گیان! کاکی بەڕێز و بەرزم! مایەی سەربەرزی بنەماڵەکەمان!زۆر جێی داخە کە لە ئاخری ژیانمدا قسە لە قسەی برا گەورەی خۆمدا بکەم و ئەم ڕاستییە بدرکێنم کە ئێمە زۆر لەپێش جەنابتدا ئەم بیرو براوەیەمان پەسند کردبوو وچووبووینە نێو ریزی حیزبەوە. ئەگەر خودای نەکردە تۆش نەچووبایەی نێو ڕیزی حیزبەوە و ئەم

بیروبڕوایەت قبووڵ نەکردبایە و ڕێبازی شەڕەف و کوردایەتی و ئازادیخوازیت نەگرتبایە و بۆ پاراستنی موڵک و ماڵ و شتی وا پشتت لە نەتەوەکەت کردبایە ئێمە لە ڕەسمی عەشیرەتیمان هەڵدەدا و قەت شوێنت نەدەکەوتین. بەڵکوو پێم وایە یەکەم لوولەی تفەنگ، تفەنگی پێشمەرگەی کوردستان کە بەرەو سینگی تۆ ڕادێرابایە لوولەی تفەنگی براکانت دەبوو."

حەمە خان کە تائێستا بێدەنگ بوو گوتی:

" ئەرێ ئەم کەند و کۆژەی بۆ چییە؟ هەستن هەر سێکمان بڕۆین، بەرەو شەڕەف،بەرەو شانازی،بەرەو مەرگی پیاوانە،یان باشتر بڵێم بەرەو ژیانی ئەبەدی".

ئەحمەدخان هەستا لاچاوی براکانی ڕامووسی و ئەوانیش دەستی ئەویان ماچ کرد و کەوتنە ڕێ.

تا ئێرە لە زمانی ئەو ئەفسەرە بیستراوە کە خۆشی کورد بووە.بەڵام لە بن دار دا زۆر کەس ئاگای لە ئازایەتی و پیاوەتی و نەترسیی ئەوان بووە و شیعاری کوردانە و ئازادیخوازانەی ئەم سێ برا قارەمانانەی بیستووە. کاتێک ئەم هەواڵەدڵتەزێن و جەرگبڕە بۆ " زێڕووشان" خانمی دایکی شەهیدەکان کە لە سەر بەرماڵ خەریکی نوێژ و دۆعا بوو دەبەن،لە پێشدا عاتیفەی دایکەتی تینی دەدا و بە نینۆک هەر دوو لا ڕوومەتە قەڵەوەکانی وا دەڕنێ کە خوێن لووزەو دەبەستێ. بەڵام زوو دێتەوە سەرخۆ و کوڵی دەنیشێتەوە و زۆر بە ویقار و ئارامی بەرەو مەیدانی ئێعدام دەکەوێتە ڕێ. لەو ئاپۆرە نیزیک دەبێتەوە کە بە خەم و پەژارە و گریانەوە کۆ بوونەوە.خەڵکەکە بە دیتنی ئەم خانمە بەڕێزە و ئەم دایکە دڵسووتاوە کە بە دەستی شا قەت کەسی نەماوە و وەجاغی کوێربۆتەوە لە گابۆڕ دەدەن.بەڵام ئەو ناگری،نێوچاوانی گرژ دەکاو لێوی دەکرۆژێ و سەربەستانە دەچێتە پێش. ڕێی بۆ دەکەنەوە تا دەگاتە ئەو ئەفسەر و سەربازانەی کە لە دەورەی سێدارەکان کێشک دەکێشن. ئەوانیش بێ ئیختییار دڕ دەدەن.دەگاتە بن داری کوڕەکانی کەمێک لەژێلا تێیان دەفکرێ و دەڵێ:

"دەک ڕۆڵە ڕووتان سپی بێ وەک ڕووی دایکی خۆتان سپی کردووە. من بۆتان ناگریم، قوڕتان بۆ ناپێوم، شینتان بۆ ناگێڕم. چونکە ئێوە پیاوانە ژیان و پیاوانە چوونە سەر سێدارە. ئێوە لە سەر دزی و پیاوکوژی و خەیانەت و جاشەتی نەکووژراون.ئێوە لە ڕێگای ئازادی مە دا، لە سەر کوردایەتی، لە سەر ئابڕوو و شەرەف و لە پێناوی ڕزگاری ئەم گەلە زۆرلێکراوە شەهید کراون و هەرگیز بە مردووتان نازانم."

لەو حاڵەتە دا فەرماندە مچ و مۆرەکەی سەقزیش تەریق دەبێتەوە ولێی دەچێتە پێش و سەرەخۆشی لێ دەکا،شێرە ژن بێ ئەوەی سپاسی بکا پێ دەکەنێ و دەڵێ:

" داخوا ئەم شۆڕە سوارانە دانابەزن؟"


گۆیا ئەمری شاهەنشا وا بوو سێ ڕۆژ تەرمی شەهیدەکان بە هەڵاوەسراوی بمێنێتەوە بەڵام فەرماندە وا لە بەرامبەر ئەم غیرەتەی شێرەژن دا شەرمەزار دەبێتەوە دەستوور دەدا تەرمەکان داگرن. " زێڕڕەوشان خانم" کوڕەکانی ماچ دەکا و لەو خوێنەی بە ڕوومەتیدا دێتە خوار لە کوڵمەیان هەڵدەسوێ،مەلایەک لەوێندەرێ دەبێ و دەڵێ: " خانم بۆ وا دەکەی؟" جوابی دەداتەوە: " مامۆستا! کوڕێکی لە من بووبێ و شیری منی خواردبێ و لە کۆشی من دا پەروەردە بووبێ دەزانم لە مردن ناترسێ... بەڵام خۆت دەزانی پیاوی بێ گیان ڕەنگی دەپەڕێ. بۆیە کوڵمەیان سوور دەکەم تا دوژمنان بیرنەکەنەوە کوڕی زێڕڕەوشان لە مردن ترساون!".

------------

١- ساڵی ١٣٥٠ - ١٩٧١ بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی کوشتارەکەی سەقز ئەم داستانە لە کۆڕی یەکێتی نووسەرانی کورد لە بەغدا خوێندراوەتەوە و لە ژمارە ٢ی گۆڤاری "نووسەری کورد" دا چاپ کراوە.

٢- خەلیل خانی باوکی ئەم شەهیدانە سۆفییێکی بە ناوبانگ بووە، ڕەنگە داستانی حوسێنی حەلاجی بۆ خێزانەکەی گێڕابێتەوە،خوێن تێ هەڵسوونی ڕوومەتی شەهیدەکان لە داستانی حوسێن دەچێ.

هێمن



٣١ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٠

## بەیانییەی سەرلەشکر هومایوونی سەبارەت بە ئیعدامی پێشەوا قازی محەمەد، سەدری قازی و سەیفی قازی


ستاد نیروی کردستان
رکن دوم
شماره ۱۹۱۲۵
رضائیه
مورخه ۱۰-۱-۲۶
ساعت ۸
اعلامیه
فرمانده لشگر ۴ و نیروی کردستان سر لشگر همایونی

۱۹ی خاکەلێوەی ۱۳۸۹ = ۸ی ئەپریلی ۲۰۱۰

---

**ڕێکەوتی شەهادەتی**

**شەهیدانی کۆماری کوردستان ( ٦ - ١٣٢٥ = ٧ - ١٩٤٦)**

**ئەنوەر سوڵتانی**

**٣٠ - ٣ - ٢٠١٠**

**بۆ نووسینی سەرەتایەک بۆ کتێبی بیرەوەیی خەباتکارێکی شۆڕشگێڕی کورد(١) دەبوایە ئاماژە بە ڕۆژی شەهید**

سەرچاوە
Serchawe

بوونی ڕۆڵەی قارەمانی گەلەکەمان عەلی بەگی یەکشەوە (شێرزاد) بکەم. دەمویست دەست نیشانی ڕێکەوتی ئەو کارەساتە مەزنە بکەم و بۆ ئەم کارە سەردانی هەندێک سەرچاوەی بەردەستی خۆمم کرد بەسەر سووڕمانەوە تێگەیشتم زۆربەی سەرچاوەکان بە سەر مەسەلەکە دا تێپەڕیون و خۆیان لە قەرە نەداوە (٢)، لەویش خراپتر، شەهید بوونی ١١ قارەمانی نەتەوەیی لە سەقزلە پڕوپێست دا ماوەتەوە و ڕێکەوتی ڕوونی بۆ دیاری نەکراوە.

بۆ تیشک خستنە سەر بابەتەکە، پەیوەندیم بە ڕێزدار حەسەنی قازییەوە گرت کە ماڵپەڕێک بە ناوی "وێنەی کۆماری کوردستان" بەڕێوەدەبات و بە نووسین و وەرگێڕان لە سەر مەسەلەی کۆماری کوردستان کاری زۆری کردووە. کاک حەسەن دەڵێ لە ژێر فۆتۆکۆپی وێنەیەکی شەهید ئەحمەدی فاڕووقی بە قەڵەم نووسیویەتی: "تاریخی شەهادەتی شەهیدانی سەقز (٤ی فێورییەی ١٩٤٧)" و، کاتی خۆی ئەو زانیارییەی لە بابەتێکی درێژسەبارەت بە محاکەمەی ئەوان لە ڕۆژنامەی 'ئیتیلاعات' چاپی تارانەوە ڕاگوێستووە، بەڵام لە بەر ئەوەی ئێستا ئەسڵی ئەو ڕۆژنامەیەی بەدەستەوە نییە، لەوە دڵنیا نییە ئەو ڕێکەوتە دروست بێت. بە چەندین ئیمەیل گۆڕینەوە لەگەڵ کاک حەسەن و وەرگرتنی زانیاریی زیاتر لێی، بۆم دەرکەوت کە مێژوونووسانی کورد و کەسایەتی و حزبە سیاسییە کوردەکانیش هێشتا لە سەر هەندێک ڕێکەوت ساخ نەبوونەتەوە و دەبێ بابەتەکە بخرێتە بەر وتو وێژێکی بەربڵاوی پسپۆڕ و شارەزایان بۆ ئەوەی ڕۆژی ڕەشی ئیعدامی ئەو شەهیدانە دەست نیشان بکرێت و هەموو ساڵێک بیرەوەرییان زیندوو بکرێتەوە و ڕێزیان لێ بگیرێت.

ئەوەندەی بۆم دەرکەوتووە و لە نووسینەکانی کاک حەسەنی قازی و سەرچاوەکانی دیکەش - بۆ نموونە کتێبی "دەوڵەتی جمهوری کوردستان" ی ئەمر مەحمود مەلا عززەت و کتێبی " بنەماڵەی عەبدولڕەحمان بەگی موکری" کاک ئیرەجی ناهید و نووسینەکانی کاک نەوشیروان ئەمینیش دا دەبینرێت، زنجیرەی ئێعدامەکان لە بۆکانەوە دەست پێدەکات و دەگاتە سەقز و پاشان مەهاباد، بەڵام لەو بەینە دا یەک شت ڕوون نییە: گەلۆ ئێعدامەکانی سەقز هاوکات بوون لە گەڵ شەهیدکرانی عەلی بەگ لە بۆکان یاخۆ ماوەیەک دوای ئەو بوون و ئەوەش پرسیاری سەرەکی من و گرێی سەرەکی ئەم باسەیە.

ئەوەندەی بۆ من دەرکەوتبێت ئەوەیە و لە بیرەوەرییەکانی هەر ئەو خەباتکارە شۆڕشگێڕەشدا کە پێشتر ئاماژەم پێدا و نامەوێت تا بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی، ناوبردەی بکەم، وا دەردەکەوێت کە شەهیدەکانی سەقز- واتە ئەحمەدخانی فاڕوقی و دوو برای و هەشت کەسەکەیتر هەموو، یا بەشی زۆریان هاوڕێ لەگەڵ عەلی بەگی شێرزاد، لە بۆکان لە ماڵی "ڕەشیدە سوور" زیندانی کراون. ماڵی ڕەشیدە سوور لە ڕاستیدا کاروانسەرایەکی گەورە بوو ڕووبەڕووی دوخانیاتی کۆن لە سەرشەقامی سەقز. دوخانیات لە ماوەی کۆماری کوردستاندا " کانگای حزبی

دێمۆکراتی کوردستان" واتە ناوەندی لکی بۆکانی حزبەکە بوو و ئاڵای کوردستانی لە سەر دەشەکایەوە.

ماڵی ڕەشیدە سوور لەوساڵانە و ساڵانێکی گەلێک دواتریشدا، کاروانسەرایەک بوو گوندنشینان بەتایبەت ئاغاواتی دەوروبەری بۆکان کاتێ دەهاتنە ناو شار، لەوێ مەنزڵیان دەخست و شوێنێکی گەورە و بەرفراوان بوو، وا دیارە ئەرتەشی ئێران دوای وەربوونەوەی دووبارەیان بەناو کوردستان و سەپاندنەوەی دەسەڵاتی نگریسیان بەسەر خاکەکەماندا، لەو شوێنە دامەزراون و وەک زیندان و هەر وەها سەربازخانە کەلکیان لێ وەرگرتووە، قارەمانەکانی ئێمەشیان هەر لەوێ ڕاگرتووە، پاشان عەلی بەگیان لە بۆکان هێشتووەتەوە و ئەوانیتریان ناردۆتە سەقز ولەوێ شەهیدیان کردوون. نووسەری بیرەوەرییەکان باسی ئەو ڕۆژانە دەکات کە لەوێ سەردانی کردوون و لە گەڵ خواردن و کەرەسەی پێویست، هەواڵی دەرەوەشی بۆ بردوون، پەیامی ئەوانیشی گەیاندووەتە دەرەوە.

گەرچی نووسەری بیرەوەرییەکان ڕۆژ و ڕێکەوتی ئیعدامەکان دیاری ناکات،بەڵام وەک گوتم، بەکەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەی جۆربەجۆر، ڕێکەوتی سێ دەستە ئێعدام لە مەهاباد و بۆکان ڕوون دەبێتەوە و ئەوەی بمێنێت ئێعدامەکانی سەقزە، کە هیوادارم لە وڵامی ئەم داواکارییە دا خەڵکانی شارەزا، بەڵگەو بۆچوونی خۆیان ڕابگەیێنن و بە نووسین بڵاوی بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەو خاڵە تاریکە بکەوێتە بەر ڕووناکایی. بە کورتی ئێعدامەکان بەم شێوەیەی خوارەو بەڕێوەبراون:

## ئا) لەبۆکان

١- شەهید عەلی بەگی شێرزاد ٢٥ - ١١ - ١٣٢٥ = ١٤ - ٢ - ١٩٤٧)

عەلی بەگ یەک لە خاوەن ملکانی گوندی یەکشەوە بوو لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان و فەرماندەی هێزی چلی ٥ی ناوەندی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان واتە لکی بەگزادەی فەیزوڵڵابەگی بوو و بە گوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەی کوردستان چاپی مەهاباد (ژمارە ٢٤)، ڕۆژی ١٩ ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ = ٨ - ٢ - ١٩٤٦) (٣)، ڕێ و ڕەسمێکی بەشان و شکۆی بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە گوندی یەکشەوە بەڕێوە برد بوو. عەجەم زۆری لێ داخ لە دڵ بوون و دوای هەرەسی کۆمار و گەڕانەوەی هێزی داگیرکەر بۆ کوردستان، لە ڕۆژی ٢٥ - ١١ - ١٣٢٥ = ١٤ - ٢ - ١٩٤٧) دا لە سەر حەوزە گەورەی بۆکان (لە قوژبنی سەر شەقامی سەرەکی شار و ئەو شەقامەی وا لەم ساڵانەدا بەرەو لێژی قەلا لێدراوە)، لە داری بێدادیان دا.

## ب) شەهیدانی سەقز

وەک گوترا، ڕۆژی ئێعدامەکانی سەقز تەواو ڕوون نییە و سەرچاوەکان لەوبارەیەوە یەکدەنگ نین. هەندێک کەس لایان وایە ئێعدامەکانی سەقز و بۆکان هاوکات بوون و بەم پێیە دەبێ لە ڕۆژی ٢٥ - ١١ - ١٣٢٥ بەڕێوەبرابێتن. بەڵام هەندێکی تر لە جیاتی مانگی ڕێبەندان، مانگی ڕەشەمەی هەمان ساڵی بۆ دیاری دەکەن و تەنانەت دەڵێن لە ٢٥ - ١٢ - ١٣٢٥( ١٤ - ٣ - ١٩٤٧) دابووە کە دەکاتە مانگێک دوای ئێعدامی عەلی بەگ لە بۆکان. من کاتێ سەرنجی ئەو ڕێکەوتە دەدەم،زیاتر دەچمە سەر باوەڕی ئەوەی مانگی ١٢ هەڵە بێت و لە هەمان مانگی ١١ دا زنجیرەی ئێعدامەکانی بۆکان و سەقز پێکەوە بەڕێوەبرابێتن. بەڵام وەک گوتم، چاوەڕوانی بۆچوون و ڕاگەیاندنی شارەزایان دەمێنمەوە.

شەهیدەکانی سەقز ١١ کەس بوون، کە من لەم لیستەیەی ئێرە دا لەگەڵ شەهیدانی بۆکان و مەهاباد پێکەویان دەهێنمەوە و دوای شەهید عەلی بەگ لە بۆکان، لە ژمارە ٢ەوە دەست پێدەکەم:

٢- شەهید ئەحمەدخانی فاڕوقی (سالار سەدر)، موعاوینی هێزی بۆکان و مەنتەقە. شەهید ئەحمەدی فاروقی، کە بە "ئەحمەدخانی خەلیل خان" یان بە ناوی گوندەکەیەوە بە "ئەحمەد خانی قیلەسوون" دەناسرا و لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو؛

٣- شەهید محەمەد خانی دانیشوەر،خاوەن مڵکی گوندی "ئاڵکەلوو"ی سەقز و برای ئەحمەد خانی فاروقی، لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو؛

٤- شەهید عەبدوڵا خانی مەتین، خاون مڵکی گوندی"داشاڵووجە"ی سەقز و برای ئەحمەدخانی فاروقی و محەمەد خانی دانیشوەر و لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو؛

٥- شەهید عەلی خانی فاتیح، خاوەن مڵکی گوندی "قەلەندەر"ی سەقز لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو؛

٦- شەهید مەحەمەد خانی فەیزوڵا بەگی (حەمەخانی باباخان بەگ) خاون مڵکی گوندی "قارەوا چکۆڵە"ی سەقز و لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی؛

٧- شەهید ئەحمەدخانی شەجیعی، خاوەن ملکی گوندی "کەڵتەگە"ی سەقز و لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو؛

٨- شەهید حەسەنخانی فەیزوڵابەگی، خاوەن ملکی گوندی "کانی نیاز" ی سەقز لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو؛

٩- شەهید شێخ سدیقی ئەسعەدی، خاوەن ملکی گوندی "یازی بلاغی" سەقز؛

١٠- شەهید شێخ ئەمین ئەسعەدی، خاوەن ملکی گوندی "کەس نەزان"ی سەقز؛
١١- شەهید ڕەسووڵ ئاغای مەحموودی، خاوەن ملکی گوندی " میرەدێ" و لە هۆزی گەورکی سەقز؛

١٢- شەهید عەلی ئاغای جەوانمەردی، خاوەن ملکی گوندی "تەمووتە" و لە هۆزی گەورکی سەقز؛

## پ) ئێعدامەکانی مەهاباد

لە مەهاباد، بە ماوەی هەفتەیەک حەوت کەس شەهید کران. یەکەم کەسانێک کە لە چوارچرای مەهاباد شەهید کران، بریتی بوون لە پێشەوا،سەیف و سەدری قازی و دووەم تاقم، چوار کەس بوون لە ئەفسەرانی هێزی کۆماری کوردستان.

١٣- پێشەوای نەمری گەلی کورد، شەهید قازی محەمەد: دووشەممە ١٠ - ١ - ١٣٢٦(٣٠ - ٣ - ١٩٤٧)
١٤- شەهید محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی- وەزی هێزی جمهووریەتی کوردستان و ئامۆزای پێشەوا، دووشەممە ١٠ - ١ - ١٣٢٦ (٣٠ - ٣ - ١٩٤٧)
١٥- شەهید ئەبولقاسمی سەدری قازی - نوێنەری خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری لە پارلمانی ئێران، نوێنەری حکوومەتی کوردستان لە تاران و برای پێشەوا. دووشەممە ١٠ - ١ - ١٣٢٦ (٣٠ - ٣ - ١٩٤٧)

وەک گوترا، هەفتەیەک دوای شەهیدکرانی پێشەوا و هاوڕێکانی، سەرلە نوێ داری بێداد لە شاری مەهاباد هەڵکرا و چوار خەباتکاری ڕاستەقینەی گەل و نیشتمان هەڵاوەسران. چوار شەهیدەکە، بریتی بوون لە:

١٦- شەهید حامید مازووچی، سەربەرز، فەرماندەی دیژبانیی ناوەندی مەهاباد، شەوی ١٧ - ١ - ١٣٢٦ (٧ - ٤ - ١٩٤٧)
١٧- شەهید ڕەسووڵ نەغەدەیی، ناودار، ئەفسەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، شەوی ١٧ - ١ - ١٣٢٦ (٧ - ٤ -

(١٩٤٧

١٨- شەهید عەبدوڵا ڕەوشەن فیکر، ناودار، ئەفسەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان،شەوی ١٧ - ١ - ١٣٢٦(٧ - ٤ - ١٩٤٧)

١٩- شەهید محەمەد نازمی، ناودار، ئەفسەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، شەوی ١٧ - ١ - ١٣٢٦ (٧ - ٤ - ١٩٤٧)

بۆ ئێعدامەکانی مەهاباد بەڵگەی ڕەسمی بە دەستەوەن و لە وانە ڕاگەیاندنەکانی حکوومەتی ئێرانن و بەم پێیە تەنگژیەک سەبارەت بە دیاریکردنی ڕێکەوتی ئەو جینایەتانەی ڕژێمی شا نایەتە پێشێ. ئەوەی جێگەی باس بمێنێتەوە،ڕێکەوتی ئیعدامی شەهیدانی سەقزە و گەلێک هیوادارم ئەویش بە هیمەتی شارەزایان ڕوون بکرێتەوە.

(١)هیوادارم کتێبەکە لە ماوەی ئەمساڵ دا بکەوێتە کتێبخانەی کوردییەوە.

(٢) بۆ نموونە، کاک نەوشیروان ئەمین لە کتێبی "حکومەتی کوردستان - کورد لە گەمەی سۆڤیێتی(ل. ٢٦٨)" دا،دوای ئەوەی ڕێکەوتی ئێعدامی پێشەوا و هاوڕێیانی،هەر وەها چوارشەهیدەکەی دیکەی مەهاباد دەست نیشان دەکات،لە باسی عەلی بەگ و ١١ شەهیدەکەی سەقز دا دەنووسێت: "هەر لەو ماویەدا... لە سەر حەوزی بۆکان...و لە سەقز هەڵواسران." و ڕوونی ناکاتەوە "هەر لەو ماوەیەدا" چییە و کەنگێیە.


(٣) بەگوێرەی زانیاری هەموو لایەک و بە دەربڕینی ڕاشکاوی ژمارە ١٠ی گۆڤاری کوردستان چاپی مەهاباد، هەڵکرانی ئاڵا لە مەهاباد ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز (ئازەر)ی ١٣٢٤ بووە کە دەکاتە ١٧ - ١٢ - ١٩٤٥ی زایینی(نەوشیروان مستەفا ئەمین، پێشوو، لاپەڕە ١٩٠.)

هەروەها بە پێی هەواڵی گۆڤاری کوردستان چاپی مەهاباد (ژمارە ٢)، ئاڵای کوردستان لە ڕۆژی ٢٨ - ٩ - ١٣٢٤ = (١٩ - ١٢ - ١٩٤٥) لە شاری نەغەدە هەڵکراوە (هەمان، ل ٩١).

بە گوێرەی هەواڵی ژمارە ١ی ڕۆژنامەی کوردستان چاپی مەهاباد، ئاڵای کوردستان لە ڕۆژی هەینی ٧ - ١٠ - ١٣٢٤ لە سەر قەڵای بۆکان هەڵکراوە کە دەکاتە ٢٨ - ١٢ - ١٩٤٥ واتە ٧ ڕۆژ دوای ڕێ وڕەسمی هەڵکرانی ئاڵا لە مەهاباد.

١٤ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٣ی ئەپریلی ٢٠١٠

## سەنەدێکی حکوومەتی ئێران سەبارەت بە لە سێدارەدانی شەهیدانی ١٧ی خاکەلێوە


وزارت کشور
شهربانی کل کشور
تاریخ ۲۴/۱/۲۶
شماره ۴۶۱/۷۵۸/۱
وزارت کشور
باستحضار میرساند ٬ شهربانی مهاباد گزارش میدهد:
۱- حمید مازوجی ۲- محمد نازمی ۳- عبداله روشنفکر ۴- رسول نقده
ازافسران دمکرات های مهاباد وازهمدستان محمد قاضی که در
جبهه سردشت وغیره برعلیه قوای دولتی قیام مسلحانه کرده ودر
دادگاه زمان جنگ باعدام محکوم ودر تبریز زندانی بوده اند شب
۱۷/۱/۲۶ بمهاباد آورده وساعت ۲۴ پس از اجرای مراسم
مذهبی ومقرراتی درمیدان پهلوی واقعه درخیابان بچوبه دار
آویخته وصبح ساعت ۸ اجساد را پائین آورده پس از اجرای آئین اسلامی
مدفون ساخته اند وانتظامات برقرار بوده است.
از طرف رئیس شهربانی کل کشور - سرهنگ ...
IRAN NATIONAL ARCHIVES
شمارهٔ این سند در آرشیو سازمان اسناد ملی ایران ۲۹۳ می‌باشد.

بەرواری: ٢٤ - ١ - ٢٦

ژمارە: ٤٦١ / ٧٥٨ / ١ وەزارەتی کاروباری ناوخۆ

ئیدارەی پۆلیسی گشتیی وڵات

دایرەی پۆلیس

وەزارەتی کار و باری ناوخۆ

بە ئاگاداریتان دەگەیێنین. ئیداری پۆلیسی مەهاباد ڕادەگەیێنێ.

١- حامیدی مازووچی ٢- محەممەدی نازمی ٣- عەبدوڵا ڕەوشەنفکر ٤- ڕەسووڵی نەغەدەیی لە ئەفسەرانی دێمۆکراتەکانی مەهاباد و لە هاوکارانی محەممەدی قازی کە لە جەبهەی سەردەشت و شوێنی دیکە بە دژی هێزی دەوڵەت ڕاپەڕینی چەکدارانەیان کردبوو و لە دادگەی زەمانی شەڕ دا بە ئیعدام حوکم درابوون و لە تەوریز زیندانی بوون شەوی ١٧ - ١ - ٢٦ هێنرانە مەهاباد و سەعات ٢٤ [ ١٢ی شەو] دوای بە جێگەیاندنی ڕێوڕەسمی

مەزەبی و قـانوونی لە مەیـدانی پەهلەوی کە لە خیابـان هەڵکەوتـووە لە دار دران و بـۆ بەیـانی سـەعات هەشت تەرمەکان هێنرانە خوارێ و دوای بە جێگەیاندنی ڕێورەسمی ئیسلامی نێژراون و هێمنی و نەزمیش بەرقەرار بووە.

لەلایەن سەرۆکی پۆلیسی گشتیی وڵات - سەرهەنگ حیسام وەزیری

جێی ئیمزا

ڕابگەیێندرێ ٢٧ - ١ - ٢٦

سەرچاوە: "اسرار محاکمه قاضی محمد و یـارانش..." چـاپ دوم، گـردآوری و ترجمه: محمد رضا سیف قاضی. ١٣٨٠ی هەتاوی.

٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٨ی مارچی ٢٠١٠

---

## سنوورەکانی کۆماری کوردستان




سنوورەکانی کۆماری کوردستان

سەرچاوە:

The Kurdish Republic of 1946
William Eagleton JR
Oxford University Press, 1963

٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٨ی مارچی ٢٠١٠


## پەیکەری پاکی شەهیدانی ١٧ی خاکەلێوە لە سەر داری بێدادی





٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٨ی مارچی ٢٠١٠


## شەهید ناودار عەبدوڵای ڕەوشەنفکر



شەهید ناودار عەبدوڵای ڕەوشنفکر (عەبدوڵای خدر حەیرانێ) لە ١٧ی خالێوەی ١٣٢٦ (٧ی ئاوریلی ١٩٤٧) لە گەڵ ٣ ئەفسەری دیکەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە سێدارە درا

٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٨ی مارچی ٢٠١٠

## شەهید ناودار ڕەسووڵی نەغەدەیی






شەهید ناودار ڕەسووڵی نەغەدەیی لە ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی (٧ی ئاوریلی ١٩٤٧) لە گەڵ ٣ ئەفسەری دیکەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە سێدارە درا.

٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٨ی مارچی ٢٠١٠

## شەهید ناودار محەمەدی نازمی



شەهید ناودار محەمەدی نازمی لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان ڕۆژی ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ لە گەڵ سێ هاوڕێی دیکەی لە مەهاباد لە سێدارە درا.

٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٨ی مارچی ٢٠١٠

---

## شەهید کاپیتان حامیدی مازووچی سەرۆکی دیژبانیی ناوەندی مەهاباد

شەهید حامیدی مازووچی و ٣ کەسی دیکە لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان لە ١٧ی خالێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی)٧ی ئاوریلی ١٩٤٧(لە سابلاغ لە سێدارە دران.

ویلیام ئیگلتن سەبارەت بە ئیعدامی ئەو تێکۆشەرانە دەنووسێ: "لە سەرەتای مانگی ئاوریلی [١٩٤٧] دا کاپیتان حامیدی مازووچی، ناودار محەمەدی نازمی، ناودار ڕەسووڵی نەغەدەیی و ناودار عەبدوڵای ڕەوشەنفکر لە مەهاباد لە سێدارە دران. ئەو "تاوان"ەی وەپاڵ ئەو ئەفسەرانە درابوو کوشتنی ئەفراد ئەرتەشی ئێران لە نێوخۆ و لە دەرەوەی سنوورەکانی کۆماری کوردستان دا بوو."

٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٨ی مارچی ٢٠١٠

---

## ڕۆژی ڕەشی دەی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی




**تێبینی:** ئەم وێنەیە بۆ جاری یەکەم لە کتێبی "از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس" نووسینی نەجەفقوڵی پسیان دابڵاوکراوەتەوە.نەجەفقوڵی پسیان لە چاوپێکەوتنێک دا لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی گوتوویە بەشێکی زۆری ئەو شتانەی لەو کتێبەدا نووسیویە لە بەر گوشاری کاربەدەستانی نیزامی ئێران بووە و لە ڕاستی بە دوورن. لە کۆتایی ساڵانی ١٩٦٠ و سەرەتای ١٩٧٠ کاندا نووسەر و تێکۆشەری کۆچکردووی فەڕانسەیی ژان پیێیر ڤینۆ کە "کۆمیتەی هاوپێوەندی لە گەڵ شۆڕشی کورد"ی دامەزراندبوو ئەم وێنەیە و وێنەی شەهیدانی بزووتنەوەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حدک ی لە وڵاتانی ئوروپایی بە بەربڵاوی بڵاو کردەوە. ژان پیێیر ڤینۆ لە هەلومەرجێکی نادیار دا لە ساڵی ١٩٧٣ لە بەلووچستانی پاکستان ماڵاوایی لە ژیان کرد.

٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٨ی مارچی ٢٠١٠

## "محاکەمە"ی پێشەوا، سەیفی قازی و سەدری قازی



32. The Three Qazis
*L-r:* Muhammad Husain Saif i Qazi; Qazi Muhammad; Abol Qasim Sadr i Qazi

**ئەبولقاسمی سەدری قازی، پێشەوا قازی محەمەد و محەمەد حوسێنی سەیفی قازی ئەو کاتانەی لە زیندان دا بوون**

نەوشیرەوان مستەفا ئەمین لە کتێبی "حکومەتی کوردستان ریبەندانی ١٣٢٤ - سەرماوەزی ١٣٢٥ کورد لە گەمەی سۆڤیەتی دا دەنووسێ:

" " تاوانەکانی " بە پاڵ قازی و سەرانی حکومەت ئەدرا بریتی بون لە: پۆشینی بەرگی جەنەراڵی، سەرۆکایەتی جمهوریەتی کوردستان، گۆڕینی ڕەنگی ئاڵای ئێران،لابردنی نیشانەی شێر و خورشید، چون بۆ باکۆ و، کۆبونەوە لە گەڵ جەنەراڵەکانی بێگانە، کوشتنی ئەفسەر و سەربازی ئێرانی، بەڵێندانی بەخشینی نەوت بە بێگانە... هەر وەها نامەی دەسخەت و، ڕونوسی نوطقەکانی ناو کۆبونەوە گشتییەکان...

لە بەفرانباری ١٣٢٥ دا هەر ٣ قازی بە ئیعدام حوکم دران. حوکمی ئێعدامی قازییەکان لەو کاتە دا بو بڵاو نەکراوەیی هێڵرایەوە. قازییەکان داوایان کرد مەسەلەکەیان بخرێتە بەر دەم " دادگاە تجدید نظر" بۆ چاو پیاگێڕانەوەی. لەو ماوەیە دا هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی موحاکەمە ببرێتە تاران. بەڵام ستادی ئەرتەش سور بو لە سەر ئەوەی هەر لە مەهاباد بکرێتەوە.


ڕۆژی ٧ی بەفرانباری ١٣٢٦ ئەندامانی "دادگاه تجدید نظر" گەیشتنە مەهاباد. ئەمجارەیان دادگا بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ عطاء و دادستانی سەرهەنگ نکوزاد بو. دادگا دو پارێزەری بۆ قازییەکان دانا بو: سەروان صلح جو و، سەوان نبوی. ئەو "تاوانانە"ی لە " دادگاه بدوی صحرایی" بە پاڵ قازی محمد درا بون و ، لە سەری بە ئیعدام حوکم درا بو، بریتی بون لە: ڕاپەڕینی چەکدار دژی حکومەتی ناوەندی، بەستنی ڕێککەوتنی نەوت لە گەڵ بێگانە، سوکایەتی کردن بە ئەرتەش و حکومەتی مەرکەزی، فەرمانی کوشتن و سوتاندنی ماڵی فەرمانبەرانی حکومەت... ئەو تاوانانەی بە پاڵ سیف و صدریش درابون، شتێکیان کەم نەبو، لە وانەی بە پاڵ قازی درابون. هەیئەتی دادگا لە گەڵ ستادی ئەرتەش بەردەوام بە بێتەل پێوەندی تەلگرافی هەبو. پرسی پێ ئەکرد و فەرمانی لێ وەرئەگرت. ئەمیش حوکمی ئیعدامی : محمد قاضی،محمد حسین خانی سیفی قاضی ، صدری قاضی دایەوە. کاتێ کە ستادی ئەرتەش ئاگادار کرا لەوەی دادگا حوکمی ئێعدامی داون، ستادی ئەرتەش فەرمانی دا بە فەرمانداری نیظامی مەهاباد لە ماوەی ٢٤ سەعات دا حوکمەکە جێبەجێ بکات.

ڕووداوەکانی ناو دادگا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی تاران دا بە یەک شێوە و زمان بڵاو کراونەتەوە . پێ ئەچێ کاربەدەستانی ئەرتەش ، بەوجۆرەی خۆیان ویستویانە، ڕاپۆرتەکەیان بو چاپ و بڵاوکردنەوە ئامادە کردبی، بەتایبەتی بو شکاندنی شەخسییەتی قازییەکان کە بوبون بە ڕەمزی خەباتی رزگاریخوازی کورد."

**تێبینی:** ئەم وێنەیە لە کتێبی ویلیام ئیگلتن وەرگیراوە.

٨ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٨ی مارچی ٢٠١٠

## وێنەی لە سێدارەدانی شەهیدانی کۆماری کوردستان لە سەقز



۱ ـ شهید احمدخان فاروقی مشهور به سالار قیله‌سون ۲ ـ شهید عبدالله‌خان متین داشالوجه ۳ ـ شهید محمدخان دانشور ئالکلو ۴ ـ شهید محمدخان قیض الله بیگی قاراوا ۵ ـ شهید حسن خان فیض الله بیگی کانی نیاز ۶ ـ شهید احمدخان شجیعی کلتکه ۷ ـ شهید علی‌خــان فاتح قلندر ۸ ـ شهید شیخ صدیق اسعدی بازی‌بلاغی ۹ ـ شهید شیخ امین کستزان ۱۰ ـ شهید رسول‌اغا محمودی میره ده ۱۱ ـ شهید علی‌اغا جوانمردی تمونه

ئەم وێنەیەبە سپاسەوە لە کتێبی "نظری بە خانوادە عبدالرحمن بێگ مکری" کاک ئیرەجی ناهید وەرگیراوە




ئەم نوسخەیەی لە سێدارەدرانی شەهیدانی سەقز بە سپاسەوە لەلایەن کاک ڕەحمانی جەوانمەردی نەوەی شەهید عەلی ئاغای جەوانمەردی بۆ "وێنەی کۆماری کوردستان" ناردراوە. ئەو سەرکردانەی جمهووری لە بەرەبەیانی چوارشەمە ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی بەرانبەری ٥ی فێڤرییەی ١٩٤٧ لە سێدارە دراون.

٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٧ی مارچی ٢٠١٠

---

## شەهید شێخ ئەمینی ئەسعەدی



شێخ ئەمینی ئەسعەدی ( شێخ ئەمینی کەسنەزان) لە گەڵ ئامۆزای خۆی شێخ سدیقی ئەسعەدی و ٩ تێکۆشەری دیکەی کۆماری کوردستان لە بەرەبەیانی چوارشەمە ١٦-ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی لە سەقز لە سێدارە درا.

٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٧ی مارچی ٢٠١٠

---

## شەهید شێخ سدیقی ئەسعەدی

شەهید شێخ سدیقی ئەسعەدی ( شێخ سدیقی یازی بولاغی) لە گەڵ ئامۆزای شیخ ئەمینی کەسنەزان و٩ تێکۆشەری دیکەی کۆماری کوردستان لە بەرەبەیانی چوارشەمە ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی لە سەقز لە سێدارە درا.
ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی " نظری بە خانوادە عبدالرحمن مکری" نووسینی بەڕێز ئیرەجی ناهید وەرگیراوە.

٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٧ی مارچی ٢٠١٠

## شەهید عەلی جەوانمەردی

شەهید عەلی ئاغای جەوانمەردی (عەلی ئاغای تەمووتە) لە سەرانی عەشیرەتی گەورکی سەقز. لە گەڵ ١٠ تێکۆشەری دیکەی کۆماری کوردستان لە بەرەبەیانی چوارشەمە ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی لە سەقز لە سێدارە درا

ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی " نظری بە خانوادە عبدالرحمن بێگ مکری" نووسینی بەڕێز ئیرەجی ناهید وەرگیراوە.

٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٧ی مارچی ٢٠١٠

---

## شەهید ڕەسووڵی مەحموودی

شەهید ڕەسووڵ ئاغای مەحموودی ( ڕەسووڵ ئاغاتی میرەدێ) لە سەرانی عەشیرەتی گەورکی سەقز، لە گەڵ ١٠ تێکۆشەری دیکەی کۆماری کوردستان لە بەرەبەیانی چوارشەمە ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی لە سەقز لە سێدارە درا.

ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی " نظری بە خانەادە عبدالرحمن بیگ مکری " نووسینی بەڕێز ئیرەجی ناهید وەرگیراوە

٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٧ی مارچی ٢٠١٠

---

## شەهید ئەحمەدی شەجیعی



شەهید ئەحمەد خانی شەجیعی ( ئەحمەد خانی کەڵتەگە ) لە بەرەبابی ڕەشید خانی شەجیعولسەلتەنە ی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی. لە بەرەبەیانی چوارشەمە ١٦-ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی لە گەڵ ١٠ تێکۆشەری دیکەی کۆماری کوردستان لە سەقز لە سێدرا درا.

ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی " نظری بە خانوادە عبدالرحمن بێگ مکری " نووسینی بەڕێز ئیرەجی ناهید وەرگیراوە.

٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٧ی مارچی ٢٠١٠

## شەهید عەلی فاتیح



شەهید عەلی خانی فاتیح (عەلی خانی قەلەندەر) لە بەرەبابی حاجی حەمە حەسەن بەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی. لە گەڵ ١٠ تێکۆشەری دیکەی کۆماری کوردستان لە بەرەبەیانی چوارشەمە ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی لە سەقز لە سێدارە درا.

ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی " نظری بە خانوادە عبدالرحمن بیگ مکری " نووسینی ئیرەجی ناهید وەرگیراوە.

٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٧ی مارچی ٢٠١٠

## شەهید حەسەنی فەیزوڵابەگی

شەهید حەسەن خانی فەیزوڵا بەگی (حەسەن خانی کانی نیاز) لە بەرەبابی ئاغا شێربەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی. لە چەند نامەی شەهید ئەحمەدی فاروقی بۆ حەمە ڕەشید خان دا باسی کراوە. لە گەڵ ١٠ تێکۆشەری دیکەی کۆمار لە بەرەبەیانی چوارشەمە ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ لە سەقز لە سێدارە درا.

ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی "نظری به خانواده عبدالرحمن موکری" نووسینی بەڕێز ئیرەجی ناهید وەرگیراوە.


٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٧ی مارچی ٢٠١٠

## محەمەدی دانیشوەر لە شەهیدانی کۆماری کوردستان



محەمەدخانی دانیشوەر (محەمەد خانی ئاڵکەلوو) لە بەرەبابی ئاغا شێربەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی و برای ئەحمەد خانی فارووقی بووە، لە گەڵ دوو برای و ٨ تێکۆشەری دیکەی کۆماری کوردستان لە بەرەبەیانی چوارشەمە ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ لە سەقز لە سێدارە دراوە. ئەم بەڵگەیەی خوارەوە دوکۆمێنتی ژمارە ٣٦٣ی بەرگی دووهەمی کتێبی: دەوڵەتی جمهوری کوردستان ، نامەو دوکومێنت، مەحمود مەلاعززەت "ە. ئەو نامەیە ئەحمەد خانی فارووقی

بۆ حەمەڕەشید خانی نووسیوە و باسی محەمەد خانی دانیشوەر و چەند کەسی دیکەی تێدایە.



٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٧ی مارچی ٢٠١٠

## شەهید محەمەدی فەیزوڵابەگی لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان



شەهید محەمەدخانی فەیزوڵابەگی مەشهوور بە محەمەد خانی قاراوە چکۆڵە سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی لە گەڵ ١٠ تێکۆشەری دیکەی کۆماری کوردستان لە ڕەشەمەی ١٣٢٥ لە سەقز لە سێدارە دران.

۷ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٧ی مارچی ٢٠١٠

## عەبدوڵای مەتین یەکێکی دیکە لە شەهیدانی کۆماری کوردستان



عەبدوڵا خانی مەتین ( عەبدوڵا خانی داشاڵووجە )یەکێکی دیکە لە کوڕانی خەلیل خانی فەیزوڵابەگی سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربگە، لەلەگەڵ دوو برای و ٨ تێکۆشەری دیکە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە بەرەبەیانی چوارشەمە ١٦-ی ڕێبەندانی ١٣٢٥-ی هەتاوی بەرانبەر بە ٥-ی فێڤرییەی ١٩٤٧ لە سەقز لە سێدارە دران. ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی "نظری به خانواده عبدالرحمن مکری" لە نووسینی بەڕێز ئیرەجی ناهید وەرگیراوە.

٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٧ی مارچی ٢٠١٠


## شەهید ئەحمەدی فاروقی موعاوینی فەرماندەهی هێزی بۆکان و مەنتەقە

ئەحمەد خانی فاروقی (ئەحمەد خان خەلیل خان، ئەحمەد خانی قیلەسون) مەشهوور بە سالار سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی یەکێک لە تێکۆشەرانی بەووجی کۆماری کوردستان بووە. لە بەشێک لە نامەیەک دا کە وەک موعاوینی فەرماندەهی هێزی بۆکان و مەنتەقە بۆ ژەنەڕاڵ مایۆر حەمەڕەشیدخانی قادر

خانزادە فەرماندەی هێزی بۆکان و مونتەقەی ناردووە دەنووسێ: "... بەندەیش سوێندم خواردووە خیانەت بە کوردی پاک و کوردستان و پێشەوا نەکەم کێتمانی ئەم گوزاریشە بە خیانەت دەزانم لە بەر ئەوە عەرزم کردی، ڕەجا دەکەم بۆ حیفزی ئابڕووی من تەوجوهی مەخسووس بفەرمووی".

ئەحمەد خانی فاروقی و دووبرای شەهیدی عەبدوڵاخانی مەتین( عەبدوڵا خانی داشاڵووجە) و محەمەد خانی دانیشوەر (محەمەدخانی ئاڵکەلوو) لە گەڵ پێشەوا قازی محەمەد، سەدری قازی و سەیفی قازی خاڵۆزا و پوورزا بوون.

بەداخەوە دوای ' دادگە' یەکی فەرمایشی لە بەرەبەیانی چوارشەمە ١٦-ی ڕێبەندانی ١٣٢٥-ی هەتاوی بەرانبەر بە ٥-ی فێڤرییەی ١٩٤٧ لە سەقز لە گەڵ ٨ تێکۆشەری دیکەی کۆماری کوردستان لە سێدارە دراون. هێمن شاعیر و نووسەری گەورەی کورد بابەتێکی نووسیوە سەبارەت بە کاردانەوەی دایکی ئەو شەهیدانە لە کاتی بیستنی لە سێدارە درانی ٣ کوڕی کە دەبێ بە پارچەیەکی بە نرخی ئەدەبی سیاسی کورد دابندرێ. دەقی یەکێک لە نامەکانی شەهید ئەحمەدی فاروقی کە لە خوارەوە دا دەیبینن لە بەرگی یەکەمی کتێبی نووسەری کۆچکردوو مەحموودی مەلا عێزەت وەرگیراوە.


نامەی ژمارە (٥٧)
نامەی ئەحمەدخانی فاروقی
٢١ - ٢ - ١٣٢٥

دیموکراتی کوردستان
[ لکی بوکان ]

٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٧ی مارچی ٢٠١٠

## پەیکەری پیرۆزی عەلی بەگی شێرزاد لە سەر داری بێدادی



من بیستوومە لە کاتی لە سێدارە درانی دا عەلی بەگی شێرزاد ئەم بەیتە شێعرەی خوێندووەتەوە: "منصور وار گر ببرندم بە پای دار - مردانە جان دهم کە جهان پایدار نیست"

بەڕێز ئیرەجی ناهید لە کتێبەکەی دا: "نظری بە خانوادە عبدالرحمان بیگ مکری" دەنووسێ: "شەهید عەلی بەگی شێرزاد لە تەنیشت حەوزی بۆکان لە سێدارە درا و لە کاتی ئێعدام کردنی دا ئەم بەیتە شێعرەی بە دەنگی بەرز و نەترسانە خوێندەوە:

خۆشا روزی کە خود را بر سر دار فنا بینم    سرم گردد بلند و عالمی را زیر پا بینم"


(خۆزگە بەو ڕۆژەی کە خۆم لە سەر داری فەنا دەبینم    سەرم بەرز دەبێ و عالەمێک لە ژێر پێم دا دەبینم"

٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٧ی مارچی ٢٠١٠

## شەهید عەلی شێرزاد فەرماندەی هێزی چڵی ٥ی ناوەندی

شەهید عەلی شێرزاد ( عەلی بەگی یەکشەوە) فەرماندەی هێزی چڵی ٥ی ناوەندی هێزی دێمۆکڕاتی کوردستان سەر بە عەشیرەتی فەیزوڵابەگی و لە بەرەبابی ئاغا شێربەگ بوو، بەداخەوە لەو سەرچاوانەی تا کە تائێستا سەبارەت بە کۆماری کوردستان بڵاو کراونەتەوە ژیاننامەی بەتەواوی نەنووسراوە.

عەلی بەگی شێرزاد یەکەم هەڵسووڕاوی کۆمار بوو کە ماوەیەکی کورت لە دوای ڕووخانی کۆمار لە ڕۆژی ٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاویبەرانبە بە ١٤-ی فێڤرییەی ١٩٤٧-ی زایینی لە نزیک حەوزی بۆکان لە سێدارە درا. ئەم نامەیەی لێرە دا هاتووە لە کتێبی "دەوڵەتی جمهووری کوردستان" ، نامە و دوکومێنت، مەحمود مەلا عزەت، بەرگی یەکەم ، سوید ، ئازاری ١٩٩٢ وەرگیراوە


نامەی ژمارە (١٢٠)
نامەی عەلی بەگ شێرزاد *
١٠ - ٣ - ١٣٢٥

ژمارە ١١٤
بروار ١٠/٣/١٣٢٥

وزارتی هیزی دیموکراتی کوردستان
هیزی ناوەندی

٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٧ی مارچی ٢٠١٠

## شەهید سەرپۆلی ٢ محەمەدی نانەوازادە معاونی وەزارەتی هێزی دێمۆکراتی کوردستان



محەمەدی نانەوازادە یەک لە چالاکانی "حیزبی ئازادیی کوردستان" و لە ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژ.ک و بە پێی وتەی مەلا قادری مودەرەسی لە کۆمەڵە دا "فەرماندەی هێز بووە، بۆسازدانی هێزی پێشمەرگەی کۆمار بە گوڕ تیکۆشاوە و لەڕۆژنامەی کوردستان دا ئاگادارییەکانی وەکوو فەرماندەی هیزی دیموکراتی کوردستان" (ژمارە ٨، ٨ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی)، "فەرماندەی هێزی مەرکەزی دێمۆکراتی کوردستان (ژمارە ٢٣، ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاوی) بڵاو کراوەنەتەوە. بە خۆشییەوە فەرمانێکی نانەوا زادە بە ئیمزای خۆی بەدەستەوەیە کە پلەی داوە بە پێشمەرگەیەک و "لە طرف وەزیر[ی] هێز[ی] وەزارەتی هێزی جەمهوورییەتی کوردستان"وە ئیمزای کردووە. ڕەنگە کووژرانی محەمەدی نانەوازادە لە کۆتاییەکانی مانگی 6ی ژیانی کۆمار دا خەساری هەرە گەورە بووبێ بۆ بەڕێوەبەرایەتی کورد.

سەید محەمەدی حەمیدی "مودیر و سەردەبیری روژنامە و گوواری کوردستان" [کوردستان، ژمارە ٦٩، یەک شەممو ٣٠ی پوشپەری ١٣٢٥ = ٢١ی ژووییەی ١٩٤٦ی زایینی] ئاوا باسی ئەو رووداوە دەکا:

"سەرپولی دو محمدی نانەوازادە شهیدی ریگای نیشتمان... چلونەتی شەهید بوونی مرحومی نانەوازادە لە حدودی مانگیک دابوو لە لاین وزارەتی هیزی کوردستانەوە کاری درابویە کە لە سقز بمینیتەوە کە لە حمل و نقلی خواردەمەنیدا بو ئەو سەربازانەی کە لە بانە و سەردەشت دادەنیشن لە لایەن هیزی کوردستانەوە محاصرە کراوون و نەیان دەهیشت لە لشکری سقزەوە خواردەمەنیان پی بگا چاوەدیری بکا.روژی دووشەممو ٢٤ - ٤ - ١٣٢٥ بە آغای حامیدی مازووچی رئیسی دژبانی ناوەندی مەهاباد کە ئەویش لە سقز دەبی دەستور دەدا کە دەگەل ژماریک ماشین کە هەلگری خواردەمەنی بو سەربازان بوون بو بانە و سەردەشت بچیت و هەر ئەو روژە بو خوشی بە فروکە بو ئەو مەلبەندانە دەروا و ئەو شەوە دەچیتە سەردەشت و بەیانی روژی ٣ شەممو ٢٥ - ٤ - ١٣٢٥ دەگەریتەوە بانە و فروکە لەویی دەنیشی و لەویی دیسان آغای مازووچی دەبینی و دەستوری دەداتی کە ماشینە خواردەمەنیەکان بگەینیتە سردەشت و زور دەست و دەمی یەک دیکە ماچ دەکەن وەکی دە دلی هاویژرابی کە چەند دەمیکی دیکە ژیانی پرر افتخاری دوائی دیت خودا حافظ یەکی گەرم لە آغای حامدی مازوچی دەکا و ساتی ٢١ بە فروکە بو لای سقز هەلدەفری داخی گرانم پاش چەند دەمیک فروکە کە لە نزیک کەلی خان لە شیویک دا لە نزیک دی ی سونج کە لە دیهاتی بانەیە فرروکە کە چەند سەرمەقولات دەدا و آوری تی بەر دەبی فرروکەچیەکە بە چەتری نەجات خوی بەردەداتەوە و چونکو چەترەکەی نیوە آوالە بووە سەری شکاوە و سەدی نەوەد لە مەرگ نزیکە بەلام نانەوازادە ماوەی نەبو بە چەتر خوی نەجا ت دا و دەگەل فرروکەکە بەربوتەوە و هەر دووک پیکەوە سووتاوون لە دوای چەند دەمیک قضیە بە آغای حامدی مازوچی خەبەر دەدری ئەویش دیتە جیگای بەسەرهات و ئەو سەرکردەیە کە سەعاتیک لەوەی پیش دەست و دەمی یەکتریان ماچ دەکرد دەبینی کە آوری نیشتمان پەرستی لە دلیەوە بلیسەی سەندووە خوی و فرروکەکەی سوتاندوە خیرا بە دارە مەیت لەشی ئەو شەهیدە هەلدەگرن و دەی بەنە شاری بانە لەوی دەی شون و لە کفنیەوە دەپیچن و دە صندوقی دەنین و دەی هینن بو سقز و لەویش را بە ماشینیکی عدەی سقز بە مشایعتی یەک نەفەر سەروان و دو نفر گروهبان بە مياندواو دا بو مهابادی بەرری دەکەن جنازە سەعاتی ٧ی نیوەرو روژی ٢٦ - ٤ - ١٣٢٥ لە کاتیکدا لە حدودی دەهزار کەس لە طبقاتی جوی جوی بە پیشوازەوە چووبوون و بە تایبەتی وزیری هیز و ژماریکی زور لە خەلکی شاری و سرکردان چەند کیلومتر بە ماشین چووبوونە پیشواز گەیشتە مهاباد و بە احتراماتی نظامی بە خیابانی قاضی و وفائیدا حرکتی پیدرا و لە قبرستانی مەلاجامی بە خاک ئەسپیردرا..."

لەو بەڵگەنامانەی دا وا نووسەری کۆچکردوو مەحموودی مەلاعیزەت لەمەڕ "دەوڵەتی جمهووری کوردستان" بڵاوی کردوونەتەوە، چلۆنایەتی "بەربوونەوە"ی ئەو فڕۆکەیەی نانەوازادەی تێدابووە بە درێژی باس کراوە.

٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٧ی مارچی ٢٠١٠

## شەهید خۆشەوی خەلیل مزوری



ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان لە ژمارەی ٦٢ چوارشەمۆ ٥ی پووشپەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی = ٢٧ی ژووەنی ١٩٤٦ بابەتێکی بە قەڵەمی محەمەد مەحموود لە سەر ژیانی خۆشەوی خەلیل مزووری بڵاو کردووەتەوە "

### قارەمان خۆشەوی خەلیل مزووری

خۆشەوی کوڕی خەلیل خۆشەوی ڕەئیسی عەشیرەتی مزوورییە کە یەکێکە لە هەر چوار عەشیرەتی بارزان. لە ساڵی ١٩٢٨ ی میلادی دا لە کوێستانی موسەکا لە وڵاتی مزووری لە دایک و بابێکی کورد هاتووتە دنیاوە. باوکی ئەم قارەمانە کە خەلیل خۆشەوی یە ژیانی خۆی هەر لەگەڵ بەربەرەکانیی دەوڵەتی تورک و دەوڵەتی عەرەبدا بە سەر بردووە.لە ساڵی ١٩٣٠ ی میلادی دا لە قەوتێکدا کە عێلی بارزان لە نەتیجەی فشاری هێزی ئینگلیس و عەرەب چوونە خاکی ترکیاوە و لە باش دا لە سەر وەعدی حکوومەتی عێراق گەڕانەوە . لە گەڕانەوەیان دا دەردەست کران و نوفی کران بۆ وڵاتی خوارووی عێراق. لەم قەوتە دا خەلیل خۆشەوی لە شاخ مایەوە نزیکەی شەش ساڵ لە دەوڵەتی عێراق عاسی بوو و لە دواییدا لە زستان دا بە هۆی هێزی تورکو عێراق لە سەر سنووری ترکیا و عێراق کووژرا. لەم وەقتە دا قارەمان خۆشەوی خەلیل ،نداڵ بوو و لە ماڵی مامی ئەسعەد خۆشەوی گەورە بوو و فێری خوێندن و نووسین بوو و لە ئاکرێ تا کلاسی چوارەمی ئیبتیدائی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٤٢ دا کە زەعیم مەلا مستەفای بارزانی لە سلێمانییەوە فیراری کردەوە بارزان، ئەسعەد خۆشەوی و خۆشەوی خەلیل لە دوای داگیرکردنی

پۆستی ئەمنییەی بیرە کەپرە گەیشتنە مەلا مستەفا و دەوامی شەڕی ئازادییان کرد . دیسان ئەم قارەمانە لە ساڵی١٩٤٥ لە سەڕی دووهەمی بارزان دا ئیشتراکی کردووە و لە دوایی دا لە گەڵ عێلی بارزان هاتە خاکی کوردستانی ئێرانەوە... ئەم قارەمانە لە لایەن زەعیم مەلا مستەفای بارزانییەوە بە فەرماندەی چڵی دوو لکی یەک دانرا و نێررا بۆ جەبهەی سەقز.

لە ڕۆژی ٢٥ - ٣ - ١٣٢٥ دا هیزی دیکتاتۆری فاشیستی تاران لە دەقزەوە حەملەیان هێنا بووە سەر هێزی دێمۆکڕات لە تەرەفی جەبهەی قارەمان خۆشەوی خەلیل. ئەم قارەمانەش فەوری گوزارشی خۆی دایە فەرماندەی لک مستەفا خۆشناو ، لە جواب دا ئەمری پێ کرا کە ئەگەر هێزی فاشیزمیان گەیشتە ناو سەنگەرەکان فەرمانی حەملە بدرێت.قارەمان خۆشەوی خەلیل فەرمانی فەرماندەی لکی خۆی بە دیقەت بە جێ هێنا وە کە هێزی دیکتاتۆری نزیک بوونەوە بە ٥٠٠ کەس و دوو تانک و سێ تەییارە قەهرەمان خەلیل خۆشەوی دەستووری حەملەی دا بە پێش مەرگەکانی کە عیبارەت لە ٤٠ نەفەر بوون بەرابەر ٥٠٠ نەفەر شەڕێکی زۆر سەخت کرا و لە نەتیجەی سێ حەملە دا ئەم هێزە پچووکەی دێمۆکڕات نیهایەتەن هێزی هێزی دیکتاتۆریان شکاندن .هەر لەو ڕۆژە دا قەهرەمان خۆشەوی خەلیل و ە ١٠ پێش مەرگەی برینـدار کران و لـو لایەن فەرماندەی سەراوە نێردران بۆ بۆکان و لەوێش ڕا بە دەستووری پێشەوای موعەزەمی کوردستان قەهرەمان خۆشەوی خەلیل نێردرا بۆ تەورێز. لە تەورێز لە خەستەخانەی شوورەوی چوار ڕۆژ لە تەدای دا بوو م وەلی داخەکەم بای ئەجەل هات و لە ناکاو دەفتەری ژینی دڕی. هێشتا غونچە بوو لە باخدا بە ناحەق هەڵوەری. گیانی پاکی بە ئەندی سپارد و لەوێ لە لایەن وەزیری هێزی کوردستان جەنابی محەمەد حوسێن سەیفی قازی جەنازەی بۆ مەهاباد بەڕێ کرا. لە تەشیعی جەنازەی ئەم قەهرەمانە دا تەواوی هێزی ناوەندی کوردستان و دانیشتووانی مەهاباد و حەزرەتی پێشەوای موعەزەم و ژەنەڕاڵ مستەفای بارزانی و هەیئەتی وەزیران ی دەوڵەت و هەئیەتی عولەما و شێخ و مەلا و هەیئەتی نووسەران و ئەفسەران هەموو حوزووریان بوو و جەنازەی ئەم قەهرەمانی نەمری کوردستانە بە غایەتی ئیحترام بۆ ماڵی ئەبەدی ڕۆیشت. خۆشەوی خەلیل لە ڕێگای ئازادیی کوردستان دا، لە ڕێگای پارێزگاری ئاڵای موقەدەسی کوردستاند دا، لە ڕێگای شەرەف و نیشتمان دا لاشەی بە خاک سپارد. بەڵام ئەم قەهرەمانە ناوی ئەبەدی یە. لە زەمینی ئازادی کوردستان دا نێژرا، گیانی پاکی بە سەر ئاڵای کوردستانەوە لە سووڕانەوە دایە. قەهرەمان خۆشەوی خەلیل ئەورۆ گەیشتە شوهەدای ڕێگای نیشتمان. بنوو ئەی قەهرەمان! بنوو بە نوستنێکی ئەبەدی! خاکی کوردستانی ئازاد شانازی دەکا کە ئەورۆ جەسەدی پاکی هەوەڵین شەهید و قارەمانی ڕیگای ئازادی خۆی لە ناو دڵی خۆی دا جێ کردووەتەوە و دایناوە.. مەهاباد - محەمەد مەحموود

٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٧ی مارچی ٢٠١٠

## شەهیدانی کۆماری کورستان، بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە

ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی (٣٠ی مارسی ١٩٤٧) ڕۆژێکی ڕەشە لە مێژووی سیاسی کوردستان دا.

لەوڕۆژە دا پێشەوا قازی محەمەد، محەمەد حوسێنی سەیفی قازی و ئەبولقاسمی سەدری قازی لە مەیدانی چوارچراڵە سێدارە دران. هەر لەو سەروبەندە دا عەلی شێرزاد یەک لە فەرماندەکانی هێزی دێمۆکراتی کوردستان لە ناوچەی بۆکان لە ٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ (١٥ی فێڤرییەی ١٩٤٧) لە تەنیشت حەوزی بۆکان لە سێدارە درا.

ماوەیەک دواتر لە ٢٥ی ڕەشەمەی ١٣٢٥ * لە سەقز ١١ کەس لە هەڵسووڕاوان و تێکۆشەرانی کۆماری کوردستان:

ئەحمەدی فاروقی، عەبدوڵای مەتین، محەمەدی دانیشوەر، محەمەدی فەیزوڵابەگی، حەسەنی فەیزوڵابەگی، ئەحمەدی شەجیعی، عەلی فاتیح، ڕەسووڵی مەحموودی، عەلی جەوانمەردی، ئەمینی ئەسعەدی، سەدیقی ئەسعەدی لە سێدارە دران. حەوتوویەک لە دوای لە دار درانی پێشەوا قازی محەمەد وهاوڕێیانی ئەفسەرانی کۆماری کوردستان: حامیدی مازووچی، ڕەسووڵی نەغەدەیی، عەبدوڵای ڕەوشەنفکر و ئەحمەدی نازمی لە ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی (٧ی ئاوریلی ١٩٤٧) لە مەیدانی چوار چراڵە مەهاباد لە سێدارە دران. لە ٢٥ - ٣ - ١٣٢٥ خۆشەوی خەلیل مزوری لە پێشمەرگەکانی هێزی لکی بارزانیان لە شەڕێکی قارەمانانە دا لە گەڵ ئەرتەشی ئێران لە جەبهەی سەقزلە گەڵ ١٠ پێشمەرگەی دیکە بریندار دەبێ وسەرەڕای ئەوەی دەگەیێندرێتە نەخۆشخانە لە تەورێز دوای چوار ڕۆژ شەهید دەبێ. لە شەوی ٢٥ - ٤ - ١٣٢٥ هەتاوی سەرپۆلی ٢ محەمەدی نانەوازادە موعاوینی وەزیری هێزی دێمۆکراتی کوردستان لە کاتی وتوویژ لە گەڵ ئەفسەرانی ئەرتەشی ئێران ئەو فرۆکەی تێیدابوولە نێوان بانە وسەقز دەکەوێ و شەهید دەبێ.

لە ١٩ - ٦ - ١٩٤٧ چوار لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان: عێزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، محەمەد قودسی و خەیروڵا عەبدولکەریم کە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان چووبوونەوە کوردستانی عێراق، لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە تیرەباران کران.

لە "وێنەی کۆماری کوردستان" دا بەشێک لە وێنەی شەهێدان وهێندێک بەڵگە کە تا ئێستا لێرە دا بڵاو نەکراونەتەوە دەبینن.

* ڕۆژی لە سێدارە درانی شەهیدانی سەقزلە سەرچاوەی چاپکراو دا جیاوازە. تکایە یارمەتی بکەن بۆ ساخکردنەوەی تاریخی وردی ئەم جینایەتە. هەر وەها لەمەرژیاننامەی ئەو شەهیدانەش لە سەرچاوەی چاپکراو دا زانیارییەکی زۆر کەم هەیە. لە جێی خۆیدایە بنەماڵە و کەسانی هۆگری مێژووی سیاسی کوردستان لەو بارەیەوە هەر زانیارییەکیان هەیە بۆ ئاگاداری وەچەی ئێستا بڵاوی بکەنەوە.

٧ی خاکەلێوەی ١٣٨٩ = ٢٧ی مارچی ٢٠١٠

## وێنەی بازار و مەیدانێکی سابڵاغێ لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا



















**تێبینی:** ئەم دیمەنانە لە ڕووی فیلمێک کە بە زمانی ڕووسی سەبارەت بە مێژووی کۆن و نوێی کوردستان لە کۆتاییەکانی سالانی ۱۹۹۰ دا بلاو کراوەتەوە لە لایەن مالا کوردا لە "ئالما ئاتا" لە ڕووی هەل گیراوەتەوە وبە سپاسەوە لە لایەن بەڕێز "مەحمەد ئاکتاش" بە" وێنەی کۆماری کوردستان"گەیشتووە.

۱۸ی ڕەشەمەی ۱۳۸۸ = ۹ی مارچی ۲۰۱۰

---

## هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە تەورێز بۆ بەشداری لە ڕێو ڕەسمی چوونەوە و بەڕێکردنی ئەرتەشی سوور




**تێبینی:** ئەم دیمەنانە لە ڕووی فیلمێک کە بە زمانی ڕووسی سەبارەت بە مێژووی کۆن و نوێی کوردستان لە کۆتاییەکانی سالانی ۱۹۹۰ دا بلاو کراوەتەوە لە لایەن مالا کوردا لە "ئالما ئاتا" لە ڕووی هەل گیراوەتەوە وبە سپاسەوە لە لایەن بەڕێز "مەحمەد ئاکتاش" بە " وێنەی کۆماری کوردستان"گەیشتووە.

۲۳ی ڕێبەندانی ۱۳۸۸ = ۱۲ی فێبریوێری ۲۰۱۰

---

## ڕێوڕەسمی هەڵکرانی ئاڵای کۆماری کوردستان، ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤



پێشەوا قازی محەمەد. ڕیزی پشتەوە لە ڕاستەوە بۆچەپ: سەدیقی حەیدەری، مودیری کولی ئینتیشارات و تەبلیغاتی کوردستان لە بەرگی نیزامی هێزی کوردستاندا، سەید عەبدوڵای تەهازادە.
ریزی سێیەم لە ڕاستەوە بۆ چەپ: هەژار، هێمن

تێبینی: پێشتر وێنەیەکی دیکەی کە هاوکات لە گەڵ ئەم وێنەیە هەڵگیراوە لێرە دا بڵاو کراوەتەوە.ڕێکەوتی هەڵگیرانی ئەم وێنەیە لە ڕووی چوارەمین وێنەی لەم پێگەیە دا بڵاوکراوەتەوە،ساخ کراوەتەوە.

٣ی ڕێبەندانی ١٣٨٨ = ٢٣ی جانێوێری ٢٠١٠

## ژەنەڕاڵ مایور محەمەد حوسێنی سەیفی قازی وپۆدپۆڵکۆڤنیک سەلاحەدین عیسازادە



ژەنەراڵ مایۆر محەممەد حوسێنی سەیفی قازی وەزیری هێزی دێمۆکراتی کوردستان و پۆدپۆڵکۆڤنیک سەلاحەدین عیسا زادە (کازمۆڤ) ڕاوێژکاری نیزامی کۆمار و قارەمانی نەتەوەیی سۆڤییێت. کازمۆڤ بە ڕەچەڵەک لە کوردەکانی شووڕەوی بوو و لەو سەردەمانەی کە لە مهاباد بوو بە 'کاکاغا' بە نێوبانگ بوو. وێدەچێ ئەم وێنەیە لە بەهاری ساڵی ١٩٤٦ لە تەورێز هەڵگیرابێ.

٢٤ی بەفرانبارانی ١٣٨٨ = ١٤ی جانێوێری ٢٠١٠

## ساڵی: ٢٠١١

### وێنەیەكی عەلی خوسرەوی لە هەڵسووڕاوانی كۆماری كوردستان



عەلی خوسرەوی یەكێك لە كادرە هەڵسوڕاوەكانی كۆماری كوردستان بووە و لە ئەندامانی گەنجی كۆمەڵەی ژ.ک. و دواتر لە حیزبی دێمۆكڕاتی كوردستان و كۆمار دا بەرپرسیارەتی جۆر بە جۆری هەبووە. وەک سەدری یەكەتی جەوانانی دێمۆكڕاتی كوردستان، مودیری داخڵی چاپخانەی كوردستان، پشكنی فەرهەنگی كوردستان و بەرپرسی ڕادیۆی مەهاباد.ئەم وێنەیە دەبێ ئی سەردەمی چالاكی خوسرەوی لە كۆمەڵەی ژ.ک. دابێ.

كوردستان، ژمارەی ٩، شەمۆ ١٣ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (٢ فێڤرییەی ١٩٤٦)

## کورد و ئازەربایجان

تـا چەنـد سـاڵ لەوەپێش کە وێستا شەیپووری ئـازادی لـێ نەدرا بـوو هێـزی ئەهریمەنـی فاشیسـتی دە دونیـا دا موسەلەت بوون، کورد و ئازەربایجانی لە گەڵ یەک زۆر ناکۆک بوون، دەستی ئیستیعمار بۆ ئیستیفادەی خۆی شەو و ڕۆژ خەریکی ئیختیلاف لە نێو ئەو دوو نەتەوە نەجیبە دا بـوو تـا بە بۆنەی ئەوە بتوانێ لە مەنـافعی مـادی ئەو نەتەوانە بەهـرەوەر بـێ و لە مەنـافعی وان کۆشک و بـاڵەخـانەی چەنـد نهوومیـان سـاز دەکرد و لە تێک بەردانـی ئەوان بـۆ خۆیـان لە کۆشکەکانی تـارانێ دادەنیشـتن و قـا قـا بە ڕیشـی میلەتـی مەزلـووم کە هەڵفریـوا بـوون پـێ دەکەنین.

وەلی بە یارمەتی خودای بێ هاواڵ ڕۆژی ڕەشمان ڕووناک بوو زنجیری ئەسارەت لە دنیـا دا پسـا و ئـاخەرین نەفەر لە دەست پەروەردەکانی هیتلێر یەک لە دوای یەک بە جەهەنەم موشەڕەف بوون.

چاومان هەڵێنا دیمان کە دەست و پێوەندی گۆبلێزی لەعنەتی تا وێستا لە دووبەرەکی ئێمە ئیستیفادەیان کـردووە و بۆ مەنزوور و مەڕامی خۆیان کورد و ئازەربـایجانیان پێک وەر کردووە.

بەڵـێ وەخەبەر هـاتین دیمـان کە نەتەوەی ئازەربـایجـانی بـۆ شـوجاعەت و سـەخاوەت و ئینسـانییەت لە دنیـا دا مەشهوورن و لە ڕێی ئازادی و دیمۆکڕاسی دا کووژراویان زۆر داوە و ئەوانیش هەر وەکوو ئێمە بەش خوارون.

بەڵێ بیلەخەرە بە هیممەتی برایانی بەرزی کوردی،ئازەربایجانی ئیتیحـادی مەحکەم لە بەینمـان بەسـترا و دەسـتی ئیتیحادمـان دا دەست یەک و سوێندمان خـوارد تـا نەفەرێک لە فاشیستەکان بمێنـێ دانانیشین و دەبـێ لە بەینـی بەرین. دوژمنانی مە دەبێ بزانن ئەگەر قەدەمێک لە نیشتمانی ئێمە بێنە پێش بە زۆری باسکی کوڕانی ئازدیخواهی کـوردی و ئازەربـایجـانی مەحـو دەبنەوە.ئومێـدەوارم کە ئەو ئیتیحـاد و برایەتـی یە لە بەینـی ئەو دوو نەتەوە بەشخوراوە ڕۆژ بە ڕۆژ بە کوێرایی چاوی دوژمنانی دیمۆکڕاسی مەحکەمتر و بەردەوامتر بێ.

بەرقەرار و پایەدار بێ برایەتی کورد و ئازەربایجانی.

عەلی خوسرەوەی

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە کاک سامرەندی حیسامی نەوەی عەلـی خوسـرەوی بـۆ 'وێـنەی کۆمـاری کوردسـتان'ی ناردووە.

٢٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٠ = ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

## وێنەیەکی بنەماڵەیی سەردەمی کۆمار.سەرپۆلی ٢ حوسێنی زێڕینگەران و ئەندامانی بنەماڵەکەی



وێنەیەکی بنەماڵەی زێڕینگەران لە سەردەمی کۆمار دا

لە لای چەپەوە:ڕەعنا خانم دایکی حوسێنی زێڕینگەران، سێوەیل کچی گەورەی، سەرپۆلی ٢ حوسێنی زێڕینگەران، برایمی فرووهەر تاقە کوڕی حوسێنی زێڕینگەران، خانمی فەیزیابی هاوسەری حوسێنی زێڕینگەران، زەهاوی فڕووهەر کچی دووەمی حوسێنی زێڕینگەران.منداڵەکەی پشتەوە نەناسراوە.

حوسێنی زێڕینگەران(فڕووهەر) ئەندامی ژمارە ١ی کۆمەڵەی ژ.ک. و تا ئۆکتۆبری ١٩٤٤ سەرۆکی کۆمەڵە بوو. لە سەردەمی کۆمار دا ئەندامی کۆمیتەی شاریی حێزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و ئەفسەری هێزی دێمۆکڕاتی کوردستان بوو.بە پێی قسەی ویلیام ئیگلتن، ئەندامانی کۆمیتەی نێوەندی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لە سەردەمی کۆمار لە کاتی دەبەر کردنی یونیفۆرمی نیزامی دا دەرەجەی سەرپۆلی ٢ یان هەبووە.



ڕەحمەتی حەمەدەمینی سیراجی کە لە سەردەمی کۆمار دا لە گەڵ برایمی فرووهەر هاوپۆل بووە، دەیگێڕاوە ڕۆژێک لە گەڵ ڕەحمەتی برایمی فرووهەر دمە قاڵەیان لێ پەیدا دەبێ و بە دوای ئەوەدا حوسێنی زێڕینگەران دێتە خوێندنگە و بە حەمەدەمین دەڵێ جارێکی دیکە دڵی برایم بئێشێنێ تەنبێی دەکا. ڕەنگە هەر لە بەر ئەو خۆشەویستییە بووبێ کە لەم وێنەیە دا نەمر برایمی فرووهەریش لە جلوبەرگی نیزامی دا دەبینین.

**تێبینی:** ئەم وێنەیە لە ئاڵبۆمی نەمر برایمی فڕووهەر وەرگیراوە و لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک دا بڵاو کراوەتەوە.

**تێبینی دووەم:** ئەم نوسخەیەی دیکەی وێنەکە بنەماڵەی بەڕێزی نەمر برایمی فڕووهەر بۆتان ناردووین.

٢١ی خەزەڵوەری ١٣٩٠ = ١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

## وێنەیەکی شەهید ئەحمەدخانی فاروقی معاونی هێزی بۆکان و مەنتەقە لە سەرا



لەم وێنەیە دا شەهید ئەحمەد خانی فاروقی ئەو کەسەی کە لە نێوەڕاست لە سەر کورسی دانیشتووە لە گەڵ هێندێک لە تێکۆشەرانی دیکەی فەیزوڵابەگی و منداڵەکانیان دەبینن.ڕیزی پشتەوە کەسی چوارەم لە لای چەپەوە شەهید محەمەدخانی فەیزوڵابەگی ناسراو بە حەمەخانی بابەخان بەگی قارەوا چکۆڵەیە.گرینگیەکی دیکەی ئەم وێنەیە ئەوەیە کە لە ژێر پۆرترەی "سەلاحەدینی ئەییووبی" هەڵگیراوە.عەینی ئەو وێنەیە لە چەند ژمارەی "نیشتمان" دا دەبینین.

تێبینی: ئەو وێنەیە بە سپاسەوە دۆستێکی سەقزی بۆ "وێنەی کۆماری کوردستان"ی ناردووە.

٢٤ی ڕەزبەری ١٣٩٠ = ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١

## بەڵگەیەکی وەزارەتی ماڵییەی جەمهووری کوردستان



**شماره مرکزی ٦٦٠٥٢٦**

**آرم شیروخورشید**

**نسخه اولّ**

**دولت جمهوری کردستان**

**دولت شاهنشاهی ایران [شاهنشاهی ایران خط خورده بجای آن نوشته شده است جمهوری کردستان]**

**وزارت مالیەی کردستان**

**سری ٨**

**اداره ___________ دائره**

**ایالت ________**

**ولایت __________ ناحیه**

**برای مدت از ______ تا _____**

**بدهی**

قبض نقدی رسمی آغای رحمن عبدی کوش درو

شرح

له بابەت مالیات بر داهات سال ٢٤ آغای رحمن عبدی کوش درو مبلغ ١٥٠ ریال

له بابەت عوارض شارەداری ----------------------------------------------- ١٥ ریال

له بابەت نیو بازرگانی ------------------------------ ٧٥ - د

ژمارە قەبضی صندوق ٨٤٥٥٠٠

جمع

١٦٥ - ٧٥

١٧ - ١ - ٢٥

صحت ارقام فوق و رسید آنرا که معادل مبلغ شانزده تمەن و پنج قران و پازده شاهی میباشد گواهی میدهد

بتاریخ ١٧- ١ - ١٣٢٥

سمت: له لایەن متصدی مالیات بر داهات

نێو و ئیمزا

عددل ٩٩ -

سەرۆکی مالیەی کوردستان

امضاء

-------------------

ژمارەی نێوەندی ٦٦٠٥٢٥

نیشانی شێروخورشیدی دەوڵەتی ئێران

دەوڵەتی جەمهووری کوردستان

دەوڵەتی شایشایانی ئێران [ دو ووشەی شاهنشاهی ئێران خەتی سووری بە سەر دا کێشراوە و له جیاتیان نووسراوە جەمهووری کوردستان]

وەزارەتی ماڵییەی کوردستان

زنجیرەی ٨

ئیداره ______ دابیره
ئەیالەت__________ ناوچه
بۆ ماوەی لە __________ تا ________
قەرز
قەبزی نەغدیی ڕەسمی ئاغای ڕەحمانی عەبدی کەوشدروو

شیکردنەوە
لە مەڕ ماڵیاتی سەر داهاتی ساڵی ١٣٢٤ی [ ساڵی ٤٥ی زایینی ] ئاغای ڕەحمانی عەبدی کەوشدروو، بڕی ١٥٠ ڕیاڵ
لە مەڕ عەواریزی شارەداری ئەوەی لە پای ئاغای ڕەحمانی عەبدی کەوشدروو دایە، بڕی ١٥ ڕیاڵ
لە مەڕ ماڵیاتی نێوی بازرگانی ------------------------------ بڕی ٧٥- د

ژمارەی قەبزی سندووق ٨٤٥٥٠٠
کۆ ٧٥ / ١٦٥ ریاڵ
١٧ - ١ - ٢٥ [ ٦ی ئاوریلی ١٩٤٦]
ڕاستی ئەو بڕانەی سەرەوە و ڕەسیدەکەیان کە دەکاتە بڕی شازدە تمەن و پێنج قڕان و پازدە شاهی گەواهی دەکرێ.[ بڕی پارەکە بە ڕەقەم لە جیات حەفتاو پێنج نووسراوە پازدە]
لە بەرواری ١٧ - ١ - ١٣٢٥ی هەتاوی = ٦ - ٤ - ١٩٤٦ ی زایینی، پیشە: لە لایەن بەرپرسی ماڵییاتی سەر داهات

سەرۆکی ماڵییەی کوردستان

ئیمزا

مۆر کە بە داخەوە بە جوانی ناخوێندرێتەوە


تێبینی: ئەم بەڵگەیە لە لایەن بەرپرسی ماڵیاتی سەر داهات لە وەزارەتی ماڵییەی کوردستان بۆ کاسبکارێکی کەوشدروو لە سابڵاغ ئاغای ڕەحمانی عەبدی دەرکراوە و سەرۆکی وەزارەتی [ ئیدارەی] ماڵییەی کوردستان ئیمزای کردووە.لەم بەڵگەیە دا ناوی نەنووسراوە، بەڵام دەزانین کە سەرۆکی ماڵییەی کوردستان ئەحمەدی عیلمی بووە.

ئەگەر لە ژمارەکانی بەردەستی کوردستان و چاپەمەنی کۆمار وورد بینەوە دەبینین کاربەدەستان نێوی جۆر بە جۆریان بۆ پیشەکانیان بەکار هێناوە، بۆ نموونە ئیبلاغییە و ئاگادارییەکانی ئەحمەدی عیلمی هەم وەک "سەرۆکی ئیداری ماڵییەی کوردستان "و هەم وەک" رەئیسی ئیدارەی دارایی کوردستان" لە "کوردستان" دا بڵاو کراونەتەوە.وەک لەم بەڵگەیە و لەچەند بەڵگەی دیکەی کۆماریش ڕا دەردەکەوێ لەماوەی دەستەڵاتی کوردی دا لەبەر دەستپێوەگرتن کاغەزی بەمارکی دەوڵەتی پێشوو بە کارهاتووە و وەک لە سەرەوە دەبینین قەڵەمی سوور بە سەر "شاهنشاهی ایران" دا کێشراوە و لە سەری بە دەست نووسراوە "جەمهووری کوردستان". ئەو کاغەز بەمارکانە کە بە فارسی بوون،جار جار بەڵگەکانی کۆماری کە بەکوردی نووسراون، کردووە بە تێکەڵاوێک لە کوردی و فارسی.

ئەم بەڵگەیە نموونەیەکی هەرچەند پچووکیش بێ شێوەی کاری یەکێک لە دەزگاکانی کۆمار واتە وەزارەتی ماڵییەی کوردستان نیشان دەدا. زۆر سپاس بۆ نووسەری کورد بەڕێز سەلاحەدینی عەبباسی بۆ ناردنی ئەو بەڵگە گرینگە بۆ "وێنەی کۆماری کوردستان".

۷ی ڕەزبەری ۱۳۹۰ = ۲۹ی سێپتەمبەری ۲۰۱۱

## چاپکراوی سەردەمی کۆمار: هەدیەی کوردستان



هەدیەی کوردستان
هەلبەستی جەنابی مەلا محمد حسن
جەوهەری
١٣٢٥
مهاباد ـ چاپخانەی کوردستان

چاپکراوی سەردەمی کۆمار

"هەدیەی کوردستان" کۆمەڵە شێعرێکی مەلا حەسەنی جەوهەری یە لەسەر رێو شوێنی موسڵمانی کە لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی ١٩٤٦ی زایینی چاپخانەی کوردستان چاپی کردووە. مەلا حەسەن خەڵکی دێی جامەرد بووە. مەلا عومەری خوسرەویی جامەردی بە دەستنووسی ئەو شێعرانەی جەوهەری دا چووەتەوە کە لە بەر دەست دا بوون و هێندێکیانی لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی بە ناوی دیوانی شێعری جەوهەری چاپ کردووە. دواتر بە ئەم چاپەی "هەدیەی کوردستان" و چەند نوسخەی دەستخەتی ئەو شێعرە دا هاتووەتەوە و لە ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی دا وەک نامیلکەیەک بڵاوی کردووەتەوە.


ئیستیقلالی کورد کە دامەزراوە
بناغەی لە سەر شەرع دانراوە
لە سەر ئیجازەی رەئیسی جومهوور
جەنابی قازی پێشەوای مەنسوور


سەرچاوە
Serchawe


**تەواو دەنووسم ئەسڵ و فەرعی دین**
**بە شێعری کوردی ڕەوان و شیرین**

**٢٧ی خەرمانانی ١٣٩٠ = ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠١١**


## ئەو قورئانە پیرۆزەی کە قازیی محەمەد سوێندی پێ خوارد









فی الیوم الثلاثا ٣ - ٣ - ١٣٠٠ = ٢٣ - ٥ — ١٩٣٦
عن .... كویسنجق باالهدیه
مال.... محمد غفور صنف سادس
ماده.... قران الكریم
مدرسه.... كویسنجق الابتدائیه

تاریخ ٣ - ٣ - ١٣٠٠ = ٢٣ - ٥ - ١٩٣٦م

امضاء محمد دلشاد

لە ڕۆژی سێشەمۆ ٣ - ٣ - ١٣٠٠ بەرانبەر بە ٢٣ - ٥ - ١٩٣٦ی زایینی

لە... كۆی سنجاقەوە بە دیاری
ئی.... محەمەد غفور پۆلی شەش
بابەت... قورئانی كەریم
مەدرەسەی : سەرەتایی كۆی سنجاق
بەروار ٣ - ٣ - ١٣٠٠ = ٢٣ - ٥ - ١٩٣٦ی زایینی

ئیمزا: محەمەد دڵشادی ڕەسووڵی

بۆ بیرەوەری ئەو شەوە كە جناب قاضی محمد
لە ماڵی مە دا بەم قرآنەی سویند خوارد و هاتە ناو جەرگەی
حزب دیمكرات (كومەلەی ژ- ك). كە هەتا لە دنیا دا دەژی بە
مللەتی كوردی خزمەت بكات و وەفاداربیت

ئیمزا. محەمەد دلشاد رسولی

ئەو قورئانە پیرۆزەی كە قازیی محەمەد سوێندی پێ خوارد

حەسەنی قازی


بەڕێز سەید محەمەدی سەمەدی لە کتێبی "نگاهی به تاریخ مهاباد" دا دەنووسێ: " ئاغای عەبدولڕەحمانی ڕەسووڵی برای پچووکی دڵشادی ڕەسووڵی یەکەمین سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە نووسەری ئەم دێڕانەی گوت: قازیی محەمەد لە ماڵی ئەوان بۆ ئەندامەتی لە کۆمەڵە دا سوێندی خواردووە و تەنانەت ڕاشیگەیاند هەمان ئەو قورئانەی سوێندی پێ خوراوە لە ماڵی ئەوان ماوە. نێوی نهێنی قازی لە کۆمەڵە دا " بینایی "بووە، بەڵام ئەندامەتی قازی لە نێوەندێتی کۆمەڵە دا تەئیید نەکراوە لاپەڕەی ١١٣ ئێستا چەند لاپەڕە لەو بەڵگە پێرۆزە مێژووییە لە لایەن بەڕێز کاک سەلاحەدینی عەبباسی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک دا بڵاو بووەتەوە و ئێمە ئیزنمان لێ وەرگرت بۆ ئەوەی ڕایان گوێزینە وێنەی کۆماری کوردستان. وەک لە سەرەوە دا دەبینین دوو یاداشتی کورت یەکیان بە عەرەبی و ئەویدیکەیان بە کوردی لە سەرلاپەڕەکانی ئەو قورئانە نووسراوە. وا دیارە نەمر دڵشادی ڕەسووڵی ( محەمەد غفور) ئەوکاتەی لە ساڵی ١٩٣٦ لە مەدرەسەی سەرەتایی کۆیە بووە ، لەوێ ئەو قورئانەی بە دیاری وەرگرتووە و لەگەڵ خۆی هێناویەتەوە سابڵاغێ. ئێستا وەرووکەوتنی ئەو بەڵگە بێ وێنەیە قسەی بەڕێز سەمەدی دادەگرێتەوە کە لە زمان خوادالێخۆشبوو عەبدولڕەحمانی ڕەسووڵی برا چکۆڵەی دڵشاد دەیگێڕێتەوە.

محەمەد دڵشادی ڕەسووڵی [م، نادری] لە ئەندامانی دامەزرێنەی کۆمەڵە ژ - ک بووە. ناوی ئەسڵی محەمەد غەفووربووە، بنەماڵەکەیان سابڵاغین و بۆ کاسبی چوونەتە کۆیە. دڵشاد لە کۆیە گەورە بووە و لەوێ و لە بەغدا خوێندوویەتی و خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە. دواتر گەڕاوەتەوە سابڵاغێ و یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵە بووە. لە هاوینی ١٩٤٥ لە گەڵ قاسمی قادریی قازی، عەبدولڕەحمانی زەبیحی و دوو تێکۆشەری دی لە نیزیک ورمێ گیران و نیزیکەی ٨ مانگ لە زیندان دا بوون. لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٢٤ فێڤرییەی ١٩٤٦ دڵشاد و هاوڕێیانی گەیشتنەوە سابڵاغێ و تێکەڵ بە چالاکییەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و کۆمار بوون. دڵشادی ڕەسووڵی هەر وەک "نیشتمان"، لە "کوردستان" یش دا نووسەرێکی چالاک، ئەندامی کۆمیتەی نێوەندی حیزب و جێگری وەزیری فەرهەنگی کوردستان بوو. دڵشاد دوای تێکچوونی کۆمار چووەوە باشووری کوردستان و لە ناوچەی پشدەر دەژیا و لە ساڵی ١٩٦٥ تێرۆر کرا.

بەشێک لە زانیاری لە مەڕ ژیانی دڵشادی ڕەسولی لەو پێشەکییە وەرگیراوە کە بەڕێز عەلی کەریمی بۆ چاپی تازەی گۆواری نێشتمان ی نووسیوە: نیشتمان. بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک. ئامادە کردنی: عەلی کەریمی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٨ لاپەڕەی ٢٦

١٥ی خەرمانانی ١٣٩٠ = ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١١

## نموونەی قەباڵەی هاوسەریێتی (زەواج) لە سەردەمی کۆماری کوردستان



شماره ترتیب دوصد و یازده
تاریخ وقوع عقد بیست و دوی خاکه لیوه ۱۳۲۵
تاریخ ثبت بیست و دوی خاکه لیوه ۱۳۲۵
اسم و نام خانوادگی و تابعیت زوجین و شماره شناسنامه و محل صدور آن و تاریخ تولد آنها
زوج محمد صوفی زاده شناسنامه شماره ۲۹۴۴ شاری مهاباد
له دایک بووی ۱ سرطان سال ۱۲۹۶ تبعه جمهوری کوردستان
کوری حاجی عزیز صوفی پیروز نیشتوی شاری مهاباد
زوجه حبیبه مولوی به نیو نیشانی ۲۸ شاری مهاباد
له دایک بووی ۲۸ ثور سال ۱۳۰۲ تبعه جمهوری کوردستان
کچی محمد مولوی نیشتوی شاری مهاباد
زوج عیال دیگری دارد یا خیر ژنیکی دیکەی هەیە

**نموونەی قەباڵەی هاوسەریێتی (زەواج) لە سەر دەمی کۆماری کوردستان دا**

**شماره ترتیب: دوصد و یازده**

**تاریخ وقوع عقد: بیست و دووی خاکە لێوەی ١٣٢٥**

**تاریخ ثبت: بیست و دووی خاکەلێوەی ١٣٢٥**

**اسم و نام خانوادگی و تابعیت زوجین و شمارەء شناسنامە و محل صدور آن و تاریخ تولد آنها زوج محەمەد صوفی زادە شناسنامە شمارە ٢٩٤٤ شاری مەهاباد لە دایک بووی ١ی سرطان ١٢٩٦ تبعە جمهوری کوردستان**

**کوڕی حاجی عەزیزی صوفی پیرۆز نیشتووی شاری مەهاباد**

**زوجە: حبیبە مەولوی بە نێو نیشانی ٢٨ی شاری مەهاباد لە دایک بووی ٢٨ی ثور ساڵی ١٣٠٢ تبعە جمهوری کوردستان کچی محەمەدی مەولەوی نیشتوی شاری مەهاباد**

**زوج عیال دیگری دارد یاخیر : ژنێکی دیکەی هەیە**

**تێبینی**: ئەوەی جێی سەرنجە وەک بەم بەڵگەیە ڕا دەردەکەوێ هەر فۆڕمی ڕێژیمی پێشوو و بە زمانی فارسی دەکارە کراوە بەڵام وەڵامەکان بە کوردی نووسراون. لە دوایین پرسیار دا نووسراوە داخودا هاوسەر (پیاوەکە) عەیاڵێکی دیکەی هەیە یان نا و بە کوردی وەڵام دراوەتەوە : " ژنێکی دیکەی هەیە" و نازانین ئەمە وەرگێڕانی پرسیارەکەیە یان هاوسەر (پیاوەکە) ژنێکی دیکەی هەبووە لە کاتی بەستنی گرێی ئەو هاوسەرێتییە دا. کۆماری کوردستان " ژن هەڵگرتن" ی قەدەغە کردبوو، بەڵام وادیارە فرە ژنێتی قەدەغە نەبووبێ.

١١ی بانەمەڕی ١٣٩٠ = ١ی مای ٢٠١١

---

## بەڵگەی ئیزنی لێخوڕینی دووچەرخە لە لایەن ئیدارەی شارەوانی (پۆلیس) کۆماری کوردستانەوە


شاروانی کوردستان
تصدیقی
لی خورینی چەرخی پی ی
ایدارەی شەروانی کوردستان تصدیق دەکا کە
دوچەرخە
ئەرو کی ریگاناشاندانی

بەڵگەی ئیزنی لێخوڕینی دووچەرخە لە لایەن ئیدارەی شارەوانی (پۆلیس) کۆماری کوردستان

١٠ - ٧ - ١٣٢٥

شارەوانی کوردستان

## تصدیقی لێ خوڕینی چەرخی پێ ی

ئیدارەی شارەوانی کوردستان تصدیق دەکا کە ئاغای هاشم مووسا زادە کوڕی صاڵح نمرە ٦٠٢٠ مەعلووماتێک کە بۆ سواری دووچەرخە پێویستە هەیەتی. نەزەر بەو ئیمتیحانەی داویەتی و قەبووڵ کراوە لەسوار بوونی چەرخی پێ ی موجازە و دەبێ نەزم [و] شەرایتی نیێضامەی عبوور و مروور بە دیقەت ریعایەت بکا

سەرۆکی ڕێگا نیشاندانی لێ خوڕ
مۆری شارەوانی کوردستان
ئیمزا
نظامی
١٣٢٤

لێ خوڕ هاشم مووسا زادە ژمارە ١

دەتوانی با ئیجازەی شارەوانی و ئیستیعدادی خۆت لە دووچەرخە سوارییە ئیستیفادە بکەی

سەرۆکی شارەوانی کوردستان
ئیمزا: نیزامی
مۆر ١٣٢٤
جێگای
وێنەی لێ خوڕ
تەمر
مۆر ١٣٢٤

تێبینی: ئەم بەڵگەیە بەڕێزسەیید محەممەدی سەمەدی لە ئارشیڤی بەڕێز یونسی مووسازادەی وەرگرتووە و داویە بە گۆڤاری مەهاباد و لە ژمارەی ١٢٠ی گۆڤاری مەهاباد، مارسی ٢٠١١ دا چاپ کراوە. وەک لە بەڵگە کە دا دە بیندرێ وێدەچێ ئیدارەکانی کۆماری کوردستان هەر تەمری (پوول)حکوومەتی نێوەندییان بە کار هێنابێ. بەڕێز هاشمی مووسا زادە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا سەرۆکی "ئیدارەی سەبتی مەهاباد"بووە و وەک کاربەدەستێکی کۆمار

بە ئەرکی خۆی زانیوە بە وەرگرتنی تەسدیق لە ئیدارەی شارەوانی دووچەرخەی پێ ێ باژۆێ.

١١ی بانەمەڕی ١٣٩٠ = ١ی مای ٢٠١١

## چەند بەڵگەیەکی گرینگ، چالاکیی کۆمار گەیشتووەتە کرماشانیش




حوسێنی مەسعوودی خانگاە

چەند بەڵگەیەکی گرینگ

چالاکیی کۆمار گەیشتووەتە کرماشانیش

حەسەنی قازی

هەتا ئێستا لەو نووسین و شیکردنەوانەی وا سەبارەت بە کۆمار بڵاو بوونەتەوە،زۆر کەم باسی کار و تێکۆشانی حیزب دێمۆکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی مەڵبەندی موکریان بەتایبەتی لە ناوچە باشوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوە.

لە ساڵی ٢٠٠٨ بەڕێز بابەشێخ ناسری چەند بەڵگەیەکی بڵاو کردووەتەوە کە بوونی چالاکی حیزب لە کرماشان دەسەلمێنێ. بەڕێزیان سەرچاوەی ئەو بەڵگانە ئاوا باس دەکا:

"مەرحومی ماموستا سەیدحوسێن مەسعودی پێشنوێژ و مفتی شافعی مەزهەبەکانی کرماشان ، کەرحمەتی ئەندامی کۆمەلەی ژ.ک و پاشان شەرەفی ئەندامەتی حیزبی دیموکراتی پێ درابوو، دیارە مرحوم ماموستاسەیدحوسێن لە دایک بووی خانەگای هەورامان و بنار کێوی ئاتشگا و بۆخوێندن ولە ڕێگای فەقیەتیەوە لە ناوچەی موکریان نیشتەجێ دەبێت وهەرلە وێش لە گەل خانمێ لە سیدانی نۆباری بۆکان بە ناوسەیدزادە ئامینە ازدواج دەکا، لەگەڵ مەرحوم ماموستاحەقیقی هاوفەقێ وپیکەویش دەبنە ئەندامی کومەڵەی ژ.ک. وبناغە دانەری حیزبایەتی و کۆمیتەی کرماشان لە ڕاستی دا ئەو بووگە، یەکتر لەوان مەرحوم سەیدمحەممەد مەسعودی برای ماموستا سەیدحوسێن کە لەلایەن کۆمیتەی کرماشانەوە وەک ڕابتی کومیتە کرماشان هەروەک لە وڵامی نامەکەی کومیتەی کرماشان لە لایەن کومیتە ناوەندی وە ئاماژەی پێ کراوە دیاری کراوە و وەرگیراوە بە ناوی نەهێنی(فەقێ) ولە ڕاستی دا ئەو بەڵگانە لە لای ناوبراو را گەیشتە دەستی من، دیارە کۆمەڵێ بەلگەونوسراوە هی ئەو سەردەمە وتا کودتای سی ودو لە جیگایەک لە کرماشان شاردرانەتەوە کە هیوا دارم دەرفەت بێت ودەستمان پی بگات ،کە گەنجینەیەکی بە نرخە لە چالاکی ئەندامانی حیزب لەو سەردەمەدا ، کەسانی ترکە شەرەفی ئەندامەتی حیزبیان لە کۆنەوە لە شاری کرماشان هەبوو ، ئاغای محەممەد سەعید حافدی قزلجی خەلکی بۆکان ودانیشتوی کرماشان ومیرزا عەبدولکەریم رۆستەمی بەزاز خەڵکی جوانرۆ و دانیشتوی کرماشان ،وەستا عەبدالخالق ساڵحزادە خەڵکی باینگان ودانیشتوی کرماشان."

## بەڵگەکان:

**بەڵگەی یەکەم؛** لە بەرواری ٩ - ٨ - ١٣٢٥ دا نووسراوە بە ئیمزای فەرماندەی هێزی سەردەشت و ئەگەرچی ناوی فەرماندەکە بە ئیمزاکەیەوە دەرناکەوێ، بەڵام لە بەر ئەوەی پلەی ئەفسەرییەکەی نووسراوە (پۆدپۆلکۆڤنیک / سەرپۆلی ٢) دەردەکەوێ کە ئەو فەرماندەیە بەکر حەوزی بووە، بەڵگەکە باسی چوونی پێشمەرگەیەکە بۆ سابڵاغ و ناساندنی.

ئارم و نیشانی کۆماری کوردستان
وەزارەتی هێزی جمهووریيەتی کوردستان
هێزی ناوەندی
ژمارە
بەرواری

بۆ پۆستی دێمۆکڕات

سەید محەمەد سەعید عەبدولڕەحمان لە لای ئێمە مرەخەس کراوە بە ئیشی دێمۆکڕات دەچێتە مهاباد. هیچ کەسێک موزاحیمی نەبێ و ئەگەر لە ڕێگاتەسادوفی بە هەر ماشێنێک بێ هەڵی بگرێ بۆ مهاباد.

ئیمزا

پۆدپۆڵکۆڤنیک [بەکر حەوێزی]

فەرماندەی مەنتەقەی سەردەشتێ

٩ - ٨ - ١٣٢٥

**بەڵگەیە دووەم**؛ کە لە بەرواری ١٠ - ٨ - ١٣٢٥ دا نووسراوە و فەرمانی یەک لە هەڵسووڕاوانی پایە بەرزی کۆمار و حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان،یەکێک لە معاوینەکانی سەرۆکی حیزب مەنافی کەریمی یە و دەیسەلمێنی حیزب تێکۆشاوە بۆ بەرفراونکردنی جەغزی جوگرافیایی چالاکییەکانی و لە کرماشان کۆمیتەی محەلی هەبووە. زۆر وێدەچێ ئەو چالاکیانە درێژەی ئەو تێکۆشانانە بووبێ کە لە سەر وبەندی کۆمەڵەی ژ.ک. دا بەرێوەچوون.

ژمارە: ٨٥٨٣
بەروار: ١٠ - ٨ - ٢٥ [١٣]
پەیوەند
نیشانی کۆماری کوردستان
حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان
مهاباد

کۆمیتەی مەرکەزی
ئاغای فقیە

بینا بەتەسویبی جەلەسەی ئینتیخاباتی یەکی ڕەزبەری کرماشان کە بەهۆی نامەی ژمارە: ١١؛ ٨ - ٧ - ١٣٢٥ کۆمیتەی کرماشان هاتبوو بە هۆی ئەو نامەیە پێت ڕادەگەیندرێ کە لە سەر قەراری کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان جەنابت بە --- ڕابیتی کۆمیتەی محەلی کرماشان داندرای. لازمە زۆر بە جیدییەت مەشغووڵی ئەنجامی وەزایفی پێ ئەسپێردراوی خۆت بی.

معاوینی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان [ مەنافی] کەریمی

مۆری کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان

**بەڵگەی سێهەم**: لە بەرواری ١٦ - ٨ - ١٣٢٥ دا نووسراوە و تێیدا هەڵگری نامە وەک ئەندامێکی حیزب ناساێندراوە و لە ڕاستی دا وەک پسولەیەکی هاتوچوو وایە، ئەو بەڵگەیە لە لایەن عەلی خوسرەوییەوە ئیمزا کراوە.

ژمارە
بەروار ١٦ - ٨ - ١٣٢٥
پەیوەند
نیشانی کۆماری کوردستان
حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان
مهاباد

کۆمیتەی مەرکەزی

بۆ تەواوی پۆستەکان و کۆمیتەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان

هەڵگری ئەو نامەیە [لە] ئەعزای حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانە. لە سەرتانە هەموو جۆرە کۆمەگێکی پێ بکەن.-

لە تەرەف معاونی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان - [عەلی] خوسرەوی

مۆری کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران

**تێبینی:** ئەمن ئەو بەڵگانەم لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک لە دیواری ماڵی کاک قادری خەندەرەش چاو پێکەوت و دوایە زانیم بەڕێزیشیان لە نووسینێکی وەرگرتووە کە لەگەڵ بەڵگەکان کاکە بابەشێخی ناسری لە ساڵی ۲۰۰۸ لە ماڵپەڕی پێشمەرگەکان دا بڵاوی کردووەتەوە. ئەو کارەی بەڕێز ناسری جێی پێزانییە. لە سەردەمی کۆمار دا هێندێک لە فۆرمی کاغەزی کۆمار و حیزب لە سەر کاغەزی ئێداراتی حکوومەتی مەرکەزی چاپ کراونەتەوە. دیارە ئەوە لە بەر کەم بوونی کاغەز بووە، هەر وەک لێرە لە بەڵگەی دووەم دا دەبینن کە ووشەی "وزارت دارائی" لە پشتەوەی کاغەزەکە بە جوانی دیارە.






حزب دیموکراتی کوردستان

مهاباد

کومیتەی مەرکەزی



ژماره

بروار ١٨ / ٨ / ١٥

پەیوەند

حزب دیموکرات کوردستان

مهاباد

کومیتەی مەرکەزی

بو تەواوی پوســـت و کومیتەکانی حزبی دیموکراتی کورد ســـتان

هەلگری ئەونامەیە اعضای حزبی دیموکراتی کورد ســـتانە لە ســـەرتان

لازمـــە هەموو جورە کومەکیکـــی پی بکە ن .

لە لایە ن معاونی کومیتەی ملازگری حزبی دیموکراتی کورد ســـتان ـ خسروی

١٣ی ڕێبەندانی ١٣٩٠ = ٢ی فێبریوێری ٢٠١١

## ژمارەیەک لە شاگردانی مەدرەسە لەگەڵ یەکێک لە مامۆستاکانیان کاک قاسمی حیجازی




تێبینی: ئەم وێنەیەش بە سپاسەوە لە کتێبی "ساوجبلاغ مکری (مهاباد)" وەرگیراوەوە، ئەویش لە ئارشیڤی بەڕێز کوبرا خانم ئیمامی وەرگرتووە. بەڕێز فەرەیدوونی حەکیمزادە کۆکەرەوەی ئەم کتێبە نێوی هێندێک کەسانی نێو وێنەکەی نووسیوە. قاسمی حیجازی و سەید عەبدوڵای ئیسحاقی (ئەحمەدی تۆفیق ی دواتر)بە دڵنیاییەوە دەناسرێنەوە. بە داخەوە نازاندرێ وێنەکە ئی سەردەمی چالاکییەکانی ژ.ک. ە یان لە ساڵی ٢٥ - ١٣٢٤ لە سەردەمی کۆمار دا گیراوە.

**١١ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ = ٣١ی جانێوێری ٢٠١١**

## ڕێژەی کچە مەدرەسەیی لە بەرامبەر پێشەوا




ئەو پایەی کچەکان بە ڕێوە دەبا دەکرێ پای ویڵمای سەیپیادیان مودیری مەدرەسەی کچان بێ

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی: ٢٧، دووشەمۆ ٥ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ = ٢٥ی مارسی ١٩٤٦

## جێژنی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان لە لایەن ئامۆژگارانی مەدرەسەی کچان

بە بۆنەی پێک هاتنی ئارەزووی چەندین ساڵەی نەتەوەی کورد و ناساندنی پێشەوا و سەربەخۆیی کوردستان ڕۆژی چوارشەمۆ ١٠ - ١٢ - ١٣٢٤ لە لایەن ئامۆژگارانی مەدرەسەی کچان ساتی ٢ی پاش نیوەڕۆ لە ساڵۆنی ئیدارەی فەرهەنگ جێژنێکی زۆر جوان ساز کرا. پای پێشەوای کوردستان و ژمارێکی زۆر لەپایەکانی ئەندامەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وگشت تەبەقاتی شاری مەهاباد لەم جێژنە دا بوون.

## خولاسەی نوتقی یای ویلمای سەییادیان مودیری مەدرەسەی کچان

لەو یایانەی زەحمەتیان کێشاوە و لەم شادیە دا دەگەڵ ئێمە شەریک بوون لە لایەن ئامۆژگاران و شاگردانی مەدرەسەی کچان سوپاس دەکەم .ئەم موەففەقییەتە گەورەیە بە خانمی موعەزەمی پێشەوای کوردستان موبارەکبادی عەرز دەکەم و هەموو بە دەنگی گەورە دەڵێین: خودا پایەدار کا حەزرەتی پێشەوای کوردستان. و پێویستە لەو جێژنە مبارەکە دا هێندێک مەتڵەب لە بابەت حاملاندن و منداڵ بەخێو کردن عەرز بکەم و هومێدم هەیە چاک گوێتان لێ بێت:

یایانی خۆشەویست بزانن: ئەو میلەتانەی کە هەنگاویان لە شەقامی زانست و پێشکەوتن ناوە ژن و پیاوی وان پێکەوە دەستیان داوەتە دەست یەکتر وەکوو خوشک و برا بۆ نەجاتی میلەتی خۆیان هەوڵیان داوە لە خۆ بوردنیان نواندووە و تەواوی کچانی خۆیان زۆر چاک پەروەرش داوە و نەیان هێشتووە ساتێک لە مەدرەسە و خوێندنی خۆیان وەپاش کەون.لەوە پێش کە لە چنگ دیکتاتۆراندا گرفتار بووین نەمان دەتوانی بە زمانی خۆمان بخوێنین. تا لەم شەڕە گەورە دا بە دەستی یەکە پیاوی مەیدانی ئازادی مارشاڵ ستالین هەموو نەتەوەیەک لە ژێر باری ئیستیبداد خەلاسیان هات حەمەش دەتوانین بە زمانی خۆمان وەزیفەی میللی خۆمان پێک بێنین ،بە میللییەت عەلاقە نیشان بدەین.

جا ئەی خوشکەکان کچانی خۆتان بۆ مەدرەسەکان بەرێ بکەن،ئەگەر حەز دەکەن میللەتی کوردی وەکوو میللەتی دیکە وەسەرکەون دەبێ کچ و کوڕ وەکوو خوشک و برا بۆ بەجێ گەیاندنی ئەمری پێشەوای موعەزەم فیداکاری بکەن.لە دواییدا تکا دەکەم ئێوەش لە گەڵ من هامدەنگ بن و بڵێن: بژی پێشەوای موعەزەمی کوردستان.

**تێبینی:** ئەم وێنەیەی ڕێژەی شاگردانی مەدرەسەی کچان بە سپاسەوە لە کتێبی"ساوجبلاغ مکری (مهاباد)" وەرگیراوە. ئەویش لە ئارشیوی نەمر سەید عوبەیدیلای ئەیووبیان (بڕەک)ی وەرگرتووە.

١١ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ = ٣١ی جانێوێری ٢٠١١

## هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردوستان لە شاری بۆکان



ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە:١، ساڵی یێکەم، پێنجشەمۆ ٢٠ - ١٠ - ١٣٢٤ = ١١ی ژانوییەی ١٩٤٦

## هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردوستان لە شاری بۆکان

[بە قەڵەمی حەسەنی قزڵجی]

بە پێی دەستووری هەیئەتی مەرکەزی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردوستان و ئەمری جەنابی قازی محەمەد سەدری ئەعزەم و پێشەوای کوردوستان قەرار درا ئاڵای موقەدەس و سێ ڕەنگی کوردوستان لە بۆکانیش هەڵکرێ.

ئاغایان: میرزا مستەفای سوڵتانیان، عەبدولقادری مودەرەسی، حەسێنی فرووهەر، میرزا محەمەدئەمینی شەڕەفی، عەلی خوسرەوی، مەحموودی وەلیزادە، میرزا ڕەحیمی لەشکری و ئەعزای هەیئەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ئاغای شێخەلئیسلامی هێمن شاعیری میللی و نومایەندەی هەیئەت ڕەئیسەی میللی و ئاغای محەمەدی نانەوا زادە فەرماندەی ئۆردووی میللی بە فەرماندەری گاردی ئیحتیڕام و دەستەی مووزیک لە گەڵ ئاغای قاسم ئاغای ئێلخانیزادە نومایەندەی کۆمیتەی محەلی حیزبی دێمۆکڕات لکی بۆکان بە مەئمووری هەڵگرتنی ئاڵای موقەدەس مەعلووم کران. سەعات ١ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەمۆ ٥ - ١٠- ١٣٢٤ بە ئیفتیخاری وەرێ کەوتنی هەیئەتی هەڵگری ئاڵا لە حەساری کانگای حیزب مارشی میللی کوردستان خوێندراوە و مووزیک لێدرا، لەو کاتە دا

سەرچاوە Serchawe

ئوتۆمۆبیلی مەخسووس لە نێوانی هەزاران نەفەر خوشک و برایـانی سـابڵاغی گەیشـتە بـەر دەرکـی کانگـای حیزبـی دێمۆکراتی کوردوستان ڕاوەستا. هەیئەتی هەڵگری ئاڵا لە نێو شریخەی چەپڵە ڕێزان و نەعرەتەی تونـد و بڵێنـدی (هوریا و بژی کورد و کوردوستان)ی بەرێکەرەکانەوە کە لە دڵێکی گەرم و گوڕ و بـە کوڵـەوە دەهـات وەڕێ کـەوت. سەعات دوو و نیوی پاش نیوەڕۆ هەیئەت گەیشتە میاندواو و لەوێ پێشواز هاتووەکانی ئاغایـان: قـازیی قزڵجـی، حەسەن خانی بداغی، برایم ئاغای ئێلخـانیزادە، حەمـەدەمین ئاغـای ئێلخانیزادە،ئەبووبـەکر ئاغـای ئێلخـانیزادە و دوو نەفەر شاعیری میللی هەژار و حەقیقی لە گەڵ سەد نەفەر پتر لە ئەعزای کۆمیتەی محەلی بۆکان گەیشـتنێ و مەڕاسمی ئیحترامیان بە جێ هێنا، مارش و مووزیک خوێندرا ولێدرا. ئەمجار قەتاری ئوتومبیلی هەڵگری هەیئەت و پێشوازهاتووەکان کەوتنە ڕۆیین تا گەیشتنە (تەغیاباد)، لەوێ برا دێمۆکڕاتە ئەرمەنێکان بە فەرماندەیی عیشقی خان لە لای ڕاستەوەی ڕێگاوە، خوشکە ئەرمەنێکانیش لە لای چەپەوە ڕاوێستابوون، ئیحتیرامی نیزامی و هوریـا و چەپڵەڕێزانیان کرد و عیشقی خان لە تەڕەف هەموانەوە تەبریکی هەڵگردنی ئاڵای کوردوستانی کرد.قاسم ئاغـای ئێلخـانیزادە لـە لایـەن هەیئـەت و تـەواوی برایـانی کـوردەوە ئیزهـاری مەمنوونییـەت و سپاسـی بـە خوشـک و بـرا ئەرمەنییە هاوئامانجەکان کرد: "حیزبی دێمۆکڕاتی کوردوستان سوپاسیان دەکا و قەدری عیشقی خان دەزانێ".

هەیئەت لە نێو هوریا و چەپڵەڕێزانی برا ئەرمەنێکان وە ڕێ کەوت تا گەیشتە (قەرەمووسالیان) (یانی ئـەو دێیـە کە مانگی ڕەشەمەی پارەکە سەروان خاکسار و سەربازەکانی خەیاڵی خاوی دیکتاتۆری بای بـاڵی دان و بـە ڕێبـواری هاتبوونە ئەوێ و مزگەوتیان هەڵوەشـاند بـوو، نیـر و ئامووریـان سووتـاند بـوو و خەڵکی ئـەوێیان پـەرش و بڵاو کردبووەوە)، لەوێ میرزا مستەفای موفتەدیری، مەحموود خـان، یـۆنس خـان و عەبـدوڵاخانی ئـەمیری ئـەعزای لکی محەلی دێمۆکڕاتی ئەوێ لە گەڵ تەواوی خەڵکی دێ و چەند دێی دەوروبەریش ڕیزیـان گرتبوو. میـرزا مستەفا لـە جیاتی هەموان تەبریکی ئیزهار کرد و سێ دەسرێژ کرا و هوریا و چەپڵەیەکی زۆر لێدرا و گـا و گـەردوونیان کـرد. هەیئەت وەڕێ کەوت و سەعات چوار و نیوی پاش نیوەڕۆ گەیشتە (عەلیاباد) سێ کیلۆمیتری بۆکـان، لـەوێ گـاردی ئیحتیرام بە فەرماندەری سەلیم ئاغای ئێلخانیزادە و عیدەی سوار لـە ژێـر دەستووری جەعفـەرئاغا و مـارف ئاغـای ئێلخانیزادە و قوتابیەکانی قوتابخانـەی بۆکـان و ئاغایـانی ئەحمەد بـەگی فەیزوڵابـەگی و فـەیزوڵا خـان و عـەلی خانی قزلیان و ئەحمەد ئاغـا و عومەر ئاغا و کەریم ئاغای عەبباسی و هەباس ئاغـا و خالیـد ئاغـای حیسـامی و چوار پێنج هەزار نەفەر خەڵکی بۆکان و دەوروبەر بە پێشوازەوە هاتبوون لەوێ هەیئەتی هەڵگری ئاڵا پیادە بوون و ئاڵای موقەدەس وەک ڕۆژ لە پشت هەور بێتە دەرێ لە کیف دەرکەوت و کوردوستانی گرتە ژێـر شابـاڵی پیـرۆزی خۆی و مزگێنی سەعادەت و خۆشبەختی بەنەتەوەی کورد دا.مارشی میللی خوێندراوە و مووزیک دەستی کرد بە لێدان و لە تەڕەف گاردی ئیحتیرامی مەهاباد و بۆکان و سواران سێ شیلینگ کرا، گا و گەردوون کرا و ئاڵا لە سەر شانی جەوانی ڕەشید ئەبووبەکرئاغای ئێلخـانیزادە لـە نێـو چەپڵـەڕێزان و هوریـا و بـژی کـورد و کوردوستان دا گەیشتە

(کێلە شین)، دیسان گا و گەردوون کرا و بە خۆشی و بەشارەت و شاییەوە ئاڵا گەییە سەر حەوزی بۆکان.تەواوی کۆمەڵی خەڵکی لە دەوری حەوز و مەیدانی ئەوێ کۆ بوونەوە و قازی محەمەدسادقی قزڵجی ووتار و شێعری بەتینی خۆی لە ژێر ئاڵا دا خوێندەوە و پاش وی حەقیقی و هەژار شاعیری میللی هەر کام دەستە شێعرێکی زۆر چاکیان خوێندەوە و هەیئەتی هەڵگری ئاڵا چوونە عیمارەتی قەڵا کە لە پێشدا بۆ بەخێر هێنانی ئەوان ساز کرابوو.

## هەژار

بێ ببینێ ئەو کەسەی پیی وایە کورد سەرناکەوێ
کێ بوو پێی وابوو تەمی نەگبەت لە سەرمان نارەوێ

داری ئاڵاکەم وەکوو چەقڵێکە بۆ چاوی عەدوو
هەر دڵێ خۆشی نەوێ رەبی وەبەر خەنجەر کەوێ

داری ئاڵام داری کرد بۆ خوێن مژی کوردی هەژار
پێی بڵێن با داکەوێ،لەو خاک و ئاوە چی دەوێ؟

داری ئاڵامان برا سێدارەیە بۆ دوژمنان
هەر لەئاسۆگ سەر کەوێ پێویستە ژینی خۆی نەوێ

پارچەکەی سێ رەنگی خۆی دەنوێنێ، رەنگی سوور دەڵێ
تا تنۆکێک خوێنی کورد مابێ ،قەدی من نانەوێ

یان دەڵێ تا لەشکری سوور بەرقەرار و زیندووە
قەومی کورد رزگارە، ئەو داشدارە،بەختوو ناخەوێ

یان دەڵێ لێم سوورە، دێمۆکراسی لە عالەم سەر کەوت
موستەبید و مورتەجیع کەوتوونە گێژی گێژەوێ

سپیەکەی مژدەی بەیانی بەختی کوردی کرد بەیان
ڕۆژی بەختی کوردی پەیدا بوو، ئەما پەردەی شەوێ

دوو گوڵی گەنمی دەڵێ ئاگات لە ڕزقی خۆت بێ
خۆت کە برسی بۆچی دوژمن پێی بژێن لێر و لەوێ؟

پێو دەڵێ نووکی قەڵەم گەر ژینی خۆشوو پێ دەوێ
غەیری من دەس ناکەوێ بۆ ڕێی تەڕەقی پێشرەوێ

ڕەنگی سەوزی یانی دایکی نیشتمان لەو ڕۆکەوە
جوان و سەرسەوزە وەگیری کەوتەوە عومری نوێ

لاوەکان نامووسی نۆ میلیۆنە ئەو ئاڵایەمان
گیان بدەن بۆ حیفزی ئەو نامووسەتان لە منوو کەوێ

ڕێی نەجاتمانە پەنا بۆ ئیتیحادی شووڕەی
سورمەیە بۆ چاوی ئێمە خاک و خۆڵی مەسکەوێ

ڕەبی ئیستالین بژی بۆ لاگری مەزلوومەکان
تا زەمانە خول دەدا و تا ڕۆژ دەبەخشێ پورتەوێ

ڕەبی هەر کەس دوژمنی ئەو میللەتە دڵپاکەیە
ژێر کەوێ، کۆستی کەوێ ڕەبی سەعاتێک نەسرەوێ

***

**هۆنەر هەباسی حەقیقی**

**نیشتمانپەروەرەکان، سەروەرەکان**

لاوەکان، هاو وەتەنان، ڕەهبەرەکان
جێژنی ئازادیی کوردوستانە
مەوقیعی کار و لە خەو هەستانە

غەرقی خۆشیم و سپاسی باری
هەڵکرا بەیرەقی خودموختاری

ڕۆژی عەیش و تەڕەبە و شادی کورد
هەڵکرا پەرچەمی ئازادیی کورد

هەڵدرا خەیمەیی ئەو ڕەنگی وەتەن
هەڵکرا بەیرەقی سێ ڕەنگی وەتەن

هاتە بەر باغی سەعادەت ئەسەری
هەڵکرا ڕایەتی فەتح و زەفەری

خونچەیی بەخت و تەڕەقی پشکووت
لە چیا و دەشتی وەتەن، هەر دوو بە جووت

کەوکەبی بەختی کەوا چووبوە خەو
لە نەکاو ساندی لە ڕۆژێ پورتەو

باری کرد لەشکری ڕەنج و ئیدبار
هاتە جێ شادی کە کردی ئەو بار
ماڵ و ناموس و حەیا هاتەوە دەس
دەسبەجێ لێکەوە بوو ناکەس و کەس

موشکولی کوردی کە بوو لایەنحەل

کردی حەل ڕوحمی خودای عەزە وەجەل

کوردە تۆ خاوەنی عەزمێکی قەوی
شاهیدی غیرەتی تۆن خەڵکی زەوی

بەسە بێگانە پەرستی تاکەی
تەنبەڵی و سستی و مەستی تاکەی؟

ئەو کەڕەت هەستنە پێ دوژمن تێکدەن
پشت بە پشت دەستوو وەدەستی یەک دەن

دێتە گوێم دەنگی سەلاحەدینی
ڕوو بە خاکی وەتەنی ڕەنگینی

کە ئەوی دیومە ئەوا دیمەوە من
مردبووم گەرچی ئەوا ژیمەوە من

هاتەجێ ئەورۆ هەموو ئاواتم
گیانفیدای میللەتەکە و ئاڵاتم

سەعات دوازدەی بەیانی ئەوی ڕۆژێ جەنابی حاجی بابە شێخ ڕەئیسی هەیئەت ڕەئیسەی میللی کوردستان لەگەڵ ئەحمەد ئاغای ئێلخانیزادە واریدی بۆکان بوون و سڵاوی سەربازی و تەپڵ و مووزیک بە جێ هات و ئەوی ڕۆژێش لە بەر وەی کە تەواوی ئەهالی ئەتراف لە نێعمەتی ئەو جێژنە میللیە بەهرەوەر بن و بگەنە شاری ئاڵا هەڵنەکرا. ڕۆژی هەینوو ٧ - ١٠ - ٢٤ لە سەعات ٨ی بەیانییەوە دەست بە تەشریفات کرا.

١- لە سەر بانی عیمارەتی قەڵای بۆکان بۆ هەڵکردنی ئاڵا لە تەڕەفی ڕاستی ئاڵاوە جەنابی حاجی بابە شێخ و لە لای چەپەوە جەنابی حاجی بایز ئاغا ڕاوەستان و لە هەردوو لاوە دوو موسەلسەل داندرا.
٢- قوتابییەکانی قوتابخانەی بۆکان و مامۆستاکان و خەڵکێکی یەکجار زۆر لە سەر سەکۆی قەڵا- دەستەی مووزیک

و گاردی ئیحترامی مەهاباد و بۆکان بە فەماندەری ئاغای محەمەدی نانەوازادە فەرماندەی ئۆردووی میللی مەهاباد و سەلیم ئاغای ئێلخانیزادە فەرماندەری بۆکان لە هەیوانی نێوەڕاستی قەڵا ئامادە بوون - تەواوی ئاغایانی ناوبراوی سەرەوە و جەمعییەتێکی کەش لە ئاغایان مین جوملە حوسێن ئاغای عەلی یاە و براکانی لە سەربانی قەڵا بە ڕیز لەملاولای ئاڵاوە بە چەند سەف ڕاوێستان. خەڵکێکی بێ ژماریش لە مەیدانی خوارەوە و دەورو بەری حەوزی گەورەی بۆکان ڕاوەستان.

٣- ئاغای قاسم ئاغای ئێلخابیزادە پرۆگرامی خوێندەوە و جەنابی حاجی بابەشێخ نوتقێکی زۆر گەرمی فەرموو،مزگێنی خۆشبەختی کوردی دا و تەواوی میللەتی کوردی بۆ گەیشتن بە حەقی خۆیان بە هەویا کرد و ئاڵای موبارەکی بە دەستی خۆی هەڵکرد.

٤- سروودی میللی کوردستان خوێندراوە و نووزیک لێدرا و بەدوسەد تفەنگ و سی موسەلسەل سێ دەسرێژ کرا، ئاغای حەسەنی قزڵجی لە لایەن ڕەحمن ئاغای ئێلخانیزادە کە لە ڕێگای ئازادی کورد و مەرامی دێمۆکڕاسیدا زەحەماتێکی بێ حەد و حیسابی کێشابوو بۆ خۆشی لە ماڵ نەبوو،هەڵکرانی ئاڵای تەبریک کرد.

٥- ئاغای قازی محەمەدسادقی قزڵجی نوتقێکی بە تینی کرد.

٦- ئاغای عەلی خوسرەوی سەرەکی دابیرەی چاپ و بڵاو کردنەوەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردوستان نوتقێکی بە تین و باشی لە بابەت یەکیەتی و دەست وەدەست دان بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنی نەتەوەی کورد و بەهرە وەرگرتن لە ئازادی و دونیای دێمۆکڕات بەیان کرد و زیمنەن ئیزهاری کرد کە لە دونیای ئەوڕۆ دا عموومی میلەل لە نێعمەتی دێمۆکڕاسی بەهرەوەر بوون،لە بەر وەی دەبێ بە قووەی باسکی کوردی شومال برایانی کوردی کە لە جنووب لە ژێر زنجیری ئیستیبداد دا دەناڵن ڕزگاریان کەین و لە ئاخریدا بە سڵامەتی پێشەوای ئازادیی دونیا ژەنەرالیسموس ستالین و ڕەهبەری میللەتی کورد جەنابی قازی محەمەد نوتقەکەی دوایی هات.

٧- ئاغای هەژار دەستە شێعرێکی سیرینی سەید کامیلی خوێندەوە.

٨- ئەحمەد ئاغای ئێلخانیزادە نوتقێکی گەرم و گوڕی لە بابەت خۆ فیدا کردن و گیانبازی لە ڕێگای کوردوستان و بڵیند کردنی ئاڵای کوردوستاندا بەیان کرد.

٩- ئاغای حەقیقی شاعیری میللی دەستە شێعرێکی بەرزی خوێندەوە.

١٠- ئاغای ڕەحمانی مودەریسی لە لایەن دەستەی لاوانی مەهابادەوە هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردوستانی لە تەواوی برایانی مەنتەقەی بۆکان تەبریک کرد.

١١- خالید ئاغای حیسامی دەستە شێعرێکی باشی خوێندەوە.

١٢- حەمەدەمین ئاغای ئێلخانیزادە نوتقێکی بە تینی کرد ،لە کاتێکدا ناوی سەردار حەمە حوسێن خانی برد شیلینگێکی ئیحتیرام کرا.

١٣- مارف ئاغای ئێلخانیزادە نوتقێکی چاکی کرد و بە تایبەتی لە بابەت دیلی و یەجسیری برا کوردەکانی جنووبەوە باش دوا و کوتی بۆ ئێمە غیرەت نییە ئەو برایانەمان بەو جۆرە لە حقووقی نەتەوایەتی و ئینسانییەت بێ بەش بن و لە ژێر چەنگاڵی ئیستیبداد و زۆرداریدا بناڵێنن.

١٤- جەعفەرئاغای ئێلخانیزادە لە نوتقی خۆیدا دوای موبارەکبادی ئاڵا بە بەیانێکی شیرین کوتی تەواوی میلەتی کورد پێویستە لە ڕێگای بەرزکردنەوەی ئاڵا و پێکهێنان و وەدەست خستنی ئازادی بۆ براکانی دیکەش سەری خۆیان لە پێناو نێن.

١٥- جەنابی ئاغای حاجی بایز ئاغا ئێلخانیزادە لە سەر نێعمەتی گەورەی ئازادی و هەڵکردنی ئاڵای موقەددەسی کوردوستان سوکرانەی خودای بژارد و ئامۆژگارییەکی زۆر بە نرخی بۆ برا دێمۆکڕاتەکانی فەرموو لە فیداکاری ئەوان ئافەرینی کرد.

لە خاتیمە دا ئاغای قاسم ئاغای ئێلخانیزادە نوتقێکی زۆر بە تینی لە بابەت خۆشی و ئازادی کوردەوە بەیان کرد و سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ بە خوێندنەوەی مارشی میللی و لێدانی مووزیک جێژن تەواو بوو.


برا مەهابادییەکان سەعات چواری پاش نیوەڕۆ بە هوریا و چەپڵەڕێزان و نەعرەتەی بژی کورد و کوردوستان بەڕێ کران.

کوردوستان: ئێمەش بە نۆبەی خۆمان لە فیداکاری هەیئەتی حیزبی دێمۆکڕات و کارگەرانی حیزبی بۆکان و بە تایبەتی لە ئاغایانی ئێلخابیزادە کە لە ڕێی ئازادی و دێمۆکڕاسی دا ساڵهایە فیداکاری دەکەن و لە جێژنی هەڵکردنی ئاڵای موقەددەسی کوردوستان دا موتەحەمیلی زەحمەت و مخاریجێکی زۆر بوون بێ ئەندازە سوپاسیان دەکەین و ئومێدەوارین کە ئینشائەڵڵا لە سەر مەرامی موقەددەسی خۆیان موەفەق و سەربەرز بن.

تێبینی: بە نووسینێک ڕا کە لە ژمارەی یەکەمی گۆواری هەڵاڵە لە بۆکان (ڕەشەمەی ١٣٢٤) سەبارەت بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە بۆکان بڵاو بووەتەوە، دەردەکەوێ ئەم باسەی ڕۆژنامەی کوردستان لە مەڕ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە بۆکان، حەسەنی قزڵجی نووسیویەتی.

١٠ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ = ٣٠ی جانێوێری ٢٠١١

## عەلی ڕیحانی لە تێکۆشەران ژێکاف ولە کاربەدەستانی کۆمار




میرزا عەلی ریحانی لە تێکۆشەرانی کۆمەڵەی ژێکاف و ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتی کورد بۆ سەفەری دوویەمی باکۆ. لە نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی موئەسەسانی ئازەربایجان.

مەلا قادری مودەڕیسی لە "کورتە مێژووی دامەزرانی ژێکاف و چالاکییەکانی دا دەنووسێ:" دەکرێ وەک یەکێک لە کەسانی زۆر هەڵسووڕاو و فیداکاری کۆمەڵە باسی عەلی ڕێحانی بکرێ. ئەو کەسە تاجرێکی گەورە بوو و سەردەمایەک لە ڕەواندز تەجارەتخانەی هەبوو .تەواوی دارایی خۆی لە پێناو ئامانجەکانی کۆمەڵە دادانا و کاتێک کەسێکی ناسراو لە عەشیرەتەکان هاتبایە نێو کۆمەڵە میوانداریییەکی گەورەی ساز دەکرد و هەموو سەروەت خۆی لەو پێناوە نا.لە سەردەمی دێمۆکڕاتەکان لەکار لایاندا بەڵام ئەو تا ئەو کاتەی خولا لێی خۆش بوو لە هەڵسووڕان و چالاکی لە ڕێگای میللەت دا دەستی هەڵنەگرت."(قادری مودەڕیسی،لە کتێبی "نگاهی بتاریخ مهاباد" سید محمد صمدی، لاپەڕەی ۱۱۳- ۱۱٤، ساڵی ۱۳۷۳ی هەتاوی). بەڵام بە پێچەوانەی قادری مودەریسی ئیگلتن دەنووسێ: "قازیی محەمەد، عەبدولڕەحمانی زەبیحی و عەلی ریحانی ناردە تەورێزێ بۆ ئەوەی بچنە لای کۆنسوولی

بریتانیا و سەبارەت بە ئەگەری دامەزراندنی جۆرە پێوەندییەکی ڕەسمی لە نێوان کوردستانێکی خودموختاری داهاتوو و بریتانیا و هێزە ڕۆژئاواییەکانی دیکە بدوێن. وەڵامی کۆنسوول لە ڕوانگەی کوردەکانەوە لێڵ بوو و جێی ڕەزایەت نەبوو..." ئەووش نیشان دەدا لە سەر دەمی حیزبی دێمۆکڕات و کۆماریش دا میرزا عەلی ڕیحانی لە کاربەدەستان وجێی باوەر بووە بۆیە ئەرکێکی ئاوا گرینگی پێ ئەسپێردراوە

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی "ساوجبلاغ مکری"(مهاباد)وەرگیراوە، ئەویش لە ئارشیڤی سەید عوبەیدیلای ئەییووبیانی وەرگرتووە.

٨ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ = ٢٨ی جانێوێری ٢٠١١

---

## سەدیقی حەیدەری، زەبیحی، دڵشادی ڕەسووڵی، هێمن و؟


مهاباد : سال ١٣٢٥ شمسی
از راست : ١ـ خبرنگار امریکایی ٢ـ استاد هیمن ٣ـ عبدالرحمان ذبیحی ۴ـ دلشاد رسولی ۵ـ صدیق حیدری
(منبع: استاد سید عبدالله ایوبیان مرکزی

**لە ڕاستەوە بۆ چەپ:** ١- ؟ ٢- هێمن ٣- .... ؟ ٤- عەبدولڕەحمانی زەبیحی ٥- دڵشادی ڕەسووڵی ٦- سەدیقی حەیدەری

**تێبینی:** ئەم وێنەیەش بە سپاسەوە لە کتێبی ساوجبولاغ موکری (مهاباد) وەرگیراوە و ئەویش لە ئارشێڤی سەید عوبەیدیلای ئەییووبیانی وەرگرتووە. ساڵی گرتنی وێنەکە و شوێنی بە دڵنیاییەوە نازاندرێ، لە ساڵی ١٣٢٥ هیچ

**ڕۆژنامە نووسێکی ئەمریکایی سەری لە سابڵاغ نەداوە.ئەگەر ئاگاداریتان لە سەر ئەو وێنەیە هەبێ سڵاستان دەکەین بۆمانی بنێرن**

**٨ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ = ٢٨ی جانێوێری ٢٠١١**

## هێندێک لە دامەزرێنەرانی ژ.ک.



از راست : ۱ـ دلشاد رسولی ۲ـ قاسم قادری قاضی ۳ـ حسین فروهر

**لە ڕاستەوە بۆ چەپ دڵشادی ڕەسووڵی، قاسمی قادریی قازی، حوسێنی زێڕینگەران**

**تێبینی: ئەم وێنەیە لە کتێبی: ساوجبلاغ مکری(مهاباد) وەرگیراوە. بە داخەوە سەرچاوەکەی نە نووسیوە.دەر ناکەوێ ئەو وێنەیە ئی کەنگێ یە**

**٨ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ = ٢٨ی جانێوێری ٢٠١١**

## دۆستایەتی گەلانی کورد و ئازەربایجانی




**ئەم وێنانە لە ژمارەی ٩٣ی آذربایجان دا چاپ کراون و لەژێریان نووسراوە: نوێنەرانی بەڕێزی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان**

**٤ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ = ٢٤ی جانێوێری ٢٠١١**

## دۆستایەتی گەلانی کورد و ئازەربایجانی



ڕۆژنامەی آذربایجان (ژمارەی: ٩٣، جومعە ١٤ی بەفرانباری ١٣٢٤ی هەتاوی) چەند بابەتی لە سەر گەلی کورد لە گەڵ چەند وێنە چاپ کردووە، لە ژێر وێنەی نێوە ڕاست کە ئی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و لە لاپەڕەی یەکەمی ئەو ژمارەیە دا چاپ کراوە و دیسان لە ژمارەکانی دی دا چاپ کراوەتەوە نووسراوە: " کۆبوونەوەیەک کە لە لایەن حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانەوە بۆ سەرۆک و نوێنەرانی عەشیرەتە کوردەکان پێک هات. لە ژێر دوو وێنەکەی دیکەش دا نووسراوە، نوێنەرانی بەڕێزی حێزبی دێمۆکڕاتی کوردستان.

٤ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ = ٢٤ی جانێوێری ٢٠١١

## پێشەوا قازی محەمەد و میرجەعفەری پیشەوەری لە فڕۆکەخانەی تەورێز





**لەکاتێکدا گەڵ دەستەگوڵ دەدەن بە سەرۆکی خۆشەویستی نوێنەرانی ئازەربایجان ئاغای پیشەوەری و ئاغای قازی محەمەد**

**یەکشەمۆ ٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی، فڕۆکەخانەی تەورێز**

**تێبینی: ئەم وێنەیە لە ژمارەی: ١٩٥ی آذربایجان، جومعە ٢٠ی بانەمەڕی ١٣٢٥ چاپ کراوە**

**٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ = ٢٢ی جانێوێری ٢٠١١**

## پێشەوا قازی محەمەد و پیشەوەری لە فڕۆکەخانەی تەورێز






بەڕێز سەرۆکوەزیرمان ئاغای پیشەوەری بەر لە چوونی بەرەو تاران، لە گەڵ پێشەوای بەڕێزی گەلی کورد جەنابی ئاغای قازی محەمەد و سەرۆکی مەجلیسی نەتەوەییمان ئاغای شەبوستەری لە فڕۆکەخانە

یەکشەمۆ ٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی

تێبینی: ئەم وێنەیە لە ژمارەی: ١٩٢ی آذربایجان، سێشەمۆ ١٧ی بانەمەڕی ١٣٢٥ دا چاپ کراوە

٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ = ٢٢ی جانێوێری ٢٠١١

---

## پێشەوا قازی محەمەد و میر جەعفەری پیشەوەری لە شاگۆلی



**لە کاتێکدا تۆپچییەکان خەریکی عەمەلییاتی مانۆڕی نیزامین ئاغای پیشەوەری و ئاغای قازی محەمەد بە دوربین تەماشای ئەو سێرانە دەکەن کە داکراون**

**پێنجشەمۆ ٥ - ٢ - ١٣٢٥**

**تێبینی: ئەم وێنەیە لە ژمارەی: ١٩٣ی آذربایجان، ٨ی مەی ١٩٤٦ وەرگیراوە.**

**٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ = ٢٢ی جانێوێری ٢٠١١**

---

## پێشەوا قازی محەمەد و میر جەعفەری پیشەوەری لە شاگۆلی




**تۆپچییەکان لە حوزووری ئاغای پیشەوەری و ئاغای قازی محەمەد خەریکی مانۆری نیزامین**

**شاگۆلی، پێنجشەمۆ ٥ - ٢ - ١٣٢٥ی هەتاوی**

**تێبینی:** ئەم وێنەیە لە ژمارە: ١٩٥ی آدرتبایجان، ٢٩ی بانەمەڕی ١٣٢٥ دا چاپ کراوە




Bizim hökümətimiz demokratik hökümətdir.

1946-cı ilin apreli ayı. Birgə hərəkat planı.

٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ = ٢٢ی جانێوێری ٢٠١١

## پێشەوا قازی محەمەد و میر جەعفەری پیشەوەری لە شاگۆلی






ئاغای پیشەوەری و ئاغای قازی

محەمەد لە کاتی تەماشا کردنی عەمەلییاتی شەڕی عەسکەرەکان

پێنجشەمۆ ٥ - ٢ - ١٣٢٥

## پێشەوا قازی محەمەد و میر جەعفەری پیشەوەری لە شاگۆلی

ڕۆژنامەی آذربایجان (ژمارەی: ١٨٤، یەکشەمۆ ٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥) چەند خەبەری لە مەڕ دیداری پێشەوا لە تەورێز بڵاو کردووەتەوە. بە داوی ئیمزاکرانی پەیمانی "یەکەتی و برایەتی حکوومەتی میللی کوردستان و ئازەربایجان"، لە ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ پێشەوا هەتا بەڕێکردنی دەستەی نوێنەراتی ئازەربایجان- کوردستان بۆ تارانێ لە ڕۆژی یەکشەمۆ، ٨ی بانەمەڕ و چەند ڕۆژ دواتریش هەر لە تەورێز ماوەتەوە.

خەبەری یەکەم لەو ژمارەیەی آذربایجان دا سەردانی پێشەوا قازی محەمەد و میرجەعفەری پیشەوەری یە لە تەشکیلاتی ئەرتەشی ئازەربایجان.

آذربایجان دەنووسێ: "سەرۆکوەزیرمان لە گەڵ پێشەوای گەلی کورد سەر لە تەشکیلاتی ئەرتەش دەدن. ڕۆژی پێنجشەمۆ (٥ی بانەمەڕی ١٣٢٥) دانی بەیانی جەنابی سەرۆکوەزیر و پێشەوای گەلی کورد حەزرەتی قازی محەمەد لە گەڵ سەرانی دیکەی فیرقە و وەزیرەکان بۆ سەردان لە تەشکیلاتی قوشوون تەشریفیان برد بۆ شاگۆلی.

لە پێدەشتەکانی دەوروبەری شاگۆلی دا تۆپچییەکان عەمەلییاتیان بەڕێوەبرد و مانۆریان کرد. ئەوان لە ماوەیەکی کەمتر لە چل ڕۆژ دا ئەو سەرکەوتن و لێزانییەیان لە بواری تۆپ هاویشتنەوە بە دەست هێناوە.

تۆپچییەکان لەگەڵ ئەوەش، لەو دواییانە دا تەدریبیان تەواو کردووە هەموو ئەو سێرانەی دایان کردبوو دەئەنگاوت و لە لەلایەن ئامادە بوان و بینەرانەوە تەشویق دەکران.

دوای تەماشا کردنی مانۆڕەکان سەرۆکوەزیر و جەنابی ئاغای قازی محەمەد لە دەوری ئەو مێزەی کە لە دەرەوە و هەوای ئازاد دا تەرتیب کرابوو لە کەشوهەوایەکی سەمیمی دا دانیشتن و و دوای تاوێک حەسانەوەم تەماشای تەقەی تۆپچییەکانیان کرد لەو سێرانەی لە پشت بەردان داکرا بوون.

ئاغای قازی محەمەد چالاکییەکانی گەلی ئازەربایجان و توانایی عەسکەریی ئازەربایجانییەکانی لە ماوەیەکی ئاوا کورت دا تەقدیر کرد و سەبارەت بە داهاتووی دۆستایەتی نێوان گەلی کورد و گەلی ئازەربایجان و پتەو کردنی ڕشتەی یەکەتی ئەو دوو نەتەوەیە نوتقێکی ئیراد کرد.دوایە سەرۆکوەزیر و ئاغای قازی محەمەد سەریان لە مەدرەسەی ئەفسەری، فابریکەکان و تەشکیلاتەکانی دیکەی ئەرتەش دا."

ڕۆژنامەی کوردستان یش باسی ئەو سەردانەی کردووە و دەنووسێ: (کوردستان، ژمارەی: ٤٤، دووشەمۆ ١٦ی بانەمەڕی ١٣٢٥)" حەزرەتی پێشەوای کوردستان دەگەڵ جەنابی سەرۆک وەزیری ئازەربایجان بە سازمانی هێز سەرکەشیان کرد. ڕۆژی ٥ شەمۆ ٥ – ٢ - ٢٥ حەزرەتی پێشەواتی کوردستان دەگەڵ جەنابی سەرۆک وەزیر و باقی وەزیرانی ئازەربایجان و سەرانی فیرقەی دێمۆکرات چوونە شاە گۆلی و هێزی ئازەربایجانیان سەرکەشی کرد."

**تێبینی:** ئەم وێنەیە لە ژمارەی: ١٩٦ی آذربایجان، ٢٢ی بانەمەڕی ١٣٢٥ دا چاپ کراوە.

**٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ = ٢٢ی جانێوێری ٢٠١١**

## شاگردانی مەدرەسەی گەلاوێژ



**دانیشتووان لە ڕاستەوە:** ١- مەجیدی کۆچەری ٢- تەهای موکری ٣- خەلیلی عەسکەری ٤- قاسمی خوسرەوی ٥- محەمەد سادقی شەرەفی ٦- حەمەدەمینی مورادیان ٧- جەلیلی گادانی ٨- محەمەدی سوڵتانی

**ڕاوەستاوان لە ڕاستەوە:** ١- فەتتاح چاوشێت (پاس - ١٥) ٢- قادری شینکی ٣- سەید سمایلی ئەیبووبیان ٤ - محەمەد ٥- سەید عوبەیدیلای ئەیبووبیان ٦- سمایلی ساحێب ٧- مەحموودی ناڵبەندی ٨- عەبدوڵای زەهاوی ٩- عومەری شەنگەیی ١٠- تەهای سماییلزادە ١١- خەلیلی گادانی.

مەدرەسەی گەلاوێژ ١٥ - ٥ – ١٣٢٤

سەرچاوە: مامۆستا سەید عوبەیدیلای ئەییووبیانی مەرکەزی

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی: ٦٦، ١٤ی پوشپەڕی ١٣٢٥ = ٢ی ژوویەی ١٩٤٦ ئاگادارییەکی چاوڕاکێشی مەلای داودی سەرۆکی مەدرەسەی گەلاوێژی بڵاو کردووەتەوە:

مەدرەسەی گەلاوێژ بە ئەمری پێشەوای بەرزی کوردستان لە شەوی هەوەڵی بەفرانباری ١٣٢٥ مەدرەسەی گەلاوێژ بوو بە ڕۆژانە. وێستا شاگردی ڕۆژانەی ٥٠٠ نەفەر و شاگردی شەوانەی ١٠٠ نەفەرە لە ئەهلی ئەو شارە لەو مەدرەسەی دا دەخوێنن. بەڵام بێجگەلە کوڕی کاکە سواری مەنگوڕ لە ئاغایانی عەشاییری کوڕی هێچ یێکێک لەوان نەمدیوە کە بێتە ئەو مەدرەسەی، ئەگەرچی هەمووشیان کۆمەگیان بەو مەدرەسەی کردووە، نازانم کە لە سستی بۆ ناردنی منداڵی خۆیان چ ڕەفاهییەتێک هەیە ، ڕجا لە هەموان ئەوەیە کە بۆ دوای تەعتیلات لە پاش هاوینی ئە ساڵەکە (خەرمانانی ١٣٢٥) منداڵەکانیان بۆ ئەو مەدرەسەی کە مەدرەسەیێکی میلییە و بە زبانی دایکو بابی خۆیان دەخوێنن و قەولیان پێ دەدرێ کە لە بەرانبەر بە خوێندنی ساڵانی پێشوو کە شەش ساڵ دەیان خوێند بە دووساڵ فێری خوێندنەوە و نووسین ببن

مەلای داودی

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی: ساوجبلاغ مکری (مهاباد) وەرگیراوە و وەک لە سەرەوە ڕا دەردەکەوێ ئەویش وێنەکە و زانیاری لە مەڕ کەسانی نێو وێنەکەی لە نەمر سەید عوبەیدیلای ئەییووبیان وەرگرتووە.

٢٩ی بەفرانباری ١٣٨٩ = ١٩ی جانیوێری ٢٠١١

## ڕێوڕەسمی میری نەورۆزی لە مەهابادێ





مراسم میر نوروزی در مهاباد - ۱۵/۵/۱۳۲۴ هـ.ش - چهارمین سالگرد تاسیس جمعیت حیات کرد
ساختمان مرکزی جمعیت حیات کرد - ساختمان دکتر یوناتان - عکس توسط پرویز خان صیادیان گرفته شده
(منبع : از مهاباد خونین تا کرانه های ارس - تحقیقی پسیان)

از راست : ۱- کاک مینه ۲- کاک مصطفی ۳- تاجی خان ارجمندی (طاهرآذر) ۴- سید عبیدالله ایوبیان مرکزی ۵- عبدالرحمن کاپانی
۶- مرحوم خلیل صدیقی (آوات) ۷- مصطفی بارنجی ۹- غالب دباغی ۱۰- مصطفی سلیمی ۱۱- مرحوم هاشم تانوازادگان (بهار)
۱۲- عبدالقادر ریحانی (لاو) ۱۳- سلیمان شافعی ۱۴- حسین فتاحی قاضی (مام وسین) ۱۵- سرهنگ فتاح حامدی

سەبارەت بە ڕێوڕەسمی میری نەورۆزی سەید عوبەیدیلای ئەیوبیان نامیلکەیەکی بڵاو کردووەتەوە و کاتی خۆی لە

ڕۆژنامەی "کوهستان"ی چاپی تارانیش دا بۆ بەرپەرچدانەوەی دەنگۆبڵاوکردنەوە ونێونرتکە لێدان لە کورد نووسراوەیەک بە نێوی " با میر نوروزی شوخی نکنید " بڵاو کراوەتەوە.

ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی: ساوجبلاغ مکری (مهاباد) وەرگیراوە. نووسەر دیاریی کردووە کە وێنەکەی لە کتێبی نەجەفقوڵی پسیان وەرگرتووە و سەرچاوەی ئاگاداری سەبارەت بە بەرواری هەڵگیران و نێوی کەسەکانی نێو وێنەکەی باس نەکردووە، بەڵام زۆر وێدەچێ ئەو زانیارییانە لە لایەن ڕەحمەتی سەید عوبەیدیلای ئەیووبیان ڕا درابێ.لە سەرئاڵاکە نووسراوە: "بمری ئەو کەسەی کە مانعی آزادی کوردە". شەرحی وێنەکە ئاوا نووسراوە:

ڕێوڕەسمی میری نەورۆزی لە مەهابادێ. ١٥ - ٥ - ١٣٢٤ کۆچی هەتاوی - چوارەمین ساڵی دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد، بینای نێوەندیی کۆمەڵەی ژیانی کورد - خانووبەرەی دوکتور وێنەتان - وێنەکە لە لایەن پەرویزی خانی سەیبیادیانەوە هەڵگیراوە (سەرچاوە: لە مەهابادی خوێناوییەوە تا قەراغەکانی ئاراز - نەجەفقوڵی پێسیان) لە ڕاستەوە: ١- کاکە مینە ٢- کاک مستەفا ٣- ناجی خانی ئەرجومەندی (تاهیری ئازەر) ٤- سەید عوبەیدیللای ئەیوبیانی مەرکەزی ٥- ڕەحمانی کابانی ٦- خەلیلی سەدیقی (ئاوات) ٧- مستەفای بارنجی ٩- غالبی دەبباغی ١٠- مستەفای سەلیمی ١١- هاشمی نانەوازادەگان (بەهار)١٢- قادری ڕیحانی (لاو)١٣- سولەیمانی شافیعی ١٤-حوسێنی فەتتاحی قازی (ماموسێن)١٥- فەتتاحی حامیدی ١٦- کاک ئەحمەد (ئەحمەدی وسوەکوتکەی)

ڕێکەوتی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ = ١٦ی ئووتی ١٩٤٢ یە، نەک بەوجۆرەی لە سەرەوە دا هاتووە.

٢٩ی بەفرانباری ١٣٨٩ = ١٩ی جانێوێری ٢٠١١

## ناودار محەمەدی نازمی لە ئەفسەرانی هێزی دێمۆکراتی کوردستان



ناودار محەمەدی نازمی لە ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف، لە کۆماری کوردستان دا لە ئەفسەرانی هێزی پێشمەرگە بوو.

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی: ساوجبلاغ موکری (مهاباد) وەرگیراوە. بە داخەوە لەو کتێبە دا سەرچاوەی ماکی ئەم وێنەیە باس نەکراوە.

٢٨ی بەفرانباری ١٣٨٩ = ١٨ی جانێوێری ٢٠١١

## مەحموودی وەلیزادە، وەزیری کشتوکاڵی کۆماری کوردستان



مەحموودی وەلیزادە لە ئەندامانی سەرەتایی کۆمەڵەی ژێکاف و لە کۆمەڵە دا نێوی "م.ئیرەج- ٢١٥ " بووە. لە نیشتمان دا چەند بابەتی لە بواری پزیشکی دا بڵاو کردووەتەوە. لە کۆماری کوردستان دا کراوە بە وەزیری کشتوکاڵ.

مەنافی کەریمی لە هەڵسووڕاوانی پایەبەرزی کۆمار لە چاوپێکەوتنێکدا لە مەڕ دەستبژێر کردنی وەزیرەکان دەڵێ:
ئێمەش لە مهاباد دانیشتوویەکی [دانیشتنێکی] نائاساییمان پێک هێنا و لەو کۆبوونەوەیە دا دەستەی وەزیرانی خۆمانمان هەڵبژارد و هەڵبژاردنی وەزیرەکان بە تەواوی بە پێی ڕاوێژ و ئاڵوگۆڕی بیرورا بوو. بۆ وێنە مەحموودی وەلیزادە کە دیپلۆمی کشتوکاڵی لە کەرەج وەرگرتبوو بە پێی ڕاوێژی ئەندامانی ئامادە لە کۆبوونەوەکە دا، وەکوو وەزیری کشتوکاڵ هەلبژێردرا. ئێمەش ڕوونووسێک لەبڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوە و لیستی وەزیرە هەڵبژێردراوەکانمان بۆ تاران و ورمێ و تەورێز نارد.(گۆواری ڕوانگە، ژمارەی ١٥، ژوویەی ٢٠٠٣، تەورێز)
مەحموودی وەلیزادە لە ڕۆژنامەی کوردستان یشدا بابەتی نووسیوە و ئەو نموونەیەی خوارەوە لە ژمارەی ٩٢ دا بڵاو کراوەتەوە (کوردستان، ژمارە: ٩٢، پێنجشەمۆ ١١ی ڕەزبەری ١٣٢٥)

بەشی کشت و کاڵ

م- وەلی زادە

ئافاتی نەباتات (٢)

د- کلورۆز: کلۆرۆزیش یەکێک لەو نەخۆشیانەیە کە لە نەتیجەی موختەل بوونی خۆراکی نەباتات دا تەولید دەبێ عەلامەتیشی ئەوەیە کە گەڵای نەباتات پنۆک پنۆکی ڕەنگ زەردی لێ پەیدا دەبێ و یا ئینکی تەواوی گەڵاکە زەرد هەڵدەگەڕێ وە ووردە ووردە ئەو زەردییە بە سپیەتی تەبدیل دەبێ:

باحیسی بروزی ئەو نەخۆشییە بوونی ئاهەکی زۆرە لە زەوی دا، بۆ ڕەفعی ئەوە ئەگەر جووتیار بییەوێ زووتر مەزراکەی لەو ئافاتە نەجاتی بێ،بە تایبەتی سۆلفات دوفێری بەکار بێنێ.مەسەلەن نیو ١ و ٢ ئیلا یەک کیلۆ مەحلوولی سۆلفات دۆفێری لە گەڵ سەد لیترئاوی ساف بە هۆی ترومپای مەخسووس بە گەڵا زەردەکان هەڵ دەپرژێنێ لە نەتیجەدا گەڵاکان دووبارە ڕەنگی خۆیان دەگرنەوە و کەسک هەڵ دەگەڕێنەوە.

وە بۆ پێشگیری ئەساسی پێویستە ووردە ووردە لە هەر هێکتار زەوی دا ٢٠٠ تا ٥٠٠ کیلۆ تۆزی سۆلفات دۆفێر بڵاو کرێتەوە.

نەباتات مومکینە بە هۆی دووکەڵی ژەهراوی و زیادی کارخانەجات وە یا مەوادێکی کە لە کودەکانی شیمیایی دا هەیە و دەدرێ بە شیناوەرد دەرمان داو بن. ئەو دووکەڵە سەمیانە زۆر جاران لە سەر هەردی و هێندێک وەختانیش لە ژێر هەردی دا سەدەمەی بە نەباتات دەگەیەنن. ئەگەر لە سەری هەردی دا تەئسیر لە نەباتات بکەن گەڵای گیا بە تەواوی لە بەین دەبا و مانعی وەرگرتنی خۆراکی هەوایی دەبێ و لە نەتیجە دا بە کولی زەعیف و خەسار دەبن.

ئەو دووکەلە سەمیانە زیاتر گازی گوگردیان لەگەڵە وئەو گازە کە لەگەڵ دووکەڵی لە دوودکێشی کارخانەکانەوە دەر دەکەوێ بە قسمەتی دەرەوەی گەڵای نەبات نفووز دەکا وئاوی شیرەداری گەڵای هەڵ دەمژێ لە نەتیجە دە دەبێتە جەوهەری گۆگرد کە گیای مەحو دەکاتەوە. ئەو گازە دەگونجێ بە هەردیش دا نچێتە خوارێ و ئاهەگێکی لە زەوی دا هەیە لە بەینی بەرێ.بۆ پێشگیری لەو مەوزووعە پێویستە ئاهەگی زەوی زیاد بکرێ یەعنی ئاهەگ بە عینوانی کوود یا پێشگیری لە نەخۆشی هەردی بدەن و نەهێڵن دووکەڵی زوغالی سەنگ تخوونی زەوی بکەوێ.

ئاوێکی کە لە کارخانەی شیمیایی و غەیرە شیمیاییدا کاریان وێ کردوە و پیس بووە(گەنداو) و بە وەسیلەی جۆگەلان دە چۆم و ئاوان دەکرێ، ئەگەر ئاوی ئەو چۆمانە بە زەوی بدرێ نەباتآت دەرمان داو دەکا و ئەو ئاوانە گەلێک وەختان میقدارێکی زۆریان خوێ لەگەڵە، لە سووڕەتێکدا ئەگەر لە هەر لیترێک ئاو دا زیاتر لە یەک و

نیوگرەم خوێ مەوجوود بێ بۆ نەباتات و گیا زەرەرە.ئەو ئاوە سوێرانە دەبنە باعیسی کەم کەدنی ئاهەگ و ماگنێری و پۆتاسی هەردی.

هێندێک لە کوودەکان وەکوو کوودی مەسنووعی ئاهەکی ئازۆتی مومکینە لە باتی قازانج زەرەیان بێ. بۆ ئەوەی کە جووتیار بە چاکی ئیستیفادە لەو کوودانە بکا پێویستە بەلانی کەمەوە دوو هەفتە پێش تۆو پێ وەر کردن ئەو کوودانە ژێر زەوی بکا تا کوو سەمێتییان نەمێنێ و ببنە باعیسی هێزی زەوی.

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی: "ساوجبلاغ موکری (مهاباد) وەرگیراوە، ئەویش لە ئارسیڤی تایبەتی سەید عوبەیدیلای ئەیووبیان (بڕەک)ی وەرگرتووە.

٢٨ی بەفرانباری ١٣٨٩ = ١٨ی جانێوێری ٢٠١١

---

## مام ئەحمەدی ئیلاهی (ئەحمەدی حاجی ئەڵای) وەزیری ئابووری کۆماری کوردستان




مام ئەحمەدی ئیلاهی، ئەحمەدی حاجی ئەڵای لە ئەندامە سەرەتاییەکانی کۆمەڵەی ژێکاف و نێوی ڕێکخراوەیی لە کۆمەڵە دا ئا.ئا.ڕژدی - ٢٤ بووە. ئیلاهی لە گۆواری نیشتمان و لە ڕۆژنامەی کوردستان دا نووسینی هەیە. بە پێی

قسەی ویلیام ئیگلتنی کوڕ، قازی محەمەد لە مانگی ئۆکتۆبری ١٩٤٤ لە ماڵی ئەحمەدی ئیلاهی سوێندی ئەندامەتی ژێکافی خواردووە. ئەحمەدی ئیلاهی ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و لە حکوومەت دا وەزیری ئابووری بووە. ئەم نووسینەی خوارەوە لە دوایین سێ ژمارەی نیشتمان دا کە بەیەکەوە بڵاو بوونەتەوە چاپ کراوە

نیشتمان ژمارە: ٩،٨،٧، ساڵی ییکەم، بەهاری ١٣٢٣، لاپەڕەی ١٢

آ: ڵ،ب؛ ا.ا.رژدی - ٢٤

**ئاشتی**

لە گیتی دا بە هۆی ڕێ و شوینی مرۆکی پایدار نابێت، پێویستە پەنا برێتە بەر قانوونێکی یەزدانی و ئاسمانی زۆر چاک دەزانن لەو ڕۆژەوە کە گیتی دروست کراوە و باوک ئادەم لەسەر گەنم خواردن فڕێدرایە سەر زەوی جەنگ و ئاژاوە و پشێوی لە ناو ئادەمیزاد نەبڕاوەتەوە. یەکەم جار "قابیل"، "هابیل"ی کوشت و نرخی برا کوشتنی باو کرد، بەم جۆرە تا ئیمڕۆژ دەریایەک زۆر هەڵکەوت (حادثە)مان پیشان دەدا کە هەر ییکەی چەند ساڵێک گیتی شڵەژاندووە و مەردومی خستۆتە داماوی و زەبوونییەوە.لە ئەنجامی هەر جەنگێک دا بۆ ڕێکی و ئاشتێکی هەمیشەیی هێندێک ڕێوشوێن داندراوە، بەڵام هیچ کامەیان نەیان توانیوە تا سەر ئەم ئارەزووە پێک بهێنن تەنانەت" عصبەالامم"ی جەنگی ڕابردووش کە زۆر کەس پێی دڵنیا بوو ئەم جەنگەی ئێستای بۆ بەربەست نەکرا. ئەمن لە کنم وایە هەر وەکوو قەوانینی بەشەری تا ئیمڕۆ نەیان توانیوە ئاسایشت و خۆشی لە گیتی دا بڵاو بکەنەوە، لەمەو دواش ئەو کەڵکەیان لێ وەرناگیرێت، چونکوو دەستوورێکی مرۆک (بەشەر) دای بنێ عەداڵەت و دادی یان تەواو تێدا نابێت یان تێشی دابنێ بە تەواوی ئیجرا ناکرێت،حەقی یەکێک دەدرێ بە یەکێکی دیکە، ئینجا گلەیی لە ناوا پەیدا دەبێ و جەنگ و شەڕ و شووڕ لە هەموو گیتی دا هەڵ داییسێت.دوور نەچین ئەم کوردستانەی خۆمان کە سیاسەتی ئیستیعمار خستوویەتە ژێر چەنگاڵی جەور و ستەمی دەوڵەتانی تورکیا، ئێران، وعێراقی هیچ و پووچ، چاوی ووردبینی دونیای موتەمەدین گەوایە کە ماوەییکی زۆر درێژە هیچ کامێک لەو حکوومەتانە نانی ڕەحەتیان نەخواردووە و دایما لە گۆشەییکی کوردستاندا ئاگری هەرا وشەروشت گڕی بۆ ئاسمان بەرز بوە و گەلێک زیانی ماڵی و گیانی لەم دەوڵەتە نەگریسانە داوە بۆچی؟ لە بەر ئەوەی کورد هەستی بە مەزلوومی خۆی کردووە دەیەوێت خۆ ڕزگار بکات.

لەم چەند ذێڕانەی سەرەوە چاک دەردەکەوێ کە هەر قانوونێک بەشەر دای بنێ بۆ ئاشتی و سوڵحی گیتی کیفایەت

نییەم جا بۆیە دەبێ پەنا ببرێتە بەر دەستوورێکی ئاسمانی و یەزدانی. من لەم بابەتەوە پێم وایە لە نێوان دەستوورەکانی ئاسمانی دا بۆ بڵاوکردنەوەی عەداڵەت و خۆشی لە گیتی دا هیچیان ناگەنە (دەستووری ئیسلام).لە ژمارەکانی دیکە دا لەم مەوزووعە بە درێژی دەدوێم.

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە کتێبی "ساوجبلاغ مکری (مهاباد)" وەرگیراوە

٢٧ی بەفرانباری ١٣٨٩ = ١٧ی جانێوێری ٢٠١١

---

## محەمەد دڵشادی ڕەسوولی معاونی ئیدارەی فەرهەنگی کوردستان


ایدارەی فرهنگی کوردستان
شاری مهاباد

بەڵگەنامەیەکی کۆماری کوردستان

عەبدوڵڵا سەمەدی

ئەم بەڵگەنامەیە بریتییە لە نامەیەکی فەرمیی ئیدارەی فەرهەنگی کوردستان بە ئیمزای "دڵشاد ڕەسووڵی" کە لە ١٢ی خەرمانانی ١٣٢٥ی هەتاوی، ڕێکەوتی سێشەمۆ ٣ی سێپتامبری ١٩٤٦ بۆ مامۆستا مەلا حوسێنی گڵۆڵانی و هەروەها دەستەیەک لە ڕۆشنبیران و مامۆستایانی خوێندنگەکانی کۆمار ناردراوە و داوایان لێکراوە بۆ سێ ڕۆژی

سەرچاوە
Serchawe

داهاتوو لە شوێنێکی دیاریکراو کۆ بنەوە و لە بابەت ڕێوشوێنی دەرسدان و شێوازی وانەگوتنەوە قسە و لێدوان بکەن. مامۆستا مەلا حوسێنی گلۆڵانی زانایەکی ئایینیی ناسراوی مەهابادە، لە ١٩٠٤ لەدایک بووە و لە ١٩٧٢ کۆچی‌دوایی کردووە. گەلێک خزمەتی بە کەڵکی ئایینی و زانستی کردووە. ساڵی ١٩٤٤نوسخەیەکی هۆنراوەکانی "سەیفولقوزات"ی بە خەتی خۆی کۆ کردووەتەوە و پاراستوویەتی، مامۆستا ئەحمەدی قازی هەمان نوسخەی لە ١٩٨٢ لە تاران چاپ و بڵاو کردووەتەوە. ئەم بەڵگەنامەیەش لە لای بەڕێز "جەعفەر سادقی گلۆڵانی" کوڕی گەورەی مامۆستا پارێزراوە و کاتی خۆی کۆپییەکی داوە بە "سەید محەمەدی سەمەدی". لێرەدا سکێنی عەینی بەڵگەنامەکە بڵاو دەکەمەوە.

لە خەزەڵوەری ٢٠٠١ ئەم بەڵگەنامەیەم وەک پاشکۆی وتارێکم بە ناوی: "دەستنووسێکی کۆن و هەندێ هۆنراوەی بڵاونەکراوەی میرزا سەلیمی سابڵاغی" بۆ گۆڤاری سروە نارد لە وتارەکە و بەڵگەنامەکە لە ژمارە ١٨٤ی هەمان مانگدا بڵاو کرایەوە، بەڵام درۆشمەکەی لە سەر سڕابۆوە و هەندێکیش ورد کرابوویەوە و کەڵک لێوەرگرتنی تا ڕادەیەک دژوار بوو. لە بەر گرینگیی بابەتەکە، ئەوە پاشی یازدە ساڵ، سەرلەنوێ بەڵگەنامەکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێکتر و ڕوونتر و لێدوانێکی زیاتر بڵاو دەکەمەوە.

قەوارە: ٢١ لە ١٧ سانتیمیتر

دەقی بەڵگەنامەکە [بە بێ دەستکاریی ڕێنووسەکەی]

لە لای ژووروو: درۆشمی کۆماری کوردستان - ادارەی فرهنگی کوردستان - شاری مهاباد

لە لای ڕاست: دایرەی / موضوع

لە لای چەپ: ژمارە..../ برواری..../ پەیوند....

پارافی دەستی: ١٥٣١؛ ١٢ - ٦ - ٢٥

آغای حسین گلولانی

بنا بە دەستوری پیشەوای معظمی کوردستان و نظر بە وەی کە آغایانی معلمین و معلمات بتوانن لە زانستی یەکدی استفادە بکەن بو ئەوەی ارتباطیکی کامل لە نیوانی کارمەندانی فرهنگ پەیدا بیت و ڕەو شونییکی عمومی و مرتب بو طرزی تدریس دابندری ادارەی معارفی کوردستان لە جەنابت دەعوەت دەکا کە ڕوژی جمعە ساتی ٩؛ ١٥ - ٦ - ٢٥ لە سالونی ادارەی معارف تشریفت حاضر بی و بو تشکیل دانی کنفرانس سەرەوە برنامەییکی مرتب دابنین -

معاون فرهنگ کوردستان - دلشاد رسولی

مۆر: ادارە معارف و اوقاف مهاباد ١٣١٥

ئیمزا



محەمەد(دڵشاد)ی ڕەسووڵی م.نادری - ٧٦ لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف و لە نووسەرانی گۆڤاری نیشتمان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و لە کادرە هەڵسووڕاوەکانی کۆماری کوردستان لە نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان و جێگری سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی کوردستان



ئیدارەی فرهنگی کوردستان

شاری مهاباد

دایرەی
موضوع
ژمارە
بەروار
پەیوند
١٥٣١
١٢ - ٦ - ٢٥
ایدارەی فرهنگی کوردستان
شاری مهاباد
آقای حسین گلولانی

بنا به دەستوری پێشەوای معظمی کوردستان و نظر بەوەی کە آغایانی معلمین و معلمات بتوانن لە زانستی یەکدی استفادە بکەن بۆ ئەوەی ارتباطیکی کامل لە نێوانی کارمەندانی فرهنگ پەیدا ببت و ری و شوینیکی عمومی و مرتب بو طرزی تدریس دابندری ادارەی معارفی کوردستان لە جەنابت دەعوەت دەکا کە روژی جمعەی ساعت ٩، ١٥ - ٦ - ٢٥ لە سالونی ادارەی معارف تشریفت حاضر بی و بوتشکیل دانی کنفرانسی سەرەوە برنامەییکی مرتب دابنیین-

معاون فەرهنگی کوردستان - دلشاد رسولی


ئیمزا

تێبینی: وێنەی دڵشادی ڕەسووڵی بە سپاسەوە لە کتێبی "ساوجبلاغ مکری (مهاباد) وەرگیراوە. بەڵگەکە لە ماڵپەڕی گزینگ وەرگیراوە.نوسخەیەکی دیکەی ئەو بەڵگەیە بە مۆری کۆماری کوردستانەوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک لە سەر دیواری بەڕێز هێدی هەیە کە بەداخەوە نەمانتوانی کۆپی بکەین.

٢٧ی بەفرانباری ١٣٨٩ = ١٧ی جانێوێری ٢٠١١

## کەشەفی زێوین دیاریی گەلی کورد بۆ ئەرتەشی سوور





**ئەمە ئەو کەشـەفە زێـوەیە کە یەک لەو دیارییـانە بـووە کە لە ٧ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هـەتاوی = ٢٧ی ئـاوریلی ١٩٤٦ لە ڕێوڕەسمی ماڵاوایی ئەرتەشی سوور دا لە لایەن کۆماری کوردستانەوە پێشکێش بە وان کـراوە. کەشەفەکە بە کوردی و ڕووسی ئەم پەیامەی لە سەر هەڵکەندراوە:**

**چونکە لە مانەوەی لەشکری سور لە کوردستاندا گەلی کورد لە آکار و پیاوەتی وان زۆر مەمنونە. ئەورۆ کە**

دەرۆنەوە ئەوە ئەو دیارییە بۆ بیرەوەری لە لایەن حزبی [دێمۆکراتی کوردستانەوە پێشکێش دەکرێ] لەوانەیە هەموو دەقەکە نەبێ چونکە لە سەرچاوەکە دا هەر ئەوەندە دەردەکەوێ.

سەرچاوە: Critical Past

٢٤ی بەفرانباری ١٣٨٩ = ١٤ی جانێوێری ٢٠١١

---

## تەورێز ٧ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی، بەشداری نوێنەران و پێشمەرگەی کۆماری کوردستان لە ڕێوڕەسمی ماڵاوایی کردنی لەشکری سوور





لە لای ڕاست سەدیقی حەیدەری رەئیسی کوللی ئیدارەی ئینتیشارات و تەبلیغاتی کوماری کوردستان و لای چەپ سەرپۆلی ٢ محەمەودی ئەیوبیان معاونی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ڕێورەسمی بەڕێکردنی ئەرتەشی سوور لە تەورێزێ. ئەم تابلۆیە و کەشەفێکی زێو بە نیشانەی سپاس و ئەمەگناسی لە لایەن کوردەکانەوە پێشکێش بە فەرماندەرانی ئەرتەشی سوور کراوە

**تێبینی**: وێنەی یەکەم لە ژمارەی ٢٠٣ی ڕۆژنامەی آذربایجان ئۆرگانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان (یەکشەمۆ ٢٩ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی) وەرگیراوە و وێنەی دووهەم کە هەمان دیمەنە لە فیلمێکی بەڵگەیی ڕووسی لە ماڵپەڕی: Critical Past وەرگیراوە

٢٤ی بەفرانباری ١٣٨٩ = ١٤ی جانێوێری ٢٠١١

## ساڵی: ٢٠١٢

### ڕۆژژمێری تایبەتی دەوڵەتی کوردستان

**ساڵی ١٣٢٥ = ١٩٤٦**

**چاپی مەهاباد - چاپخانەی کوردستان**

**دانانی: مەلا قادر مودەڕیسی [١٢٨٢ - ١٣٧١ = ١٩٠٣ - ١٩٩٢]**

----------------------------------------------

**لە ئەرشیڤی عوبەیدیللای ئەیوبیان وەرگیراوە**

**ڕۆژی دووشەممە، ٦ی مەی ٢٠٠٢ لە سەر ئیزنی خاوەنی، عەبدوڵڵا سەمەدی سکێنی کردووە.**




١ (رۆژلەژمێری باغەلی)
(بانگی سبێنی ٤ و ١٠ سەعات ٣٣ دەقیقە)
شەممە | ١ خاکەلێوە | ١٧ ع ٢ | ٢١ مارس
(جێژنی نەورۆز)(وچان)
هەینوو | ٢ خاکەلێوە | ١٨ ع ٢ | ٢٢ مارس
لەدایك بوونی حضرتی عمر (رضی ﷲ)
(وچان)
هەمو رۆژێکتان جێژنی نەورۆز بی
٢ (رۆژلەژمێری باغەلی)
(ئاوەهەلات ١٢ سەعات)
شەممە | ٣ خاکەلێوە | ١٩ ع ٢ | ٢٣ مارس
(وچان)
١ شەممە | ٤ خاکەلێوە | ٢٠ ع ٢ | ٢٤ مارس
باخودا روحت کەم جێژنت پیرۆزبێ


٧٧ (رۆژلەژمێری باغەلی)
(بانگی سبێنی ٩ سەعات و ٤ دەقیقە)
هەینوو | ٢٥ گەلاوێژ | ١٧ رەمضان | ١٦ اوت
دانانی حزب دیموکراتی کوردستان لەمهاباد
(جێژنی سەرسالی بوونی زیانە)
شەممە | ٢٦ گەلاوێژ | ١٨ رەمضان | ١٧ اوت
وختێکی دوژمن رادەگیاوی آزارمان
٧٨ (رۆژلەژمێری باغەلی)
(ئاوەهەلات ١٠ سەعات و ٣٩ دەقیقە)
١ شەممە | ٢٧ گەلاوێژ | ١٩ رەمضان | ١٨ اوت
٢ شەممە | ٢٨ گەلاوێژ | ٢٠ رەمضان | ١٩ اوت
بوخوت گرل بی ههرت گول نەبی



١٤٦ (رۆژنەژمێری ...)

جێژنی دانانی پێشەوای ... کوردستان

جناب قاضی محمدی قاضی لە مهاباد

و ئیدارەکانی ...

١٤٧ (رۆژنەژمێری ...)

... کوردستان تشکیل ...

**تێبینی:** ئەم بابەتەی سەرەوە بە سپاسەوە لە فەیس بووکی ڕێزدار عەبدوڵای سەمەدی وەرگیراوە و شەرحی سەرەووش ئی بەڕێزیانە!

**٢٣ی خەزەڵوەری ١٣٨٩ = ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢**

## وێنەیەکی ژەنەڕاڵ مایۆر ئەمەرخانی شەریفی و حاجی سەید عەبدوڵا ئەفەندی گەیلانیزادە لە گەڵ پۆلێک پێشمەرگەی ناوچە باکوورییەکانی کۆماری کوردستان



ژمارەیەک لە پێشمەرگەی کۆماری کوردستان لە گەڵ ژەنەڕال مایۆر ئەمەر خانی شەریفی و حاجی شێخ عەبدوڵا ئەفەندی گەیلانی زادە. بە داخەوە نازاندرێ ئەم وێنەیە لە کوێ و کەنگێ هەڵگیراوە، بەڵام لە سەرئەو پەردە سپییەی لە پشتەوە هەڵاوەسراوە نووسراوە " بژی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان"

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە لایەن بەڕێز خانمی کولەنجەی کەلهوڕەوە ناردراوە بۆ وێنەی کۆماری کوردستان

٧ی خەزەڵوەری جۆزەردانی = ٢٧ی مای ٢٠١٢

## حوسێنی زێڕینگەران (فرووهەر) و منداڵانی بێ سەرپەرست



لەم وێنەیە دا حوسێنی زێڕینگەران (فرووهەر) لە گەڵ ئەو منداڵانە دەبینین کە کۆ کراونەتەوە و دەبەر خوێندن نراون. هەر وەک لە بڕیاری هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان دا دەخوێنینەوە. حوسێنی زێڕینگەران کە ئەندامی کۆمیتەی شاری مەهابادی حدک بوو لە گەڵ مەنافی کەریمی پێیان ئەسپێردرا بوو منداڵانی بێ سەرپەرست کۆ کەنەوە و مشوور لە ژیان و خوێندنیان بخۆن.

رۆژنامەی کوردستان، ژمارەی: ١، پێنجشەمۆ ٢٠ - ١٠ - ١٣٢٤ی هەتاوی = ١١ی ژانڤییەی ١٩٤٦

کۆبوونەوەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان ژمارە ٣٢

رۆژی چوارشەمۆیە ١٢ - ١٠ - ١٣٢٤ [٢ی ژانڤییەی ١٩٤٦] جەلەسەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان ساتی دوو پێش نیوەڕۆ [پاش نیوەڕۆ!] گیرا لە بابەت مەکتەب و دانانی دوو نەفەر پشکنێر بۆ مەکتەبەکان گفتگۆی لازم کرا.

ئاغایانی عەلی خوسرەوی و ڕەحیمی لەشکری بۆ پشکنێری هەڵبژێردران و حوکمیان سادر کرا.

١- وە قەرار درا ئەو منداڵانەی کە بێ کەسن و بە سواڵ مەشغووڵم، کۆ بکرێنەوە لە نـاو میللەت دا بەش بکرێن و ڕۆژانە لە مەکتەبی گەلاوێژ بخوێنن و بۆ خڕکردنەوەی ئەم هەژار و بێ کەسانە بە شارەوانی [ئیدارەی پۆلیس] ئەمر درا خڕیان کاتەوە و بیان داتە دەست ئاغایانی حوسێنی فڕوهەر و مەنافی کەریمی و ئەوانیش بە نێو میللەت دا بەشیان کەن.

٢- بە ئەکسەرییەتی ئاڕاء پەسند کرا ئاغایانی فرووهەر و کەریمی خەڵکی بێسەواد حازر کەن کە شەوانە لە مەکتەبدا بە زمانی کوردی بخوێنن.

٣- پەسند کرا هەموو نیشانە (تابلۆ) ی ئیداران و مەکتەب و تەجارەتخانان و عیمارەتان بگۆڕن و بەکوردی بنووسرێ.

٤- پەسند کرا کە ئەو منداڵانەی کۆ دەکرێنەوە تەمەنیان لە شەش تا چاردە ساڵان زیاتر نەبێ.

٥- لە ئاخری جەلەسە دا پەسند کرا کە جەلەسەی دیکە جووری لیباسی [بەرگی] شاگرد مەکتەبەکەن مەعلووم کرێ.

تێبینی: ئەم وێنەیە لە ماڵپەڕی کوردستان فۆتۆس- ئۆرگ وەرگیراوە و ئەوانیش لە ئارشیوی بەڕێز عەلیی قازی یان وەرگرتووە. ئێمە بە یارمەتی ئەم نووسینەی ڕۆژنامەی "کوردستان" و بەراوەرد کردنی چەندین وێنەی نەمر حوسێنی زێڕینگەران توانیمان وێنەی وی و ئەو بۆنەیە ساخ کەینەوە. وێنەکە دەبێ دوای جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی هەیئەتی فەرهەنگی لە مانگی بەفرانباری ١٣٢٤ی هەتاوی و بەڕاییەکانی ژانڤییەی ١٩٤٦ی زایینی دا هەڵگیرابێ.

١٩ی خاکەلێوەی ١٣٩١ = ٧ی ئەپریلی ٢٠١٢

## ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەد حوسێنی سەیفی قازی جێگری رەئیسی جمهوور و وەزیری هێزی کوردستان



**کوردستان**

**بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان**

**ژمارەی: ٥٠، ٢ شەمۆ ٦ی جۆزەردانی ١٣٢٥ = ٢٧ی مەی ١٩٤٦**

**گوزارشی جەنابی محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری جەنگ و نوێنەری کوردستان**

جەنابی ئاغای محەمەدحوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری جەنگ و نومایەندەی کوردستان وەکوو لەساتی گەڕانەوەی خۆی لە تارانێ بەڵێنی دابوو لە میتینگی ڕۆژی ٣١ - ٢ - ١٣٢٥ دا گوزارشی ژێرەوەی بە ئیتیلاعی عمووم گەیاند:

ئەمن کە بە ئەمری پێشەوای موعەزەم و بە دڵگەرمی و پشتیوانی برایانی خۆشەویست مەئموور بە ئیفتیخاری بۆ حکوومەتی تارانێ بووم بە پێویست دەزانم کە شەرحی مەئمورییەتی خۆم ئیجمالەن بە عەرز بگەیێنم.

ڕۆژی یەکشەمۆ ٨ی بانەمەڕ سەعاتی ٩ و ٢٠ دەقیقە لە ئیستیگای تەورێزەوە دەگەڵ نمایەندەگانی ئازەربایجان کە عیبارەت بوون لە ئاغای پیشەوەری سەرۆکی حکوومەتی میللی ئازەربایجان و رەئیسی هەیئەتی نمایەندەگی و ئاغای سادقی بادگان و ئاغای دوکتور جەهانشاهلوو و ئاغای ئیبراهیمی و ئاغای دیلمەقانی و ١٤ نەفەر فیدایی بە ریاسەتی یەک نەفەر کاپیتان حەرەکەتمان کرد و لە ساتی ١١ و ٢٠ دەقیقە واریدی ئیستگای مێهرئاباد بووین.

لە لایەن ئازادیخواهان و ئەهالی ئازەربایجانی ساکینی تاران، با ئینکێ کە سەعاتێک پێش وارید بوونی مە بە وەسیلەی مەئموورینی دەستگای دیکتاتۆڕی عیبارەت بوو لە ئەفرادی ژاندارمەری بێ شەرمانە مەمانەعەتێکی موسەلەحانە بۆ پێشوازی نەکردن لە ئێمە بە عەمەل هاتبوو و دوو نەفەر لەو ئازادی خواهانە کوژرابوون و چەند نەفەرییشیان برینداز کردبوون، دیسان جەمعییەتێکی یەکجار زۆر کە خۆیان لە چەنگی موستحەفیزینی ژاندارم خەڵاس کرد بوو بە دەسکە گوڵەوە خۆیان گەیاندبووە مەیدانی تەیارەی، شوور وشەعەف و ئێحساساتێکی وایان بە خەرج دا کە روحی مەیان وەلەرزە خست و بە دەنگێکی بڵیند چەپڵەیان لێدەدا و هاواریان دەکرد: ئەنگۆ ئەمەو نەجات دا!، ئەنگۆ خەڵکی ئێرانێو لە ئەسارەت خلاس کرد، ئەمما ووشیار بن ئیشتیباهێ نەکەن ئازادیی ئێمە بە حەرەکاتی ڕاست و بێ خەتای ئێوە پەیوەندە و، هوڕایان دەکێشا و لێکرا دەیان کوت: بژی خەڵکی ئازەربایجان، بژی مەشعەلداری ئازادیی ئێمە ئازدیخواهانی کوردستان.

دە واقیعدا، ئەو ئێحساساتەی وان ببوە باعیسی سەربڵیندی ئەهالی کوردستان و ئازەربایجان و ئەوەیان بە تەواوی مەعلووم دەکرد و دەیانگەیاند کە مەعلوومە کوردستان و ئازەربایجان خۆیان خەڵاس کردووە، بەڵکوو لیاقەتی ئەوەیان هەیە کە ئازادیی تەواوی خەڵکی ئێرانێ وەدەست بێنن و سابیتی بکەن. ئاغای موزەفەری فیرووز موعاوینی سیاسی نوخست وەزیری ئێران و سەرتیپ سەفاری رەئیسی تەشکیلاتی کولی شارەوانی لە تەرەف دەوڵەتێوە بۆ ئیستیقباڵ حازر بوون و بە شارەزایی وان بۆ قەسری جەوادییە کە لە دوازدە کیلۆمێتری تارانێ یە و لە پێشدا بۆ پەزیرایی حازر کرابوو حەرەکەتمان کرد. وەسایلی پەزیرایی،لە تەرەف وەزارەتی ئومووری خاریجە بە عەمەل دەهات.لە ڕۆژی دووشەممۆیەوە موزاکەرە دەست پێکرا. نومایەندانی دەوڵەتی تارانێ عیبارەت بوون لە: ئاغایانی موستەشارولدەولە، محەمەد وەلی میرزا فەرمانفەرماییان، لەنکەرانی،ئیبەکچیان و ئاغای مەوریخودەولەی سیپێهر وەزیری پیشەو هونەر و موزەفەری فیرووز موعاوینی سیاسی و پارلمانی نوخست وەزیر.

پاش گفتوگۆیەکی زۆر لە ئەتراقی نێهزەتی دێمۆکراسی کوردستان و ئازەربایجان داوخواز و تەقازای ٥ میلیۆن کورد و ئازەربایجانی کە بە خوێنی هەزاران لاو و پیر و جەوانی میللەتی قارەمانی کورد و ئازەربایجان کە سالّەهای سالّ لەو ڕێیە دا لە ملە و موبارەزە دا بوون و بە دەستیان هێناوە و دە موقابیلی ئیبلاغییەی پووچ و بێ مەعنای حەوتگانەی دەولّەتی تاران، لە بەر ئەوەی کە دونیا بزانێ کە میللەتی قارەمانی کورد و ئازەربایجان حازر بە خوێن ڕشتن و براکوژی نین و بۆ لە دەم دانی ئیرتیجاع و خوێن مژە زالّم و گەورەکانی دنیایە کە دەو ڕێیە دا هەزاران ئیفتیرا وبوختانیان بۆ ساز کردبووین، بە ٣٣ مادان بە دەولّەتی تاران پێشنهاد کرا کە ئەوە بۆ ئاگاداریی ئێوە عەرز دەکرێن.

پاش گفتوگۆ و کێشە کێشێکی زۆر و چەند ڕۆژ موزاکەرە بە ئیستینادی درۆ و قسەی پووچی قانوونی ئەساسی و بەو نەوعەی کە ئەمن لە نیزیکەوە دیومە و لێم مەعلووم بووە قانوونی ئەساسی بە تەعبیری دەولّەتی تاران عیبارەتە لە پامالّ کردنی حقوقی میللەت و دەست و پێ بەستنی وان و بەرەلّا کردن و تێ بەردانی عیدەیێکی مەعدوود بە عینوانی جوێ جوێی مەئموورینی لەشکری و کیشوەری و ژاندارم کە لە پامالّ کردنی حەق و عەدالّەت،کە مەزایقی قانوونی ئەساسی حەقیقی، بە تەواوی نەتەوانی ئێرانی قایل بووە، داندراوە درێغیان نەکردووە. هەر وەکوو بۆخۆتان دیوتانە لە تەعەروز بە گیان ومالّ و حەیسییەت و ناموسی نەتەوانی ئێرانی وەخسووسەن میللەتی کوردی دە کەمالّی بێ شەرمی و بێ حەیایی دا لە مودەتی ٢٠ سالّەی دیکتاتۆری ڕەزا خان دا موزایەقەیان نەکردووە و ئەوان ئێرانی فەقەت بە تاران دەزانن. وە بە غەیری ئیستیفادەی شەخسی و خۆشگوزەرانی و ڕاگرتنی مەقام و جا وجەلالی خۆیان هیچ فکری دیکەیان نییە. تارانیش چ تاران مەرکەز و بناغەی فەساد و لائوبالیی و بێ عەلاقەیی و بێ خەبەری و دە حەقیقەت دا مەرکەزێکی زۆر زۆر کەسیف بە قەسر و قسووری زۆر عالی و موجەلەل کە بە خوێن و زەحمەت و ڕەنج و ئارەقەی نێو چاوانی هەزاران هەزار بەدبەخت و بێچارەی نەتەوانی زەحمەتکێشی ئێرانی بناغەی داندراوە و ڕازاندراوەتەوە، بە هیچ نەوعێکی شوعلەی ڕووناکایی و ئومێدی ڕزگاری دەو عەسری تەمەدون و ئەتۆم دا بۆ میللەت و نەتەوانی ئێرانی وەبەرچاو نایە.

و هەتا وەکوو ئەو سەفەرە و دیتنی ئەو دەزگایەی،مەعنای کەلیمەی حکوومەتی پووشالیم نەدەزانی، بەلّام لەو موسافەرەتەی تارانێ دا کە بە چاوی خۆم دەستگای هەلّسووڕی خوێن مژ و پووچەلّی حکوومەتی تارانم دی لێم حالّی بوو کە حکوومەتی پووشالّی ئەوەیە کە ئەلئان لە تاران بەرقەرارە. ئەمما ئەوەندەی هەیە ئەورۆکە ئەوەی جەنبەی مەیدانی سیاسەتی بەینەلمیلەلی پەیدا کردووە دەستگای ئیرتیجاعی دونیایە بە وەسیلەی کاسە لێسانی خۆیان بۆ مەنفەعەت بردن و قازانجی خۆیان دائیما خەریکی دەسیسە و ئانتریک و هەو و جەنجالّن.

ئەمە دووبارە لە بەر ئەوەی کە دونیا بزانێ غەیری حەقی حیسابی خۆمان و خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی و پەرە پێدانی فەرهەنگ و لەش ساغی و هاتنەدەر لە غار و ئەشکەوتی بەدبەختی و، خۆ گەیاندن بە عەسری تەمەدون هیچ مەنزوور و دەسایسێکی خارجی نییە و بۆ گوزەشتێکی زۆر لەو حەقەی کە وەدەستمان هێناوە حازر بووین. هەر چەند بە سوورەتی زاهیر شەخسی ئاغای قەواموسەڵتەنە موساعید و تا دەرەجەییێکی حازر بوو کە دە موزاکەراتی دواییدا کە دەست پێ کرابا موافەقەتی [دەکرد]. [لە سەر] پێشنهادی خۆیان دە تەحتی ١٤ مادە دا تا ئەندازەییێک موافەقەت حاسڵ بوو. بەڵام چەند نەفەر لە وەزیران کە وا مەعلووم بوو نەشەیان گوڵی کرد بوو یا بە ئیستیناد بە فەرمایشی ئاغای پیشەوەری لە ئەسەری قانوونی مەنعی تەریاک لە ئازەربایجانێ دا عەسەبانی ببوون نەیانهێشت کە دەوڵەتی ئاغای قەوام لەو مەوقیعە ئیستیفادە بکا و ئەو مەسەلە بە خۆشی تەواو بێ. لە بەر ئەوە ناچار بووین بە بێ ئەخزی نەتیجە ڕۆژی دوو شەممۆ ٢٣ی بانەمەڕ هەیئەتی نمایەندەگی کوردستان و ئازەربایجان سەعاتی ٧ و پێنج دەقیقە لە تاران گەڕاینەوە.

و لە پاش گەڕانەوەی مە دەوڵەتی قەواموسەڵتەنە ئێعلامییەیەکی لە تاریخی ٢٣ - ٢ - ١٣٢٥ ئینتیشار دا ئەوا عەرز دەکرێ. هەر وەکوو لە تەورێزێ لە تەرەف هەیئەتی نمایەندەگییەوە بە وەسیلەی ئاغای پیشەوەری ڕەئیسی هەیئەت جوابی دراوەتەوە و ئەمن نامەوێ دەو مەوزووعەی چیدی بدوێم.

برایانی خۆشەویست! حوسنی تەدبیر و ئیرادەی پێشەوای بەرز، یەکەتی و برایەتی کوردستان و ئازەربایجان و غیرەت و شەهامەت و جانبازی پێش مەرگانی کوردستان و فیدائییانی ئازەربایجان دەستگای زوڵم و ئیرتیجاعی موتەزەلزیل کرد و لێیان مەعلووم بووە کە ئەو نێهزەتە کە بە پشتیوانی تەواوی تەبەقاتی میللەتی قارەمان و ڕەشیدی کورد و ئازەربایجان بە وجود هاتووە شۆخی پێ ناکرێ و بە فشە و گاڵتە ناژمێردرێ و ئەو دوو میللەتە برا و ڕەشیدە دە مەیدانی موبارەزە دا خۆیان پێ ناساندوون. ئەو حەقەی کە ئەستاندوویانە ڕای دەگرن و لیاقەتی ئیدارە کردنی خۆیان بە دونیای ئەوڕۆ سابیت کرد. ئێستاش مەرد و مەردانە تێبکۆشن و ئیتمینانوو ببێ حەق بە مەیە و خودای بێ هاوتا یاری دەهەندەی مەیە

بژی کورد و کوردستانی گەورە
بژی پێشەوای موعەزەم و مەحبووبی مە
بژی فیرقەی دێمۆکڕاتی کوردستان
بەرقەرار بێ یەکەتی و برایەتی کوردستان و ئازەربایجان
بژی و ڕاوەستاو بن لاوان و جەوانانی ڕەشیدی کوردستان

١١ی خاکەلێوەی ١٣٩١ = ٣٠ی مارچی ٢٠١٢

## مایور (سەرلک) نووری ئەحمەد تەها، جێگری فەرماندەی لکی چواری هێزی بارزانیان



مایور(سەرلک) نووری ئەحمەد تەها، جێگری فەرماندەی لکی چواری هێزی بارزانیان

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٥١، چوارشەمۆ ٨ی جۆزەردانی ١٣٢٥[ی هەتاوی] = ٢٩ی مەی ١٩٤٦

ئیعتای دەرەجە

لە نەتیجەی لەخۆڕابردوویی و خۆ فیداکردن بۆ حیفزی ئازادیی نیشتمان لە مەرحەلەی ئەووەڵ دا و لە پاشانیش لە سەر تەقازای ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی بەرامبەر بە ئەمری پێشەوای موعەزەم ئەو برا خۆشەویست و بەرزانەی بارزانی بەو دەرەجانەی خوارەوە:

ئاغای عێزەت عەبدولعەزیز، میرحاج ئەحمەد، مستەفا خۆشناو، بەکر عەبدولکەریم بە دەرەجەی پۆدپۆڵکۆڤنیک

یەعنی(نایبب سەرهەنگ، نووری ئەحمەد تەها، خەیروڵا عەبدولکەریم و جەلال ئەمین مەحموود بە دەرەجەی مایۆری یەعنی (سەرگورد)، عەبدولرەحمان تەییب موفتی و محەمەد مەحموود بە دەرەجەی کاپیتانی یانی (سەروانی) لە لایەن وەزیری بەرزی هێزی کوردستان بە هۆی ئەحکامات موقتەخەر کران و پێیان ئیبلاغ کرا.

**تێبینی**: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە دیواری ماڵی کاک زمناکۆ نووری ئەحمەد تەها لە ووڵاتی فەیس بووک وەرگیراوە و لە بنی نووسیوە: "باوکم لە مەهاباد"!

٢٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٠ = ١٢ی مارچی ٢٠١٢

---

## وێنەیەکی سەردەمی کۆمار لە مەهاباد



وێنەیەکی سەردەمی کۆمار لە شاری مەهاباد، لە ڕاستەوە ١- ... ؟، ٢- جەفایی، ٣- عەلی مەولەوی، ٤- لبادی


**تێبینی**: ئەم وێنەیە ئی ئاڵبۆمی بنەماڵەیی خوداڵێخۆشبوو دوکتور عەبدوڵای مەولەوی یە و لە کتێبی "ساوجبلاغ مکری (مهاباد) گرد آوری و تالیف: فریدون حکیم زاده" دا چاپ کراوە و بە سپاسەوە لەو کتێبە وەرگیراوە.

١٨ی ڕێبەندانی ١٣٩٠ = ٧ی مارچی ٢٠١٢


## ساڵی: ٢٠١٣

### وەڵامی میرزا غەنی خوسرەوی شارداری مەهاباد بۆ میرزا کەریم خوسرەوی بەرپرسی ئیداری نەوت




آغای کریم خسروی

۱۸۶
۱۷/۹/۲۵


۴۰
آغای کریم - خسروی

۱۸۶
۱۷/۹/۲۵

## وولامی میرزا غەنی خوسرەوی شارداری مەهاباد بۆ میرزا کەریم خوسرەوی

### آغای کەریم خوسرەوی

**جوابی ژمارە ١٨٦، ١٧ - ٩ - ١٣٢٥ مەوزووعی بیست بۆشکە گازاوییل و نەوتی ڕەش مەسرەفی حەمامی شێروخورشید -**

**تا زەمانێک کە لە تەحتی تەسەدی بەندە دا بووە موتابیقی ئیدیعای شەخسی خۆت مەبلەغی هەزار تمەن بابەتی قیمەتی گازاوییل و نەوتی مەسرەفی ئەخیری حەمامی شێرو خورشید بە شیرکەتی تەرەقی حەواڵە و پەرداخت کراوە کە تا ئەورۆ بۆ تەسوییەی ئەو هەزار تمەنە و تەنزیمی سەنەدی قەتعی حازر نەبوون و ئەلئانیش ئەمن نازانم لە ڕووی چی موتالەبەی قیمەتی ٢٠ بۆشکە گازاوییل و نەوتی ڕەش دەکەن پێویستە شەخسەن لە گەڵ سوورەت حیسابی مەربووتە لە شارداری حازر بن تا نیسبەت بە حیسابی نێو براو ڕەسیدەگی و ئەڵبەتە موتابقی ڕەسیدی موراجەعە تەسوییەی حیساب دەکرێ -**


**ڕەئیسی شارداری مەهاباد - خوسرەوی**

### شیکردنەوەیەکی کورت

**ئەو نامەیە وولامی میرزا غەنی خوسرەوی شارداری مەهابادە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا کە بۆ میرزا کەریم خوسرەوی بەرپرسی "ئیدارەی نەوتی مەهاباد" ی نووسیویە (بڕوانە بەڵگەی پێشوو). دەقی هەر دووک نامەکان وەک یەک وایە جگە لە وە نەبێ کە لە یەکێک لە نوسخەکان دا نووسراوە "سەرۆکی شارداری"، و لە ئەویدییان" دا "ڕەئیسی شارداری مەهاباد". میرزا غەنی خوسرەوی جێگای باوەڕی پێشەوا بووە و لە سەفەر بۆ ناوچەکانی باکووری کوردستان هاوڕێیەتی پێشەوا و کاربەدەستانی دیکەی کردووە. لە دوو وێنەی بەکۆمەڵ دا کە بەدەستەوەن میرزا غەنی لە یەکیان لە تەنیشت پێشەوا دانیشتووە و لەوی دیکەیان دا لە لای ڕاوەستاوە. ئەم وێنەی میرزا غەنی خوسرووی لە ڕووی یەکێک لەو وێنانە ساز دراوەتەوە. (ح.ق.)**
**ئەو نامانە بە سپاسەوە لە لاپەڕەی "بەڵگە مێژووییەکان" لە تۆڕی کۆمەڵیی فەیس بووک کە بەڕێز فەرەیدوون حەکیم زادە بەڕێوەی دەبا وەرگیراون و ئەویش خاونی ئەو نامانەی وەک "ک. خ" ناساندووە. سپاس بۆ هەر دووکیان. ئەو کارە جێی پێزانینی زۆرە بۆ مێژووی وێنەیی و بەڵگەیی کۆماری کوردستان.**

**٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ = ٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣**

## بەڵگەیەکی کانگای نەفتی مەهاباد (ئیدارەی نەفتی مەهاباد) لە سەردەمی کۆمار دا


کانگای نەفت
مهاباد

بەروار: ١٧ - ٩ - ١٣٢٥

ژمارە: ١٨٦

ئێمبلەم

کانگای نەوت

مهاباد

ئاغای میرزا غەنی خوسرەوی

لە زەمانی تەسەدی جەنابت لە شێروخورشید بیست ٢٠ بۆشکە گازۆڵ و نەوتی ڕەش مەوجبی ڕەسید بە ئیمزای جەنابت بە حەمامی شێروخورشید دراوە. ئێستا شێروخورشید لە پەرداختی پووڵ خودداری دەکا و دەڵێ بە من مەربووت نێ. ڕەجا دەکەم تەکلیف موعەیەن فەرموون

ئیدارەی نەفتی مهاباد کەریم خوسرەوی

مۆر: شرکەتی نفتی مهاباد

١٧ - ٩ - ١٣٢٥

ئاغای مەنگوریان نازانم ئەوە چ پووڵێکە ئاغای کەریمی خوسرەوی ئیدیعائ دەکا مەگەر پووڵی نەفت و گازاویل نەدراوە. لەرووی سەوابقەوە پێم بڵێ. خوسرەوی

## شیکردنەوەیەک لە سەر ئەم بەڵگەیە

ئەم بەڵگەیە بریتییە لە داوخوازی قەرزێک لە لایەن کەریمی خوسرەوی بەرپرسی کانگای نەفت (ئیدارەی نەفتی مهاباد) لە سەردەمی کۆماری کوردستان کە بۆ میرزا غەنی خوسرەوی شارداری مەهاباد نووسراوە. ڕەنگە لەو دەگمەن بەڵگانە بێ کە دەیسەلمێنێ لە سەردەمی کۆمار دا دامەزراوەیەکی تایبەتی بۆ پێڕاگەیشتن بە ساتو سەودا و پێوەچاران بەمادەی سووتەمەنی هەبووە.

لە خوارەوەی نامەکە دا شارداری مەهاباد میرزا غەنی خوسرەوی داوا لە کارمەندێکی بەر دەستی دەکا وەپێوشوێنی ئەو دراوە دەپێداماوە بکەوێ و پێشینەکەی بدۆزێتەوە و ئاگاداری کاتەوە. نەخۆشخانەی شێروخورشیدی سوور لە ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی (محەمەدی سەمەدی) لە مەهاباد دامەزراوە. چەندین کەس لە بنەماڵەی خوسرەوی لە کاربەدەستانی چالاکی کۆماری کوردستان بوون.

تێبینی: ئەو بەڵگەیە بە سپاسەوە لە تۆڕی کۆمەڵیی فەیس بووک لە لاپەڕەی کاک فەرەیدوون حەکیم زادە وەرگیراوە و ئەویش خاوەنەکەی وەک "ک.خ" ناساندووە.

سپاس بۆ بەڕێز عەبدوڵای سەمەدی بۆ ساخکردنەوەی چەند ووشەی نێو ئەم بەڵگەیە!

٢٠ی ڕەزبەری ١٣٩٢ = ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

## هێندێک لە خوێندکارانی ناوچەی باکووری کوردستانی ئێران لە مەدرەسەی نیزامی باکۆ



دەستەیەک لەو خوێندکارانەی کە لە سەردەمی کۆمار دا بۆ خوێندن ناردرانە مەدرەسەی نیزامی باکۆ.لە ڕاستەوە بۆ چەپ دانیشتووان: سەید مووسا ساداتی نەهری، ڕاژان. ڕەحمان خۆشناو بۆکانی. سەید سەعید حوسێنی، سەڵماس، شپیران. ڕاوەستاوان لە ڕاستەوە: سەید حەمیدی ساداتی نەهری، کوڕانە، سەید محەمەد جەماڵی ساداتی نەهری، کوڕانە، سەید عەزیزی ساداتی نەهری کوڕانە


(کوڕانە گوندێکە لە ناوچەی سۆمای برادۆست)

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە لایەن بەڕێز دەرسیم ئورامار ڕا بۆ "وێنەی کۆماری کوردستان" ناردراوە، ئەویش لە فەیس بووک لە لاپەڕەی "ئورمییە کلووب" ی وەرگرتووە. شەرحی وێنەکەش دەبێ ئی "ئورمییە" کلووب بێ کە بە فارسی نووسراوە و کەسانی نێو وێنەکەی وەک" افسران جمهوری مهاباد ولی هیچوقت اسمی از آنان برده نشد" من پێم وایە ئەو وێنەیە لە باکۆ گیراوە و ئەو بەڕێزانەش لە زومرەی ئەو خوێنکارانە دا بوون کە کۆماری کوردستان لە مانگی ٤ی ساڵی ١٩٤٦ دا ناردنی بۆ باکۆ، بەڵام بە هەڵوەشانی کۆمار زۆربەیان گەڕانەوە کوردستان. هەر جۆرە زانیارییەکی دی لە سەر ئەم وێنەیە جێی سپاسە.

١٨ی خەرمانانی ١٣٩٢ = ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

سەید محەمەدی تەهازادە معاونی ڕێبەری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و شاعیر سەید کامیلی ئیمامی لە دوای ڕووخانی کۆمار لە زیندانی ورمێ






شش و پنجم گذشته بود ز عمر  تنبه گشتم ز ذره حال
من چو نقشی بر آب افکندم  همچنین تشنه‌ام چو آب زلال
زندگی را بچشم [illegible] دیدم  آنچه رفته فسانه بود خیال
در شب هجر سوختم چون شمع  گر رسم من [illegible] وصال
خم شده از بار سخت دوران  قامت الف من بسان هلال
غم مخور جان من که خود دیدی
شبها رفت و روز و ماه و سال

۲۱/۱۱/۲٦ روز چهارشنبه مطابق ۳۰ ع ۱ ۱۳٦۷ ساعت ۱
بعد از ظهر در حیاط زندان رضائیه [illegible] برای یادگاری در خدمت آقای
سید محمد کامل امامی الحسینی انداخته شد

**تێبینی:** ئەم وێنەیە ئی ئارشیڤی نەمر سەید محەمەدی تەهازادە (ئەییووبیان) یەکێک لە جێگرەکانی پێشەوا لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەرگیراوە. لە پشت وێنەکە چەند بەیت شێعری نووسیوە و بەزمانی فارسی ئاوا باسی شوێن و تەئریخی گرتنی وێنەکە دەکا: "٢٦ - ١١ - ٢١ ڕۆژی چوارشەمە هاوتای ٣٠ ع١ ١٣٦٧ سەعاتی ١ی دوای نیوەڕۆ لە حەوشەی زینـدانی ڕەزائییە (ورمێ) بۆ یادگاری لە خزمەت ئاغای سەید محەمەد کامیلی ئیمامی ئەلحوسێنی گیرا".

٢٦ی جۆزەردانی ١٣٩٢ = ١٦ای جوونی ٢٠١٣

## ووتارێکی هەواڵدەریی " ئاسۆشییەتد پرێس" لە مەڕ دامەزرانی کۆماری کوردستان کە لە ١٥ی مارسی ١٩٤٦ ناردوویە



SOVIET TROOPS MOVE ON BUKAN

Independent Kurdistan Seen Aim of Latest Shift in Iran

Teheran, March 15—(AP)—A Russian column, swinging southward around Lake Urmia near the Turkish and Iraq borders, was reported today to have moved advance units into Bukan, just north of Kurdistan province and 60 miles southeast of Saujbulagh, seat of the semi-autonomous sheikdom of Kurdish Chief Ghazi Mohammed.

The move apparently gave some support to a theory among many Iranian and foreign government officials that the Russians favor establishment of an independent Kurdistan for the Kurds of Iran, Iraq and Turkey.

The new development followed a declaration by the Iranian war minister Thursday that other Soviet troops concentrated at Karaj, 20 miles northwest of Teheran, were a "definite threat" to the capital and that Iran's army was "ready to fight to the last man" if the Russians moved toward Teheran.

The minister, Gen. Sepehod Amir Ahmedi, said trainloads of Soviet troops and ammunition were arriving nightly at Karaj and that all necessary steps were being taken to meet the "threat."

A group of British correspondents returned last night from Karaj and quoted residents as saying the Russian garrison there had received four trainloads of reinforcements and supplies during the past eight days.

No further reports were received from two Russian columns which moved out of Tabriz several days ago. One was last reported turning west of Marand toward Khoi and the Turkish border, north of Lake Urmia. The other moved into Mianeh, rail and road terminus north of Zenjan.

Ghazi Mohammed has conducted his semi-autonomous government in the tribal area around Saujbulach since Allied forces moved into Iran in 1941.

In November, 1945, when the Democratic Partisans in Azerbaijan province began their rebellion which cut most of that province from the rest of Iran, Ghazi Mohammed was reported by Iranian newspapers to have proclaimed the "independence of all Kurdistan."

Ahmedi made his statement in an interview shortly after an audience with the Shah, who is supreme commander of the army.

"Iran has shown to the world," he said, "that it is a peaceful nation, but if Russia commits an overt act not only every soldier but every boy and girl in the streets will fight to defend their capital."



**هێزەکانی شووڕەوی بەرەو بۆکان دەچن**

تێبینی: ئەم براوەی ڕۆژنامەیە لە "فەیس بووک" وەرگیراوە

٢٦ی جۆزەردانی ١٣٩٢ = ١٦ی جوونی ٢٠١٣

## وێنەیەکی دیکەی سەیفی قازی لە شاری کیسلۆڤۆدسک لە باکووری قەفقاس




وێنەیەکی دیکەی ژەنەڕاڵ مایۆر محەمەد حوسێنی سەیفی قازی وەزیری بەرگری کۆماری کوردستان لە کیسلۆڤۆدسک. ئەم وێنەیە لە ٧ مانگی ٩ی ساڵی ١٩٤٦ی زایینی هەڵگیراوە. بە داخەوە کەسەکەی دیکەمان جارێ بۆ نەناسراوەتەوە.

**تێبینی:** ئەم وێنەیە لە ئالبۆمی بنەماڵەیی دا بووە. تکایە ئەگەر وێنەیەک یان شەرحی وێنەیەک لێرەوە دەگوێزنەوە هەمیشە ئاماژە بە سەرچاوە بکەن. لەو ماوەیە دا کتێبێک بە ناوی "مێژووی کۆماری کوردستان لە وێنە دا" بڵاو بووەتەوە، سەرەڕای ئەوەی زۆر شتی لە "وێنەی کۆماری کوردستان" وەرگرتووە، بەڵام بە ڕو هەڵماڵاوییەوە کەمترین ئاماژەیەکی بەو سەرچاوەیە نەکردووە. جگە لە هەڵەی زەق کە ئەوەش سووکایەتییە بە بیرەوەری کۆمار.

٨ی بانەمەڕی ١٣٩٢ = ٢٨ی ئەپریلی ٢٠١٣

## خیتابەی شاسوڵتانی فەتتاحی قازی لە کۆنفڕانسی سوخەنڕانی یایان



یای شا سوڵتانی فەتتاحی قازی لە گەڵ هاوسەری خەلیلی فەتتاحی قازی کە لە سەردەمی کۆمار دا سەرۆکی ئیدارەی دوخانییەی مەهاباد بوو.

**ڕۆژنامەی کوردستان، دووشەمۆ ٢ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی = ٢٢ی ئاوریلی ١٩٤٦**

**ز- خیتابەی شاسوڵتانی فەتتاحی قازی**

خوشکەکانی خۆشەویست. ساڵها کورد لەژێر دەستی دوژمنان دا زەلیل و هەمیشە چاو لە دەست و هەناسە سارد بوون، حەتتا بە ئەندازەیەکیان زوڵم و سەختگیری لێ دەکردین کە نەمان دەتوانی بە ئاشکرایی بڵێین کوردین،

ئەمما خودا روحمێکی وای بە مە کرد کە دەوڵەتی ئێران بۆمب باردمان کرا و دوژمنـان لـە سەر مڵک و مـاڵی ئێمە لاچوون و تەمی بەدبەختی لە سەر شانی کوردان ڕەوی و غەم و نەگبەتییان لەسەر خەڵاس بوو.

خوشکانی خۆشەویست لە ساڵی بۆمب باردمانێوە هەتا ئەورۆ پێنج ساڵە. ئەڵبەتە هەمووتان ئیتیلاعوو هەیە  کە پێشەوای موعەزەمی کوردستان دەعەرزی ئەو پێنج ساڵەی دا بە شەو و بە ڕۆژ خۆراک لێ هەڵگیراو بوو  بۆ ئێمە، خەریکی ئەوەی بـوون کـە برایـان و خوشکانی خـۆی لـە ژێـر دەسـتی زاڵـمان بێنێتە دەرێ. لـە سـایەی هیممـەتی خودایەوە و زەحمەتی پێشەوای موعەزەمی کوردان لەو زەلالەتە ڕزگارییان هات و ڕۆژی ڕەشیان وە رووناکی کەوت. ئەلعانەکە هەرچەند بەدەور و پشتی خۆمانەوە دەڕوانین هیچ ڕۆژێکیان لەو ڕۆژەی خۆشتر چاو پـێ نەکەوتووە کە دەبینین ئاڵای موقەدەسی کوردان لە ئاسمانێ دەلارێتەوە و کوردستانی گـەورە بـە ئـازادی و سـەربەخۆیی زینـدەگانی دەکا و هیچ مەنزەرێکوو خۆشتر و جوانتر چاو پێ کەوتووە  کە هەموو ڕۆژێ پێشمەرگەی ڕەشیدی کورد هەزار لەو سەر تا ئەو سەری خیابانێ سەف دەکێشن. خوشکەکانی خۆشەویست دەزانن ئەو هەموو خۆشی وبەشارەتە لە ژێر سایەی چییەوەیە، ئەوە لە ژێر سایەی سێبەری پێشەوای موعەزەم دا بەو ڕۆژە گەیشتوون. ئەلعانیش کە خـودا ئـەو ڕوحمەی بە ئێنگۆ کردووە تەمەناو لێ دەکەم نـابێ هیچ وەخت لـە ئـەولادانی خۆتـان غافڵ بـن، ئەڵبەتـە هەموو دەزانن کە ڕاگرتنی وەتەن بە خوێندن و تەعلیم و تەربییەت دەبێ و ئـەولادانی خۆتـان نـاز پـەروەر فێـر مەکـەن، چون دونیا جێگای لـێ قـەوماو نییە و دونیـا جێگـەی تەنبـەڵی و بێکـاران نییـە هـەتا وەختێکی خودای نەخواستە لێیان قەوما بتوانن دەست بکەنەوە، لە بەر وەتـەنی خۆیـان روحی خۆیـان فیدا بکـەن و دوژمن بـە سـەر ئـەوان دا غالب نەبێ و تەماع دە ماڵ و نامووسی وان نەتوانێ بکا.

هەڵکراو بێ هەتا ئەبەد پەرچەمی موقەدەسی کوردستان
بەرقەرار و پایەدار بێ پێشەوای موعەزەم

تێبینی: ئەم وێنەیەی یای شاسوڵتانی فەتتاحی قازی و هاوسەری میرزا خەلیلی فەتتاحی قازی ئی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانە لە مەهاباد.

٢٠ی ڕەشەمەی ١٣٩١ = ١٠ی مارچی ٢٠١٣

## وێنەی یەکی دیکەی یای مینای قازی و دوو لە کچەکانی



لە لای ڕاستەوە: عیسمەتی قازی، یای مینای قازی و عیفەتی قازی

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی: ٣٧، شەمۆ ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ی هەتاوی = ٢٠ ئاوریلی ١٩٤٦

### کۆنفڕانسی سوخەنڕانی یایان

ڕۆژی جومعە ١٧ی مانگی ڕەشەمەی ١٣٢٤ [ی هەتاوی] مەجلیسی سوخەنرانی یایان و کیژانی مەهاباد لە خانەی فەرهەنگی کوردستان گیرا. لە پێشدا لە لایەن یای پێشەوا مەجلیس ئیفتیتاح کرا و بەیاناتێکی چاکی ڕاجیع بە عیلمو فەرهەنگ و تەڕەقییاتی دەوڵەتی ئیتیحادی جەماهیری شووڕەوی ئیراد فەرموو و چەند نەفەر لە کیژان و یایانی موحتەڕەم خیتابەیان خوێندەوە کە لە ژێرەوە دەهێندرێتە بەرچاو:

**ئەلف: خولاسەی بەیاناتی یای پێشەوای کوردستان:**

یایان و کیژانی خۆشەویست، بزانن کە ژنان لە دەوڵەتی ئیتیحادی جەماهیری شووڕەوی دا پێشڕەفتێکی سەر لێ سوڕماویان کردووە و لە زانست و فەرهەنگ دا کامیلەن شان بە شانی پیاوان دەچنە پێش. ئەم ڕۆژانە دەبینم کە باوکان و دایکان لە بابەت ناردنی کوڕ و کچیان بۆ مەداریس شەوقێکی قابیلیتەقدیر دەنوێنن. هومێدم وایە لەو کۆششە دا قەدەمێکی توندتر هەڵێنین کە بەڵکوو بە یارمەتی خودای بەرز وتەوەجوهاتی دەوڵەتی کوردستان لە

ماوێکی کەم دا پیاو و ژنی بێ سەواد لە کوردستان دا نەمێنێ...

**ب: خیتابەی کیژ، عیفەتی قازی**

خانمەکان گەورە مەسەلێکی مەشهوور شێر چ نێر چ مێ. کورد خۆ بە شەهادەتی هەموو دونیایە لە هەموو کەس ئازاترە، ئەدی چۆن دەبێ بە خسووس دە دنیای ئەورۆ دا کە لە هەموو دەوڵەتێکی پیاو و ژن پێکەوە کاری وولاتی خۆیان ئیدارە دەکەن و بۆ ئیدارەی وولاتیش خوێندن و سەواد لازمە و بەڵکوو کابانی و خانەداری و منداڵ بەخێوکردنیش. هەرچی عیلم و سەواد زیاتر بێ و لە گەڵ قومقومەی سیری و لایی لایی لانکێ خۆشەویستی و نیشتمان پەرستنی میللی بە منداڵ فێر بکرێ قەت لە بیری ناکا. میلەتێکی ئەو نەوعە دایکانەی هەبێ ڕۆژ بە ڕۆژ دە سەرکەوتن دایە. دە جا وەن بە خۆتان و منداڵتانەوە بخوێنن و شارێکی وەک شاری مەسکەو کە ئەو عکسانەی لە پێش چاوانە ساز کەین و وولاتی خۆمان بە عیلم و سەنعەتی وا برازێنینەوە.

**تێبینی:** ئەم وێنەیە لە مەهاباد، ٦ یا ٧ ساڵ لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لەماڵی پێشەوا هەڵگیراوە

**٢٠ی ڕەشەمەی ١٣٩١ = ١٠ی مارچی ٢٠١٣**

یای خانمۆڵی نانەوا (ئیمامی)، هاوسەری عەبدولڕەحمانی ئیمامی لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک.




ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی: ٣٩، چوارشەمۆ ٤ ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی = ٢٤ی ئاوریلی ١٩٤٦

ماوەی سوخەنڕانی یایان یە: خیتابەی یای خانمۆڵی ئیمامی

بە موناسەبەتی جێژنی سەربەخۆیی کوردستان و ئینتیخابی جەنابی قازیی معەمەد بە پێشەوای کوردستان تەواوی کوردستان لە زستانی ئەوساڵ دا بە شادی و شایی لۆغانی ئەو جێژنە گەورەیە دڵ و مێشکیان ڕوون بووەوە.

ئیحتیڕام و ئیفتیخاری ئەو جێژنە گەورەیە قەڵەم لە نووسینی و زمان لە کوتنی کوند و لاڵە و هەتا دنیا هەیە تاریخ ئەو ئیفتیخارەی بۆ کورد و کوردستان سابیت دەکا و لە تەواوی کوردستان دا شاری مەهاباد کە مەرکەزی حکوومەتی کوردستانە ئیفتیخارانی جمهوورییەتی کوردی بە خۆی گرت، ئەفراد و دانیشتووی ئەو مەرکەزە ژن و پیاو سەربڵیند بوون و هەتا نەتەوەی کورد زیندووە لیباسی ئیفتیخار و شادییان دەبەر کردووە کە ناتوانم لێرە دا شەرحی بدەم.

خوشکە خۆشەویستەکانم. ئەورۆ لە ژێر سێبەری کوردستان و پێشەوای بەرز دا سەربەخۆ دەژین و حیزبی یایان مان تەشکیل داوە و ئەندامی ئەو حیزبە دیاریی کراون و لە ژێر دەستی سەرۆکی حیزب کە یای پێشەوای کوردستانە کارو باری ئەو حیزبە هەڵدەسووڕێ . ئێمەش موەزەفین بۆ پێشکەوتنی لاری کوردستان لەو حیزبە دا شیرکەت بکەین و لە کاتێک دا کە ئینشائەڵلا کوردستان ساحێبی کارخانەجات بێت دە لیباسی کارگەران دا وەکوو برووسکە کار بکەین و حیزبی ئێمەش دەبێ دارای چاپخانە و مەتبووعاتێکی زۆر باش بێ کە بە وەسیلەی نووسین و مەجەلات و زانست و عیلم و تەمەدونی ژنی کورد بە عالەم بکوترێ و سایری میلەتی بێگانە لە عیلم و زانستی ژنی کورد بێ خەبەر نەبن. خولاسە چونکوو ئەورۆ جێژنی شادییە پێویستم نەزانی لە تەمەدونی ژن هیچ باسێکی بکەم.

بۆخۆتان دەزانن ژن لە عالەم دا حەقی ژیانی هەیە. ئینشائەڵە لە جەلەسەی حزبی یایان دا بە درێژی عەرزوو دەکەم.

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسی زۆرەوە لە دیواری ماڵی کاک سەید عەبدوڵای سەمەدی، نووسەر و لێکۆڵەرەوەی کورد لە فەیس بووک وەرگیراوە. بەڕێز سەمەدی لە شەرحی ئەم وێنەیە دا نووسیویە:"دوو ئامۆزای بنەماڵەی نانەوازادە لە مەهاباد. شازدە و خانمۆڵ ئەم وێنەیە دەبێ لە نێوان ساڵانی ١٣٢٥ تا ٣٠ یەوە [ ١٩٤٦- ١٩٥١] لە لایەن ڕەوانشاد (سەدیقی ژیان)ەوە کێشرابێ. ئەوەی لەم وێنەیەدا گرینگە، جلوبەرگی کچانەی دوو نەسل لەمەوبەری مەهابادە، کە بریتییە لە:

کراسی زەڕی مسقاڵی؛ کەوای مەخمەر؛ دەسماڵ؛ پێشدەسماڵ؛ پشتێندی شەدە؛ کڵاوی شەدە و گێلگێلە؛ قەتارە؛ ژێرچەنە؛ گوڵ(بە لاجانگی شەدەوە)؛ گوارە؛ بەرموور؛ ئەنگوستیلە.

٢٠ی ڕەشەمەی ١٣٩١ = ١٠ی مارچی ٢٠١٣

یای عیسمەتی قازی کچی گەورەی پێشەوا قازیی محەمەد



ئەم وێنەی عیسمەتی قازی ئی سەروبەندی دواى هەڵوەشانی کۆماری کوردستان ە.

رۆژنامەی کوردستان، ژمارەی: ٢٧. دووشەمۆ ٥ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ی هەتاوی = ٢٥ی مارسی ١٩٤٦

جێژنی سەربەخۆئی و ناساندنی پێشەوای کوردستان لە لایەن ئامۆژگارانی مەدرەسەی کچان

ج- خیتابەی یای عیسمەتی قازی کچی جەنابی پێشەوای کوردستان

یایانی گەورە، ؛ دووەت کە قەدەمو رەنجە کردووە و تەشریفتان هێناوە بەخێرهاتنوو حەرز دەکەم و هەمیشە دە جێژن و شادی دا بن. ئەو رۆژە کە خزم و برایانی مە دە جێژن و بانگهێشتن دان و خۆشی خۆشییانە کە میلەتی کوردی لە دیلی رزگاری بووە و بە ئازادیی گەیشتوون. ئەمەش دەبوو چەند جێژنمان گرتبا و هەموو رۆژێ شیرینی

خواردنمان با تا هەموو دنیا تێ گەیبیان کە ژنی کوردی لە پیاوان ئازادیی پێ خۆشترە. ئێستا کە لەوەی وەپاش کەوتوون پێویستە شتێکی وابکەین کە ئەمە وەپێش کەینەوە و ڕێگای وەش ئەوەیە هەرچی ژن و کچە بە وورد و درشت ڕوو دە خوێندن و مەدرەسان کەین. بژین ژنانی خوێندەوار و ئازادی کورد.

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی: ٣٩، چوارشەمۆ ٤ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی = ٢٤ی ئاوریلی ١٩٤٦

## ماوەی سوخەنڕانی یایان ی - خیتابەی کیژ عیسمەتی قازی

خانمان و خوشکانی خۆشەویست ئەمە کە ئەورۆ لە ئەنجومەنی ڕەوابیتی فەرهەنگی کوردستان و شووڕەوی وەخرِ بووین بپیەیە کە تەماشای شاری مەسکەوێ بکەین و بێ بینین کە لە سایەی عیلم و فەرهەنگێ ڕا چی لێ هاتووە و چەند گەورە بووە و هێندە نفووس و کارخانە زۆر بووە کە نۆ خەتی ڕێی ئاسنی بۆ دێ، هێشتا بەشی هات و چۆیە ناکا، لە گەڵ پێنج دەریایانیش بەوسیلەی جۆی زۆر گەورە کە کەشتی پێدا هاتووچۆیە دەکا ڕێی بۆ دروست کراوە، بە حەواش دا ڕۆژێ سەدها تەییارەی بۆ دێ و دەڕوا. تەماشای ئەو بینا و ساختومانە گەورانە و ئەو هەموو کارخانە و کتێبخانە و مووزە و جێی تیاتر وسینەما و مەدرەسە و مەیدان و تەڕەقییاتەی بکەن، هەموو ئەوانە لە سایەی خوێندنێ دان. چ دەبێ ئەمەش بخوێنین و بە هۆی زانست و خوێندن دنیا و هەوای موسەخەر بکەین و میلەتی خۆمان سەربەرز کەیەن و لەو ژیانی کە لە جێیان حەیواناتیش وا ناژین خۆمان نەجات بدەین.

تا کەنگێ خانووی گڵین و کووچە بە بەهاران پڕ لە قوڕ و بە با هاتنی پڕ لە تۆز ئەو حەمام و ئاوانی پڕ لە کەسافەت و ڕێگایانی پڕ پێچ و خەم و میلەتی ڕووت و بێ کارخانە و چاو لەدەست؟! بخوێنن بخوێنن.

٢٠ی ڕەشەمەی ١٣٩١ = ١٠ی مارچی ٢٠١٣

## یای مینای قازی سەرۆکی کۆمەڵەی یایانی کوردستان لە سەردەمی کۆمار



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: مریەمی قازی، مینای قازی و سوهەیلای قازی

رۆژنامەی کوردستان، ژمارەی: ٢٧. دووشەمۆ ٥ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ی هەتاوی = ٢٥ی مارسی ١٩٤٦

### جێژنی سەربەخۆنی و ناساندنی پێشەوای کوردستان لە لایەن ئامۆژگارانی مەدرەسەی کچان

بە بۆنەی پێک هاتنی ئارەزووی چەندین ساڵەی نەتەوەی کورد و ناساندنی پێشەوا و سەربەخۆیی کوردستان ڕۆژی چوارشەمۆ ١٠ - ١٢ - ١٣٢٤ [ی هەتاوی] لە لایەن ئامۆژگارانی مەدرەسەی کچان ساتی ٢ی پاش نیوەڕۆ لە ساڵۆنی ئیدارەی فەرهەنگ جێژنێکی زۆر جوان ساز کرا. ئائ پێشەوای کوردستان و ژمارێکی زۆر لە یایەکانی ئەندامەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و گشت تەبەقاتی شاری مەهاباد لەم جێژنە دا بوون.

یای پێشەوای کوردستان پاش نوتقێک لە بابەت پێشکەوتن و ڕەهنمائی ژنانی کوردستان و سوپاس لە یایە ئامۆژگارەکان جووتێک گوارەی زێڕی بە مودیری مەدرەسەی کچان بە خەڵات بەخشی و گەلێک لە یایان و شاگردانی مەدرەسەی کچان بە پێی نووسراوی ژێرەوە نوتق و خیتابەیان خوێندەوە:

**ئەلف: خولاسەی نوتقی یای پێشەوای کوردستان**


**ئەو یایانەی کە لەم جێژنە دا تەشریفیان حازرە دەبێ بزانن کە ئەورۆ چ ڕۆژێکی مبارەک و گەورەیە. پێویستە ژن و پیاو پێکەوە هاوکاری بکەن و تەماشای هەوڵ دان و کارزانی ژنانی هەندەران بکەین کە لەو شەڕە گەورە دا کۆمەگی گەورەی مێردی خۆیان بوون.نابێ هەر چاوە نۆری پووڵ و لیباس و زێڕ بین لە مێردی خۆمان. ئێمە دەبێ تێ گەیشتن، کارزانی، کار کردن لە ڕێی ئازادیی کورد و کوردستان دا لە خۆمان نیشان بدەین. یایانی خۆشەویست منداڵانی خۆتان لە چواردیواری ماڵێ دا بەدبەخت مەکەن و بیانێرنە مەدرەسە کە وەکوو پیاو و ژنە نەخووێندەوارەکانیان بە سەر نەبیت و بتوانن دیفاع لە حقووقی میللی خۆیان بکەن و بە تایبەتی ژنانی کورد لە ڕیزەی ژنانی خارجەی موتەمەدین دا ڕاوەستن.**

**تێبینی: ئەم وێنەیەی یای مینای قازی ئی ساڵانی دوای هەڵوەشانی کۆماری کوردستانە و دەکرێ لە ساڵی ١٩٥٩ هەڵگیرابێ.**

**٢٠ی ڕەشەمەی ١٣٩١ = ١٠ی مارچی ٢٠١٣**

## وێنەیەکی دیکەی کەریمی ئەحمەدەین





**تێبینی:** دەستخەتی میرزا کەریمی ئەحمەدەین یای پەروانەی ئەحمەدەین لە لاپەڕەی یەکێک لە کتێبەکانی سکانی کردووە و بە سپاسەوە بە ڕێگای فەیس بووک دا لە بەر دەست ئێمەی ناوە، ماڵی ئاوەدان بێ.

**١٩ی ڕەشەمەی ١٣٩١ = ٩ی مارچی ٢٠١٣**

## کەریمی ئەحمەددەین وەزیری پۆست و تێلگراف و تەلەفوونی کۆماری کوردستان



رۆژنامەی کوردستان، ژمارەی: ٧، شەمۆ ٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی = ٢٦ی ژانڤییەی ١٩٤٦

### لە جێژنی سەربەخۆییدا

خزمەت بە کوردەواری قەت ون نابێ و هەر کەس لەو ڕێیە دا زەحمەت بکێشێ هەر تووشی چاکە دەبێ. لە کۆبووونەوەی شەوی چوارشەمۆ ٣ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ کە گەورەترین شەوێکی خۆش و پیرۆزی وولاتی کورد بوو لە کوردستان دا بەتایبەتی هەیئەتی کۆمیتەی شاری لە ماکە ئاغای کەریمی ئەحمەدەین بانگ کرابوون. لە دوای شادمانی جێژنی ئازادیی سەربەخۆئی کوردستان وەبیر سێ ماڵی لێ قەوماوی نەتەوەی کورد کەوتینەوە کە لە ڕێی خزمەت بە کوردستان دەو ڕۆژە ڕەشەی کەوتوون. پاش گفتوگۆیەکی زۆر برایانی خۆشەویست و هاوخوێنی ئەو سێ ماڵە شەڕافەتمەندە بە داوخوازی لاوێکی خوێن گەرم و پێشمەرگە لە کوردەواری ئەو برایانەی کە لە ژێرەوە نێویان نووسراوە هەر یەکە لە سنووتی دەسەڵاتی خۆیدا کۆمەکێکی باشیان کرد و لەمەو دواش هەرکەس لە برایانی خۆشەویست دەیەوێ کۆمەک بەو سێ ماڵە بەرزە بکا، بۆ پەرداخی کۆمەک بە من "سەدیق حەیدەری" موراجەعە بکا و هەر کەس هەر پووڵێلی بدا پێیان دەگەیێنم و نێویان لە ڕۆژنامە دا دەنووسرێ:

١- ئاغای کەریمی ئەحمەدەین ٦٠٠ ڕیاڵ
٢- هاجر خانمی ئەحمەدەین ٢٠٠ ڕیاڵ
٣-سەیدزادە خانمی ئەحمەدەین ٢٠٠ ڕیاڵ
٤- ڕەعنا خانمی ئەحمەدەین ٥٠ ڕیاڵ
٥- دووبارە ئاغای ئەحمەدەین ٣٠ پووت ئارد

....هتد

*بە پێی بەڵگەیەک ئەندامانی هەیئەتی کۆمیتەی شاری [ مەبەست مەهابادە ] (حدک) لەو سەر وبەندی دا بریتی بوون لە:

وەهابی بلووریان - ئەحمەدی ئیلاهی - مەنافی کەریمی - حوسێنی زەرگەری [زێڕینگەران] - مەحموودی وەلی زادە - سەدیقی حەیدەری ** مەبەست لەو سێ ماڵە کوردە ماڵی قاسمی قادریی قازی، عەبدولڕەحمانی زەبیحی و دڵشادی ڕەسووڵی یە کە لە مەئموورییەتێکی ژ.ک. دا لە ١٤ی ئووتی ١٩٤٥ لە گەڵ دوو تێکۆشەری دیکە بەدەستی هێزی ژاندارمەی حکوومەتی نێوەندی لە نیزیک ڕەزائییە (ورمێ) گیران و تا ١٥ی فێڤرییەی ١٩٤٦ نیزیکە ٨ مانگ لە تاران زیندانی بوون.

تێبینی: ئەم وێنەیەی ئەمر کەریمی ئەحمەدین یای پەروانەی ئەحمەدەین لە بەر دەست ' وێنەی کۆماری کوردستان"ی ناوە. ماڵی ئاوەدان بێ.

١٩ی ڕەشەمەی ١٣٩١ = ٩ی مارچی ٢٠١٣

## وێنەیەکی دیکەی ساحێب خانمی شەهابی دێبۆکری، هونەرێکی دیکەی وێنەگری سماییل خانی فەڕوخی



سماییل خانی فەڕوخی ئەم وێنەیەی ساحێب خانمی هاوسەری لە دوای هەڵوەشانی کۆماری کوردستان لە شاری تەورێز هەڵگرتوە.

**تێبینی:** دیسان سپاس بۆ یای پەروانەی ئەحمەدەین بۆ ئەوەی گەورەیی کرد ئەم وێنەیە و دوو وێنەی دیکەی سماییل خانی فەڕوخی لە بەردەست ناین و هەر وەها سپاس بۆ کاک مەنسووری فەڕوخی بۆ زانیاری دان لە سەر دوو لە وێنەکان.

١٧ی ڕەشەمەی ١٣٩١ = ٧ی مارچی ٢٠١٣

## ساحێب خانمی شەهابی دێبۆکری هاوسەری سماییل خانی فەڕوخی



وێنەی ساحێب خانمی شەهابی دێبۆکری. ئەم وێنەیە سماییل خانی فەڕوخی لە ساڵی ١٣٢٢ یان ١٣٢٣ هەتاوی هەڵیگرتووە و تێیدا هونەری وێنەگری بە جوانی خۆی نیشان دەدا. ساحێب خانمی شەهابی دێبۆکری کە بە خۆشییەوە هێشتا دەژی پوورزای نەمران میرزا کەریمی ئەحمەدەین وەزیری پۆست و تێلگراف و تەلەفون لە کابینەی حکوومەتی کوردستان و یای مینای قازی سەرۆکی حیزبی یایان و هاوسەری پێشەوایە .

١٧ی ڕەشەمەی ١٣٩١ = ٧ی مارچی ٢٠١٣

سمایل خانی فەڕوخی فەرماندەیەکی پێشمەرگە و یەکێک لە وێنەگرانی سەردەمی کۆمار.



سماییل خانی فەڕوخی و هاوسەری ساحێب خانمی شەهابی دێبۆکری کە بەخۆشییەوە هێشتا لە حاڵی حەیات دایە.

سمایل خانی فەڕوخی فەرماندەیەکی پێشمەرگە و یەکێک لە وێنەگرانی سەردەمی کۆمار.
بەڕێز مەنسووری فەڕوخی لە ماڵپەڕی بۆکان دا ئەم شەرحەی خوارەوەی لە سەر ژیانی سمایل خانی فەڕوخی نووسیوە و ئەوبابەتە لە ئاڵقەی ئەو زنجیرە باسەیە کە بەڕێز ئەنوەری سوڵتانی بە ناوی "بۆکان لە مێژوو دا" لەو ماڵپەڕە دا بڵاوی دەکاتەوە.

## "کورتە ژیانێکی هونەری - سیاسی سمایل خانی فەڕوخی

### نووسینی: م. فەڕوخی

سماییل خان لە ساڵی ١٢٧٨ (١٩٠٠) لە سایین قەڵا لە دایک بووە. ناوی دایکی سەکینە خانم بووە کە دەبێتە خوشکی سەردار حەمەحوسێن خان و کچی سەردار عەزیز خان. باوکی عێزەتوڵا خان مولەقەب بە ئەمیر تومانی میر پەنج لە خانەکانی ناوچەی سایین قەڵایە. عێزەتوڵا خان کوڕی فەڕوخ خانی مەنسوورلمەمالیک بووە کە دوای دامەزرانی خزمایەتی لە گەڵ بنەماڵەی سەردار لە ناوچەی بۆکان لە گوندی قەرەگوێز نیشتەجێ دەبێ و لە محاڵی گەورک ئاغایەتی دەکەن. دوای ماوەیەکی دوورو درێژ بنەماڵەی عێزەتوڵا خان لە سەر ڕووداوێکی ناخۆش لە لایەن حاجی بابەشێخەوە لەقەرەگوێز هەڵدەقەندرێن و بەرەو سایین قەڵا دەچنەوە.

لێکۆڵینەوە لە سەر بنەماڵەی سماییل خان و ژیانی پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانی پسپۆڕی مێژوویی هەیە و لە توانای من دا نییە، بەڵام بە کورتی دەتوانم لە سەر ژیانی سیاسی و هونەری سماییل خان زانیارییەکی کورت بخەمە بەرچاوی خوێنەر.

هونەری وێنەگری لە ساڵەکانی زووەوە لە ڕۆژەکانی منداڵی سماییل خان و کاتێ دێتە ناو بنەماڵەی باپیری واتە فەڕوخ خانی مەنسوورلمەمالیک دەست پێدەکا.فەڕوخ خانی مەنسوورلمەمالیک لە سەفەرێکی دا بۆ ڕووسییە لە گەڵ کابرایەک بەناوی ئارتان ئاشنا دەبێ. ئارتان هونەرمەندێکی بواری نەققاشی و وێنەگری بووە و هەر لەو بوارانەش دا ئیشی کردووە. فەڕوخ خان لە کاتی گەڕانەوەی دا بۆ کوردستان ئارتان لە گەڵ خۆی دێنێ و هەر لە ئارتانەوە خۆی و عێزەتوڵا خان فێری هونەری وێنەگری دەبن. وێنەگری لە ناو بنەماڵە دا وەکوو هونەرێک درێژەی پێ دەدرێت و وردە وردە سماییل خانیش ئەو هونەرە فێر دەبێت و هەتا ئەو کاتەی یەکەم دووکانی خۆی لە شاری مەهاباد دەکاتەوە. ئەو هونەرە هیچ چەشنە بەرهەمێکی ماڵی بۆ ئەو نەبووە.

سماییل خان بە پێی زانیاری نووسین و خوێندنەوەیەکی کە دەیبێت لە ئیدارەی ماڵییەی مەهاباد دەست بە کار دەکات. لە فەروخ خانەوە فێری زمانی ڕووسی دەبێت. بە هۆی خۆشەویستییەکی کە بە خوێندنەوە دەیبێ کتێبی "کلیلە و دمنە" و "شاهنامە" دەخوێنێتەوە. زانیارییەکی بەرچاوی لە بواری شێعر و ئەدەب دا بووە.هەر ئەو زانیارییانە دەبنە هۆی ئەوە کە ئەرکی کرینەوەی شاری بۆکان لە کابرایەکی تەورێزی لە لایەن ئاغاکانی بۆکانەوە بە ئەستۆ بگرێت و ڕۆڵێکی بەرچاوی لەو ماملەیە دا هەبێت. سماییل خان دوای هاتنە دەر لە ئیدارەی ماڵییەی

مەهاباد یەکەم دووکانی خۆی هەر لەم شارە دەکاتەوە.

بە دوای دامەزرانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران [دیارە ئەو دەمی ووشەی "ئێران" بەشێک نەبووە لە ناوی ئەو حیزبە.ح.ق.] دەچێتە ناو ئەو حیزبەوە و لە سەردەمی کۆماری مەهاباد دەبێتە فەرماندەری هێزی حیزب لە سایین قەڵا. پێش تێکچوونی کۆمار لە حیزب دێتە دەرێ و دەچێت بۆ تەورێز و لە سەردەمی کۆماری ئازەربایجان دا هەر لەوێ دووکانێکی وێنەگری دەکاتەوە. دوای تێکچوونی کۆماری ئازەربایجان لە تەورێز دەگیرێت و دەخرێتە زیندان. دوای ماوەیەک لە زیندانی تەورێزەوە دەگوێزرێتەوە بۆ زیندانی ورمێ. دوای ئازاد بوونی لە زیندانی ورمێ هەر لەو شارە دووکان دادەنێت. لە سەر داوای خزم و کەس لە ورمێ وە دێتەوە بۆ کوردستان و لە شاری سەقز نیشتەجێ دەبێ و لەوێشەوە دەگەڕێتەوە بۆ بۆکان و دوای ماوەیەک بۆ تاران کۆچ دەکا و هاوکات لە تاران دوو دووکانی وێنەگری دەبێت. دوای مانەوەی چەند ساڵێک لە تاران وورده وورده پیری ڕوی تێ دەکا و دەگەڕێتەوە بۆ بۆکان و دوای چەند جار دووکان دانان لە بۆکان بۆ ئاخرین جار لە ناو بۆتکەی ئاسنی دا هەتا ئاخرین ڕۆژەکانی تەمەنی وێنەگری دەکات.

هەر وەک پێشتریش باسم کرد لێکۆڵینەوە لە سەر ژیانی سمایل خان کارێکی زۆر چەتوونە و ڕەنگە بە زانیاری وەرگرتن لە ئەو کەسانەی لە نزیکەوە شارەزای ژیانی ئەو بوون بتوانرێ بەشێکی پچووک لە ژیانی هونەری - سیاسی ئەو خۆشەویستە ڕوون بکرێتەوە. ئەوە کورتەیەک بوو لە ژیانی پڕ لە هات و چۆی هونەرمەندێکی کورد کە لە سەر چەند ڕووداوەی گرینگ لە ژیانی دا پێویست بە پێداچوونەوەیەکی ناوەرۆکی هەیە وەک: - دابڕانی بنەماڵەکەی لە قەرەگوێز، - چۆنیەتی کاری وێنەگری لە ساڵەکانی گەنجی ئەو هونەرمەندە  کە بۆ زاهیرکردنی وێنەکان لە تیشکی خۆر کەلکیان وەردەگرت. - مامڵەی شاری بۆکان لە کابرای تەورێزی و ئاغاکانی بۆکان، - چۆنیەتی گیران و زیندانی کرانی لە زیندانەکانی تەورێز و ورمێ، - لە ناوچوونی ئارشیڤەکەی لە تەورێز، - دووکانەکانی تاران و بۆتکە ئاسنەکەی بۆکان کە جار جار لە بیری دەچوو قفڵی بکا... و زۆر شتی کەش.

سمایل خان هەرچەند لە بنەماڵەیەکی گەورە و ناسراو هەڵکەوتبوو، بەڵام لە دوای هاتنە دەر لە زیندانی ورمێ، قەت نەیتوانی ژیانێکی خۆش و ئارام و سەربەست بە خۆیەوە ببینێت. لە ساڵەکانی ئاخری تەمەنی دا دڵی تەنیا بەو بۆتکە ئاسنەی لە بۆکان وێنەی تێدا دەگرت خۆش بوو و لە پەنا ئەویشدا خۆی بە خوێندنەوەی کتێب سەرقاڵ کرد بوو. لە ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی (١٩٧٥) لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا و لە کرێ نشینی و لە ماڵی "سەیزادە" لە بۆکان کۆچی دوایی کرد.

ئەوەیکە سماییل خان وێنەگری سەرەکی سەردەمی کۆماری مەهاباد بووە هیچ شکی تێدا نییە. هەر چەند ئەو کات ڕاگرتن و ئاڕشیف کردنی ڕووداوەکان باو نەبووە، بەڵام سماییل خان ئاڕشیڤی خۆی هەبوو. بە داخەوە کاتی گڕگرتنی [ماڵەکەی] لە شاری تەورێز بەشێوەیەکی زۆر مەڕمووز و سەیر ئاڕشیوەکەی سەری تێدا دەچێت. ئەو فیلمانە کە بە دوای ئەو کارەساتە دا کۆی کردبوونەوە، بە هۆی کیزێک بە ناوی خەجیج (ڕوحی شاد بێ) کە کارداری ماڵی سماییل خان بووە، دەسووتێت. ئێوارەیەک خەجیج خەریکی گەشاندنەوەی ڕەژی دەبێ، پڕیشکەکەی ئاگری ڕەژیەکە دەپەڕێتە سەر سیپیێکی چایی کە فیلمەکانی تێدا بوون و هەموو فیلمەکان و ماڵەکەش لە گەڵیدا دەسووتێن."

تێبینی: ئەم وێنەیە و دوو وێنەی دیکەی ساحێب خانمی شەهابی دێبۆکری بە سپاسێکی زۆرەوە لە ڕێگای فەیس بووکەوە لە لایەن یای پەروانەی ئەحمەدەین بەدەستمان گەیشتووە. زۆر سپاسی دەکەین.

١٧ی ڕەشەمەی ١٣٩١ = ٧ی مارچی ٢٠١٣

## ووتاری محەمەدەمینی موعینی وەزیری نێوخۆی کۆمار و مودیری شیرکەتی تەڕەقی کوردستان لە ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان دا




ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی: ١٨، شەمۆ ٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاوی = ٢٣- فێڤرییەی ١٩٤٦

(خولاسەی نوتقی ئاغای محەمەد ئەمینی موعینی لە لە ڕۆژی 2 - 11 - 24 دا خوێندراوەتەوە)

بە ئیفتیخار و سەربڵیندی دەزانم دەو ڕۆژە موبارەکە دا کە جێژنی سەربەخۆیی کوردستانە و بە پشتیوانی خودا و پێشەوای کوردستان دوژمنانی داخڵی کە هەتا ئەورۆ شەریکی دز و ڕەفیقی قافڵە بوون بۆیتان بەیان کەم. یەکێک لەوان... ە دەوڵەتی ئێرانێ هەر چەند جار کە تێلێگڕافی دەکرد بە لەقەبی شەریفی نێو دەبرد و ئەو نێوەش مەعنای وا بووە کە ئەتۆ دەبێ وەتەن و میللەتی خۆت کە کوردە مەحوی کەیەوە و بی فرۆشی. ئەو شەخسە شەریفە خائینە کە بەر لە ڕمانی دەوڵەتی ئێرانێ بوو بە حکوومەتی دەوڵەتی ح‌ءتانێ لە مەهاباد، دەستی بە عەمەلیياتی وەتەن فرۆشی و، یللەت فرۆشی کرد. هەر وەها دەگەڵ کە بوو بە حکوومەت لە مەهاباد ڕۆنیشت ئەوەڵ کارێکی کە کردی ٣٠ نەفەری سوار نادرە ماڵە ڕەسووڵی یاهووی، پووڵێکی زۆری بە ناحەق لێ ئەستاند و بۆخۆشی حەبسی بوو.جیا لەوە چەند نەفەر ئازادیی خواە بوون کە بە ئەمری تەوریز و دەستووری ڕەزائیيەی کە پێی گەیی

بوو خەیاڵ و عەزمی خۆی جەزم کردبوو کە ئەو ئازادیخواهانە بگرێ و تەحویل بە دەوڵەتی دیکتاتۆری ئێرانێی بدا. ئەوانە محەممەدی مەولوودی و سەیید محەممەدی سەییدی و چەند نەفەری دیکە بوون بۆ بە جێ هێنانی ئەو کارە ۱۰۰ نەفەری وە کووچە و خیابانان خست ئەمما چونلو خودای تەعالا نەیەویست کورد زەلیلی دەستی ئەو دیکتاتۆرانە بێ، دەستێکی غەیبی دەنێوێ دا بوو بە لەمپەری... لەقەب شەریف . ئەلحە،دولیلا بە ئاواتی خۆی نەگەیشت و بە تایبەتی... کوڕی... دەوئاکارانە دا چی وا لە بابی کەمتر نەبوو و هاوڕێیەکانی ئەو نیشتمانفرۆشانە کە لەوانە یەکیان... دووەم... سێیەمی... بوون. یەکێکی دیکە لە خائینە گەورەکان... کە... پێ دەڵێن، سەهلە ئەو خائینە کە کوردستان نێوێکی وای نەبوو کە خیانەتی دەکرد ئەلعانیش کە حکوومەتی کوردی حەلحەمدولیلا بەرقەرارە و زۆر ساحێب قودرەتیشە ئە خائینە حاڵی حازر لە تارانێ دەگەڵ ستادی لەشکر کە سەرتیپ ئەرفەع لە تێکدانی بناغەی حکوومەتی کورد ڕاناوەستێ ئەو ئاغایە سێ ساڵ کەوەئ پێش کە بوو بە فەرمانداری مەهاباد ئەمری کرد ئەهلی مەهابادێ هەمووی ژنە.ژنیش نابێ ئەسلەحەی بێ. لە سایەی خودای بێ هاوتا بناغە و دامەزراندنی حکوومەتی کوردی دێمۆژراتی مەهابادێ داندرا، پێویستە ئەو خائینە بێ خۆی دە تەویلەی ئەو مەهابادیانە کە پێی دەکوتن ژنن باوێژێ، ئەو وەختە ئەوان بۆ خۆیان دەزانن عەفوی دەکەن یان نا و خۆ دە تەویلە هاویشتنی ئەو خائینە حەتمییە و یەکێ لە هاودەستانی... ئاغای... یە کە لە کۆمەک و یاریدەی ئەو خائینە ڕانەوەستاوە. یەکی دیش لەوانە... ە سەهلە لە سەقزێو لە مەهاباد ڕانەدەوەستا حەملەی دەبرد بۆ ڕەزائییە و تەورێز و سنە و کرماشان و ئەمن لەو تاریخەوە لە لایەن حیزبی حکوومەتی دێمۆکراتی کوردستان بۆ ئامۆژگاری و ئاگادار بوونی ئەو خائینانە هەتا ۱۰ ڕۆژی دیکە ئیبلاغ دەکەم خۆیان بە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بناسێنن بەڵکوو لە سووچ و تاوانی ئەوان چاو بپۆشن زیاتر لەوە دەڵێم:

بژی کورد و کوردستان؛ بژی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان

تێبینی: وێنەی میرزا محەمەدئەمینی موعینی بە سپاسەوە لە فەیسبووکی بەڕێز عەبدوڵای سەمەدی وەرگیراوە. لێرە دا نێوی ئەو کەسانەی لەو نوتقە دا باسیان کراوە بۆ نەکولاندنەوەی برین و ڕێز گرتن لە کەسوکاریان لەم سەروبەندە دا نەهاتووە.

۱۵ی ڕەشەمەی ۱۳۹۱ = ۵ی مارچی ۲۰۱۳

سەید محەمەدی تەهازادە (ئەیووبیان) یەک لە معاوینانی ڕەئیسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆمار دا



وێنەی سەید محەمەدی تەهازادە لە سەردەمی ئەندامەتی لە کۆمەڵەی ژ.ک. دا

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی: ١٢، شەمۆ ٢٠ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی = ٤ی فێڤریییەی ١٩٤٦

جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کوردستان، کۆکەرەوە: سەیيف محەمەدی حەمیدی

و: مقالە (ووتاری) ئاغای سەیید محەمەدی تەها زادە [لە بۆنەی دووی ڕێبەندان دا]

بسم الله الرحمن الرحيم

ئاغایانی موحتەرەم، برایانی خۆشەویست! ئەورۆ رۆژێکی زۆر مبارەکە، رۆژێکی تاریخی یە. تا ئەورۆکە دایکی نیشتمانی کوردستان وای بەخۆیەوە نەدیوە کەکورە کورەکانی بە شادی و کەیف خۆشی لە دەور و نەری دا کۆ بوونەوە و لە هات و چۆ دان و بە قا قا پێ دەکەنن، داوەتیانە و هەوری نەگبەت و چارەڕەشی بە نووکی قەڵەمی رووناک فکران و بە زۆری باسکی لاوە بە غیرەتەکان زنجیری دئلی و بەدبەختییان لە ئەستۆی دارنیوە و چاوی بە فرمێسکی بە دەسرەی خۆشەویستی دەسترنەوە، رۆڵە دەنگخۆشەکانی وورده برینی خوێ پێ وەرکراوی دەرمان دەکەن بە چەپڵە رێزان و شادی لە نێو خۆیانی دەگرن بە تەنتەنە و جەلال لە دەورەی دا بە زەماوەند مەشغووڵن.جا چ رۆژێ وا خۆش هەیە یا چ وەخت و ساتی بە قیمەت و بەرز بیندراو - دەبێ قەدری بزانین و بۆ بەرقەراری و راوەستانی دەستەو دۆعا روو بە قیبلە راوەستین و بە دەنگێکی بەرز لە خودای بێ هاوتا تەمەنا بکەین ئەو رۆژەمان لێ پیرۆز کا و تا زەمانی بەر وبوو درێژ بۆمان راوەستا و بەرقەرار بکا - ئامین.

وە پێکیش دەمەوێ موختەسەرێک لە زەمانی چارەڕەشی و بەدبەختی دایکی نیشتمان کە کوردستانە کە بە سەر گەنجە ئازا و خوێن گەرمەکانی هاتووە بەیان بکەم.

ساڵەهای ساڵە پەنجەی ئیستیبداد و دیکتاتۆری گەرووی دایک و بابی ئێمە رێک دەکوشێ. رۆچنەمەی رووناکیی ئێمە بە پەردەی زوڵم دادەپۆشێ، دەستی مەردانەگی و ئیتیحادی ئێمە بە زنجیر دەبەستێ و رێگای جادەی سەرکەوتنی ئێمەیان بەو دەردە دەبردم چاڵاوی دووبەرەکی و نیفاقیان لە سەری ئێمە هەڵ دەقەند. چاوی تیژبینی ئێمەیان رەشایی پەردەی زوڵمەتی نادانی دایان دەپۆشی، رێگای نەجات و تەرەقییان لێ وون دەکردین و تووشی هەزاران ئەشکەوتی تاریک و چاڵاوی بێ بن و مەوجی دەریای بەدبەختی و چارەڕەشییان دەکردین، هەرچی حەول دەدرا رێگای نەجات غەیری مومکین بوو وەکوو عەرزوو دەکەم؛بەوهەموو دەردی سەی و بەدبەختی دووبارە خوێنی گەرم و پاک لە رەگی کوردەواری دا بە جونبیش دەهات، کەمەری مەردانەگییان دەبەست و رۆڵە رەشیدەکانی میللەت دە تەقەلا دەکەوتن و دەستیان دەکرد بە نێهزەتی زۆر بە هێز و تا دوایین هەناسەی ژیانیان پایەدارییان دەکرد.

وەکوو نێهزەتی شێخ عوبەیدیلا کە لاپەرە بەرزەکانی مێژوو شاهیدی فیداکاری و جانبازی وین کە تا ئاخر هەناسە ژیانی عومری خۆی بە هەدەر رانەبوارد. شوهەدای کوردی شیمال بە خوێنی خۆیان خاکی کوردەوارییان رەنگاندووە. قیامی شێخ سەعید کە لە رێی ئازادیی میللەت و خاک و خۆڵی کوردستان دا کەردنی خۆی تەسلیمی تەنافی کەماڵی بێ کەماڵ کرد، یا خێر شێخ عەبدولقادری شەمزینی تا ئاخر نەفەسی پایرداری کرد و تا دەرەجەیەک حازر بە فیدای رێ بوو وەکوو حەزرەتی ئیبراهیم بە ئەمری خودای تەعالا کوڕی خۆی حەزرەتی ئیسماعیلی حازر کرد بۆ قوربانی لە رێی خودای خۆی دا. ئەویش لە پێش هەموو کەش دا رەوشی ئەو زاتە ،وقەدەسەی کردە سەرمەشق، بۆ

سەرچاوە
Serchawe

میللەتی با شەهامەتی کورد حازر بوو لە ڕێی ئازادی و سەربەستی میللەت دا کوڕی خۆی سەیید محەمەد ئەفەندی کرد بە قوربانی و بە ڕشتەی تەنافی بێ مرووەت کەماڵی بێ کەماڵ لە تەناف درا. وەکوو ئێلی جەلالی تەواوی پیاوە گەورەکانیان خۆیان فیدای میللەت کرد و منداڵە چووکەکان و بێ دەسەڵاتەکانیان دەربەدەر و تەفرەقە بوون بۆ وولاتی بێگانە. سماییل ئاغای سمیتکۆ قەهرەمانی ڕەشید و بە ناوبانگی میللەتی کورد بە فێڵ و فریو بە دەستی دەوڵەتی ئیستیبدادی ئێران لە بەین چوو.

دەستە گوڵی ٦ی ئەیلوول، کە لەو ڕۆژە دا چەند منداڵ و لاوی بێ گوناە وەبەر موسەلسەل ودەسر ڕێژی تفەنگی دەوڵەتی موستەبیدی عێراق دران. هەزارەها وێنەی خوێنرێژی و زوڵم و زۆر و تەفرەقە و بڵاوکردنەوەی میللەتی کورد هەیە کە زمان لە کوتن و قەڵەم لە نووسین قاسیرە کە شەرحی بدەم. وەلی لە بەرابەری ئەو هەموو زوڵم و دەردی سەری و بەدبەختی و چارەڕەشییە دا خودای بێ هاوتا ڕەحمی کرد ئەستێرەی ئیقباڵی میللەتی کورد لە گۆشەی ئاسمانی کوردستان دا تلووعی کرد، تەپڵی بەشارەت ئاوازەی بڵیند کردەوە و مزگێنی ئازادی بە گوێی تەواوی کورد و کوردەواری دا دا.وە یێکیش شتێکی دی هەیە ژە دەبێ بۆ هەووڵ جار بە خەتی زێڕین لە سەفحەی مێژوو دا بنووسرێ کە مەرامی ڕەهبەر و کارگەرەکانی حیزبی دێمۆکڕات ئەوە بوو کە ئازادی بە بێ خوێن ڕێژی نەسیبی میللەتی کورد بێ و دۆست یا بەرهەڵستەکانی حیزب بە چاوی برایەتی و یەکێتی تەماشا کراوە.

---

یەکێکی دیکە لە شانازییەکانی محەمەدی تەها زادە ئەوەیە لە ئاگادارییەک دا بە ئیمزای وی ڕەسمییەتی زمانی کوردی ڕاگەیێندراوە. کوردستان لە ژمارەی: ١، پێنجشەمۆ ٢٠ - ١٠- ١٣٢٤ی هەتاوی = ١١ی ژانڤییەی ١٩٤٦ بەر لە ڕاگەیاندنی کۆمار ئاگادارییەکی بەم ناوەڕۆکەوە بڵاو کردووەتەوە:

" بە تەواوی ئەهالی خۆشەویستی (سابڵاغ) ڕادەگەیێندرێت - لە سەر ئەمری پێشەوای موعەزەم و قەراری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لەوەی بەولاوە پێویستە بۆ پەرە پێدان و ڕەواجی زمانی کوردی خوێندن لە مەدرەسەکان دا بە کوردی یە. لەو تاریخەوە تا دە ١٠ ڕۆژی دیکە هەرکەس کوڕ و کچی هەبێ کە عومری ئیقتیزای خوێندن بکا دەبێ بینێرێتە مەدرەسە.ئەڵبەتە هەر کەس لەو ئەمرە ڕوو وەرگێڕێ بە توندترین موجازات تەنبێ دەکرێ.

کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان

موعاونی حیزب، تەهازادە

تێبینی: وێنەی سەید محەممەدی تەهازادە (موعاونی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان) بە سپاسەوە لە دیواری فەیس بووکی ڕێزدار سەیید عەبدوڵای سەممەدی ڕا ڕاگوێزراوە. وێنەکە لەمەڕ ئارشیڤی نەمر عوبەیدیلای ئەییوبیان ە.

١٤ی ڕەشەمەی ١٣٩١ = ٤ی مارچی ٢٠١٣

## حەمەدەمینی موعینی و دۆستانی شووڕەوی



کەسی یەکەم لە لای چەپەوە میرزا حەمەدەمینی موعینی

لە بەڵگەیەکی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیای فێدێڕال دا کە ڕەحمەتی دوکتور ئەفراسیاوی هەورامی وەریگێڕاوە و لە خوارەوە دەیخوێننەوە باسی بازرگانێک لە مەهاباد کراوە بە ناوی حەمەدەمین کە میوانداریی کردووە لە کۆنسوولی شووڕەوی و هاوڕێیانی لە کاتی سەردانیان لە مەهاباد لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥ دا. بێگومان مەبەست لەو کەسە میرزا حەمەدەمینی موعینی یە کە لە کۆماری کوردستان دا پۆستی وەزارەت و سەرۆکایەتی " شیرکەتی تەرەقی هەبوو. بە لێبڕاوی ناکرێ بڵێین ئەم وێنە ئی ئەو دیدارەی سۆڤیەتییەکانە لە مەهاباد، بەڵام ئەوە

زاندراوە کە میرزا حەمەدەمینی موعینی لە گەڵ بازرگانان و کاربەدەستانی شووڕەوی لە ئازەربایجان پێوەندی دۆستانەی هەبووە.

یاداشتی سەفەری "ماتڤیێڤ" کۆنسوولی سۆڤیەت بۆ مەهاباد لە ١١ و ١٢ی کانوونی دووەمی (ژانڤییە) ١٩٤٥ داسەعات ١١ی بەیانی گەیشتینە مەهاباد، کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی سۆڤیەتی لێ نییە. کە چووینە لای ئاغای "سەریعولقەلەم" ی فەرمانداری مەهاباد، ووتی: قازیی محەمەد لێرە نییە و چووە بۆ تاران و دروستکردنی کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی سۆڤییەت بە بێ ئیجازەی قازیی محەمەد زەحمەتە. ناوبراو گوتی: لە لایەکی تریشەوە من هیچ فەرمانێکم لە لایەن کاربەدەستانی سەرەوەم لەم بارەیەوە پێ نەگەیشتووە.

لە سەر داوخوازیی بازەگانێکی کورد چووینە ماڵی محەمەدئەمین، ناو براو خۆی بە نزیکی ئێمە دەزانێ. بە ڕویەکی خۆشەوە پێشوازیی لێ کردین. محەمەدئەمین زۆر شارەزای پارتیی ژێکافە و هەڵوێستی ئێمە پرسی کە ئایا بایوخی ئەوەی هەیە بچێتە ڕیزی ژێکافەوە. ئێمەش لە وەڵامدا گوتمان ئەو لە ئێمە باشتر شارەزای ئەم پارتییەیە. جا لە بەر ئەوە دەبێ خۆی بڕیار لە سەر ئەو مەسەلەیە بدات. بۆ ئێوارەکەی ئەم نوێنەرانەی ژێکاف هاتنە لامان:

١- ئیبراهیم ئیبراهیمیان (پازرگان)، ٢- مستەفا سوڵتانیان (بازرگان)، ٣- عەلیی ڕیحانی (بازرگان)، ٤- ئەحمەد ئیلاهی (بازرگان)، ٥- محەمەد دڵشاد [ڕەسووڵی]، لە هەموویان گەنجترە (کوڕە بازرگان)، ٦- خەلیل خوسرەوی (بازرگان)، ٧- قاسم قادریی قازی.

ناوبراوان لە چاوپێکەوتنەکەدا داوای ئەم شتانەیان لێ کردین:

١- لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە ئاگادار کراونەتەوە کە کۆمەڵەی پێوەندییەکانی سۆڤیەت و ئێران لە شارەکانی تر دامەزراون، زۆر حەز دەکەن ئەم ناوەندە لە مەهابادیش بکرێتەوە.
٢- بۆ پەرەپێدانی پرۆپاگەندە و ئیش و کاری ژێکاف لە ناو دانیشتوانی کورد دا، پێویستییان بە دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی هەیە، بەڵام توانایان نییە. لەبەر ئەوە داوا لە ئێمە دەکەن یارمەتییان بدەین بۆ بە دەستهێنانی تیپۆگرافی.
٣- داوای ڕێکخستن و کردنەوەی بەرنامەی ڕاسیۆیی بە زاراوەی مەهابادی، واتە ئەو زاراوەیەی کە کوردەکانی عێراقیش تێی بگەن و ئەم بەرنامە ڕادیۆیی یە لە مۆسکۆ بڵاو بکرێتەوە.
٤- یارمەتییان بدرێ بۆ ڕزگاربوونی گەلی کورد لە چەوسانەوەی سێ دەوڵەتی ئێران و عێراق و تورکیا، هەر وەها

یەکگرتنیان لە دەوڵەتێکدا.

لە سەر پرسیاری ئێمە سەبارەت بە نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی پەیوەندییەکانی کولتووری، ناوبراوان گوتیان گونجاوترین و باشترین مرۆڤ بۆ ئەم کارە قازیی محەممەدە کە ئێستا لە تارانە. ئێمە پێڕەوی [ئەساسنامە] کۆمەڵەیٔ پەیوەندیی کولتووری و هێندێ چاپەمەنی و ئەدەبیاتمان پێ دان و ئامادەمان کردن بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵەی پەیوەندی تا گەڕانەوەی قازیی محەممەد. سەبارەت بە بڵاو کردنەوەی پرۆگرامی ڕادیۆیی ، پێمان گوتن هەوڵ دەدەین لەو بارەیەوە یارمەتیتان بدەین، بەڵام بۆ تیپۆگرافیا [دەزگای چاپ] پێمان گوتن زەحمەتە. سەبارەت بە ڕزگار بوونی کوردەکان ئێمە وڵامان دایەوە کە وەختی هێنانە کایەی ئەم پرسیارە نییە. ئێمە ناتوانین هیچ بەڵێنێک لەم بارەیەوە بدەین. ئەوان دەبێ وێش هەموو شتێک هەوڵ بدەن بە زووترین کات کۆمەڵەی پەیوەندی ڕێک بخەن ق پەیوەندیی پێویست لە ڕێگەی ئەووەوە بەڕێوەبچێ.

ئێمە بەیانی سەعات ١٢بۆ جاری دووەم چووینە لای "سەریعولقەلەم" ی فەرمانداری مەهاباد؛ ناوبراو گوتی من پێڕەوی کۆمەڵەی پەیوەندی سۆڤیەتم لە گەڵ ئێراندا خوێندووەتەوە، بەڵام بە داخەوە تا وەرگرتنی فەرمان لە ڕەزائییەوە بۆ ڕێکخستنی ئەم ڕێکخراوە، ناتوانێ ئەم کارە بکات. ئێمەش بەڵێنمان پێ دا لەو بارەیەوە وتووێژ لە گەڵ ئوستانداری ئوستانی چوار دا بکەین. پاشان چووین سەدانی بازاڕی مەهابادمان کرد.


(ئارشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیای فێدێراڵ. ف ٩٤.، ئو ٣٠ ، د ٦٥، پ ٣٤٨، ل ٢١ ، ٢٢)

سەرچاوە: دوکتور ئەفراسیاو هەورامی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی دووەم جەنگی جیهانیدا بە پێی بەڵگەنامەکانی ئارشیڤی یەکێتیی سۆڤیەت. پێداچوونەوە و ئامادە کردنی سدیق ساڵح. بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨. لاپەڕەی ١٢٢، ١٢٣، ١٢٤

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بەسپاسەوە بە ڕێگای کاک سیامەندی موعینی لە ئارشیڤی بنەماڵەی موعینی وەرگیراوە

١٤ی ڕەشەمەی ١٣٩١ = ٤ی مارچی ٢٠١٣

مام برایمی فەهمی سەرۆکی "ئیدارەی کولی گومرگاتی کوردستان"




ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە: ٢٨، شەمۆ، ٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ = ٢٧ی مارسی ١٩٤٦

## ئاگاداری

بە دووای ئاگاداری ژمارە: ١٨٢٨ بەرواری ٨ - ١٢ - ٢٤ بە تەواوی ئەهالی خۆشەویست ڕادەگەیێندرێت ایدارەی گومرگی مەهاباد بە سەرۆکییەی ئیبراهیم فەهمی لە خانووبەرەی ئیدارەی تووتنی داندراوە و لەوڕۆ ڕا بە ڕەسمی خەریکی کارن. پێویستە کەسانێکی کاری گومرگیان بێت بەوێ موڕاجەعە بفەرموون. - س

کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان

ڕۆژنامەیٚ کوردستان، ژمارەی: ٤٠، شەمۆ، ٧ی بانەمەڕێ ١٣٢٥ = ٢٧ی ئاوریلی ١٩٤٦

## ئاگاداری

ژمارە: ١٧٢؛ ٤ - ٢ — ٢٥

بە تەواوی مالیکینی دێهاتی خۆشەویست ڕادەگەیێندرێ لە بەرواری ئەو ئاگادارییەوە تا یەک هەفتەی دی هەر کەس قەند و سەکری مەوجوودی هەیە پێویستە ڕیزی بە ئیدارەی گومرک بدت. لە کاتێکدا هەر کەس بە پێچەوانەی ئەو دەستووره ڕەفتار بکا موتابیقی موقەڕەڕات معامەلەی قانوونی دەگەڵ دەکرێ.

سەرۆکی ئیدارەی کولی گومرکاتی کوردستان

فەهمی

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە: ٦٠، چوارشەمۆ ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٥ = ٢٠ ژوەنی ١٩٤٦

## پێ ڕاگەیشتن

ڕۆژی ٢٣ - ٣ - ٢٥ ئاغای ئیبراهیمی فەهمی مودیری کولی گومرگات بپ پێ ڕاگەیشتن بە ئوموراتی گومرگاتی نەغەدە، شنو، خانە، پۆستی بالانیش چووە و لەئیقداماتی ئاغای سەید ئەحمەدی گەیلانی سەرۆکی کۆمیتەی محەلی نەغەدە و مەجید میرئاخوڕی سەرۆکی گومرگ بۆ وسووڵی ماڵیاتی گومرگی لە دەوروبەری ڕادانە،بازاڕی مەحمەدیار، سەرپردی نەغەدە ئیزهاری ڕەزایەت و قەدرزانی کردووە.

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە دیواری ماڵی کاک عەبدوڵای سەمەدی لە فەیس بووک وەرگیراوە. و پێشتریش لە یەکێک لە کتێبەکانی هێژا سەیید محەمەدی سەمەدی دا بڵاو کراوەتەوە. وا دیارە ئەم وێنەیەی بەڕێز برایمی فەهمی ئی ساڵانی دوای هەڵوەشانی کۆماری کوردستانە..

٢٧ی ڕێبەندانی ١٣٩١ = ١٥ی فێبریوێری ٢٠١٣

میرزا محەمەدی سۆفی زادە یەکێک لە تاجرەکانی مەهابادی لە سەردەمی کۆمار دا





وێنـەی تـاجری سابڵاغی میـرزا (حـاجی) محەمـەدی سـۆفی زادە لـە گـە:ڵ سـێ لـە منداڵـەکانی خـۆی و میـوانێکی ئازەربایجانی و کوڕەکەی کە جلوبەرگی کوردی یان دەبەر کردووە...، ئەم وێنەیە لە جۆزەردانی 1325ی هەتاوی لە کاتی دەستەڵاتی کۆمار، لە مەهاباد هەڵگیراوە،

**وێنەی یەکەم:**

١- کوڕی میوانی تەورێزی دەبەرگی کوردی دا.

٢- میرزا محەمەدی سۆفی زادە.،

٣- تـاجری ئازەربایجـانی. منداڵـەکان لـە ڕاستەوە هاجـەر، مـارف و سـوغرای سـۆفی زادە..، دایکـی ئـەو منداڵانـە خانمی خەجیجی کەریمی خوشکی میرزا مەنافی کەریمی بووە،

**وێنەی دووەم:**

١- کوڕی ئازەربایجانی،

٢- باوکی،

٣- خانەخوێ میرزا محەمەدی سۆفی زادە.، منداڵەکان لە ڕاستەوە سوغرا، مارف و هاجەری سۆفی زادە.

پێشتر سەنەدی زەواجی چەندەمینی میرزا محەمەدی سۆفی زادە لە گەڵ یای حەبیبەی مەولەوی لە سەردەمی کۆمار، لـەم پێگەیـە دا بـڵاو کراوەتـەوە.. میـرزا محەمـەدی سـۆفی زادە [حـاجی دواتـر] لـە سـەردەمی کۆمـار دا لـە گـەڵ تەورێزسات و سەودای کردووە و تەجارەتخانەکەی لە مەهاباد لە سەرای کەریم خان بەنێوبانگ بووە.

تێبینی: ئەو وێنانە بە سپاسەوە لە دیواری ماڵی کاک ساکاری سۆفی زادە نەوەی حاجی محەمەدی سۆفی زادە لە فەیس بووک وەرگیراوە..

٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٩١ = ١٣ی فێبریوێری ٢٠١٣

## کاپیتان حەمەدی مەولوودی لە باکۆ



وێنەیەکی دیکەی کاپیتان حەمەدی مەولوودی کە دەبێ هەر لە هەمان بۆنەی وێنەی پێشوو دا هەڵگیرابێ.

**تێبینی**: سپاس بۆ کاکووریای مامڵێ بۆناردنی ئەم وێنەیە بۆ "وێنەی کۆماری کوردستان"

٢٣ی ڕێبەندانی ١٣٩١ = ١١ی فێبریوێری ٢٠١٣

## کاپیتان حەمەدی مەولوودی



کاپیتان محەمەدی مەلوودی (حەمەدی مەولوودە چرچی) لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان لە جەبهەی سەقز و سەردەشت.

### نووسینێکی کاپیتان حەمەدی مەولوودی لە ڕۆژنامەی 'کوردستان ' دا

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی: ٨٥، ٢١ی خەرمانانی ١٣٢٥ی هەتاوی = ١٢ی سێپتامبری ١٩٤٦

**لەمیرە دێ وە**
**سوپاس**

ئەمن محەممەدی مەولوودی بە خۆم و پێشمەرگەکانمەوە کە ماوەیەک بوو لە گوندی بەڵەجەڕ کارمان پێ

ئەسپێردرابوو، ئاغایانی بەڵەجەڕ مامەند ئاغا و فارس ئاغا و برایانی مامەند ئاغا هەمیشە بە بوونی ئێمە شاد و خۆشحاڵ بوون و هەموو ڕۆژێ دیدەنیان لێ دەکردین و دەیانگوت ئێمە بە نۆبەی خۆمان لە هیچ جوورە خۆ دەپێناوانێک کۆتایی ناکەین و ئامادەین بە ماڵ و گیان دە ڕێی ئازادی و پاراستنی ئاڵای موقەدەس و بە دوژمنایەتی ئیرتیجاع گیانبازی بکەین.دیسان ڕۆژی جێژنی ڕەمەزان تەواوی پێشمەرگەکانی بەڵەجەڕیان دیدەن کرد و جێژنە پیرۆزەیان لێ کردین.

لە بەرواری ٩ - ٦ - ٢٥ لە لایەن جەنابی پۆت پۆلکۆڤنیک مستەفا خۆشناو بە ئێمە ڕاگەیەندرا کە پۆستی بەڵەجەڕ بگوێزیینەوە بۆ میرە دێ. ئاغایانی بەڵەجەڕ بە گوێزینەوەی ئێمە زۆر غەمناک بوون و تا میرە دێ دەگەڵمان هاتن و بەڕێیان کردین.

کە چووینە پۆستی میرەدێ ئاغای ڕەسووڵ ئاغای جەوانمەردی هات بە پیرمانەوە و لە پۆستی میرەدێش دیدەنی لێ کردین و لە ماوەی چەند سەعاتان کە لە کنمان دانیشتن ڕەسووڵ ئاغا بە قورئانی مەجید سوێندی خوارد کە ئەمن بە نۆبەی خۆم ئامادەم دە ڕێی ئازادی و پاراستنی خاکی کوردستان و ئاژینی دەستووری پێشەوای مەحبووب دا لە هیچ جۆرە خۆدەپێناوانێک ڕوو وەرنەگێرم، پاشان دەستی لە ناو دەستی هەمووان نا و زۆر بە دڵخۆشی و شادمانی بە جێی هێشتین.

ئێمە ئەو ئاغایانە: ڕەسووڵ ئاغا، مامەند ئاغا، فارس و ساییرین بە کوردی نیشتمانپەرورەر دەزانین و زۆریان سوپاس و قەدرزانی لێدەکەین.

کاپیتان محەمەدی مەولوودی

تێبینی: ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە دیواری فەیس بووکی بەڕێز عەبدوڵای سەمەدی وەرگیراوە و بۆ یەکەمجار لە کتێبی 'نگاهی بتاریخ مهاباد ' لە نووسینی سەید محەمەدی سەمەدی دا چاپ کراوە. ئەم وێنەیە ئی سەر دەمی کۆمار نییە و ئی سالانی دوایی ژیانی نەمر حەمەدی مەولوودیی یە لە باکۆیە.

٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٩١ = ٠٣ی فێبریوێری ٢٠١٣

## وێنەیەکی کەم پێ زاندراوی پێشەوا قازیی محەمەد



وێنەیەکی پێ نەزاندراوی پێشەوا قازیی محەمەد. ئەم وێنەیە لە زنجیرەی ئەم وێنانەیە کە ئارچیبالد ڕوزڤێلت لە کاتی دیداری لە مەهاباد هەڵیگرتووە.ئەم وێنەیە لە حەوشەی سەرۆککۆماریتی لە مەهاباد لە ڕۆژی دووشەمۆ ١٦ی سێپتامبری ١٩٤٦ هەڵگیراوە. ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە "کوردستان فۆتۆ لایبرێری" وەرگیراوە.

٩ی ڕێبەندانی ١٣٩١ = ٢٨ی جانێوێری ٢٠١٣

## سەیفی قازی لە کیسلۆڤۆدسک لە باکووری قەفقاز





دوو وێنەی ژەنەڕاڵ مایور محەمەد حوسێنی سەیفی قازی لە دوایین سەفەری دا بۆ شووڕەوی. لە باکۆ وە چووە بۆ شاری کیسلۆڤۆدسک و لەوێ لە ٢٩ی سێپتامبری ١٩٤٦ی زایینی ئەم دوو وێنانەی گرتووە. ئەو شارە لە بەر ئاوی کانگا بە ناوبانگە وسەیفی قازی لە بەر ئێشی جومگە بە پێی ئامۆژگاری دوکتوران چووەتە وێندەرێ .ویلیام ئیگلتن جونییێر لە کتێبەکەی دا باسی ئەم سەفەرەی سەیفی قازی کردووە.ئەو کەسەی دیکەمان جارێ بۆ نەناسراوەتەوە.

**تێبینی:** ئەم وێنانە بەسپاسەوە لە ئارشیڤی کاک محەمەدڕەزای سەیفی قازی وەرگیراون کە لە فەیس بووک دا بڵاوی کردووەتەوە.

٣٠ی بەفرانباری ١٣٩١ = ١٩ی جانیۆیری ٢٠١٣

## ڕێژەیەک لە تەورێز




وەک لە وێنەکە دا دەبیندرێ ژمارەیەک لە سوارەکان جلوبەرگی کوردییان دەبەردایە و دەکرێ ئەم وێنەیە لە بۆنە و ڕێژەیەک لە تەورێز هەڵگیرابێ. وێنەکە بە سپاسەوە لە لاپەڕەی "پیشەوەری. تەبریز" لە فەیس بووک وەرگیراوە

١٨ی بەفرانباری ١٣٩١ = ٧ی جانیۆیری ٢٠١٣

## ساڵی: ٢٠١٤

### ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵا لە مەهاباد



ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئـاڵا لە مەهابـاد، ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتـاوی (١٧ی دیسـامبری ١٩٤٥) لەم وێـنەیە دا پێشەوا لە حاڵی وتە خوێندەنەوە دا دەبیندرێ .چەند وێنەی ئەم ڕێو ڕەسمە پێشتر لێرە دا بڵاو کراوەتەوە.

سەدیقی حەیدەری و غەنی خوسرەوی لەمبەر ئەوبەری ئاڵا ڕاوەستاون.

**تێبینـی**: ئەم وێـنەیە لە کتێبـی "وێنەکـان لە خۆیـان دەدوێـن، بەرگـی سێیەم، لاپەڕەی ٦٩، عەبـدولقادر سـابر وەرگیـراوە. ئەویش لە کەژاڵ حەمیدعەبـدولقادری وەرگرتـووە. بە سپاسـەوە وێـنە و شـەرحی لە دیـواری فەرەیـدوون حەکیم زادە لە فەیس بووکەوە ڕاگوێزراوە

٨ی بەفرانباری ١٣٩٣ = ٢٩ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## دوکتور سەمەدۆف ڕەئیسی نەخۆشخانەی شووڕەوی لە تەورێز



**ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، ژمارەی ٧٦،**
**سێشەمۆ ٢٢ گەلاوێژ ١٣٢٥ - ١٣ی ئووت ١٩٤٦**

**بیمارستانی شووڕەوی یا شەفاخانەی کوردان. دوکتور سەمەدۆف و خانمەکەی یا دایک و بابی بێماران**

**بە قەڵەمی جەنابی ژەنەڕاڵ سەیف قازی**

**دانیشتووانی نیشتمانی شووڕەوی هەموو چت و گشت هێزێکیان بۆ بەرز کردنەوە و نەجات دانی ئەفڕاد و کۆمەڵانی لێقەوماو لە نەخۆشی و دیلی و ئاشنا کردنی ئەوان بە شارستانییەت و سەرخستنی پایەی ژیانی میلەتە هەژارەکان بەخت دەکەن.**

**بۆ دانیشتووانی نیشتمانی شوورەوی هیچ شتێک بەرزتر و بەنرختر لە پەرەپێدان و سەرخستنی ژیان و لەشساغی نەوعی بەشەر نییە. بە کورتی ڕێژیمی شووڕەویش یەکە یەکە و کۆمەڵانی خەڵکی شووڕەویش کە لێنینی مەزن**

بەردی بناغەی دانا و ستالینی گەورە پەرەی پێدا بە بەرزکردنەوەی میلەل و نەتەوەی وەداکەوتوو و دەست گرتنی ئەو میلەتانە تێدەکۆشن کە لە قوڕاوی بەدبەختی و نەخۆشی و هەژاری دا دیل و لە تاوی چارەڕەشی دا تا ئەستۆ پێوە ببوون.

هەر لە بەر ئەم حوسنی نییەت و بە شەردۆستی یەیە کە بیمارستانی شووڕەوی لە ماوەی ٣ ساڵ و هەندێکدا خزمەتێکی پڕ نرخی بە نەخۆشان و هەژاران کردووە و تا ئەوڕۆ هەزاران ئەشخاسی نەخۆشی لە گیان بوردوویان لە مەرگ نەجات داوە و لە نێو شوعەباتی بیمارستانی شووڕەوی لە ئێران دا بیمارستانی شووڕەوی تەورێز بۆ موعالەجەی بێماران و نەجات دانی نەخۆشان لە مردن دەرەجەی هەوەڵی وەرگرتووە.

بیمارستانی شووڕەوی لە تەورێز لە بەر ئەوەی هاتوچۆی کوردستانی بە سەر دا هەیە، کوردستانیش چونکوو لە حەیسی بیهداری زۆر لە پاشە ناچارن بۆ موداوا و موعالەجە بە تەورێز موڕاجەعە بکەن خزمەتێکی زۆر زلی بە کوردان کردووە و تا ئەوڕۆ چەند سەد کوردی لە گیان بوردوو کە لە بەر سەختی مەرەز مەرگیان لە پێش چاوی خۆیان موحتەم دیوە لە مەرگ نەجات داوە و لە وەرگرتنی حەقی موعالەجە بێ ئەندازە موڕاعاتی هەژاران دەکەن.

بیمارستانی شووڕەوی لە تەورێز شەفاخانەی کوردانە. ئەو خزمەتەی بیمارستانی شووڕەوی لە تەورێز لە مودەیەکی کەم دا بە کوردانی کردووە بێ وێنەیە و تەواوی ئەو مووەفەقییەتە لە ئەسەر زانایی و هەوڵ و تێگەیشتنی پڕ دۆست و نەوع پەروەر ئاغای دوکتور سەمەدۆف ڕەئیسی بیمارستانی نێو براوە. ئەم شەخسە بە شەو و بە ڕۆژ تەواوی وەختی خۆی سەرفی خزمەت و چاوەدێری بێماران دەکا. ئاغای سەمەدۆف شەخسی خۆی جوزئییاتی وەزعییەتی بێماران لە حەیسی خۆراک و پۆشاک، مەنزل، تەختی خواب، ڕەختی خواب، لیباس. دەوا، موعالەجە، نەزافەت، ساردی و گەرمی مەنزڵ و هەر شتێک کە بۆ بێمار سوودی ببێ یا زەرەر بگەیێنێ ڕەچاوی گرتووە وچووکترین غەفڵەتێک لە بێماران ناکا.

ئەم شەخسە بۆ خزمەتی بێماران شەو و ڕۆژ نازانێ و بۆ ئەو وەختی ئیستراحەت و کار وەک یەکە، تەنیا ئەو وەختە و ئەو کارە لە بەرچاو ئەو دا ئەهەمییەتی هەیە کە بە قازانجی بێمار بێت. باوەڕم پێ بکەن پیاو خەیاڵ دەکا کە ئەساسەن ماندوو بوون لە وجوودی ئەم شەخسە فەعالە دا کار ناکا و یا وجوودی ئەو لە مادەیەک دروست کراوە کە دەگەڵ وجودی خەڵکی دیکە جیاوازە. خانمی ئاغای دوکتور سەمەدۆف لە خۆی کەمتر نییە. ئەو خانمە زانا و پڕ مێهر و محەبەتە لە تەواوی مەراحیلی پێ ڕاگەیشتن بە وەزعییەتی بێماران شان بە شانی مێردەکەی حازرە و بە ڕەفتار و کرداری پڕ مێهر و عاتیفەی خۆی نەخۆشان دەلاوێنێتەوە و بە ساغ و سلامەتی و شەفا ئومێدەواریان دەکا.بە ڕاستی ئەم دوو زاتە باوک و دایکێکن کە خودا بۆ نەخۆشانی ناردوون. لەو بێمارستانە دا لە

سەرچاوە
Serchawe

بەر چاو ئاغای دوکتور سەمەدۆف و خانمەکەی دا هەموو بێمارێک وەک یەک وان و هەموو بە نیهایەتی جیدییەت و بە نەزەری موساوات دەرمان دەکرێن. زۆردار و بێ زۆر، فەقیر و دەوڵەمەند لە کن وان هیچ فەرقیان نییە. ئەمن کە ئەم قسانە دەڵێم بە هەوا نییە، بەڵکوو جگەلەوە بۆخۆم چەندین جار بە چاو دیومە شەخسەن دەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە هەژارانی نەخۆشی کورد و عیدەیەک لە پێشمەرگەکانی بریندارى هێزی کوردستان دەو بیمارستانە دا موعالەجە دەکران هیچ شوعبەیەک لە بیمارستان نەبوو کە چەند کەس کوردی تێدا موعالەجە نەکرێ. بەڕاستی ئەو ئەهەمییەتەی کە بە موعالەجەی موهیمتەرین شەخس دەدرا بەچووکەتریشیان ئەو ئەهەمییەتە دەدرا. ئەساسەن دەوێدا هەژار و دەوڵەمەند و گەورەو چکۆڵە مەعنایەکی نییە و ئەوانەش هەموو لە بەر و بووی بەشەر دۆستی و نەوع پەروەری ئاغای دوکتور سەمەدۆف و خانمەکەی دەزانم، لە بەر ئەوە بە هۆی ئەم چەند کەلیمەیە سوپاسی بێ پایانی خۆم لە لایەن هەموو خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە لایەن پێشمەرگەکانی کوردستانەوە بەو دوو شەخسە نەوع پەروەر و بەشەر دۆستە کە میوەی باغی تەربییەتی لێنین و ستالینی مەزنن پێشکەش دەکەم و هومێدم وایە دەوڵەت و ئەفرادی میلەتەکانی ئیتیحادی شووڕەوی هەمیشە بە دەسەڵات و سەربەرز و دوژمن لە بەرانبەری ئەوان دا پەست و زەلیل بێت و خودا ئەو دۆست و میلەتە هەتاهەتایە پایەدار کا و بۆ خزمەت بە نەوعی بەشەر مووەفەق و پیرووزیان کات.

١١ی گەلاوێژی ١٣٩٣ = ٢ی ئاگۆستی ٢٠١٤

---


## برایم نادری جێگری وەزیری فەرهەنگی کۆماری کوردستان





آذربایجان

يشرلي تنقيد و تقدير




ئەم وێنەیە ئی چەند ساڵ بەر لە پێکهاتنی کۆمارە. برایم خان وێنەکەی پێشکەشی ئەندامێکی دیکەی ژێکاف سەید تاهیری هاشمی لە کرماشان کردووە و بە خەتی خۆی بۆی نووسیوە. دەستخەتەکەی لای چاپ ئی ڕەشید باجەڵان ە کە دۆست و هاوڕێی هەردووکیان بووە لە خانەقین.

سەرچاوە: محمد علی سلطانی، احزاب سیاسی و انجمن های سری در کرمانشاه، از فراموش خانه تا خانهء سیاه.
ئەمر مەنافی کەریمی لە سەرکردەکانی کۆماری کوردستان لە مەڕ برایمی نادری دەنووسێ:

"چوار مانگ لە حکوومەتی کوردستان تێپەڕیبوو و لەو ماوەیەدا کەموکورتی و کێشەی کاروباری پەروەردە تا ڕادەیەک بەلادا خرا، بەڵام ئیدارە کردنی مەدرەسەکان لە گەڵ ئەو هەموو حەولەش کە درابوو پێداویستی بە جیدییەتێکی زیاتر بوو، بۆ پێشگرتن لەوەی کارەکان نەکەونەوە سەریەک و کاری فەرهەنگی چەتی تێنەکەوێ ئاغای برایمی نادری م کردە جێگری [وەزارەت] ی فەرهەنگی کوردستان ناوبراو یەکێک لە لاوانی خوێندەواری کرماشانی و لیسانسی ئەدەبییات بوو، بەڕێزی لاوێکی زۆر هەڵسووڕاو و لە جێبەجێکردنی کارەکان دا جیدی بوو،

شەو و ڕۆژ بۆ دەمێکیش چییە لە پێڕاگەیشتن بە پێداویستییەکانی مەدرەسەکان تەنەخی نە دەکرد و ئەرکەکانی خۆی بە باشترین شیوە پێک دەهێنا و من بە فکری ئاسوودەوە بە کارەکانی دیکەی حیزبییەوە خەریک بووم".
( مەناف کەریمی ، یادداشتەکانی مەنافی کەریمی وەزیری فەرهەنگی کۆماری کوردستان، وێنووسی ڕوانگە، ٢٥ ژانڤییەی ٢٠١٢- ئەم یادداشتانە کە لە پەڕاوێزی کتێبی سەعید هومایون دا هاتوون حەسەن قازی لە فارسییەوە کردوویەتی کوردیی سۆرانی)

**٧ی گەلاوێژی ١٣٩٣ = ٢٩ی جوولای ٢٠١٤**

---

## دوگمەی یونیفۆرمی نیزامی لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا




وەجدی عوسمان جەمیل ئۆغلوو یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی جەمیل پاشای دیاربەکری بووە. قەدری جەمیل پاشا بەر لە سەفەری خۆی بۆ سەردانی کۆمار وەجدی ناردووە بۆ مەهاباد و ناو براو لەوێ لە ڕیزی هێزی پێشمەرگە لە مەهاباد و لە بەرەی سەردەشت خزمەتی کردووە. دوای ڕووخانی کۆمار لە گەڵ بارزانییەکان پاشەکشەی کردووە و لە پێک هەڵپڕژانێکدا لە گەڵ ئەرتەشی ئێران بریندار بووە، دواتر گەڕاوەتەوە سوورییە و لە ساڵی ١٩٩٦ لە نەخۆشخانەیەک لە تەورێز کۆچی دوایی کردووە.

سەرچاوە: ماڵمسانیژ، بنەماڵەی جەمیل پاشا دیاربەکری و کوردایەتی(وەرگێڕان لە تورکی یەوە)، چاپی دەزگای بیر،چاپی دووەم ، دیاربەکر ٢٠٠٧

٣ی گەلاوێژی ١٣٩٣ = ٢٥ی جوولای ٢٠١٤

## وێنەیەکی دیکەی پۆدپۆلکۆڤنیک حوسێنی زێڕینگەران (فرووهەر)



نەمر ئیبراهیم زەردەشت فروورهەر منداڵی گەورە و تاقە کوڕی حوسێنی فڕووهەر لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٠ بە

ڕێگای فەیس بووک دا ئەو پەیامەی خوارەوەی بۆ من ناردبوو، بەداخەوە ئیبراهیم فرووهەر لە ١٤ی جولای ساڵی ٢٠١١ لە شاری دۆرتمۆند ی ئەڵمان ماڵاویی لە ژیان کرد و هەر لەو شارە نێژراوە. نەمر لەو هەموو ساڵانە دا لێپرسراوانە ئارشیوی وێنەی باوکی پاراست.

**Biray xoşewîst kak Hesenî Qazî**

**Le bîrewerî êwe le barey byogirafî bawkim (Husên Furuher) her çend be kem u kurtîş bê zor zor sipasû lê dekem u diyare nêwî le bîr însanhayî berêz u muheqîq neço u car car ya debîsim ya dexwênimewe u debînim bew core bîrewerî lê dekrê u eweş bo min cêy şanazî ye. Le zehmetekanî êwe bew boneye qedirdanî u supasî lê dekem. Hîwam .waye lej iyantan da hemîşe serkewtû, muwefeq bin. Sax u silametî êwe arezû dekem**

**Ibirahîm Furuher**

**î December-î 2010-25**

**برای خۆشەویست کاک حەسەنی قازی**

لە بیرەوەری ئێوە لە بارەی بیۆگرافی باوکم (حوسێن فرووهەر) هەر چەند بە کەم و کورتیش بێ زۆر زۆر سپاسوو لێ دەکەم و دیارە نێوی لە بیر ئینسانهایی بەڕێز و موحەقیق نەچۆ و جار جار یا دەبیسم یا دەخوێنمەوە و دەبینم بەو جۆرە بیرەوەری لێ دەکرێ و ئەوەش بۆ من جێی شانازی یە. لە زەحمەتەکانی ئێوە بەو بۆنەیە قەدردانی و سوپاسی لێ دەکەم. هیوام وایە لەژیانتان دا هەمیشە سەرکەوتوو، مووەفەق بن. ساخ و سلامەتی ئێوە ئارەزوو دەکەم.


ئیبراهیم فرووهەر

٢٥ی دیسامبری ٢٠١٠

٢١ی جۆزەردانی ١٣٩٣ = ١١ی جوولانی ٢٠١٤

## حوسێن زێڕینگەران لەگەڵ ئەو منداڵانەی لە مەکتەبی گەلاوێژ دەبەر خوێندنی نان و چەندێک لە پێشمەرگە و هاوکارانی





ئەمە وێنەی رۆژی افتتاحی ئەم مکتبە گەلاوێژە کە ناونرابوو لەطرف
هیئتی حزبی دموکراتی کوردستان لە سنەی ١٩٤٦ لە کاتی
بە مدرسە خوێندن کردنەوە دەستە ... شوانیم دەدا
٢٥/١/١٥

**ئەم وێنە بە بۆنەی حەتووی زمانی کوردی لە باکووری کوردستان بۆ جاری یەکەم بڵاو دەکرێتەوە**

**تێبینی:** حوسێن فرووهەر (زێڕینگەران) بە دەسخەتی خۆی شەرحی بۆنەی هەڵگیرانی وێنەکەی لە پشتی نووسیوە. دەکرێ ئەوە بەروارەی دواتر نووسیبێ. چونکە باسی کۆ کردنەوەی منداڵەکان و دەبەر خوێندنیان لە "مەکتەبی

گەلاوێژ" زووتر لەو بەروارەی زێڕینگەران لە پشتی وێنەکەی نووسیوە وەک لەخوارەوە دەبینن لە ڕۆژنامەی کوردستان دا چاپ کراوە. لەوێنەکە دا زێڕینگەران لە ریزی پشتەوە لە ڕاستەوە کەسی دەهەمە (شەدەی ڕەشی لە سەرە و دەستی لە سەر شانی دوو لە منداڵەکان داناوە). ئەو وێنەیە بە سپاسێکی زۆر لە لایەن بنەماڵەی بەڕێزی فرووهەرەوە بۆ ئەم ماڵپەرە ناردراوە. جێی سەرنجە وێنەیەکی دیکەی کە هەر لەم بۆنەیە دا هەڵگیراوە پێشتر لە" وێنەی کۆماری کوردستان" دا بڵاو کراوەتەوە.

ئەو وێنەم ڕۆژی ئیفتیتاحی ڕەسمی مەکتەبی گەلاوێژ کە مەئموورییەتم لە تەرەف هەیئەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەیە منداڵە حەماڵەکانم بۆ مەدرەسەی خڕەکردنەوە و تەحویلی شارەوانیم دەدا.

۱۵ - ۱ - ۲۵

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ۱، ساڵی یێکەم، پێنجشەمۆ ۲۰ - ۱۰ - ۱۳۲٤ - ۱۱ی ژانوییەی ۱۹٤٦

کۆبوونەوەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان ژمارە: ۳۲



ڕۆژی چوارشەمۆیە ۱۲ - ۱۰ - ۲٤ جەلەسەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان ساتی دووی پێش (پاش) نیوەڕۆ گیرا لە بابەت مەکتەب و دانانی دوو نەفەر پشکنێر بۆ مەکتەبەکان گفتوگۆی لازم کرا.ئاغایانی عەلی خوسرەوی و ڕەحیم

لەشکری بۆ پشکنێری هەڵبژێردران و حوکمیان سادر کرا.

١- وە قەرار درا ئەو منداڵانەی بێ کەسن وە بە سواڵ مەشغووڵن کۆ بکرێنەوە لە ناو میللەت دا بەش بکرێن وە ڕۆژانە لە مەکتەبی گەلاوێژ بخوێنن و بۆ خرکردنەوەی ئەو هەژارە بێ کەسانە بە شارەوانی ئەمر درا کە خریان کاتەوە وبیان دەست ئاغایانی حوسێن فرووهەر و مەنافی کەریمی و ئەوانیش بە نێو میللەت دا بەشیان کەن.
٢- بە ئەکسەرییەتی ئارا پەسند کرا ئاغایانی فرووهەر و کەریمی خەڵکی بێسەواد حازر کەن کە شەوانە لە مەکتەب دا بە زمانی کوردی بخوێنن.
٣- پەسند کرا هەموو نیشانە (تابلۆ)ی ئیداران و مەکتەب و تەجارەتخانان و عیمارەتان بگۆڕن بە کوردی بنووسرێ.
٤- پەسند کرا کە ئەو منداڵانەی کۆ دەکرێنەوە تەمەنیان لە شەش تا چاردە ساڵان زیاتر نەبێ.
٥- لە ئاخری جەلەسە دا پەسند کرا کە جەلەسەی دیکە جووری لیباسی شاگرد مەکتەبەکان مەعلووم کرێ.

٢٣ی بانەمەڕی ١٣٩٣ = ١٣ی مای ٢٠١٤

## پۆدپۆلکۆڤنیک حوسێن فرۆهەر و بنەماڵەی





تێبینی: ئەم وێنەیەی حوسێنی زێڕینەگەران و کوڕەکەی ئیبراهیم زەردەشت فڕووهەر بۆ جاری یەکەم بڵاو دەکرێتەوە. وێنەی یەکەم پێشتر لە "وێنەی کۆماری کوردستان" دا بڵاو کراوەتەوە. زۆر سپاس بۆ بنەماڵەی ڕەحمەتی ئیبراهیم فرووهەر بۆ ناردنی ئەو وێنە بەنرخانە!

١٩ی بانەمەڕی ١٣٩٣ = ٩ی مای ٢٠١٤

---

## ڕۆژی شەهید بوونی یازدە شەهیدەکەی کۆماری کوردستان لە شاری سەقز ڕوون بووەوە

ڕوون بووەوە ئەنوەر سوڵتانی

١٦ - ١١ - ١٣٢٥ی هەتاوی = ٥ - ٢ - ١٩٤٧ی زایینی

سێ چوار ساڵێک پێش ئێستا وتارێکم سەبارەت بە شەهیدانی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) نووسی و هەوڵمدا ڕۆژی شەهادەتی ئیعدامییەکان کە سەرجەم ١٩ کوردی ڕۆژهەڵات و ٤ ئەفسەری باشووری کوردستان بن، دەست نیشان بکەم.

١- ڕۆژی ئیعدامی نەمران پێشەوا و سەیف و سەدری قازی لە هەمووان ڕوون بوو و دەزانرا لە ١٠ - ١ - ١٣٢٦ بەرانبەر لەگەڵ ٣١ - ٣ - ١٩٤٧ دا لە داری بێداد دراون. کوردانیش هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا لە کوردستان و گەلێک شوێنی جیهان بەو بۆنەیەوە ڕێ وڕەسمی یادکردنەوە بەڕێوە دەبەن؛

٢- لە سەر ڕۆژی ئیعدامی چوار ئەفسەرە شەهیدەکەی مەهاباد واتە نەمران حامید مازووجی، محەممەد نازمی، ڕەسووڵ نەغەدەیی و عەبوڵڵا ڕەوشەن فیکریش هاودەنگی هەبوو. ئەوان ڕاست هەفتەیەک دوای شەهید بوونی پێشەوا و سەیف و سەدر، واتە لە ١٧ - ١ - ١٣٢٦ بەرانبەر لەگەڵ ٧ - ٤ - ١٩٤٧ دا، لە مەهاباد ئیعدام کرابوون؛

٣- چوار ئەفسەرە قارەمانەکەی باشووریش واتە نەمران مستەفا خۆشناو، محەممەد خەیروڵڵا، محەممەد مەحموود قودسی و عیزەت عەبدولعەزیز کە لە سوپای کۆماردا خەباتیان کرد و دوای هەرەس هێنانی کۆمار گەڕانەوە

باشوور، حکوومەتی عیراق لە ڕۆژی ٢٩ - ٣ - ١٣٢٦ کە دەکاتە ١٩ - ٦ - ١٩٤٧ لە بەغدا ئیعدامی کردن و تەرمی پیرۆزیان برایەوە باشووری کوردستان و بە ڕێزی تایبەتی خەڵکەوە لە شارەکانی کوردستان نێژرا، دەیان سەرچاوەش بۆ ڕێکەوتی ئەو ڕووداوە هاودەنگن؛

٤- نەمر عەلی بەگی شێرزاد (یەکشەوە)، لە بۆکان لە داری بێداد درابوو و ڕۆژی ٢٥ - ١١ - ١٣٢٥ وەک ڕۆژی شەهید بوونەکەی بەڕوونی لە سەر کێلی گڵکۆی پیرۆزی نووسراوە وە دەکاتە ١٤ - ٢ - ١٩٤٧ (بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە بەندی - خ - لە خوارەوەتر).

٥- ئەوەی دەمایەوە ١١ شەهیدەکەی سەقز بوون. سەبارەت بەوان بەداخەوە سەرچاوەکان هاودەنگ نین و من لە وتارەکەمدا دەست نیشانی زیاد لە ١٠ سەرچاوەم کر دبوو کە هەرکام ئاماژە بە ڕۆژێک و مانگێک دەکەن و ڕێکەوتەکانیش بەگشتی لە دەوری ٢٥ی مانگی یازدە یان ٢٥ ی مانگی دوازدەی ساڵی ١٣٢٥ دەسووڕێنەوە.

ئەوەدەم سەرەڕای وتوویژ کردن لەگەڵ چەند کەس، نامە نووسین بۆ چەند کەسی دیکە و پشکنینی ئەو کتێب و سەرچاوانەی وا لێرە لە دوورەوڵاتی لەبەر دەستمدا بوون، نەمتوانی بە ووردی ڕۆژی ئیعدامی ١١ شەهیدەکەی سەقز دیاری بکەم. ئەوە وەک گرێ لە سەر دڵم مابوو تائەوەی لەم ڕۆژانەدا بڕیارم دا پەنا بەرمە بەر ڕۆژنامەکانی ئەو ساڵەی تاران بۆئەوەی بزانم لە کامیاندا هەواڵێک سەبارەت بە ڕووداوەکە بڵاو بۆتەوە. لە ڕۆژانی ٢ و ٣ی ئەم مانگەدا واتە مانگی چواری ٢٠١٤ چووم بۆ بە شی ئاسیا و ئەفریقای کتێبخانەی بریتانیا (بریتیش لایبرێری) لە لەندەن. نوسخەی ئەسڵیی ئەو ڕۆژنامانەی وا لە کتێبخانەکە ڕاگیراون پێشتر لە بینایەیەک بوون لە ناوچەی "کۆلیندڵ" ی لەندەن و دەست ڕاگەیاندنیان هاسان بوو بەڵام ئێستا ڕاگوێزراونەتە دەوروبەری ساری لیدز لە ناوچەی "یۆرک" ی بریتانیا، کە مەسافەیەکی زۆر لە لەندەنەوە دوورە، بینایەی سەرەکی کتێبخانەکە لە لەندەنیش تەنیا مایکرۆفیلمی ڕۆژنامەکانی تێدا ڕاگیراوە.

هەرچۆنێک بێت، ویستم لە مایکرۆفیلمەکانی لەندەنەوە دەست پێ بکەم. یەکەم ڕۆژنامە کە سۆراغم دەکرد هەواڵەکەی بڵاو کردبێتەوە ڕۆژنامەی "اطلاعات" ی چاپی تاران بوو. سێ نوسخەی مایکرۆفیلمی ئەو ساڵانەم وەرگرت و پێیاندا چوومەوە تا ئەوەی لە هەواڵەکانی مانگی ١٠ و ١١ی ١٣٢٥ی ئێرانی واتە مانگی یەک و دووی ساڵی ١٩٤٧ دا تووشی هەواڵێکی زۆری ئازەربایجان و کوردستانی ئەو ڕۆژانە هاتم و لە ئەنجامدا ئەوەی وا بە شوێنیدا دەگەڕام دۆزیمەوە!

ڕۆژنامەی ئیتیلاعاتی ڕۆژی ١٦ - ١١ - ١٣٢٥ بەرانبەر بە ٦ - ٢ - ١٩٤٧ (ساڵی ٢١، ژمارە ٦٢٦٩) لە لاپەڕەی

کۆتایی و بەشی "خبرهای کشور" دا ئەم هەواڵە تێلگەرافییەی لە زمان هەواڵنێری ڕۆژنامەکە لە سەقزەوە بڵاو کردۆتەوە: "قاتلین مرحوم سرلشکر امین و مسببین غارت بانه اعدام شدند"، بە شوێنیدا نووسیویە "سقز ١٦ بهمن" و دوای شەرحێکی سەرتاپا درۆ و بوختان، ناوی ١١ شەهیدەکەی ڕاگەیاندووە و لە کۆتاییدا نووسیویەتی "سەعات ٥ی بەیانی چوارشەممە بڕیاری دادگا [لەمەڕ ئەو ١١ کەسە] بەڕێوە برا و بە داری سزا دا هەڵاوەسران". بەم پێیە، گومانێکم نەما کە ڕۆژی ئیعدامی شەهیدە قارەمانەکانی سەقز، چوار شەممە ١٦ - ١١ - ١٣٢٥ بەرانبەر لەگەڵ ٦ - ٢ - ١٩٤٧ بووە.

با لە پێشدا دەقی هەوالی ڕۆژنامەکەکە بە فارسی لێرەدا بنووسمەوە و پاشان بیکەم بە کوردی، ئینجا کۆپی لاپەڕەی ڕۆژنامەکەش بخەمە بەر چاو:

"قاتلین مرحوم سرلشکر امین و مسببین غارت بانه اعدام شدند

تلگراف مخبر ما از سقز

سقز ١٦ بهمن- ٥ سال قبل، سرلشکر محمود امین و عده‌ای از سربازان رشید در راه استقرار امنیت در سقز شهید شدند.

دیروز صبح اهالی سقز بر دارهائی که در میدان شهر جلو شهرداری برپا گردیده بود، اجساد کسانی را آویخته دیدند که در شهادت مرحوم سرلشکر امین و آتش زدن بانه و غارت دهات دست داشتند و ٥ سال تمام آسایش و امنیت منطقه کردستان را بهم زده بودند.

دادگاه نظامی زمان جنگ که در سقز تشکیل گردیده بود، احمد فاروقی - محمد دانشور - عبدالله متین - علی جوانمردی - رسول محمودی - احمد شجاعی - شیخ صدیق اسعدی - شیخ امین اسعدی - مقدم - حسن فیض الّله بگی - کانی نیازی - علی فاتح - محمود فیض الله بگی را باتهام قیام مسلحانه علیه امنیت کشور محکوم باعدام نمود.

ساعت ٥ صبح روز چهار شنبه رأی محکمه بمورد اجرا گذاشته شد و افراد نامبرده بدار مجازات آویخته شدند."

وەرگێڕاوی کوردیی دەقە فارسییەکە:

"بکوژانی خوالێخۆشبوو سەرلەشکر ئەمین و سەبەبکارانی تالآنی بانە ئیعدام کران
تێلگەرافی هەواڵنێرمان لە سەقزەوە

سقز، ١٦ی ڕێبەندان - ٥ ساڵ پێش ئێستا سەرلەشکر مەحمود ئەمین و ژمارەیەک لە سەربازانی ئازا لە پێناو مسۆگەر کردنی ئاسایشدا لە سەقز شەهید بوون.

دوێنی بەیانی دانیشتووانی سەقز بە سەر ئەو دارانەوە وا لە گۆڕەپانی شارەکە لە بەردەم شارەداریدا هەڵکرابوون، تەرمی ئەو کەسانەیان بە هەلاوەسراوی بینی کە لە شەهید کردنی خوالێخۆشبوو سەرلەشکر ئەمین و ئاگر تێبەردان و تالآنی بانە و چەپاوکردنی گوندەکاندا دەستیان هەبوو و ٥ ساڵی ڕەبەق هێمنایەتی و ئاسایشی ناوچەی کوردستانیان تێکدابوو.

دادگای نیزامیی سەردەمی شەڕ کە لە سەقز پێک هاتبوو، ئەحمەد فارووقی- محەممەد دانشوەر- عەبدوڵڵا مەتین- عەلی جەوانمەردی - ڕەسووڵ مەحموودی - ئەحمەد شوجاعی - شێخ سدیق ئەسعەدی - شێخ ئەمین ئەسعەدی - موقەددەم - حەسەن فەیزوڵڵابەگی - کانی نیازی - عەلی فاتیح - [و] مەحموود فەیزوڵڵابەگی بە تۆمەتی ڕابوونی چەکدارانە دژ بە ئاسایشی وڵات بە ئیعدام مەحکووم کرد.

سەعات ٥ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە، بڕیاری دادگا بەڕێوە برا و ناوبراوان بە داری سزا دا هەڵواسران."

## هەندێک ڕوونکردنەوە:

ئا. ئەوە شێوازی هەمیشەیی حکوومەتەکانی ئێرانە بە ڕژیمی پەهلەوی و ئیسلامییەوە، کە تۆمەت و تاوان و بوختان بۆ خەڵکانی ئیعدامی هەڵدەبەستن بۆ ئەوەی پاساوی کردارە نامرۆڤانەکەیان بدەنەوە، دەنا شێخ سدیقی ئەسعەدی چی و کووژرانی سەرلەشکر ئەمین لە شەڕدا چی، نەک هەر ئەویش بەڵکوو هەموو ئەو شەهیدانەی تر.

یان ئاگرتێبەردانی بانە، ئەگەر بووبێت، دەبێ لە پەیوەندی حەمەڕەشیدخانی بانەدا باسی لێوە بکرێت نەک کۆماری کوردستان وئەو کەسانە.

ب. ئەو ٥ ساڵەی وا لە هەواڵەکەدا گوتراوە، ساڵانی شەڕی دووهەمی جیهانین کە سوپا خاوێنەکەی ڕەزاشا "بە بڵاوبوونی دووپەڕ ئاگاهی" بڵاوەی کردبوو و ناوچەکانی باکووری ئێران بە موکریان و ئازەربایجانەوە کەتبووە ژێر

کۆنترۆڵی لەشکری سووری یەکیەتی سۆڤیەتەوە. لە هەموو ئەو ماوەیەدا کورد و ڕێبەرە بەوەجەکانی، ناوچەکەیان بەوپەڕی هێمنایەتییەوە بەڕێوەبردبوو تاوەکوو دوای گەڕانەوەی هۆردووی سوور، ئەرتەشی هەڵاتووی ئێران لە کونەمشکەکانیان هاتنەوە دەرێ و گەڕانەوە سەربازگەکان، ئینجا ژەنەڕاڵە هەڵاتووەکان دووبارە بەربوونەوە گیان و ماڵی خەڵک و بەم ئیعدامانەش وەڵامی ئەو کەسانەیان دایەوە کە لەو ٥ ساڵەدا ئاسایشی ناوچەکەیان پاراستبوو؛

پ. کووژرانی سەرلەشکر مەحموود ئەمین دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی ١٨ - ١١ - ١٣٢٠ (٧ - ٢ - ١٩٤٢). ناوبراو فەرماندەی ئێرانیی لەشکری کوردستان بوو و لە شەڕ لەگەڵ هێزی حەمەڕەشیدخانی بانە (قادرزادە) دا لە سنەوە گەیشتە دیواندەرە و پاشان سەقز بەڵام لەوێ چەند کەسێک تەقەیان لێکرد و کووژرا. هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە کەسێک لەو یازدە شەهیدە بەرپرسی ئەو تەقە لێکردنە بووبێت. شەڕ یان تاڵان یان ئاگر تێبەردانی بەشێک لە شاری بانەش پەیوەندی بەوانەوە نەبووە و لە هەواڵی نێرراو بۆ ڕۆژنامەکەدا ئەو تۆمەتانەیان بە ناڕەوا بۆ هەڵبەستراوە. سوپای ئێرانی جگە لە هەستی تۆڵە سەندنەوە لە ڕێبەرانی کورد، بە ئاشکرا دەیانویست هێزی خۆیان بنوێنن و چاوترسێنی خەڵکیش بکەن؛ ئەو کارە چەپەڵەیان لە ئازەربایجانیش بەڕێوە بردبوو.

ج. هەواڵەکە بەناوی هەواڵنێری ڕۆژنامەکە لە سەقزەوە نێرراوە، بەڵام بە ئەگەری زۆرەوە بەرپرسانی سوپایی ئێران لە سەقز نووسیویانە و داویانەتە دەست هەواڵنێر بینێرێت بۆ ڕۆژنامەکە. ئەوەش بەو ڕاستییەدا دەردەکەوێت کە نووسراوەکە لە چوارچێوەی هەواڵی ڕووداوی ئەو ڕۆژە چۆتە دەرێ و مێژوولکەیەکی بۆ ئیعدامییەکان تێدا هەڵبەستراوە کە هەواڵنێری هەژار نە زانیویەتی و نەتوانیویەتی شتی وا بداتە پاڵ کەسانێک کە هیچ پەیوەندییەکیان بە مەسەلەکانەوە نەبووە. ئەوە بەرپرسانی سوپایی و لە ڕاستیدا قاتڵانی ئەو ١١ شەهیدەمانن کە کردەوەی وایان داونەتە پاڵ و دیارە لە سەر بنەمای هەر ئەو تۆمەتانەش مەحکوومیان کردوون؛

چ. ناوەکانی ناو ڕۆژنامەی ئیتیلاعات هەمان ١١ ناون کە هەموومان دەیانناسین، بەڵام وەک لە کۆپی لاپەڕەی ڕۆژنامەکەشدا دەبینرێت، ناوی "شیخ امین اسعدی- مقدم" وەک دوو بەش و دوو کەس نووسراوە و بە هەمان شێوە، ناوی "حسن فیض الله بەگی- کانی نیاز" یش. ئەوانە ئیتر هەڵەی تایپ و نووسینی ڕۆژنامەکەن و ئەگەر ئەو کێشەیە نەگرینە بەرچاو، ناوەکان هەمان ناوی یازدە شەهیدە سەرفرازەکەی سەقزن؛

ح. لە نووسینی ناوەکاندا یەکدوو هەڵەی دیکەش دەبینرێت: مەحموود فەیزوڵلابەگی دەبێ محەممەخانی فەیزوڵلابەگی بێت؛ ناسناوی موقەددەمیش دوای ناوی شێخ ئەمین ئەسعەدی بۆ من نەناسراو و نەزانراوە گەرچی واهەیە لە ناسنامەی فەرمیی شەهید دا ئەو زیادییەش هەر بووبێت و سەرچاوە کوردییەکان باسیان نەکردبێت؛

خ. لەبەر ڕووناکایی ئەو هەواڵە، پرسیارێک لەمەڕ ڕۆژی ئیعدامی شەهید عەلی بەگی شێرزاد (یەکشەوە) سەر هەڵدەدات: لە سەر کێلی گڵکۆی پیرۆزی عەلی بەگ بە بێ پێچ و پەنا ڕۆژی ٢٥ - ١١ - ١٣٢٥ بۆ ڕۆژی شەهید بوونی ڕاگەیێنراوە.

ئایا عەلی بەگ ٩ ڕۆژ دوای یازدە شەهیدەکەی سەقز لە بۆکان ئیعدام کراوە؟ هیچ سەرچاوەیەک ڕاینەگەیاندووە کە عەلی بەگ ٩ ڕۆژ دوای ئیعدامەکانی سەقز زیندوو بووبێت؛ بۆ نموونە، نەمر میرزا حەمەڕەئووفی خەیات (ڕەئووف مەلاحەسەن) کە لە بیرەوەرییە هێشتا چاپ نەکراوەکەیدا دەڵێ لە ڕۆژانی پێش ئیعدامدا ڕاستەوخۆ سەردانی عەلی بەگ و گیراوەکانی دیکەم لە زیندانی ماڵی ڕەشیدە سوور لە بۆکان کردووە. ئایا ڕووداوەکان هەر وا ڕابردوون و عەلی بەگی شێرزاد تا ڕۆژی ٢٥ی ئەو مانگە لە ژیاندا بووە یان نووسەرانی کێل هەڵەیەک بە قەڵەمیاندا هاتووە کە ئەگەر واش بێت زۆر سەمەرە نییە لەبەر ئەو ڕاستییەی کە تەرمی پیرۆزی عەلی بەگ دوو جار گوێزراوەتەوە و بۆ جاری سێهەم لە خانەقای بورهان ئەسپەردە کراوە کە ئەو کێلەش بۆ ئەو مەنزڵە نوێیەی نووسراوە.

------

بە کورتی، ژمارە و ڕێکەوتی ئیعدامییەکانی کورد، دوای هەرەسی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) بە شێوەی خوارەوەیە:

سەرجەم ٢٣ کەس (١٧ کوردی ڕۆژهەڵات و ٤ کوردی باشوور) لە ماوەی چوار مانگ و ١٣ ڕۆژی ساڵی ١٩٤٧ واتە نێوان ١٦ - ١١ - ١٣٢٥ ی هەتاوی (٢٩ - ٣ - ١٩٤٧) بە شێوەی خوارەوە:

یەکەم ئیعدامەکان لە ڕۆژی ١٦ - ١١ - ١٣٢٥ = (٠٥ - ٠٢ - ١٩٤٧) لە شاری سەقز بەڕێوە براوە و تێیدا ئەم ١١ ڕۆڵە نەمرەی گەلەکەمان لەدار دراون:

١- ئەحمەدخانی فارووقی،
٢- عەبدوڵلاخانی مەتین،
٣- محەممەدخانی دانیشوەر،
٤- محەممەدخانی فەیزوڵلابەگی،
٥- حەسەن خانی فەیزوڵلابەگی،

٦- عەلی خانی فاتیح،
٧- ئەحمەدخانی شەجیعی،
٨- ڕەسووڵ ئاغای مەحموودی،
٩- عەلی ئاغای جەوانمەردی،
١٠- شێخ سدیقی ئەسعەدی
١١- شێخ ئەمینی کەسنەزانی.

ئیعدامی دووهەمجار لە ڕۆژی ٢٥ - ١١ - ١٣٢٥ = (١٤ - ٠٢ - ١٩٤٧) لە سەر حەوزە گەورەی بۆکان بووە کە یەک کەسی تێدا لە دار دراوە:

نەمر عەلی بەگی شێرزاد (یەکشەوە).

سێهەم دەستەی ڕێبەرانی کورد لە ڕۆژی ١٠ - ٠١ - ١٣٢٦ = (٣١ - ٠٣ - ١٩٤٧) لە مەهاباد ئیعدام کراون و وەک هەمووان دەزانین، بریتی بوون لە ٣ ڕێبەری مەزن:

١- پێشەوا قازی محەممەد،
٢- محەممەد حوسەین خانی سەیفی قازی
٣- میرزا ئەبولقاسمی سەدری قازی (صدر الاسلام).

چوارەم دەستەی ئیعدام کراوەکان ٤ ئەفسەری کورد بوون کە لە ڕۆژی١٧ - ١ - ١٣٢٦ بەرانبەر لەگەڵ ٠٧ - ٠٤ - ١٩٤٧ دا لە شاری مەهاباد لە دار دران، نەمران:

١- حامید مازووجی.
٢- محەممەد نازمی.
٣- ڕەسووڵ نەغەدەیی.
٤- عەبوڵڵا ڕەوشەن فیکر.

پێنجەم دەستەی ئیعدام بووان بریتی بوو لەو چوار ئەفسەرە کوردەی وا لە باشووری کوردستانەوە هاتبوونە ناو

سوپای کۆمار و دوای هەرەسی کۆمار گەڕابوونەوە باشووری کوردستانی ژێر حوکمی دەولەتی عیراق. هەر چوار ئەفسەرە قارەمانەکە لە ڕۆژی ٢٩ - ٣ - ١٣٢٦ دا بەرانبەر بە ١٩ - ٠٦ - ١٩٤٧ لە بەغدا ئیعدام کران و تەرمی پیرۆزیان برایەوە کوردستان و ئەسپەردەی خاکی خۆشەویستیان کرا. ناوی ئەفسەرە گیانبازەکان بەم شێوەیە بوو:

١- مستەفا خۆشناو.
٢- محەممەد خەیروڵڵا.
٣- محەممەد مەحموود قودسی.
٤- عیزەت عەبدولعەزیز.

## لە خوێندنەوەی هەواڵەکانی ڕۆژنامەی ئیتیلاعاتدا سەرنجم دایە خاڵێکی گرنگ:

لە ڕۆژانی پێش ئیعدامی ئەو ١١ ڕۆڵەیەی گەلی کورددا، بەرپرسانی سوپایی ڕژێمی شا تاقمێک سەرەک عەشیرە و خاوەن ملک و شێخ و مەلای هەڵبژاردەیان لە شارەکانی کوردستانەوە بردبووە تاران کە هەندێکیان لە دژبەرانی کۆمار و لایەنگرانی ڕژێم بوون و لەوێ، دەیانبردنە لای شا، سەرۆکی ستادی ئەرتەش و ئەفسەرانی لەشکری یەک و لەشکری دوو بۆ ئەوەی زیاتر لە خۆیان نزیک بکەنەوە و بەهێزبوونی ئەرتەشی ئێرانیان بخەنە بەرچاو- ئەرتەشێک کە چەند ساڵ پێشتر لە بەرانبەر دوژمن هەڵاتبوو و پێشەوا لە ماوەی دادگا فەرمایشتییەکەدا تانەی ترسەنۆکی لە ئەفسەرەکانی دابوو. هەواڵ و وێنەی ئەو چاوپێکەوتنانە لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی ئیتیلاعاتدا ڕەنگیان داوەتەوە و من هەوڵ دەدەم لە درێژەی ئەم بابەتە یان لە وتارێکی سەربەخۆدا کۆپی هەواڵەکان بهێنم، بەڵام دەبێ بڵێم کۆپییەکانی من لەبەر مایکرۆفیلم هەڵگیراون و کەیفییەتێکی زۆر خراپیان هەیە بە تایبەت وێنەکان هیچ چەشنە کەڵکێکیان نییە، تەنانەت من پێش کۆپی کردنیش ئەستەم توانیم تەنیا یەک دوانێکیان ئەویش بەلێڵی ببینم، گەرچی شەرحی ژێر وێنەکان ڕوونکەرەوەی زۆر شتن.

بۆ نموونە، ئەرتەش و حکوومەتی ئێران ڕاست لە دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژی چوارشەممە ١٦ - ١١ - ١٣٢٥ دا کە سەر لەبەیانییەکەی لە سەقز ١١ ڕۆڵەی گەلی کوردیان ئیعدام کردبوو، بەشێک لەو تاقمە هەڵوێست چەوتە، واتە شێخ و مەلا و سەیدەکان دەباتە بەردەم شا و ئەویش ئەنگوستیلەیەکی بڕیلیان خەڵاتی هەرکامێکیان دەکات. ئەو قسەیەی من پشت ئەستوورە بە هەواڵێکی ڕۆژنامەی ئیتیلاعات لە هەمان ڕۆژی ١٧ - ١١ - ١٣٢٥ و لە هەمان ئەو لاپەڕەیەدا کە هەواڵی ئیعدامی ١١ کەسەکەی سەقزی تێدا نووسراوە. لە درێژەی ئەم وتارەدا، کۆپی ئەو لاپەڕەیەی ڕۆژنامەکەش دادەنێم؛

دەقی فارسی هەواڵی ڕۆژنامەکە سەبارەت بە برانی ئەو تاقمە بۆ بەردەم شا، بەم شێوەیەی خوارەوەیە و لە سەر پەڕەی ڕۆژنامەکەشدا تەنیا یەک هەواڵ کەوتۆتە نێوان ئەو و هەواڵی ئیعدامەکان. من بۆ هاسانکاریی، بازنەیەکم بە دەوری هەردوو هەواڵەکەدا کێشاوە:

"تفقدات شاهانه

در ساعت پنج و نیم بعداز ظهر روز چهارشنبه ١٦ بهمن، چند نفراز مشایخ و سادات کرد بوسیله آقای سرهنگ گیلانشاه رئیس رکن دوم ستاد ارتش برای شرفیابی بحضور ملوکانه بکاخ اختصاصی هدایت و مورد تفقد و عنایت ملوکانه واقع و هریک از آقایان بدریافت یک حلقه انگشتر برلیان عطیه ملوکانه قرین افتخار گردیدند، در ساعت ١٨ مرخص و اوامر ملوکانه اینطور شرف صدور یافت که نسبت به عبدالرحیم شمس الدینی از مشایخ مهاباد و قاضی مکری که کسالت دارند، از طرف ارتش در بیمارستان نظامی نهایت مراقبت و پرستاری بعمل آمده و همراهی و مساعدت شود."

وەرگێڕاوی کوردی: "دڵجۆییە شاهانەکان

کاتژمێر پێنج و نیوی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ١٦ی ڕێبەندان [٥ی ١٣٢٥ی هەتاوی] چەند کەس لە شێخان و سەیدانی کورد بۆ ئەوەی شەرەفی گەیشتنە بەردەم پادشایان بە نسیب بێت، لە لایەن جەنابی سەرهەنگ گیلانشاه سەرۆکی ڕوکنی دووهەمی ستادی ئەرتەشەوە بەرەو کاخی تایبەتی بران و کەوتنە بەر دڵجۆیی و میهرەبانیی شاهانە، هەرکام لەو بەڕێزانەش شانازیی ئەوەیان پێ بەخشرا کە ئاڵقەیەک ئەنگوستیلەی بڕێلیان وەک خەڵاتی شاهانە وەربگرن، [ئینجا] لە سەعات ٦ی ئێوارەدا مەرەخەس کران و فەرمانی شاهانە وا دەرچوو کە عەبدولڕەحیم شەمسەددینی یەک لە شێخانی مەهاباد، هەروەها قازی موکری کە ناساغن، لە نەخۆشخانەی نیزامیدا بکەونە بەر ئەوپەڕی چاوەدێری و پارێزگاری و[بەرپرسانی] سوپا هاوڕێ یی و یارمەتییان لەگەڵدا بکەن."

بەداخەوە من لیستەی ناوی ئەو کەسانەم نییە کە برابوونە تاران، لەناو وێنەکانی ڕۆژنامەکەشدا خەڵکەکە بە ڕوونی دەرنەکەوتوون دیارە ئەویش بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە کەیفییەتی مایکرۆفیلمەکە باش نییە بەڵام دڵنیام ئەگەر کەسێکی شارەزای ناوچەکە دەستی بگاتە کانگای ڕۆژنامەکانی بریتیش لایبرێری لە نزیک شاری "لیدز" ی بریتانیا و چاوی بە نوسخە کاغەزییەکانی ئەو ژمارانەی ڕۆژنامەی ئیتیلاعات بکەوێت، دەتوانێ کۆپی باشتریان لێ

سەرچاوە
Serchawe

هەڵبگرێت و کەم و زۆر بەشێک لەو کەسانەش بناسێتەوە. من لە سەر مایکرۆفیلمەکە دەمتوانی کەمتاکورتێک دووکەس لە ئاغاواتی ناوچەی موکریان بناسمەوە، بەڵام لەبەر دڵنیانەبوون، لێرەدا ناویان نابەم. دیارە لە هەواڵی ڕۆژنامەکە لەمەڕ چاوپێکەوتن لەگەڵ شادا ناوی دووکەس براوە کە یەکیان شێخ ڕەحیمی کوڕی شێخی بورهان و ئەویتریش قازی موکریی سەردەفتەری ئەسنادی رەسمی لە مەهاباد بوو.

لێرەدا، هەندێک زانیاری سەبارەت بەو کۆپییانەی ڕۆژنامەی ئیتیلاعات دەخەمە بەرچاوی خوێنەر کە لە کۆتایی هەر ئەم وتارەکەدا هێناومن و لە پەیوەندی هەواڵی ئیعدامەکان و سەردانەکەی تاراندان:

**یەکەم**: کۆپی لاپەڕەی کۆتایی ڕۆژنامەی ئیتیلاعات چاپ تاران، ڕۆژی پێنج شەممە ١٧ - ١١ - ١٣٢٥ی هەتاوی، بەرانبەر لەگەڵ ٠٦ - ٠٢ - ١٩٤٧ ی زایینی (ساڵی ٢١، ژمارە ٦٢٦٩). بازنەیەکم بە دەوری هەردوو هەواڵەکەدا کێشاوە؛

**دووهەم**: کۆپییەکی دیکەی هەمان لاپەڕە و هەمان ژمارەی ڕۆژنامەکە هەندێک لە نزیکترەوە، بۆ ئەوەی دوو بابەتەکەی سەبارەت بە مەسەلەکە باشتر بخوێنرێنەوە. لە دەوری ئەوانیش بازنەم کێشاوە؛

**سێهەم**: شێوازی کاری ڕۆژنامەکە لەو ساڵانەدا بەو شێوەیە بوو کە ژمارە و ڕێکەوتی ڕۆژ و مانگ و ساڵی هەتاویی هەموو ژمارەیەکی لە سەر لاپەڕە یەکەم دەنووسرا و لە لاپەڕەی کۆتاییدا ڕێکەوتەکان بە ساڵی مانگی و زایینی ڕادەگەیاینرا. بۆیە لەو دوو بەڵگەیەدا ڕێکەوتی هەتاوی نابینرێن بەڵام لە بەڵگەی دواتردا کە پەیوەندی بە چوونی کوردەکان بۆ تارانەوە هەیە، ڕێکەوتی هەتاوی دەبینرێت و ڕێکەوتە مانگی و زایینییەکە، نییە.

**چوارەم**: کۆپی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی ئیتیلاعات، ڕۆژی شەممە ١٢ - ١١ - ١٣٢٥ی هەتاوی بەرانبەر بە ٠١ / ٠٢ / ١٩٤٧ی زایینی کە تێیدا تەنیا دوو وێنەی ئەو کوردانە دەبینرێت وا برابوونە تاران. بە داخەوە لە کۆپی وێنەکاندا هیچ شتێک دەرناکەوێت، من ئەم کۆپییەم بۆیە لێرەدا هێنا کە ئەگەر لە دوارۆژدا کەسێک کۆپی کاغەزیی ڕۆژنامەی ئیتیلاعاتی ئەو ڕۆژەی دەست کەوت لە ڕوخسارەکان ورد ببێتەوە و ئەوەندەی بکرێت بیانناسێتەوە و بیاننووسێت. من لە سەر مایکرۆفیلمەکە چەند کەسم بە جلی کوردییەوە دەبینی و دووکەس بە کڵاوی دەورە و باڵتەی درێژ و کەوت و شەڵوار و کراواتەوە، کە لە دوو ئاغای ناوچەی موکریان دەچوون بەڵام بە تەواوەتی بۆم ساغ نەبووەوە کێن. شەرحی ژێر وێنەکان بە شێوەی خوارەوەیە:

وێنەی سەرەوە: "اعلیحضرت همایون شاهنشاهی هنگام عبور از مقابل علما و مشایخ مهاباد در باشگاه افسران [تهران]".

وێنەی خوارەوە: "عدەای دیگر از خوانین و معاریف مهاباد و کردستان لحظەای پیش از تشریف فرمائی ملوکانه به لشکر اول [در تهران]".

له ژمارەکانی ئەو ڕۆژانەی ئیتیلاعاتدا چەند وێنە و هەواڵی دیکەش سەبارەت بە "میوان" ە کوردەکان بەرچاو دەکەون. وێدەچێت هاوکات لەگەڵ عەشایەری کورد هەندێک سەرەک عەشیرەی شاسەیوانیش لە دەوروبەری "مشکین شهر"ەوە برابنە تاران و هەردوو تاقم پێکەوە لە هەندێک ڕێ ورەسمی تەشریفاتیدا بەشدار بووبێتن. ئەو چەند نموونەی هەواڵەکان:

- ڕۆژنامەی ئیتیلاعات، ١٣ - ١١ - ١٣٢٥ی هەتاوی [٠٢ - ٠٦ - ١٩٤٧ ز]: "تایتڵی لاپەڕەی یەکەم:
"ایلات و عشایر از گذشته پند میگیرند؛ سران عشایر با افسران و سربازان لشکر دوم آشنا شدند"
هەر لەوێدا وێنەیەک دانراوە و ئەم دێڕانەی لەژێردا دەخوێنرێنەوە:
"سرتیپ موینی[؟] فرمانده لشکر دوم و آقای دهقان مدیر [مجله] تهران مصور در میان عدەای از سران و افراد عشایر در لشکر ١، که دیروز در آن جشنی برپا بود، دیده میشوند."
- ڕۆژنامەی ئیتیلاعات ١٧ - ١١ - ١٣٢٥ ی هەتاوی [٠٦ - ٠٢ - ١٩٤٧ ز]، تیتری لاپەڕە یەکەم (بەداخەوە کۆپیم لەبەر ئەو لاپەڕەیە هەڵنەگرتووە و تەنیا ئەم یادداشتەم نووسیوە):
" مهمانان شاهسون و کرد ما، یا قهرمانان فداکار ایران".

هەر لەو شوێنەدا دوو وێنەش لە سەر و خواری یەکتر چاپ کراون و ئەم شەرحە لەژێر وێنەکاندا نووسراوە:

"عدەای از روسا و نمایندگان طوایفی که در قضیه آذربایجان به میهن خود صمیمانه خدمت کردند. در عکس بالا آقای سرلشکر رزم ارا رئیس ستاد ارتش نیز دیده میشوند."

لە ژمارەکانی ئەو دوو مانگەی ڕۆژنامەی ئیتیلاعاتدا "نەجەفقوڵی پەسیان" هەواڵنێری ڕۆژنامەکە زنجیرەیەک بابەتێکی سەبارەت بە حکوومەتی میللی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان بەتایبەت ڕێبەرەکانیان نووسیوە کە هەمووی بە ڕوانگەیەکی نەرێ یی و خراپەوە نووسراون. وێدەچێت بەشێک لەو بابەتانە لە "بازجوویی" و لێپرسینەوەکانی بەرپرسان لە بەرپرسانی زیندانیکراوی کۆمار وەرگیرابێتن. من هەوڵ دەدەم لە دواڕۆژدا کورتەیەکیش سەبارەت بەو بابەتانەی "پەسیان" بنووسم.

ئەوەش کۆپی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ئیتیلاعات بە هەمان شێوە کە لە سەرەوەتر رامگەیاند. لە کۆتاییدا هەموو ڕێز وسلاوم پێشکەش بە گیانی پیرۆزی ئەو یازدە شەهیدە نەمرە و هەموو ٢٣ ئیعدامییە کوردەکانی کۆماری پڕ لە شانازیی کوردستان و حکوومەتی میللی ئازەربایجان دەکەم. یادیان زیندوو بمێنێت!

ئەوە ڕیفرەنسی ڕۆژنامەی ئیتیلاعاتی ئەو ساڵ و مانگە تایبەتەیە لە هەردوو لقی کتێبخانەی بریتانیا بۆ کەسانێک کە بیانەوێ سەردانیان بکەن:

**The British Library**
**ETTELA'AT NEWSPAPER, IRANIAN**
**1 Reference for the paper copy**:
**OP. 637**
**Address** :
**The British Library, Boston Spa, Wetherby, West Yorkshire, LS23 7BQ, UK**
**2 Reference for the microfilm**:
**OR.MIC. 11348**
**September 23 1346 – March 20,1947**
)**Preserved at the Asian and African Studies Department**(
**Address**:
**The British Library 96 ,Euston Road ,London ,NW1 2DB, UK**
**Underground station: King Cross and St Pancras**

www.bl.uk ئەوەش ئەدرەسی ماڵپەڕی کتێبخانەکە بۆ زانیاریی زیاتر:

* بۆ ئەو وتارەی من بڕوانە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات بۆکان (Bokan.de) و لە لای دەستەڕاستی سەرەوەی لاپەڕە یەکەمدا لە سەر وشەی "دەستەی نووسەران" و پاشان ناوی من کلیک بکە و لە لیستەی کارەکانمدا بگەڕێ بۆ وتاری: ڕێکەوتی شەهادەتی شەهیدانی کۆماری کوردستان( ٦- ١٣٢٥ = ٧ - ١٩٤٦).

* ڕوکنی دووی ستادی ئەرتەش کاری زانیاری کۆکردنەوە و جاسووسیی لە سەر فەرمانبەرانی سوپا و هەروەها خەڵکی ئاسایی دەکرد و پێش دامەزرانی ساواک لە ساڵی ١٣٣٥ دا، یەک لە دام ودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژیمی شا بوو و بەشێکی زۆر لە خەباتکارانی کوردی خستبووە بەر ئەشکەنجە و ناو زیندانەوە. مەسەلەکە لە بیرەوەرییەکانی ئەو ساڵانەی کەسانی وەک مامە غەنی بلووریان و کاک جەلیلی گادانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

* دەڵێم برابوونە تاران و ناڵێم چووبوون لەبەر ئەوەی دەزانم بەشێکیان واهەیە بەو چوونە ڕازی نەبوویێتن و لە

سەر داخوازی یان فەرمانی فەرماندەرە سوپاییەکان لەگەڵ تاقمەکە کەوتبێتن. لە ڕاگەیاندنی هەواڵدا دەبێ ئەوەندەی دەکرێت بێ لایەنی بپارێزرێت.

* نەجەف قوڵی پەسیان دواتر کتێبێکی بە ناوی "از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس "چاپ کرد کە لە ڕاستیدا سەرجەمی هەر ئەم وتارانەی ڕۆژنامەی ئیتیلاعاتە. کتێبەکە لەم ساڵانەدا وەرگەڕایە سەر زمانی کوردی و بڵاو یش بووەوە..



۱۷ بهمن ۲۵

پنجشنبه ۱۴ ربیع الاول ۱۳۶۶ - ۶ فوریه ۱۹۴۷

خبرهای کشور

قاتلین مرحوم سرلشکر امین و مسببین غارت بانه اعدام شدند

تلگراف مخبر ما از سقز

سقز ۱۶ بهمن - ۵ سال قبل، سرلشکر محمود امین و عده ای از سربازان رشید، در راه استقرار امنیت در سقز شهید شدند.

دیروز صبح، اهالی سقز، بر دارهائی که در میدان شهر، جلو شهرداری برپا کردیده بود، اجساد قاتل را آویخته دیدند که در شهادت مرحوم سرلشکر امین و آتش زدن بانه و غارت دهات دست داشته و ۵ سال تمام آسایش و امنیت منطقه کردستان را برهم زده بودند.

دادگاه نظامی زمان جنگ که در سقز تشکیل گردیده بود، احمد فاروقی - محمد دانشور - عبدالله متین - علی جوانمرادی - رسول محمودی - احمد شجاعی - شیخ صدیق اسعدی - شیخ ایمان اسعدی - مقدم - حسن فیض الله بیگی - کاکل بازی - علی فاتح - محمود فیض الله بیگی را باتهام قیام مسلحانه برعلیه امنیت کشور محکوم باعدام نمود.

ساعت ۵ صبح روز چهار شنبه رأی محکمه بمورد اجرا گذاشته شد و افراد نامبرده بدار مجازات آویخته شدند.

سفیر کبیر فرانسه نیز شایعات دستگیری ایرانیان را تکذیب میکند

مسیو «پی یر لافون» سفیر کبیر دولت جمهوری فرانسه در تهران ... اگر در مطبوعات فرانسه راجع به




تفقدات شاهانه

در ساعت پنج و نیم بعد از ظهر روز چهار شنبه ۱٦ بهمن چند نفر از مشایخ و سادات کرد بوسیله آقای سرهنگ نیلانشاه رئیس رکن دوم ستاد ارتش برای شرفیابی بحضور ملوکانه بکاخ اختصاصی هدایت و بافتخار زیارت شاهنشاه نائل و مورد تفقد و عنایت ملوکانه واقع و هریک از آنها با بدریافت یک حلقه انگشتر برلیان عطیه ملوکانه قرین افتخار گردیدند

در ساعت ۱۸ مرخص و از امر ملوکانه اینطور شرف صدور یافت که نسبت به عبدالرحیم شمس الدینی از مشایخ مهاباد و قاضی سکری که کسالت دارند از طرف ارتش در بیمارستان نظامی نهایت مراقبت و پرستاری بعمل آمده و همراهی و مساعدت شود.

## ساڵوەگەڕی لە سێدارەدرانی حامید مازووچی، محەمەد نازمی، عەبدوڵا ڕەوشەنفکر و ڕەسووڵ نەغەدەیی




وزارت کشور
شهربانی کل کشور
اداره
تاریخ ۲۹/۱/۲۲
شماره ۱/۷۵۸/۴۶۱
پیوست
موضوع
در جواب مراسله حروف، اعداد ممیزه که منتهی شماره است با شماره ذکر شود
وزارت کشور
باستحضار میرساند: شهربانی مهاباد گزارش میدهد:
۱- حمید مازوچی ۲- محمد ناظمی ۳- عبداله روشنفکر ۴- رسول نقده
ازافسران دمکرات های مهاباد وازهمدستان محمد قاضی که در
جبهه سردشت وغیره برعلیه قوای دولتی قیام مسلحانه کرده ودر
دادگاه زمان جنگ باعدام محکوم ودر تبریز زندانی بوده اند شب
۲۶/۱/۱۷ بمهاباد آورده وساعت ۲۴ پس ازاجرای مراسم
مذهبی ومقرراتی درمیدان پهلوی واقعه درخیابان بچوبه دار
آویخته وصبح ساعت ۸ اجساد را پائین آورده پس ازاجرای آئین اسلامی
مدفون ساخته اند وانتظامات برقرار بوده است.
ازطرف رئیس شهربانی کل کشور- سرهنگ ...
شمارهٔ این سند در آرشیو سازمان اسناد ملی ایران ۲۹۳/۱۲/۱۴۳/۱ می‌باشد.


**بەرواری: ٢٤ - ١ - ٢٦**

**ژمارە: ٤٦١ - ٧٥٨ - ١ وەزارەتی کاروباری ناوخۆ**

**ئیدارەی پۆلیسی گشتیی وڵات**

**دایرەی پۆلیس**

**وەزارەتی کار و باری ناوخۆ**

**بە ئاگاداریتان دەگەیێنین. ئیداری پۆلیسی مەهاباد ڕادەگەیێنێ.**

**١- حامیدی مازووچی ٢- محەمەدی نازمی ٣- عەبدوڵا ڕەوشەنفکر ٤- ڕەسووڵی نەغەدەیی لە ئەفسەرانی دیمۆکڕاتەکانی مەهاباد و لە هاوکارانی محەمەدی قازی کە لە جەبهەی سەردەشت و شوێنی دیکە بە دژی هێزی**

دەوڵەت ڕاپەڕینی چەکدارانەیان کردبوو و لە دادگەی زەمانی شەر دا بە ئیعدام حوکم درابوون و لە تەورێز زیندانی بوون شەوی ۱۷ - ۱ - ۲٦ هێنرانە مەهاباد و سەعات ۲٤ [ ۱۲ی شەو] دوای بە جێگەیاندنی ڕێوڕەسمی مەزەبی و قانوونی لە مەیدانی پەهلەوی کە لە خیابان هەڵکەوتووە لە دار دران و بۆ بەیانی سەعات هەشت تەرمەکان هێنرانە خوارێ و دوای بە جێگەیاندنی ڕێوڕەسمی ئیسلامی نێژراون و هێمنی و نەزمیش بەرقەرار بووە.

لەلایەن سەرۆکی پۆلیسی گشتیی وڵات - سەرهەنگ حیسام وەزیری

تێبینی: ئەمڕۆ یەکشەمە ۱۷ی خاکەلێوەی ۱۳۹۳، هاوکاتە لەگەڵ ٦۷مینساڵوەگەڕی لەسێدارە درانی چوار ئەفسەری کۆماری کوردستان: حامید مازووچی، محەمەد نازمی، عەبدوڵا ڕرەشەنفکر و ڕەسووڵی نەغەدەیی لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد. وێنەی یەک لەو شەهیدانە واتە حامید مازووچی لە فەیس بووکی بەڕێز سەعدوون مازووچی وەرگیراوە. بەڵگەی "شارەبانی گشتی ئێران" یش لە کتێبی:" اسرار محاکمە قاضی محمد و یارانش، چاپ دوم، گردآوری و ترجمە: محمد رضا سیف قاضی ، ساڵی ۱۳۸۰ی هەتاوی وەرگیراوە.

۱٦ی خاکەلێوەی ۱۳۹۳ = ٥ی ئەپریلی ۲۰۱٤

## وێنەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش و مێژوویی حوسێن زێڕینگەران



ئەم وێنەیەی حوسێن فرووهەر (زێڕینگەران) دە جل و بەرگی ناوچە کوردییەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەتا بڵێی سەرنجڕاکێش و نرخی مێژوویی زۆرە. بە بەراوەردی دەموچاوی فرووهەر لە تەک وێنەکانی دیکەی دا دەردەکەوێ لە سەردەمی ژێکاف یان دواتر لە زەمانی کۆمار دا هەڵگیراوە. بە لەبەرچاو گرتنی ڕووداوەکانی ئۆکتۆبری ١٩٢١ ڕەنگە زیادەگۆیی نەبێ بگوترێ لە مەهاباد و دەورو بەری بیرەوەرییەکی خۆش لەو ناوچانە نەبووە. حوسێن زێڕینگەران ڕەنگە ویستبێتی بە دەبەر کردنی ئەو جلوبەرگە جەخت لە سەر پێویستی تەبایی ناوکۆیی کوردان بکا. جێی سەرنجە لە ساڵانی دوایی ژیانی لە تارانیش دیسان بە جلوبەرگی باکوورییەوە وێنەی ویمان بەدەستەوەیە.


تێبینی: ئەم وێنەیە لە ئاڵبۆمی نەمر براییم زەردەشت فرووهەر کوڕی حوسێن زێڕینگەران وەرگیراوە.بە سپاس بۆ یای فەریبا و هەموو ئەندامانی بنەماڵەی فرووهەر!

بە بێ ئاماژە کردن بە سەرچاوە مافی بڵاو کردنەوەی ئەم وێنەیە و شەرحەکەی ڕەوا نییە!

٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ = ١٨ی فێبریوێری ٢٠١٤

## فرووهەر لەگەڵ قاسم قادریی قازی و دڵشاد ڕەسووڵی





**لە ڕاستەوە بۆ چەپ: دڵشاد ڕەسووڵی، قاسم قادریی قازی، حوسێن زێڕینگەران (فرووهەر) لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف.**

**نوسخەیەکی دیکەی ئەم وێنەیە پێشتر لە "وێنەی کوماری کوردستان" دا بڵاو بووەتەوە، بە بێ ئەوەی بە بەرواری بڵاو کردنەوەی بزانین. بە خۆشیەوە لە پشت ئەم نوسخە ماکە دا فرووهەر بە خەتی خۆی بەروارەکەی نووسیوە: ٣ - ٣ - ١٣٢٥ کە دەبێتە ڕۆژێکی جومعە بەرانبەر بە ٢٢ی مەی ١٩٤٦**

**بە پێی ڕۆژنامەی کوردستان (ژمارە ١٤، چوار شەمۆ ٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ = ١٣ی فێڤرییەی ١٩٤٦) قاسم قادریی قازی، عەبدولڕەحمان زەبیحی، دڵشاد ڕەسووڵی و دوو زیندانی دیکەی کورد کە لە کوردستان دا نێویان نەهاتووە، دوای نیزیکەی هەشت مانگ لە زیندانی تاران بەر بوون.**

**تێبینی: سپاس بۆ بنەماڵەی فرووهەر بۆ لەبەردەست نانی ئەم وێنەیە**

**٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ = ١٨ی فێبریوێری ٢٠١٤**

---

**هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە نەغەدە بە سەرپەرستی حوسێنی زێڕینگەران،**

**چوارشەمە ٢٨ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی**









کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ژمارەی ٢٥، یەکشەمە ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤
١٧ای مارس ١٩٤٦

## هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە نەغەدە

شەوی سێشەمە بوو دانیشتبووم لەگەڵ لەگەڵ هاوڕییەکانمان لە ژوورەکەی خۆمان دا کە لە پڕ کاک محەمەدی قادری بە پەشۆکاوی خۆی بە ژوور دا کرد و بەچاوی پڕ لەگریانەوە کوتی: "مژدە مژدە بێ ئیمرۆ ئاڵای کورد لە مەهاباد بەرز کرایەوە" و بە دوای ئەم قسەیە پەلاماری داین و دەستمان کردە ملی یەک و بە بێدەنگی مودەتێ خەریکی ڕشتنی فرمێسکی شادی بووین.بەڵێ هیچ کەسێک لە ئێمە نەی دەتوانی کە قسەیەک بکات. دوای ئەو مودەتە سەرم هەڵبری و کوتم:" ئاه ئەوە تۆ بڵێیت خەو بێت یا حەقیقەت بێت ئاڵای کورد لە مەهاباد بەرز کرایەوە و دەستم کرد بە پڕمەی گریان.

ئەوەندی بەسەر نەچوو یەکێک لە هاوڕێیەکانم کوتی براکانم بەسە گریان پێویستە هەموو هەڵسین شایی بکەین، لەو وەختە دا کاک محەمەدی قادری هەڵی دایە و کوتی: ڕۆژی چوارشەمەش لێرە بەرز ئەکرێتەوە. هاوڕێیەکەم دووبارە هاتەوە قسە و کوتی: "کە وا بوو ئێمە نابێت سەفەر بکەین تاکوو ئاڵای پیرۆزمان بە چاوی خۆمان نەبینین لێرە بەرز بکرێتەوە" ئێمەش هەموو موافەقەتمان کرد لە سەر قسەکەی."کاک حوسێن فرووهەر و کاک عەلی خوسرەوی بە نمایەندە لە مەهابادەوە هاتوون و ئاڵای موقەدەسیان لە کنە و ئێستا لە مەنزڵی کاک ئەحمەد میوانن. کاک محەمەدی قادری لە بەرخۆیەوە کوتی: عێمەش بێ پەروا هەڵساینە سەر پێ و بە بێ ئەوەی ئیزن لە میوانەکەمان بخوازین هەرکەسە بۆخۆی بە ڕاکردن چوو بۆ ماڵە کاک ئەحمەد و لەوێش ئەو کارە ڕەهاتو گریانمان

سەرچاوە
Serchawe

کرد وەکوو لە ژوورەکەی خۆمان کردمان. کاک ئەحمەدی قادری کە سەرۆکی پارتیی دێمۆکڕاتی کوردستانە لە نەغەدە (مەبەست حدک ە) دەستبەجێ سەربازانی کۆ کردەوە و کاغەزی دەعوەتنامەی تەسلیم کردن کە بیبەن بۆ ئاغایان و ڕەعییەتی ئەتڕافی نەغەدە بۆ حازر بوون لە وەختی بەرز کردنەوەی ئاڵا دا.

ڕۆژی سێشەمۆ دەستە دەستە سوارانی کورد و تفەنگچیان داخڵی شار بوون منیش جێگا بە خۆم ناگرم و هەر ئەمسەر ئەو سەرم دەکرد. و کاک ئەحمەد قادری ئەمری کرد کە ڤەوانان کۆبنەوە، و هێندێک سرودی میللی یان فێر بکەن. ئێمەش زۆر کەیف خۆش بووین  لەو وەزیفەیە کە پێمان بەخشراوە. ئەو ڕۆژە هەر خەریکی فێر کردنی جەوانان بووین.

ڕۆژی چوارشەمۆ کە بیست و هەشتی مانگی سەرماوەزی بیست و چوار ئەکات لە سەعاتی ٦ دا ئەهالی نەغەدە  و بانگ کراوانی دەور و پشتی لە بەردەمی ئیدارەی دێمۆکڕات دا کۆبوونەوە. قوتابیانی ئەرمەنی و ئاسۆری بە خۆیان و بە بەیداغی سووریانەوە بەرەو ئیدارەهاتن ، جەوانانی کورد بە پیریانەوە چوون و لە چەپڵەڕێزانێکی بەرز و فەرەحنایییەکی زۆرەوە قوتابییەکان گەیشتنە جێگای داندراوی خۆیان. دوای ئەوانیش بەتەرتیب قوتابیانی نەغەدە هەر وا داخڵی جێگای خۆیان بوون و بە گۆرانی حەماسی میللی و چەپڵەڕێزانێکی بێ هاوتاوە. لەو بەینە دا کاک ئەحمەدی قادری سەرۆکی پارتیی دێمۆکڕاتی کوردستان لە مەنتیقەی نەغەدە دا دەستووری دا بە دەست پێکردنی شادی و بەرزکردنەوەی ئاڵای.

کاک حوسێنی فرووهەر و کاک عەلی خوسرەوی ئاڵایان برد بۆ ئەو سوارانەی کە لە دەری شاری وەستابوون. سواران ئاڵایان وەرگرت و بە جارێک سێسەد و پەنجا  سوارچاکی کوردی هەر یەکێک ڕۆستەمێک بوون بۆ خۆیان بە ئاڵای موقەدەسەوە کە لە پێش سوارانەوە هەڵگیرابوو بە ئینتیزامێکی زۆر جوان لە ژێر سەرکردەیی کاک سەعیدی قۆپی، کاک محەمەدی سوار، کاک ئەحمەدی ئەحمەدی  داییرە و ئیدارەی پارتی هاتن و تا گەیشتنە لای بیناکەوە بە بێ ژمارە مەڕ و مانگا لە بەر دەمی ئاڵا دا سەربڕا و دەنگی چەپڵە و هوڕا کێشان دەگەیشتە کەهکەشانی فەلەک. سوارەکان کە نیزیکی دە هەنگاویان مابوو بگەنە جێگای خۆیان بە جارێک نیزیکەی چوار هەزار کەس هێرشیان برد بۆ سەر ئاڵاکە و زیارەت کردنی و سوجدە بردن. بەڵام کاری قەرەوڵەکان ڕاست بێ کە دوای زەحمەتێکی زۆر ئاڵایان گەیاندە سەر پەیژە. ئەو جار نۆرەی ئێمە بوو کە لە سەریان بدوێین ، زیارەتی بکەین و ئەڵبەتە هەر کەس حەولی ئەوەیەتی کە زووتر و یەکەم کەس بێ کە زیارەتی بکا و ئەم یەکەمەش وەبەر کاک غوڵام ڕەزا خانی خوسرەوی کەوت کە لە هەموان بە پەرۆشتر و بەهێزتر بوو و منیش وەختێک کە سەیر دەکەم هەر تەنیا خۆم نیم کە فرمێسکی شادی دەرێژم بەڵکوو بەجارێک دەسرەیان بە چاوانەوە گرتووە،بەڵام کاک حوسێنی فرووهەر و کاک

غەنی خوسرەوی دەبێ بەشی خۆیان ڕشتبێ لە سابلاغ، و کاک حوسێنی فڕووهەر چریکاندی کە ئاگادار بن کە ئالآی پیرۆز بڵند دەکرێتەوە و ئەمری دا : " بۆ ئـالآ سەلام کە" لەگەڵ ئەو ئەمرە تێکڕا هەموو بە جارێک کز و مات بوون و دەست بەرز کرایەوە بۆ وەرگرتنی سەلام و دەستەی جەوانان سروودی کوردستان، کوردستان نیشتمانی جوان یان لە ژێر فەرماندەی لاو چاک کاک محەمەد قادری دا خوێندەوە. تفەنگچیانی کورد کە لە ژێر فەرماندەیی کـاک ئیبراهیم نووسەری دەفتەری پارت دا بوون و ژمارەیـان گەیشـتبووە ٢٠٠٠ کەسێک و سوارانی کورد دەسـتیان کـرد بە تەقە کردن بە جۆرێکی وا کە ئینسان مچورکی پێ دا دەهات و سامی شەڕی لێ دەنیشت.

لەولایەشەوە موسەلسەل کردبووی بە ڕۆژی خۆی. دوای بەرز کردنەوەی ئالآ کاک میرزا ئیبراهیم نووسـەری دەفتـەری کۆمیتەی محەلی نەغەدەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان نوتقێکی ئیراد کرد کە سـەوادی عەینـی نـوتقی لە پێوەنـدی ئەم نـامەیە دا تەقـدیمە و لە بـابەت کـردنەوەی جەلەسـەکەوە ئەو شێعرانە کە میـرزا سـاڵح جەوانـمەردی ڕێکـی خستبوو خوێندییەوە و دیسان لە بەینی چەپڵەڕێزان و هـوڕا کێشـان بـۆ ژیـانی مارشـاڵ سـتالین سرودی میللی لە لایەن بـرا و خوشکە ئەرمەنـی و ئاسـۆری یەکـانەوە گـوترا، لەگەڵ ئەوەشـدا کە خەڵکـی تێـی نەگەیشت بەڵان زۆر دڵشادیان نیشان دا چونکی لە سروودەکەدا کوردستان و ستالین ناو ئەبرا و هەر وەها بە چەپڵەڕێزان دوایی هـات. ئەنجا کاک عەلی خوسرەوی بە دەنگێکی بەرزەوە و چریکەیەکی شێرانەوە گوزارشی خۆی لە بابەت ئـالآی کوردستان و شەهیدانی کورد و حکوومەت و سەربەستی کوردستانەوە دا. بەڕاستی قسەکانی پڕ تەئسیر و جێگای فەخر بوو و لە بەر هوڕا کێشـان و چەپڵەڕێزان بـۆ ئەو قسە پـر مەعنایـانەی نەی تـوانی و مـاوەی نەدرایە کە گوزاریشـەکەی تەواو بکـا و کـوتی کە ئێمە لە سـەر ڕێوشـوێنی دێمۆکراسـی لە خۆمـان زیـاتر حقـووقی ئەو نەتەوانەی کە لە نـاو کوردستان دا دەژین مەحفووز دەکەین و لە بەر وەی کە لە وێستا دا بلەوەزەکان بە ناحەق حقووقی ئێمەیان پامال کـرد بـوو لە بەرامبەر کـردەوەی بلەوەزەکـان ئێمە ئینشـالآ لە وەیـڕا حوقـووقی نەتەوەی چـووک زیـاتر چـاوەدێری دەکەین و هەر نەتەوەیەکی کە دەستی یەکەتی بۆ لای ئێمە درێژ کا ئێمە تەشـەکور دەکەیـن و ئامـادەین بـۆ هەمو چەشنە یارمەتییەک لەگەڵ ئەو ئەقەلییەتانە. دووبارە جەوانان سروودی میللی یـان خوێنـدەوە: " ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زبان". دوای تەواو بوونی سروود کاک م.ا.مەحموود چەند ووتەیەکی شیرینی گوت لە بابەت ڕۆژی ڕۆژی ئـالآ و وەسـفی ئـالآکە. جێگـای تەقـدیر و چەپڵەلێـدانێکی زۆر بـوو. لە لایەن ڕاوەسـتاوان و قوتابیـانەوە سـروودی میللی ئازەربایجـان خوێنـدرایەوە بەڕاستی سـروودێکی زۆر خـۆش بە جۆشەوە بـوو، ئەنجـا بـرا و خوشکە قوتـابییە ئەرمەنێکان و دوای ئەوان جەوانانی کورد دەرکەوتن و سروودی خۆشی خۆشیان خوێنـدەوە و دوای ئەوەی کە قوتـابییەکی مەدرەسەی نەغەدە کوڕی ئاغای تەقی خان جێژنە پیرۆزەی لە کوردەکـان کـرد، شێردڵ گوزارشێکی دا لە بابەت جێژنـی ئـالآی میللی یەوە و بە بـژی پێشەوای جەماهیری شووڕەوی مارشـاڵ ئێستالین گوزاریشـەکەت تەواو کرد و لەنـاو چەپڵە ڕێزانێکی بێ هاوتـا کـاکە عەلی خوسرەوی لاویت خـوێن گەرم دوایـی نومایشی هێنـا

هەموومان بە دڵێکی شادەوە دەم بە دوحاوە بۆ ئاڵای شیرنی کورد و کوردستان و پێشەوای جەماهیری شووڕەوی و میلەتانی ئازادی خواە بەرنامە تەواو بوو و دەستوور درا تا سێ شەو و سێ ڕۆژ جێژن و چراخان ببێ. بەڵێ بەرنامە بە خۆشێکی زۆر و دڵێکی پڕ لە عەشقی نیشتمان و پڕ لە مێهری پێشەوای موعەزەمی کوردستان دوایی هات. و لە ئاخری دا کوتی: بژی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، بژی پێشەوای بەرز جەنابی قازیی محەمەد، هەر بژی ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان.

برایانی عەزیز میللەتانی مەحبووبی کورد، ئەوا ئیدارەی کۆمیتەی محەلی ئەنجومەنی ویلایەتی دێمۆکڕاتی کوردستان کە تەشکیل بووە و ئاڵای موقەدەسی کوردستان هەڵدەکرێ، فەقەت ئەو ئیدارە موحتەرەمە و ئەو ئاڵای موقەدەس مەخسووسی میللەتی کوردانە و میلەتەکانی دیکە چ ئەرمەنی، چ ئاسۆڕی، چە کەلیمی ئەگەر بێتوو دەست بدەنە دەستی ئێمە حازرین بە سەداقەت و ڕاستی و بە شەرافەت و ویجدان بۆ برایەتی وان و خزمەت پێ کردنیان حازر دەبین.

شوکری لیلەە عەسری دێمۆکڕاتییە.
مەوسمی جێژن و سروور و شادییە.
کورد نەجاتیان بوو لە ژێر زوڵم و ستەم.
بۆ هەموو میللەت ئیتر ئازادییە.
ڕۆژی کوردستان لە شیمالا هەڵات.
زوڵمەتی شەو بۆیە هیچ پەیدا نییە.
غەیری نەقدی جان و دڵ قائیل نەبوو.
هیچی دی بدرێ لە ڕێی مزگێنی یا.
فرسەتێکی چاکوو بۆ هەڵ کەوتووە.
هەرچی دەیکەین فورسەتە یا مەرجانییە.
چاکە وایە وەک پیاوان دەست دەنێ.
بۆ بڵێن ئەو کوردە بۆ هیچ چا نییە.
لێو یەقین بێ وەختێ کابرا بێتەوە.
پاکوو پیسوو  پێکەوە زیندانییە.
مردنێکی باشەرەف زۆر خۆشترە.
لەو ژیانی نەنگ و بێ ویژدانییە.

سەرچاوە
Serchawe

شوکر ئیمرۆ کە لە دایکی خۆی بووە.
چونکە ئەورۆ ڕۆژی دێمۆکراتییە "


تێبینی: حوسێن زێڕینگەران وەک ئەندامی کۆمیتەی محەلی حدک لە شاری مەهاباد و عەلی خوسرەوی کادری حدک کە لە سەردەمی کۆمار دا ئەرکی جۆر بە جۆری هەبووە لە زۆربەی ڕێوڕەسمەکانی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دا ڕێکخەربوون و بەشداری چالاکانەیان بووە. تا ئێستا وێنەی هەڵکردنی ئاڵا لە مەهاباد، بۆکان، باڵانیش و ... بڵاو بووەتەوە. ئەم وێنانەی دەیبینن بە ئەگەری زۆر ئی ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵا لە نەغەدەن.

لەگەڵ سپاسی زۆر بۆ بەڕێز زیوەر شەریفزادە هاوسەری نەمر برایم فرووهەر و یای فەریبا و یای فەرزانەی فرووهەر کچانی کاک برایم و نەوەی حوسێن زێڕینگەران بۆ لە بەردەست نان و پێ ئەسپاردنی ئەم وێنانە.

٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ = ١٠ی فێبریوێری ٢٠١٤

حوسێن زێڕینگەران (حوسێن فرووهەر) لە تاراوگەی شیراز لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی





مهاباد

نوریچشمان عزیزم آقای ابراهیم فروهر

اینک محض یادبود عکس خود را در تاریخ ١٩ فروردین ماه سال ١٣٢٠ که بشیراز تبعید نموده بودند یادگاری فرزند عزیز و ارجمندم آقای ابراهیم زردشت فروهر بوسیلهء پست توسط مادرم بانو رعنای فروهر ارسال گردید و سلامتی شما را با عموم خانواده و عموزادگان آقایان زرگری و امامی از خداوند متعال خواستارم.

امضاء حسین فروهر

٢١ - ١ - ٢٠

وەرگێڕانی کوردی

نووریچاوانی خۆشەویستم ئاغای برایمی فرووهەر

ئێستا بۆ بیرەوەری وێنەی خۆم کە لە بەرواری ١٩ی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٠ کە دوور خرابوومەوە بۆ شیراز وەکوو یادگاری بۆ ڕۆڵەی خۆشەویست و بەڕێزم ئاغای برایمی زەردەشت فرووهەر بە پۆست لە ڕێگای دایکمەوە یای ڕەعنای فرووهەر نارد و لەشساغی ئێوە و گشت بنەماڵە و ئامۆزاکان ئاغایانی زەرگەری و ئیمامی لە خولای بەرز داوا دەکەم.

ئیمزا:حوسێن فرووهەر

٢١ - ١ - ٢٠

----------------

سەید محەمەد سەمەدی لە کتێبی "تاریخ مهاباد، انتشارات رهرو مهاباد، ١٣٧٣ (شمسی)" لە لاپەڕەی ٩٥ - ٩٦ دا دەنووسێ: "مەسەلی ساڵی ١٣١٩ی هەتاوی. لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣١٩ی هەتاوی ژمارەیەک نیزیکەی ٦٠ تا ٨٠ کەس لە خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری لە لایەن حکوومەتی ئەو دەمی ڕا دەست بەسەر کران و دوایە دوور

سەرچاوە
Serchawe

دەخرێنەوە بۆ شیراز. ژمارەیەک لەو پاتراوانە بریتی بوون لە:

حاجی یۆسف داودی (حاجی مام وسووی قەساب)، غەفوور ئەلیاسی، حاجی حەسەن زوبەیری، سەید خدر نیزامی (سەید پیرە)، دەروێش قەساب، سەید سالْح سەمیمی، سەید حەسەن تووژەڵە، سەید عەبدوڵا سەید هەمزە، سەید حەسەن زەیدان، عەزیز موشیری، حاجی ڕەحمان عەتتاری، خدری تەلیسان، مراد ڕەسووڵ مرادیان، عەبدولخالەق موسڵچی، بڕاییم فەهمی، عوسێن فرووهەر (حوسێنی زێڕینگەران)، عەلی ئەنوەری (عەلی میر مەحموودی)، مەحموود دێهستانی (مەحموودی ڕەحمان مێرێ)، پیرۆت شیهاب نیبیا، ئەحمەد داودی (ئەحمەد مارف داودی)،سەید قادر قۆنداغچی، عوسێن ئاغای مەعرووفی (حوسێن ئاغای میرەدێ)، برایمە سوور، عەبڵا چەپڵە (خەڵکی زینوێ)، سەید ڕەحیم نیزامی، مرادی ئایشێ خاڵە (خەڵکی دێ قوم قەڵا)، حەمەدەمین مەشهوور بە مینە کەڵەشاخ، سەید تۆفیق زەریفی، حاجی ڕەحمان مۆرەکی، برایمی حاجی عەدەی دانیشتووی دێی قوماریبە، محەمەد مەولوودیان (حەمەدی مەولوودی)، مامە جەلیلی سمایلاغائامۆزای حەبیبی نەهری (قاوەچی)، حاجی بارامی داودی مەشهوور بە حاجی بارامی قاوەچی و دەگوترێ نێوی حاجی تاغی، حاجی حوسێن ئەلیاسی و سەید جامی جەعفەری ش لە لیستەکە دا بووە، بەڵام ئەوانە بە جۆرێک کاری خۆیان جێبەجێ دەکەن و دوور ناخرێنەوە. ئەو کەسانە لە شیراز خۆیان بە شارەبانی (ئیدارەی پۆلیس) دەناسێنن و لەوێ پێیان ڕادەگەیێندرێ هەموو ڕۆژێ بچنە شارەبانی و دەفتەری حازری و ناحازری ئیمزا بکەن و هەر کامێکیان بچنە لای تاجرێکی دیاریکراو لە بازاری شیراز و هەر یەکەی ڕۆژێ پێنج ڕیاڵ بۆ خەرجی خۆیان لە تاخجرەکەی بازاڕ کە دیاریی کراوە وەربگرن. هێندێک لەو کەسانە لەوێندرێ بنەماڵە پێکەوە دەنێن، دوای تێپەڕینی نیزیکەی ساڵێک، و قەومانی ڕووداوەکانی مانگی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی ئەو کەسانە جارێکی دیکە دێنەوە زێدی خۆیان و سەبارەت بەوەی کە ئەوانە بۆچی دوور خراونەتەوە و هۆی سەرەکی ئەو پاتراو کردنەیان چ بووە زۆر دژوارە کە بکرێ هۆیەکی ڕوون و بڕ بڕ دەست کەوێ. گەلۆ ئەنگیزەی سیاسی لە گۆڕێ دابووە؟ ئایا مەسەلەی قاچاغچێتی لە ئارا دا بووە؟ یان تەنێ دەوڵەت ویستوویە خەڵکی ناوچەکە چاوترسێن بکا؟ ناکرێ بە گردبڕی وڵامی هیچکام لەو پرسیارانە بدرێتەوە،

دەگوترێ هێندێک لەو کەسانە داییم پێوەندییان لە گەڵ عێڕاق هەبووە و لە هات و چۆ دابوون و (هەموو جۆرە کەلوپەل، شتومەک و ئاژەڵیان) بردووەتە وێندەرێ و خەریکی کاسبی بوون.

کە جەوهەر (کە بۆ ڕەنگ کردنی بەنی مافوورە و قاڵیچە پێویست بووە)یان بە قاچاغی لە عێڕاقەوە هێناوە و دەوڵەت ئەو جەوهەرەی پێ هەو نەبووە و پێی وا بووە سەدەمەبە ناردنی فەڕش و قاڵیچەی وڵات بۆ دەرەوە دەگەیێنێ هەر بۆیە ویستوویە پێشی هاتنی بگرێ.

قسەیەکی دیکەش ئەمەیە: ڕەشید عالی گەیلانی سەرۆکوەزیری ئەو دەمی عێراق سەر بە ئاڵمانییەکان بوو، دواتر لە بەر بارو دۆخی گرژ لە عێراق و دەستێوەردانی نیزامی ئینگلیسییەکان ناچار دەبێ ڕابکا بۆ ئێران و لەوێوە بچێ بۆ ئەڵمان و لە ڕادیۆی ئەڵمانەوە بێ پسانەوە دەست دەکا بە قسە و بانگەشە و دواتریش لەوێوە دەچێتە میسر و تا کۆتایی ژیانی لەوێ دەمێنێتەوە. گۆیا بەڕێگای سنووره ڕۆژئاواییەکانی ئێران و لە ڕێگای مەهاباد - سەردەشتەوە، لە زەمانێکیش دا کە لە عێراق دەستەلاتدار بوو لەگەڵ هێنانی ماڵی قاچاغ هێندێک کاریش لە بەرژەوەندی وی دا ئەنجام دەدرا، لە بەر ئەوە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە ئەو کەسانە لە مەهاباد و دەوروبەری یەوە دوور دەخرێنەوە، واتە ئەو کەسانە بە زانایی یان بێ ئەوەی پێی بزانن کەتوونەتە ئەو ڕێبازەوە و بەو شێوەیە سەدەمەیان وێ کەوتووە و دوور خراونەتەوە.

ئەوە گشت ئەو شتەیە کە لێر و لەوێ لە بیری خەڵک دا ماوەتەوە و دیسان دووپاتەی دەکەمەوە کە هیچ هۆ و بەڵگەیەکی ببڕ ببڕ بۆ دەربڕینی ڕوون و تایبەتی لەو بارەیەوە بە دەستەوە نییە و هەر چییەک لەو بارەیەوە بگوترێ ڕەنگە ئەمما و ئەگەر بێ. * لە دڵەوە سپاسی بەڕێزان حاجی ئەحمەد داودی، حاجی محمەد زوبەیری و ڕەحمان قازی دەکەم کە هەرکامێکیان ئەوەی سەبارەت بە پاتراوەکانی ساڵی ١٣١٩ لەبیریان مابوو بە ذڵپاکی و ئیخلاسەوە بۆیان گێڕامەوە."

---------

هەژاری موکریانی لە چێشتی مجێور (پاریس، ١٩٩٧) لە چەندجێ دا باسی کۆمەڵەی ژێکاف و حوسێنی زێڕینەگەران (فرووهەر) دەکا و لە شوێنێک دا دەنووسێ:" جارێک خەبەریان دا کە دەوڵەمەندی شاری، حیزبی خۆیان لە دژی ئێمە دروست دەکەن و فلانە شەو لە مزگەوتی سەید نیزام کۆ دەبنەوە. قەرار درا لێیان تێک دەین، بەلام نەش دەبوو بناسرێین. حوسێنی سەرۆکمان (حوسێنی زێڕینگەران) پاش کێشە و هەرای زۆر ئەو ئەرکەی خستە سەر شانی خۆی کە وا نەکا بیناسن و لێشیان تێک دا. بە جلێکی گۆڕاو، دەم هەڵپێچراو، لە مزگەوت چووبووە أوور و دەمانچەی دەرهێنابوو، کە:

- وا وا لێکراوینە! ڕوح بۆ کوێ دەبەن؟...
ئەو هەموو دەوڵەمەندە قەڵەوانە وەک جندۆکەی بیسمیلا لێکراو هەر ئەوەندەیان بۆ کرابوو لە پەنجەرەوە باز دەن. پتر لە دوو سەت جووتە کەوشی زۆر باش لەوێ بەجێ مابوو."

**تێبینی:** ئەم وێنەیە حوسێن فرووهەر (حوسێن زێڕینگەران) لە تەبعیدی شیرازەوە بۆ تاقە کوڕەکەی ناردووە کە ئەو دەمێ هەر دەبێ سێ چوار ساڵی عومر بووبێ. حوسێن ی زێڕینگەران وەک ئاساییە ئەو کوڕەی خۆی زۆر خۆشویستووە، نەی ویستووە کەس لە گوڵ کاڵتری پێ بڵێ.نەمر حەمەدەمینی سیڕاجی دەگێڕاوە دەیگوت لە سەردەمی کۆمار لەگەڵ برایمی فرووهەر هاوپۆل بووین، ڕۆژێک کێشەیەکی کەممان لە نێو دا پەیدا بوو. بۆ بەیانی ڕا حوسێنی زێڕینگەران هاتە مەدرەسە و هەڕەشەی لێکردم گوتی ئەگەرجارێکی دی برایمی نارەحەت کەی تەنبێ ت دەکەم.لە پشت وێنەکە زێرێنگەران بە خەتی خۆی باسی دایکی ڕەعنای فرووهەر و دووکەسی دی نووسیوە کە بە نیشانەی خۆشەویستی و نیزیکی وەک "ئامۆزاکان" باسی کردوون. ئەوانە دەکرێ یەکیان دەدە نیسانی زەرگەری، کە جوولەکەیەکی دانیشتووی سابڵاغ و عەبدولڕەحمان ئیمامی بن، کە ئەویش یەکێک لە دامەزرێنەرانی ژ.ک. بووە.

بە سپاسی زۆرەوە ئەم وێنەیە کە ئی ئالبۆمی بنەماڵەیی فرووهەرە لە لایەن بەڕێز زیوەر شەریفزادە هاوسەری برایمی فرووهەر و یای فەریبا فروهەر نەوەی حوسێنی زێڕینگەران و کچی ڕەحمەتی برایمی فرووهەر بە دەستم گەیشتووە زۆر سپاسیان دەکەم بۆ یارمەتی دانیان بۆ ڕوون کردنەوەی مێژووی سیاسی کوردستان.

٢٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ = ٩ی فێبریوێری ٢٠١٤

## ساڵی: ٢٠١٥ و ٢٠١٦

### پێشەوا قازی محەمەد و میر جەعفەری پیشەوەری لە شاگۆلی



ئاغای پیشەوەری و ئاغای قازی محەمەد لە کاتی تەماشا کردنی عەمەلییاتی شەڕی عەسکەرەکان
پێنجشەمۆ ٥ - ٢ - ١٣٢٥

پێشەوا قازی محەمەد و میر جەعفەری پیشەوەری لە شاگۆلی

ڕۆژنامەی آذربایجان (ژمارەی ١٨٤، یەکشەمۆ ٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥) چەند خەبەری لە مەڕ دیداری پێشەوا لە تەورێز بڵاو کردووەتەوە.بە داوی ئیمزاکرانی پەیمانی "یەکەتی و برایەتی حکوومەتی میللی کوردستان و ئازەربایجان"، لە ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ پێشەوا هەتا بەڕێکردنی دەستەی نوێنەراتی ئازەربایجان - کوردستان بۆ

تارانێ لە ڕۆژی یەکشەمۆ، ٨ی بانەمەڕ و چەند ڕۆژ دواتریش هەر لە تەورێز ماوەتەوە.

خەبەری یەکەم لەو ژمارەیەی آذربایجان دا سەردانی پێشەوا قازی محەمەد و میرجەعفەری پیشەوەری یە لە تەشکیلاتی ئەڕتەشی ئازەربایجان.

آذربایجان دەنووسێ: "سەرۆکوەزیرمان لە گەڵ پێشەوای گەلی کورد سەر لە تەشکیلاتی ئەڕتەش دەدن.
ڕۆژی پێنجشەمۆ (٥ی بانەمەڕی ١٣٢٥) دانی بەیانی جەنابی سەرۆکوەزیر و پێشەوای گەلی کورد حەزرەتی قازی محەمەد لە گەڵ سەرانی دیکەی فیرقە و وەزیرەکان بۆ سەردان لە تەشکیلاتی قوشوون تەشریفیان برد بۆ شاگۆلی.

لە پێدەشتەکانی دەوروبەری شاگۆلی دا تۆپچییەکان عەمەلییاتیان بەڕێوەبرد و مانۆریان کرد. ئەوان لە ماوەیەکی کەمتر لە چل ڕۆژ دا ئەو سەرکەوتن و لێزانییەیان لە بواری تۆپ هاویشتنەوە بە دەست هێناوە.

تۆپچییەکان لەگەڵ ئەوەش، لەو دواییانە دا تەدریبیان تەواو کردووە هەموو ئەو سێرانەی دایان کردبوو دەئەنگاوت و لە لەلایەن ئامادە بوان و بینەرانەوە تەشویق دەکران.


دوای تەماشا کردنی مانۆڕەکان سەرۆکوەزیر و جەنابی ئاغای قازی محەمەد لە دەوری ئەو مێزەی کە لە دەرەوە و هەوای ئازاد دا تەرتیب کرابوو لە کەشوهەوایەکی سەمیمی دا دانیشتن و و دوای تاوێک حەسانەوەم تەماشای تەقەی تۆپچییەکانیان کرد لەو سێرانەی لە پشت بەردان داکرا بوون.

ئاغای قازی محەمەد چالاکییەکانی گەلی ئازەربایجان و توانایی عەسکەریی ئازەربایجانییەکانی لە ماوەیەکی ئاوا کورت دا تەقدیر کرد و سەبارەت بە داهاتووی دۆستایەتی نێوان گەلی کورد و گەلی ئازەربایجان و پتەو کردنی ڕشتەی یەکەتی ئەو دوو نەتەوەیە نوتقێکی ئیراد کرد.دوایە سەرۆکوەزیر و ئاغای قازی محەمەد سەریان لە مەدرەسەی ئەفسەری، فابریکەکان و تەشکیلاتەکانی دیکەی ئەڕتەش دا."

ڕۆژنامەی کوردستان یش باسی ئەو سەردانەی کردووە و دەنووسێ: (کوردستان، ژمارەی ٤٤، دووشەمۆ ١٦ی بانەمەڕی ١٣٢٥)" حەزرەتی پێشەوای کوردستان دەگەڵ جەنابی سەرۆک وەزیری ئازەربایجان بە سازمانی هێز سەرکەشیان کرد. ڕۆژی ٥ شەمۆ ٥ - ٢ - ٢٥ حەزرەتی پێشەواتی کوردستان دەگەڵ جەنابی سەرۆک وەزیر و باقی وەزیرانی ئازەربایجان و سەرانی فیرقەی دێمۆکڕات چوونە شاە گۆلی و هێزی ئازەربایجانیان سەرکەشی کرد."

١٦ی بانەمەڕی ١٣٩٤ = ٦ی مای ٢٠١٥

## بەڵگەیەکی گمرگاتی کوردستان


گمرگاتی کوردستان

۱۴۹۰

ژمارە: ١٤٩٠

بەروار : ١٧ - ٧ - ١٣٢٥

نیشانە

گمرگاتی کوردستان

نەغەدە

جەنابی ئاغای سەید ئەحمەد بەخشداری موحتەرەمی سلدووز . لە دوای ژومارە ١٤٧٩ ، [بەروار] ١٦ - ٧ - ٢٥ ڕاجیع بە ئاغای حەسەن وەلی زادە کە فیعلەن لەنەغەدە تەوقیف کراوە عەرز دەکرێ ئەمر بفەرموون ئەگەرماڵی کڕیوە ماڵیاتی گومرگی لێ وسووڵ و ئازادی کەن و ئەگەریش ماڵی نەکڕیوە دەستوور بفەرموو موزاحیمی نەبن و بینێرنەوە ----------- کەریمی

سەرۆکێ ئیدارەی گمرگاتی کوردستان کەریمی

مۆری گمرگاتی کوردستان

١٣٢٥

ئیمزا: جەعفەر کەریمی

شیکردنەوە: ١- مەبەست لە سەید ئەحمەد، سەید ئەحمەدی سەید تەهای گەیلانی یە کە لەسەردەمی کۆمار دا بەرپرسی نەغەدە بووە. سەرلک (مایۆر) جەعفەری کەریمی سەرۆکی تەواوی ستادی هێزی کوردستان و هەر وەها بەرپرسی گمرگات بووە. ئەم بەڵگەیە لە تۆڕی کۆمەڵیی فەیس بووک بە سپاسەوە لە دیواری فەرەیدوون حەکیمزادە وەرگیراوە ئەویش لە ئاڕشیوی تایبەتی کاک ئاوات هەمەدانی وەرگرتووە




وێنەی سەید ئەحمەدی سەید تەهای گەیلانی لە ڕووی وێنەیەکی بە کۆمەڵ را ساز دراوەتەوە

١٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ = ٨ی فێبریویەی ٢٠١٥

## ساڵی: ٢٠١٦

### بەڵگەیەکی هەیئەتی رئیسەی میلی کوردستان


ژمارە
بروار
هەیئەتی رئیسەی میلی کوردستان

**ژمارە**

**بەروار: ١ - ٣١ - ٦ - ٢٥**

**ئارمی جمهووری**

**هەیئەتی رئیسەی میلی کوردستان**

**بە وەسیلەی هەیئەت رەئیسە**

**مەبەلغی دە تومان تەتیمەی قەرزی قەنداو خانم لە تەرەف زیبا خانم ژنی ئەحمەد مەلا مەعرووف گەیشت**

**سەحیحە**

**ئیمزا**

٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ = ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

## بەڵگەیەک سەبارەت عەبدوڵای نەهری، ئەندامی کۆمەڵە کە لە شانۆی "دایکی نیشتمان" دا دەوری دایکی نیشتمانی گێڕا


وزارت کشور



**بەڵگەیەک سەبارەت عەبدوڵای نەهری، ئەندامی کۆمەڵە کە لە شانۆی ' دایکی نیشتمان ' دا دەوری دایکی نیشتمانی گێڕا**

**ژمارە: ٤٤٠٧؛ ٣ - ٨ - ٢٤**

**پەیوەست .....**

**نهێنی**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ڕوونووسی نامەی ژمارە: ٥٧٠٧٢ - ٢٩٣١٩ بە بەرواری ٢٤ - ٧ - ٢٩ وەزارەتی شەر بە پێوەست دەنێردرێ. فەرمان بدەن لە مەڕ ئەوەی لە سەر داوای وەزارەتی ناوبراو سەردەشت بکرێتە بەشێک لە [ئەستان ] ی کوردستان موتاڵا بکرێ و بۆچوونی وەزارەت ڕابگەیندرێ.**

**لە لایەن سەرۆک وەزیرەوە**

**ڕوونووسی فەرمان**

سەردەشت هەمیشە بەشێک لە مەهاباد و نزیک بووە لەوێ و موناسەبەتێکی لەگەڵ کوردستان نییە،هەرچۆنێک بێ لەگەڵ پێڕاگەیشــتنەوە بە دابەشــکردنی ووڵات لەبەر چــاو دەگیــرێ ١٨ - ٨ - ٢٤ بــۆ چــاککردنی جەرەیــانە سیاسییەکانیش جوێ کردنەوەی سەردەشت شوێنێکی نابێ دەبێ فکرێکی بنەڕەتی لێ بکرێتەوە.

ئیمزا

ڕوونووسی نامەی ژمارە: ٥ - ٥٧٠٧١ - ٢٩٣٢٩ - بۆ وەزاڕەتی دارایی بنووسرێ عەبدوڵا نەهری لە سەردەشت لابەرن کەسێکی دیکە بنێرنە شوێنی. نهێنی، ڕاستەوخۆ

جەنــابی ئاغــای سەرۆکوەزیر. بە حــورمەتەوە ڕادەگەیێنــدرێ ئەو ڕاپــۆرتەی لە بــانەوە دەڵــێ عەبــدوڵا نەهــری کە یەکێک لە ئەندامانی گرینگی حیزبی کۆمەڵە بووە و نازناوی بە دایکی نیشتمان [مادر وطن] هەڵ دەدرێ، بە پێــی حوکمی ژمارە: ٣٩٥٩ - ١٩ - ٦ - ٢٤ ی دارایی شارستانی مەهاباد وەکوو ئەمینی دارایی سەردەشت دیــاری کــراوە و نــاردراوەتە ئەوێ، و لە بەر ئەوەی ئیــدارەکانی مەهابــاد لە ژێــر چــاوەدێری قــازیی مــحەمەد کە بنیــاتنەر و دامەزرێــنەری حیزبــی کۆمەڵەیە ئیدارە دەکرێن و تەنــانەت گۆڕینی مووچەخــۆرانیش بە پێــی ویســتی وی دەکــرێ و مەبەستی ناوبراو ئەوەیە کە بەو ڕێگایانە دا بتوانێ سەردەشت و شوێنەکانی دیکەی دراوسێ لەگەڵ مەرامی خــۆی بکاتە یەک و دەستیان تێوەردا. بۆیە تکایە فەرمانی پێویست بدەن بۆ گۆڕانی عەبدوڵا نەهری لە پۆستی ئەمینیــی داراییــ سەردەشــت و بە گشــتی کۆتــایی دان بەو جەرەیــانــانە و هەر ئــاوا کە کاروبــاری ئینتیزامــی نــاوچەی سەردەشت ئەسپاردراوە بە لەشکری ٤ی کوردستان واباشە پێوەندی ئیدارەکانی [سەردەشت] لە مەهابادەوە هەڵبــڕێن و بە کوردستان [سنە] وە بلکێن. تکایە لە ئاکامی ئەم تەعلیماتە ئاگادارمان کەنەوە.

لە لایەن وەزیری شەڕەوە

٢٣ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ = ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

## چەند کاربەدەستتی کۆمار لە زیندانی ورمێ



دانیشتوو: مایۆر جەعفەری کەریمی، جێگری وەزیری هێزی دێمۆکڕاتی کوردستان

لە ڕاستەوە: محەمەد سەعید زادە لەفەرماندەرانی کورد لەجەبهەی سەقز، حوسێن فەتتاح قازی لەو خوێندکارانەی کە ناردرابوون بۆ باکۆ ، سەیید محەمەدی ئیسحاقی لە فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگە لە میاندواو ، زیندانی ورمێ، ڕێبەندانی ١٣٢٦- ی هەتاوی.

تێبینی: بە ئەگەری زۆر ئەو وێنەیە لە ئالبۆمی ماڵی ئیسحاقی وەرگیراوە. موحیب مهابادی لە فەیس بووک دا بڵاوی کردووتەوە. شەرحی وێنەکە ئی "وێنەی کۆماری کوردستان" ە.

٢٧ی ڕەزبەری ١٣٩٥ = ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

## هێندێک لە کاربەدەستانی کۆمار لە زیندانیی ورمێ



زیندانیانی کورد لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە زیندانی ورمێ لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی

لەڕاستەوە: محەمەد داودی [کوڕی مەلا عەبدولای داووودی]، محەمەد سەعید زادە، سەیید محەمەد ئیسحاقی، نەناسراو، حوسێن فەتتاحی قازی [لەو خوێندکارانەی کە دوای ڕووخانی کۆمار لە باکۆوە گەڕاوە]، سەیید محەمەدی سەییدی، نەناسراو،

دانیشتوو: لە ڕێزی پێشەوە جەعفەر ئاغای کەریمی.

تێبینی: ئەو وێنەیە بە ئەگەری زۆر ئی ئالبۆمی ماڵی ئیسحاقی یە و موحیب مهابادی لە تۆڕی فەیس بووک دا بڵاوی کردووەتەوە!

٢٧ی ڕەزبەری ١٣٩٥ = ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

## هێندێک لە کاربەدەستانی کۆمار لە زیندانی ورمێ




**لە ڕاستەوە بۆ چەپ:** جەعفەر کەریمی، سەید کامیل ئیمامی (ئاوات و کەریم ئەحمەدەین لە زیندانیانی دوای ڕووخانی کۆمار لە زیندانی ورمێ  لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی.

٢٧ی ڕەزبەری ١٣٩٥ = ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

## دوکتور خوسرەوی زولفەقاری




بتاریخ ۱۳۲۴/۱۱/۱۲

این عکس خودش را بعنوان اولین یادگاری شهر باکو

بخدمت پدر عزیز و مهربانم تقدیم میدارم.

دکتور خسرو ذوالفقاری

در شهر باکو – تاریخ ۲۸ دیماه ۱۳۲۴ برداشته شد

در سن بیست سالگی دانشجوی سال اول دانشکده پزشکی باکو

خوسرەو زولفەقاری یەکێک لەو خوێندکارانە بوو کە پێش لە ناردنی خوێندکاران لە لایەن کۆمارەوە لەگەڵ ٢ یان ٣ کەسی دی بوورسی خوێندیان وەرگرت و چوون بۆ باکۆ. دوکتور زولفەقاری لەوێ خوێندنی تەواو کرد، دوای هاتەوە بۆ ئێران و لە ئێرانەوە چوو بۆ ئەمریکا. بە داخەوە لە سەر ژیانی زانیارییەکی ئەوتۆم نییە. جێی سپاسە ئەگەر زانیارێکتان لە سەر ژیانی هەیە بۆ "وێنەی کۆماری کوردستان" ی بنێرن. وەک لە نووسینی پشت وێنەکە دەردەکەوێ زولفەقاری ئەو وێنەیەی لە باکۆوە بۆ باوکی ناردووە. دیارە ئەو لەکاتی ڕاگەیاندنی کۆمار دا لە باکۆ خوێندکا بووە، وەرگێڕانی شەرحی پشتەوەی وێنەکە ئاوایە:

**بە تاریخی ١٢ - ١١ - ١٣٢٤ [ی هەتاوی]**


ئەو وێنەیەی خۆم وەکوو یەکەم دیاری شاری باکۆ پێشکێش دەکەم بە خزمەتی باوکی عەزیز و مێهرەبانم، ئیمزا خوسرەو دوکتور خوسرە زولفەقاری لە شاری باکۆ - بە تاریخی ٢٨ی بەفرانباری ١٣٢٤ [هەتاوی] هەڵگیرا، لە تەمەنی بیست ساڵی دا خوێندکاری ساڵی ئەوەڵی دانیشکەدەی پزشکی باکۆ.

تێبینی: ئەم وێنەیە: بە سپاسەوە لە لاپەڕەی "وێنە مێژووییەکانی کورد و کوردستان" لە فەیس بووک وەرگیراوە

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٩٥ = ١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٦

## هێندێک لە کاربەدەستانی کۆمار دوای ڕووخانی کۆمار لە زیندانی شارەبانی قەزوێن





مورخه ٢٦ - ٤ - ٢٦ رۆزی جمعه ساعت ٧ بعدازظهر در حیات [حیاط] شهربانی قزوین انداخته شده. رفقای عزیزم از راست به چپ ١- سید محمد طه زاده ٢- محمد داودی ٣- محمد سعید زاده ٤ - سید محمد اسحاقی ٥- سید مصطفی سیدی ٦- عزیز صدیقی - در مهاباد در آمده است (پرویز خان)

همین عکس را در اینجا نزد پرویز خان در آوردەام

٢٧ - ٧ - ٢٦

عبدالله اسحقی

امضاء

١/٥ = ١٥٠٠٠ - پازده هزار

وەرگێڕانی کوردی

بەرواری ٢٦ - ٤ - ٢٦ ڕۆژی جومعە سەعات ٧ی دوای نیوەڕۆ لە حەوشەی شارەبانی [پۆلیس] شاری قەزوێن هاویژراوە. هاوالانیجۆشەویستم لە ڕاستە وە بۆ چەپ

١- سەید محەمەد تەها زادە.

٢- محەمەد داوودی.

٣- محەمەد سەعید زادە.

٤- سەید محەمەد ئیسحاقی. .

٥- سەید مستەفا سەییدی.

٦- عزیز سەدیقی - لە مەهاباد دەر هاتووە (پەرویز خان)

ئەمن ئەو وێنەیەم لێرە لە لای پەرویز خان دەر هێناوە

----

٢٧ - ٧ - ٢٦

عەبدوڵا ئیسحاقی

ئیمزا

١/٥ = ١٥٠٠٠ - پازدە هەزار

هێندێک لە کاربەدەستانی کۆمار دوای ڕووخانی کۆمار لە زیندانی شارەبانی قەزوێن

ئەو وێنەیە بەڕێز موحیب مەهابادی لە تۆڕی فەیس بووک دا بڵاوی کردووەتەوە. ئەوەی ئەو وێنەیە ئەوەندەی دیکەش سەرنجڕاکێشتر دەکا ئەو شەرحەیە کە نەمر عەبدوڵا ئیسحاقی [ئەحمەد تۆفیق]، برای پچووکی سەید محەمەد ئیسحاقی لە پشتەوەی ئەو وێنەیەی نووسیوە. دیارە سێ مانگ دواتر لە هەڵگیرانی وێنەکە ئەو شەرحەی بۆ نووسیوە. مەبەست لە پەرویز خان ، لە وێنەهەڵگر پەرویز خان سەیادیان ە کە لەو سەروبەندی دا لە مەهاباد لە حەوشەی کاروانسەرای سەید عەلی حوسێنی دا عەکاسخانەی هەبووە!

**١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٥ = ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٦**

## بۆزۆرگ عەلەوی پەسنی پێشەوا قازیی محەمەد و میرجەعفەر پیشەوەری دەدا





شهباز

۱۲
دوره دوم

در مهاباد

مصاحبه با جناب قاضی محمد

زیر کشور

داخلی چین

بۆزۆرگ عەلەوی پەسنی پێشەوا قازیی محەمەد و میرجەعفەر پیشەوەری دەدا

مۆئمینی: ئێوە چەند ڕۆژ لە ئازەربایجان بوون، دوایە چوونە کوردستان؟

عەلەوی: بەڵێ من هەر ئەو دەمی چوومە کوردستان.

مۆئمینی: بە تەنێ؟

عەلەوی: نا، نا، هەموو ڕۆژنامەنووسەکان لەگەڵ بوون؟ ئەمن نازانم، بەڵام هەموویان لەگەڵ بوون. ێ ئەوەی چاوڕاکێش بۆ من ئەوە بوو کە پێم گوتی و ئێستا لێرە دا دووپاتەی دەکەمەوە. سەرنجڕاکێش بۆ من کەسایەتی قازیی محەمەد بوو. ئێنسانێک بوو زۆر کتێبی دەخوێندەوە. ئەمن لەوێ زۆرم کتێب دیت. ئینسانێکی زانا، لە سەرەخۆ و بە ویقار بوو. بە ئارامی قسەی دەکرد. بۆچوونی خۆی دەگوت و شتێکی هێندەش کە لایەنی سیاسی هەبێ ئێستا وەبیرم نایە بەڵام کەسایەتی وی شوێنی لەسەر من دانا و من هەستم کرد کە ئەو لەوێ پیاوێکی بەحورمەت و دەسترۆیشتوو یە چونکە ئەو کەسانەی کە دەهاتنە ئەوێ هەموو کڕنۆشیان بۆ دەبرد لە سەر چیچکان دادەنیشتن،

بە بێ ئیجازەی وی قسەیان نە دەکرد. جار جار ڕووی لە یەکێک لە ئامادەبووان دەکرد و کابرا شتێکی دەگوت یان دەچوو یان دەهات ...

هەڵبەت لە شاریش هەمان یانە، واتە یانەی فەرهەنگ کە چوو بووین پڕ بوو لە وێنەی ستالین.

مۆئمینی: لە مەهاباد؟

عەلەوی: لە مەهاباد، کە ئەوە نا مەنتقی و ناعاقڵانە وەبەر چاو دەهات.

موئمینی: ئەو یانەی فەرهەنگە ئی کوردەکان خۆیان بوو یان هەمان ڕابیتەی فەرهەنگی ئێران و شووڕەوی بوو؟

عەلەوی: ئی ڕابیتەی فەرهەنگی ئێران و شووڕەوی بوو بەڵام باشە، کوردەکان لەوێ بوون. ئەخە ئینسان دەچێتە کوردستان، مەهاباد دەبینێ، گیشە دەبینێ، بەو ڕێگایانە دا تێ دەپەڕێ؛ دوایە لە پڕ لەوێ وێنەی ستالین و فلان و ئەوانە بە سەر دیوارەوە دەبینێ، یان ئەو کتێبانەی کە لەوێ دەیانفرۆشت ئەوانە هەمووی هەر ئەو دەمی ئەو شوێنەی لە سەر من دانا کە ئەوە دەستکردە، تەبیعی نییە.

مۆئمینی: چی؟ وێنەکان

عەلەوی: لە جێدا گشت دەوروبەرەکە. و زیاتریش لاوان لەوێ بوون، ئینسانی تێگەیشتوو و بەساڵداچووتری لێ نەبوو. کەس ئامادە نەبووە قسەت لەگەڵ بکا. دیارە هەڵبەت ئەمنیش کە لە کوردی حاڵی نەدەبووم بەڵام کەسی ئاواش کە فارسی بزانێ زۆر کەم بوون. موحیتیکی ناجوور بوو.

موئمینی: ئەتۆ ئەوەت لەگەڵ قازیی محەمەد نەهێنا گۆڕێ کە ئەم دەوروبەرە دەسکردە؟

عەلەوی: نا، نا! ئەو ئەوەندە بە ویقار و بە حورمەت لەوێ دانیشتبوو و پێغەمبەرانە قسەی دەکرد کە لە جێدا مرۆ نەی دەوێرا قسەی ئاوای لەگەڵ بکا. بۆ من هەرچۆنێک بێ ئاوا بوو؛ ئەوانیدیکەش هەر ئاوا نەیان پرسی.

مۆئمینی: ئەتۆ بە شەخسە وتووێژت لەگەڵ نەکرد؟

عەلەوی: بۆچ نا بەڵام هەر هەمان قسەی ئاسایی بوو. قسەکانم وەبیر نایە، بە کورتییەکەی کاتێک ئەمن گەڕامەوە لە ڕۆژنامەکان دا هیچم نەنووسی یان ئەگەر شتێکیشم گوتبێ قسەی ئاسایی بوو، قسەی ئەوتۆ کە روحیان پشتیوانی لە سیاسەتی دەوڵەتی شووڕەوی بوو.

مۆئمینی: ئەوانیدی کە هەڤپەیڤینیان لەگەڵ قازیی محەمەد کرد بوو چ جۆرە مەسەلەیەکیان هێنا بوە گۆڕێ؟

عەلەوی: هیچ وەبیرم نایە

مۆئمینی: بەڵام ئەمن وەبیرم دێ کە هورموز هەڤپەیڤینێکی کرد بوو کە لە ڕۆژنامەی "رهبر - ڕەهبەر" دا چاپ کرا بوو. هەڵبەت ناوەرۆکەکەیم وەبیر نایە بەڵام لەوێدا هێندێک باسی ئامانجەکانی حکوومەتی کوردستانی کرد بوو. ئێستا با پرسیارێکی دیکە؛ لەو دواییانە دا لەهەموو جێیەک دەنووسن جمهووری مەهاباد، بۆ لەوێ مەسئەلەی جمهووری لە گۆڕێ دا بوو؟

عەلەوی: بەڵی بەڵێ ، قسە لە سەر ئەوە بوو کە جمهووری خود موختاری کوردستان.

مۆئمینی: باشە، ئەگەر ئەوانە خۆیان بە بەشێک لە ئێران دەزانی چۆن دەیانگوت جمهووری، لە حاڵێک دا کە ئەو دەمی حکوومەتی ئێران سەلتەنەتی بوو؟

عەلەوی: "حکوومەتی خود موختار"، لە سەر "جمهووری" ئەمن دڵنیا نیم، "حکوومەتی خودموختار" یان "دەوڵەتی خودموختاری کوردستان" و دیارە هاوپەیمانی ئازەربایجانیش.

مۆئمینی: ئازەربایجان خۆ جمهوری نەبوو.

عەلەوی: نا، "حکوومەتی خودموختاری ئازەربایجان" بوو.

مۆئمینی: باشە، ئەو شتانەی کە پوور والی دوای ئەو سەفەری کوردستان لە ڕۆژنامەی "ایران ما - ئیرانێ ما" دا دەینووسی ئەتۆ دەتخوێندنەوە؟ چ کارتێکەری نەبوو؟

عەلەوی: بێگومان دەمخوێندەوە. بەڵام ئەو کارتێکەرییەی لە سەر من هەبوو کە باشە، پشتیوانی لە دەوڵەتی

شوورەوی دروستە، یانی ئەوە تێگەیشتنی من بوو، بیروباوەڕێشم بوو و لە ڕاستیش دا ئێمە ئیمانمان بەوە بوو ئیدی!

مۆئمینی: سەبارەت بە پیشەوەری، گۆیا ئەندامی حیزبی توودە بووە کە من نەمدەزانی. دوایە ئیعتیبارنامەکەی لە کۆنگرەی یەکەمی حیزب دا بەرپەرچ دەدرێتەوە.

عەلەوی: نا، پیشەوەری قەت ئەندامی حیزب [ی توودە] نەبوو.

مۆئمینی: ئەی ئەوانەی کە دەڵێن ئیعتیبارنامەکەی لە کۆنگرەی حیزب دا ...

عەلەوی: ئیعتیبارنامەکەی لە مەجلیس دا بەرپەرچ درایەوە.

مۆئمینی: نا، جگە لەوە. ئەوە دواتر لە مەجلیس دا بەرپەرچ دراوە. ئەی ئەوەی کە دەگوترێ ئیعتیبارنامەکەی لە کۆنگرەی حیزب دا بەربەرچ دراوەتەوە چییە؟

عەلەوی: پیشەوەری قەت نەبوو بە ئەندامی حیزبی توودە. هەر بۆیەش هەر لە هەمان سەرەتاوە ڕۆژنامەی جیاوازی خۆی وەڕێ خست. هیچ کات ئەندامی حیزبی توودە نەبوو.

مۆئمینی: بەڵام هێندێکان نووسیویانە کە ئەندامی حیزب بووە ..

عەلەوی: کێ بۆ نموونە نووسیویە؟

مۆئمینی: بۆ نموونە خامەیی نووسیویە کە پیشەوەری ئەندامی حیزب بوو و ئیعتیبارنامەکەی وەکوو نوێنەری حیزب لە ئازەربایجان لە کۆنگرە دا لە بەر دەستەبەندییەکانی ئەردەشیر کە لەگەڵی خراپ بووە، بەرپەرچ دەدرێتەوە و ئەویش هەر لەوێوە زیز دەبێ و لە حیزب دەچێتە دەرێ.

عەلەوی: بە باوەڕی من ئەوە لەو درۆ شاخدارانەیە کە خامەیی لە خۆ وە سازی کردووە. بەڵگەی بۆ ئەوە چییە؟

مۆئمینی: ئەمن بەدبەختانە لە بیرم چوو لە ئیرەج بپرسم. وێدەچێ ئەویش لە جێگایەک قسەیەکی وای کرد بێ.

عەلەوی: بڕوانە: ئەگەر شتێکی وا بوو با من دەمزانی چونکە من لەگەڵ پیشەوەری دۆست بووم. سیلولەکەی ڕووبەڕووی سیلوولی من بوو، ئەمن زۆر دەچووومە لای ئەو و گوێم لە قسەکانی هەڵدەخست و ئەو ئەمنی زۆر تەشویق دەکرد. ئەو داستانانەی کە من لە زیندان دەمنووسین بۆ هەمووانم دەخوێندەوە بەڵام بۆ پیشەوەری بەتایبەتی بە تەنێ بۆم دەخوێندەوە و ئەو منی تەشویق دەکرد دەیگوت بەهرەت هەیە و دەبییە فلان و فیسار و لەو قسانە؛ و ئەگەر ئەمن خەبەرم پەیدا کرد با کە ئەو لە حیزب دا بووەتە ئەندام و ئیعتیبارنامەکەی بەرپەرچ دراوەتەوە  دەمزانی. ئەندامەتی لە حیزب دا خۆ ئیعتیبارنامەی ناوی، بەشداری لە کۆنگرە دا ئیعتیبارنامەی دەوێ.

مۆئمینی: دیارە هەر ئەو بەشداری لە کۆنگرە دا.

عەلەوی: هەر لە جێدا شتێکی ئاوا نییە. من هیچ کات پیشەوەری م لە کۆنگرە دا نەدیت. ئەوە لەو درۆیانەی کە هەڵیان دەبەستن.

مۆئمینی: لە سەر پیشەوەری ئیدی چی دی دەزانی؟

عەلەوی: نازانم گووتوومە یان نا؟ ئێستا دووپاتەی دەکەمەوە. پیشەوەری ئینسانێک بوو شانی دابووە بەرکارێک کە دەروەستی نەدەهات. ئەو خۆی هەستی بەوە دەکرد. دەست و باڵی بەسترا بوو، ئەو هەر کاتێک ویستبای هەنگاوێک هەڵێنێتەوە ئەو پێکوڕە پچووکانەی شووڕەوی، دەستتێژەکانی شوورەوی کارەکەیان لێ تێک دەدا. لە سەر ئەو بابەتانە جەهانشاهلوو کە بە دڵنیاییەوە زانیاری زیاترە لە خامەیی، هێندێک شتی نووسیوە کە بە گرد بڕی مرۆ دەبێ ڕوویان تێ کا. ئەگەر خۆ ویستییەکان، و ئەمن ئەمن کردنەکانی جەهانشاهلوو لە ناوەرۆکی کتێبەکەی دەربهاوێژین هێندێک زانیاری تێدایە کە بە باوەڕی من بەکەلکە.

مۆئمینی: ئەوەتا لێرەیە، نووسیویە: "بۆ کۆنگرەی یەکەمی حیزب ١٧٣ نەفەر نوێنەر لە شارستانەکانی وڵاتەوە هەڵبژێردرابوون، بەڵام تەنێ ١٦٨ کەسیان بەشدارییان کرد بوو. پێنج کەسی دیکەش بە هۆی جۆر بە جۆر لە کۆنگرە دا ئامادە نەبوون و یان وەک پیشەوەری ئیعتیبارنامەکەیان بەرپەرچ درایەوە" ※

عەلەوی: درۆیە،

مۆئمینی: عەرزت بکەم دەمەویست سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی پیشەوەری لە ڕووی ئەخلاقییەوە قسە بکەی.

چونکە ئێستا گوتت کە لە زیندان چیرۆکەکانی خۆت بۆ دەخوێندەوە و تەشویقی دەکردی و بەوە ڕا دەردەکەوێ لەو ڕووەوە ئینسانێک بووە کە بە پێی داوەری تۆ قابیلییەت و بایەخی ئەوەی هەبووە کە چیرۆکەکان و نووسینەکانتی بۆ بخوێنییەوە و ئەو قسانەی ئەو لە سەر کارەکانت دەیانکا بە جیدی بگری. مانای ئەو قسانە ئەوەیە کە ئینسانێک بووە کە سەرەدەری لە شتان کردووە، دواتریش کە ڕۆژنامەی "آژیر - ئاژیر" بڵاو دەکاتەوە زۆر کەسان لەو باوەڕە دابوون کە ئەو سەر ووتارانەی کە دەینووسین زۆر پوخت و پاراو بوون. هەڵبەت من ئەو دەمی جار جار چاوێکم لە ژمارەکانی دەکرد بەڵام ئێستا هیچم وەبیر نایە.هەرچۆنێک بێ ئەو جۆرەی کە دەڵێن ئینسانێک بووە کە لەسەرەخۆ بیری کردووەتەوە.

عەلەوی: ئەوانە هەموویان ڕاستن. ئینسانێک بوو کە کەڵەک و کولەکی نەدەزانی، سیاسەتمەدار بوو، تا ئەو جێگایەی کە لە مەبەست و ئامانجی خۆی کە خودموختارییەکی ڕاستەقینە بۆ ئازەربایجان بوو بەولاوە نەدەچوو.
ئەهلی کتێب بوو، زۆریشی دەنووسی، یادداشتی هەڵدەگرتەوە. کۆکراوەیەک لە نووسینەکانی لە ئازەربایجانی شووڕەوی بڵاو بووەتەوە کە نازانم دیتووتە یان نا؟

مۆئمینی: ئەمن نوتقەکانیم دیتووە.

عەلەوی: کۆکراوەی نوتقەکانی بە تورکی ئازەربایجانی.

مۆئمینی: بەڵێ

عەلەوی: من بۆت دەنێرم

مۆئمینی: نا،

عەلەوی: من بەرگێکیم هەبوو بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئازەربایجانی تێ ناگەم دام بە کەسێک کە ئێستا وەبیرم نایە کێ بوو. ئەگەر لە بیرت بێ زنجیرەیەک ووتاری نووسی سەبارەت بە کتێبی یەکەمی من "وورده کاغەزەکانی زیندان" کە بڵاو بوونەوە، لە ڕۆژنامەی آژیر دا نووسی. پیشەوەری ئینسانێکی قانیع بوو، بە قەناعەتەوە دەژیا، عەییاش نەبوو، ئینسانێک نەبوو کە زۆر مەیلی هەبێ بۆ ئارەق و شەڕاب و خۆراک و فلان و ئەوانە، ژنباز نەبوو، هەر لەگەڵ ئەو ژنەی کە زەواجی کرد بوو دەسازا. هیچ کات نەمبیست کاریکی سەرچڵانە و هەرزە بکا. بە ڕاستی

ئینسانێکی دروست بوو. بەڵام ئیدی وایە، لەپڕ کارێک کەوتە دەستی کە دیتی لە دەور و بەری، بە پێی قسەی ئەم ڕۆژگارە، دەستەیەک موناڤیق کۆ بوونەتەوە کە نایەڵن کارەکەی بکا. لەوەش دەرچێ، هەڵبەتە تواناییشی دەرەقەتی سیاسەتی دەوڵەتی شووڕەوی نەدەهات.

مۆئمینی: مانای ڕستەکەی دواییت ئەوەیە کە ئەو بۆ خۆی لە ئاست سیاسەتی دەوڵەتی شوورەوی هێندێک بیروڕای هەبووە؟

عەلەوی: بە گرد بڕی، بە دڵنیاییەوە وایە.

مۆئمینی: ئەمن زۆرم بیستووە کە ئەو هەمیشە خاوەنی دەنگی سەربەخۆی خۆی بووە و لە ئاست شووڕەوییەکان ڕادەوەستا.

عەلەوی: ئەمنیش هەر لە سەر ئەو باوەڕەم. بەڵام نەیدەتوانی کارێک بکا چونکە کەسانی وەک غوڵام یەحیا و خەڵکی دی لە هەموو جێیەک چاویان بەسەرییەوە بوو، بە تایبەتی غوڵام یەحیا کە لە جێدا هەر ناکرێ قسەی لێوە بکرێ.

مۆئمینی: و تەنانەت دەنگۆ هەبوو کە ئەو تەسادوفەی کە کرا و بووە هۆی مەرگی بە هۆی پیلانێکەوە بووە.

عەلەوی: دەنگۆی وا هەبوو بەڵام من نازانم. دەڵێن بە ئانقەستە کوشتوویانە،

مۆئمینی: بۆچی ئەویان بە ئانقەستە کوشت؟

عەلەوی: لەبەر ئەوەی لەوێش بە مەیلی ئەوان هەڵنەدەسووڕا. بڕوانە ئەو جۆرە ئینسانانە لە جێدا جۆرە سەربەخۆییەکیان هەیە، بۆ نموونە با لەمەڕ مەلا مستەفا بارزانی بڵێم. ئەو دەیگوت خۆ لە بەر ئەوە ئەمن نەهاتوومە ئێرە کە نان و مەشرووبی خۆش بخۆم ؟ ئەویش بە پێی مەیلی شووڕەوییەکان هەڵنەسووڕا. دواجار بارزانی کەسێکی خێڵەکی بوو و قسەیەکی نەدەپەژراند کە پێی هەو نەبایە.

* لاپەڕەی ١١٠، فرصت بزرگ از دست رفتە (دەرفەتی گەورەی لە دەستچوو، بەرگی دووەم، بیرەوەرییەکانی دوکتور ئەنوەر خامەیی) انتشارات هفتە، تاران، ڕێبەندانی ١٣٦٢

## تێبینی

ئەو هەڤپەیڤینەی باقر مۆئمینی نووسەری کرماشانی لەگەڵ بۆزۆرگ عەلەوی نووسەری بەناوبانگی ئێرانی لە کۆتاییەکانی مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٤ی هەتاوی [مانگی ئاوریلی ١٩٨٥] چل ساڵ دواتر لەو کاتەی کە عەلەوی سەری تەوریز و مەهابادی داوە لە پاریس لە ماڵی موئمینی ئەنجام دراوە. ئەو چاوپێکەوتنە لەسەر کاسێت ئاستە کراوە و دواتر دابەزێندراوە. جگە لە مۆئمینی کەسێکی دیکەش لەو هەڤپەیڤینە دا بەشداری کردووە. پرسیارەکانی مۆئمینی لەسەر جمهووری کوردستان و حکوومەتی نیشتمانی ئازەربایجان بووە کە لێرە دا بەشی زۆریان وەرگێڕدراون.

عەلەوی دەڵێ لەو سەفەرە دا وەک ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی "مردم" بەشداری کردووە، لەو سەفەرە دا جەهانگیر تەفەزولی، عەباس شاهەندە، مەحموود هورموز لەگەڵ بوون و خەبەری ئەو سەفەرە لە ژمارەی ١- [پێنجشەمۆ ٢٠ - ١٠ - ١٣٢٤ = ١١ ژانڤییەی ١٩٤٦ و ژمارەی ٢ی کوردستان، شەمۆ ٢٢ - ١٠ - ١٣٢٤ = ١٣ی ژانویەی ١٩٤٦] لە ژێر سەردێڕی "گفتوگوی جنابی قاضی محمد پیشوای بەرزی کوردوستان دەگەل خاوەنانی روژنامەی تاران" بڵاو کراوەتەوە بە پێی ئەو بەشە سکانکراوەی ڕۆژنامەی "شهباز" ئەو ڕۆژنامە نووسە ئێرانییانە ڕۆژی ٢٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤ هەتاوی [ ١ی دیسامبری ١٩٤٥] گەیشتوونە مەهاباد. ئەو سکانە ناتەواوەی ڕۆژنامەی "شهباز" کە وێنەی پێشەوا، بۆزۆرگ عەلەوی و جەهانگیر تەفەزولی تێدا چاپ کراوە بە سپاسەوە لە ماڵپەڕی کۆماری کوردستان لە مهاباد (ئاسۆی ڕوونی ڕۆژهەڵات) وەرگیراوە، هیوادارم ئەگەر ئەو نووسینە دەبینن حەول بدەن ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی "شهباز" بە تەواوی بڵاو بکەنەوە.

وا دیارە ئەو گفتوگۆیەی مۆئمینی لەگەڵ عەلەوی ئێستا بە شێوەی کتێب بڵاو بووەتەوە. ئەو بەشانە بە سپاسەوە لە "سایتی انتگراسیون ایرانیان ساکن آلمان" وەرگیراوە کە بەناوی "یک گفتگوی خودمانی با بزرگ عەلەوی" [وتوویژێکی خۆمانە لەگەڵ بۆزۆرگ عەلەوی] بڵاو بووەتەوە. بۆزۆرگ عەلەوی لە ٩ی فێڤرییەی ١٩٩٧ لە تەمەنی ٩٣ ساڵی دا لەشاری برلین چاوی وێک نا. کتێبی "چاوەکانی" وی کە بەشاکارێکی ئەدەبی دادەندرێ وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردیی سۆرانی. سەردێڕی ئەو بابەتە ئی وەرگێڕی کوردی یە.


حەسەن قازی

١٠ی فێڤرییەی ٢٠١٧

٢٢ی گەلاوێژی ١٣٩٥ = ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٧

## ساڵی: ٢٠١٧

### دەستخەتی دوکتور ئەمیر حەسەنپوور لە کتێبی "کوردستان لە سێبەری مێژوو" ی سوسان مەیسێلاس دا لەمەڕ مەزاری قازییەکان




نەخشە، گۆڕی قازییەکان

"کاتێک ئێمە نەخۆش دەکەوتین (لە تافی منداڵیم دا) دایکم دەیبردینە سەر قەبری قازییەکان بۆ ئەوەی چاک ببینەوە، ئەوێ نزرگەیەک بوو و دایکم پێی دەگوتین ئەوانە شەهیدن.

ڕەنگە ئەو بە نزرگە دانانە بووبێتە هۆی بڕیاردانی حکوومەتی ئێران بۆ ئەوەی گۆڕی سێ قازییەکان وەگوێزێ. هەڵبەت، ئەوان نەیان گوت دەیانەوێ گۆڕەکان ڕاگوێزن. گوتیان لەوێ دارستانێک ساز دەکەن بە فارسی،


جەنگەڵی مەسنووعی (لێڕەواری دەسکرد) لە داوێنی ئەو کێوەی گۆڕستانەکەی لێ یە. چەند میترێک دوور لە گۆڕەکان ڕێپێڵگەیەکیان ساز کرد و کێلی زۆر لە قەبرەکانیان ڕاگوێست لەوانە ئی سێ قازییەکان (ئەمن تاریخی ووردی ئەوەم وەبیر نایە بەڵام دەکرێ لە ساڵی ١٩٥٩ یان ١٩٦٠ دا بووبێ). ئەمن ئەو وێنەیەم دوای لا برانی کێلەکان هەڵگرتووە. کاتێک وێنەم هەڵدەگرتن ئیحتیاتم دەکرد وام نیشان دەدا وێنەی دیمەن و بەرجەوەند دەگرم نەک نی قەبرەکان. ئەمن فیلمی وێنەکانیشم نەبرد بۆ ئەوەی لە عەکاساخانەیەکی خۆجێی دا بیانشۆمەوە . بردمنە تارانێ و لەوێ زاهیرم کردن."

**وێنەهەڵگر و دەستخەتی ئەمیر حەسەنپوور، زانای کوردی دانیشتووی کانا دا، ژووەنی ١٩٩٦**

سەرچاوە: **Kurdistan In the Shadow of History , Susan Meiselas** چاپی دووهەم ٢٠٠٨، لاپەڕەی ٢٠٩

**ی گەلاوێژی ١٣٩٦ = ٢٣ی جوولای ٢٠١٧**

## هەڵسەنگاندنی کتێبی مەحموود مەلا عززەت لە لایەن دوکتور ئەمیر حەسەنپوورەوە



MELA 'IZZET, Meḥmûd. *Dewḷetî Cimhûrî Kurdistan: Name w Dokumênt.* Bergî Yekem, [Stockholm], Sweden, Binkey Çapemenî Azad. 1992, 373 p. Back cover: Mehmud Mulla Izzat. *The Democratic Republic of Kurdistan (Correspondence & Documents).*

This is undoubtedly the most important documentary source about the Kurdish republic established in northern Kurdistan in Iran in 1946. The book reproduces 239 letters written by the authorities of the Kurdish government and the Iranian Army. The documents of the republic numbering 227 are organized chronologically from *farvardin* to *tir* 1325 (1946). The first document is a handwritten copy of the declaration of the formation of the Kurdistan Democratic Party in August 1945. The correspondence of Iranian army officers which includes 12 items were all written in Persian. The compiler has provided Kurdish translations of these letters.

It is impossible to list in a brief abstract the wealth of information furnished by these documents. They provide first-hand data on the political, military, administrative and financial conditions of the republic, its relations with the landed nobility i.e. the *axawet*, tribal leaders, the Iraqi Kurds who participated in the administration of the republic, and the Iranian army. Also, the documents--reproduced in the original handwritten or typed form--provide considerable information on the use of language, the extent of Iraqi Kurdish participation (handwritings and some vocabulary items provide reliable clues), the means of communication and transportation, etc.

The compiler intends to publish the rest of the documents in two more volumes. The discovery and publishing of the documents can be considered a major historiographical event since, after the overthrow of the Kurdish government, all written documents were destroyed by the Kurds (for fear of persecution). In Iran, documents in government possession are not open to researchers, and research on the topic was not allowed under the Pahlavi regime. Repression of the memory of the republic was so intense that, under the Shah's government, even early Iranian propaganda literature against the republic (e.g., N. Pesyân's *Az Mahâbâde xunin tâ karâne-hâye aras*, Tehran, 1328/1949) was banned.

The book includes several appendices including a chronological listing of the letters, names of writers, alphabetical list of the names mentioned in the documents, a list of families and tribes and tables corresponding Christian and Hejri Şamsi calendars. Still the documents need more annotation and interpretation, a task that can be done as an oral historical research.

A. H.

4

958

هەڵسەنگاندنی بەرگی یەکەمی شوێنەوارە بە قیمەتەکەی مەحموود مەلا عززەت: "دەوڵەتی جمهووری کوردستان، نامە و دۆکومێنت، ستۆکهۆڵم ۱۹۹۲ لەلایەن دوکتور ئەمیر حەسەنپوور وە. ئەو بابەتە لە "ئیرانیکا" دا بڵاو کراوتەوە.

ی گەلاوێژی ١٣٩٦ = ٢٣ی جوولای ٢٠١٧

## چەند کەس لە خوێندکارانی کورد لە مەدرەسەی نیزامی باکۆ



چەند کەس لە خوێندکارانی کورد لە مەدرەسەی نیزامی باکۆ لەگەڵ یەکێک لە مامۆستاکانیان. لە ڕیزی پێشەوە دا عەزیز ئیبراهیمیان دەناسرێتەوە. ئەوانەی لەپشتەوە ڕاوەستاون کەسی ناوەڕاست ڕەحمان گەرمیانی یە.

٢٨ی بانەمەڕی ١٣٩٦ = ١٨ی مای ٢٠١٧

## وێنەیەکی دەگمەن و پێ نەزاندراوی پێشەوا قازیی محەمەد





## وێنەیەکی دەگمەن و پێ نەزاندراوی پێشەوا قازیی محەمەد

١١ی بانەمەڕی ١٢٧٩ی هەتاوی (١ی مەی ١٩٠٠) ڕۆژی لە دایکبوونی پێشەوا قازیی محەمەدە کە ناوی بۆ هەمیشە لە مێژووی سیاسی هەموو کوردستان دا ئاستە کراوە. بەو بۆنەوەیە ئەم وێنە نەبینـدراوەی پێشـەوا و تـاقە کوڕەکەی عەلیی هومام قازی (کوڕی ڕەش) بڵاو دەکەینەوە.وێنەکە لە ئـاڵبۆمی شەخسی ڕەحمەتـی حەسەن فەتتـاحی قـازی دابووە کە یەکێک لە کوڕەکانی بێژەن قازی لە تۆڕی فەیس بووک دا بڵاوی کردووەتەوە بێ ئەوەی کەسەکانی نـاو وێنەکەی ناسیبێتەوە. سپاس کاک بیژەن بۆ ئەو کارە گەورەیە.

**لە ڕاستەوە:** ١- میرزا قاسم مەجیدی قازی [میرزا قاسمی بادام] ٢- مەلا محەممەدی دربکەی [ لاهیجانی ]، ٣ و ٤ - پێشەوا قازیی محەمەد و کوڕەکەی عەلی، ٥- مەلا محەممەد سدیقی سیدقی.


**تێبینی:** بڵاو کردنەوەی ئەو وێنەیە لەگەڵ شەرحەکەی بە ئاماژە بە سەرچاوە ' وێنەی کۆماری کوردستان' ڕەوایە، ئەگەر نەکرێ ناڕەوایە.


١٠ی بانەمەری ١٣٩٦ = ٣٠ی ئەپریلی ٢٠١٧

---

### پۆدپۆلکۆڤنیک مستەفا خۆشناو، فەرماندەی لکی یەکی بارزانیان، دواتر فەرماندەی هێزی بۆکان و سەقز لە سەرا







له شوههدای ڕێگای نیشتمانهوه عیزەت عەبدولعزیز و مستەفا خۆشناو و خەیروڵڵا عەبدولکەریم و محەمەد مەحمود - دوە بۆ برایانی میللەتی کوردی خۆشەویست

له دوای تەبلیغی حوکمی ئیعدام بە یەک سەعات نووسراوه

**برایان:**

له ژیـانی ژێـر دەسـتی و ئیسـتعماردا له نووسینی ئەم نـامەیەوە تەنیـا ١٤ سـەعاتمان مـاوە بە پەتـی ئیسـتعمار دەگەینە دنیای ئازادی و گیانمان دەگاتە گیانی پاکی شوهەدای ڕێگای نیشتمان.

**برایان:**

خۆمان زۆر بە بەختیار دەزانین کە بەرامبەر واجبی میللی هیچ دوا نەکەوتین تەنیا نەسیحەتی ئێمە ئەوەیە کە لاوان و نیشتمانپەروەرانی کورد نیکرانی زات بکەنە نیشانە و یەکیەتی بکەنە پەیرەوی خۆیان بۆ شکاندنی تەوقی ئیستعمار و ڕزگارکردنی هەموو میللەتێکی مەزلووم بێ جیاوازی.

**برایان:**

دوژمنـی جەهـالەت بـن بە هەمـوو تواناتـان شـەڕی جەهـالەت بـکەن وە دوای جەهـالەت مەکەون. ئـێمە نیشـانەی تێکوشینی میللی میللەتی کوردین لە ساڵی ١٩٤٧ دا. برایانی ئێمە کە ماون بۆ ڕێگای شەرەف تێدەکوشن و پشت بە خودای گەورە میللەت ڕزگار دەبێ.

**برایان:**

هاتنمانە بەر سێدارە لە بێ دەسەڵاتیەوە و سێ و دوو کردنەوە نەبـوو بـۆ تێکۆشین، بەڵکـو هەر وەکـو سـەربازێکی ئازاد تـا ئاخرین توانا هەوڵمان داو و گەیشـتینە ئەم نەتـیجەیە. ئیـدی بـۆ یەکیەتـی وە بـۆ ئـازادی. بـژی کـورد و کوردستان.

**ئیمزا**

**خیراللە عبدالکەریم مستەفا خۆشناو عیزەت عبدالعزیز محمد محمود**

**تێبینی:** وێنەی پۆدپۆلکۆڤنیک مستەفا خۆشناو لە تۆڕی ئینترنێت، نامە بە دەستخەتی خۆی بۆ حەمەڕەشید خان لە بەرگـی دووەم ی "دەوڵەتـی جمهـوری کوردسـتان" نـامە و دۆکومێنـت، مەحمـود مەلاعـززەت، سـتۆکهۆڵم ١٩٩٥، و وەسیەتنامەی شەهیدان لە ماڵپەڕی "نەوا" وەرگیراوە.

**٢٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ = ٩ی ئەپریلی ٢٠١٧**

## نووسینێکی مەحموودی تەفەزولی ڕۆژنامەنووسی ئێرانی سەبارەت بە پێشەوا قازیی محەمەد



# کُرد هر جا باشد ایرانیست

محمود تفضلی

روز دهم فروردین، سالروز شهادت قاضی‌ها بود.

سی و سه سال پیش در چنین روزی دولت شاه با شتابزدگی ناجوانمردانه قاضی محمد رهبر دموکرات کردها و برادرش و برادرزاده‌اش را در مهاباد بدار آویخت و به یقین کردها این روز را فراموش نخواهند کرد همچنانکه هرکس با قاضی محمد و دموکرات‌های کردستان آشنائی یافته است آن روز را از یاد نخواهد برد.

قاضی محمد یکی از مردترین مردان و عمیق‌ترین و پخته‌ترین و باشرف‌ترین کسانی بود که من در عمر خود دیده‌ام. او وطن‌دوستی آزاده و ژرف‌بین و مردم‌خواه بود که با تمام وجودش به ایران بستگی داشت. او که خیلی آسان‌تر از دیگران میتوانست از ایران برود نخواست وطنش را رها کند تا در همین جا بمیرد. زندگیش، رفتارش، حرف‌زدنش، لحن صدایش همه چیزش گیرائی داشت و میتوانست سرمشق دیگران باشد.

او به حق رهبر و پیشوای ایدالهای آزادیخواهانه و مترقیانه برادران کرد ما بود.

سی و چهار سال پیش، هنگامیکه قوام‌السلطنه زمامدار بود و بازی سیاسی خود را دنبال میکرد قاضی محمد با چند تن از همراهانش برای مذاکره به تهران آمد.

به او در ویلای شماره ۵ نزدیک هتل دربند، در دربند شمیران منزل داده بودند و در همانجا بود که یک روز ما، روزنامه‌نویسان آن زمان، بدیدنش رفتیم و در همانجا بود که من او را دیدم و سخنانش را شنیدم. سخنانی که از همان وقت آویزه گوش جانم شده است و امروز هم طنین آنرا از دهان برادران دیگر کرد میشنوم.

در آن روز یکی از روزنامه‌نویسان جوان سئوالی برای شادروان قاضی محمد مطرح ساخت و پرسید نظر شما درباره کردهای غیر ایرانی چیست؟

قاضی محمد با صدای گرم و ملایم خود و با لحنی مطمئن و آرام، و در حالیکه دیدگان نافذش را از زیر شرابه‌های دستارش بدوست جوان ما دوخته بود، بدنبال چند لحظه سکوت گفت:

"من کرد غیر ایرانی نمی‌شناسم. کرد در هر جای عالم که باشد ایرانی است. اگر دولت‌های ایران بخاطر ضعف و ناتوانی یا به علل سیاسی دیگر نتوانسته‌اند همه فرزندان ایران را در دامان خود حفظ کنند ایرانی بودن جداشدگان و دورماندگان از ایشان سلب نمیشود."

و بعد از چند لحظه سکوت دوباره گفت:

"کرد همیشه ایرانی بوده است و همیشه ایرانی خواهد بود. اگر کسانی هستند یا باشند که تصور کنند کرد غیر ایرانی هم وجود دارد این یک حرف تازه است که باید درباره‌اش فکر کرد."

شاید آنچه من امروز پس از سی و چهار سال مینویسم عین کلمات زنده قاضی محمد نباشد اما مطلب همین است که من با گوش خودم در حضور جمعی از روزنامه‌نویسان از دهان او شنیدم و یقین دارم از آن جمع آنانکه هنوز زنده هستند این سخنان پرمغز و لطیف و حساس را بیاد دارند که دل هر ایرانی را به تکان می‌آورد.

امروز که گذشت سالها قاضی را ناجوانمردانه از پا انداخته و نسل معاصر او را به آستانه گور رانده است هنوز هم حقانیت این کلمات بزرگ و درخشان در آفاق ایران و کردستان طنین دارد.

در غوغای تاسف‌انگیزی که در این اواخر برپا شده و در حرکت پرشکوه کردها که بعضی‌ها با کوته نظری و تنگ مایگی آنرا تجزیه‌طلبی می‌نامند و با این حرف نابجای خود آتش بیاری می‌کنند من باز هم طنین کلمات قاضی شادروان را می‌شنوم که میگفت و تکرار میکرد، کرد هر جا هست ایرانی است و در اعماق وجودم باور دارم که کرد از پاک‌ترین و اصیل‌ترین و نجیب‌ترین ایرانیهاست.

به آنچه امروز در روزنامه‌ها از زبان رهبران کردها نقل میشود بنگریم همه یک دل و صدا، حرفهای قاضی محمد را تکرار می‌کنند که روانش شاد باد.

عزالدین حسینی امام جمعه مهاباد که امروز بحق در جای قاضی محمد نشسته است و رهبر کردهاست میگوید:

"ما تجزیه‌طلب نیستیم، ما خواهان خودمختاری در درون ایران هستیم نه جدا از آن... برای ما یک کردستان خودمختار بدون یک ایران آزاد و دموکراتیک نمیتواند وجود داشته باشد... من خود را دوست همه نیروهای ترقیخواه و دموکرات ایران میدانم..."

دکتر عبدالرحمن قاسملو دبیرکل حزب دموکرات کردستان میگوید: "شعار اصلی ما دموکراسی برای ایران و خودمختاری برای کردستان است... ما خودمختاری را در چهارچوب کشور ایران میخواهیم و فکر می‌کنیم که هیچگونه تناقض میان خودمختاری کردستان و تمامیت ارضی ایران و استقلال ایران وجود ندارد... ما هرگونه اتهام تجزیه‌طلبی را قویا" و شدیدا" رد می‌کنیم و یکبار دیگر اعلام می‌کنیم که هیچ نیروی تجزیه‌طلبی در کردستان ایران وجود ندارد..."

و از ماورای مرزهای رسمی ایران یک کرد مبارز و دلیر دیگر جلال طالبانی میگوید:

"مسئله وحدت کردستان مربوط به آینده است و خیلی اشکال در راه آنست... مسئله وحدت کرد، گرچه حالا در پیش نیست، ولی بهرحال این مفهوم را ندارد که کردها از ایران جدا شوند. شاید یک رژیم دموکراتیک ملی در ایران باشد که همه کردها بتوانند در زیر سایه‌اش بهمه آرمانهایشان دست یابند و کردستان ایران، منطقه جذب دیگر کردستانها شود و بجای تجزیه شدن موجب ملحق شدن همه کردها به ایران باشد..."

من از هرگونه تعصب نفرت دارم، از تعصبات ملی و وطنی هم که آنرا شوونیسم میگویند بیزارم، اما به حقوق مردم به حق ملتها به آزادی انسان و به انسانیت باور دارم و باور دارم که کردها از ایرانی‌ترین ایرانیان هستند.

اشتباهی بزرگ خواهد بود اگر این مردم ایران و دولتهای ایران و زمامداران ایران این حقیقت را نادیده بگیرند واز یاد ببرند، زیرا در این صورت گروهی از عزیزترین فرزندان ایران را از خویش خواهند راند.

کلام بزرگ زنده یاد قاضی محمد را بخاطر بسپاریم که گفت:

کرد هر جا باشد ایرانی است.

روان قاضی شاد و یادش گرامی باد و جاوید ایران!

**تێبینی:** ئەم بابەتە لە گۆواری "امید ایران" دا چاپ کراوە، بە ئەگەری زۆر دەبێ ئی ساڵی ١٩٧٩ بێ!

١٤ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ = ٣ی ئەپریلی ٢٠١٧

## حوسێن زێڕێنگەران (فڕووهەر) لە پشت میلەی زیندانی ڕەزائییە (ورمێ)




١٣ی خاکەلێوەی ١٣٥٢ هەتاوی [٢ی ئاوریلی ١٩٧٣]، دلی گەورەی حوسێن زێڕینگەران (حوسێنی فڕووهەر)، ئەندامی ژمارە ١ی کۆمەڵەی ژیانی کورد و سەرۆکی کۆمەڵە تا ساڵی ١٩٤٤، ئەندامی کۆمیتەی شاری حدک لە مەهاباد لە سەردەمی جمهووری، ئەفسەر و پشکنەری بەرزی جمهووری،لە تاران لە کوتە کەوت. ئەم وێنەی کە لە ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی لە زیندانی ڕەزائییە (ورمێ) هەڵگیراوە بە بۆنەی ٤٤ ساڵوەگەری وەفاتی فڕووهەر بڵاو دەکەینەوە.

١٣ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ = ٢ی ئەپریلی ٢٠١٧

## مەجید خانی حەمەڕەشیدخان قادر خانزادە، فەرماندەی پێشمەرگە لە قەباغلووی بۆکان لە سەردەمی جمهووری دا





بروار ١٣٢٥/٣/٨ هیزی ژمارە ٦

لە قباغ لو دیموکراتی کوردستان

[ لکی بوکان ]

بو حضوری فرماندەی بەرزی هیزی بوکان و سقز

ژنرال محمدرشیدخان

١- حسب الامری ٢٤٧ / ٢٥/٣/٧ فرماندەی معظم دستور خان دا کە بە قطعی ریگاکان مسدود بکرین

٢- اوا مصطفی و حسن امانە هردوکیان لە سر مسلسل ایشیان کردوە لە گل چوار تفری تر بی تفنگ نیرانە خذمت رجایە دو عدد مسلسل لە گل نواری زیادە وە فیشکی کافی بومان حوالە بفرمون دەمەویت پردەیکی عسکری بە سر خوماندا بکیشین

٣ - اگر لطف بفرمویت فیشک مسلسل زور بیت ایسترکەشم لازم ابی


سرکردەی بانە

محمد رشیدخان زادە

**تێبینی:** لە شوێنەوارە سێ بەرگییەی کتێبە بەنرخەکەی نەمر مەحموود مەلا عێزەت دا: "دەوڵەتی جمهووری کوردستان، نامە و دۆکومێنت" چەندین نامەی مەجید خان هەیە کە ئەوەی سەرەوەیان لە لاپەڕەی ٥٥٥ی بەرگی دووهەم وەرگیراوە. وێنەی مەجید خان لە ئینترنێت وەرگیراوە!

٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ = ١٤ی مارچی ٢٠١٧

## میرزا محەمەدئەمین مەنگوڕی ڕووناکبیری دووربینی سەردەمی جمهووری




بەڕێز سدیق ساڵح لەو پێشەکییەی دا کە بۆ چاپکردنەوەی بەشێکی زۆر لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" ی نووسیوە میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی ئاوا ناساندووە.

"کوڕی ئەحمەد کوڕی فەقێ برایم کوڕی مەلا یووسفە. فەقێ برایمی باپیری ،کاتی خۆی لە دێی (سوێناس)ی ناو عەشیرەتی گەورک دانیشتووە. باوکی، بە هۆی کێشەیەکی عەشایەرییەوە ناچار بووە بچێتە ناو عەشیرەتی مەنگوڕ لە دیوی کوردستانی عێراق، لەدێی (زوودان) جێگیر بووە. هەر لەوێ "گوڵێی کچی فەقێ وەیس"ی هێناوە. لەوەوە ناسناوی مەنگوڕی بە سەر بنەماڵەکەیدا براوە.

میرزا محەمەدئەمین ۱۹۱۰ لە قەڵادزێ لە دایک بووە. بە منداڵی لای مەلا حەمەدەمینی ماڵخۆبزنی خراوەتە بەر خوێندن، بەڵام لە بەر ئەوەی حەزی لە خوێندن نەکردووە ، دەرکراوە. کە ناوچەکە کەوتووەتە ژێر دەستی ئینگلیز، دووبارە خراوەتەوە حوجرە، لە لای مەلا مەحموود ناوێک دەرسی دینیی وەرگرتووە. کە بە هۆی بازرگانی تووتنەوە لەگەڵ باوکیدا کەوتووەتە باشووری عێراق ، لە (سوارییە) پۆلەکانی پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی تەواو کردووە. دوایی دەستی داوەتە کاسبی و سەرکەوتنی تێدا بە دەست نەهێناوە بۆیە بووە بە میرزا لە لای مامەندئاغای سەرخێڵی ئاکۆ و ناوی میرزای لەو کاتەوە لێ نراوە.

۱۹۳۲ دامەزراوە بە قۆڵچیی دائیرەی ئیستهلاک، مانگێ بە ٥٥ ڕووپییە، پاش ماوەیەک دەرکراوە. هەمان ساڵ لە ۲۳ی ئابدا خولێکی سێ مانگەی پۆلیسیی دیوە، ئەمجا خراوەتە خولێکی سێ مانگەی موخابەرەی هیلیۆگرافی مۆرس؛ بوە بە موخابەرەچی و نێردراوە بۆ گڵەزەردە و ماوەت. کە هێنراوەتەوە بۆ سلێمانی، لە ۱۹۳٤ دا خوتبەیەکی بە شێعر لە بەر دەم "مەلیک غازی" دا داوە خەتێکی پۆلیسیی دراوەتێ. ئەو سەر وەختە، لەگەڵ چەند پۆلیسێکی تر دا کۆمەڵێکیان بە ناوی (حیزبی خوێنرێژی) یەوە پێک هێناوە. ۱۲ پۆلیسیان بۆ هەڵسووڕاندنی کارو باری خۆیان هەڵبژاردووە بۆ بڵاو کردنەوەی بیری نیشتمانی و کوردایەتی. ئەوانە پاشتر چوونەتە ناو حیزبی برایەتی.



ئەو ماوەیە یەکەم کتێبی خۆی بە ناوی (هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن)ەوە داناوە و لە سەری دراوەتە دادگا، بە تاوانی

بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندەی زیانبەخش، حوکمی شەش مانگ زیندان دراوە، سەرباری ساڵێک چاوەدێری و دەرکران لە وەزیفە و زەوتکرانی کتێبەکەی. ماوەیەک لە بەندیخانەی سلێمانی هێڵراوەتەوە، دواتر براوە بۆ کەرکووک. کە بەرەڵا کراوە، دیسان تێ هەڵچووەتەوە، لە ناو "برایەتی" دا کەوتووەتە کار. بەڵام سەر لە نوێ گیراوەتەوە و لە زیندان توند کراوە چونکە هیچ بەڵگەیەکی لە سەر نەبووە، بەر دراوە.

وەزیفەکەی گوێزراوەتەوە بۆ شارەوانیی چوارتا. لەوێ لە بەر کێشەیەک گیراوە و براوەتە بەندیخانە، حوکمەکەی تەواو کردووە. دوا ڕۆژەکانی ١٩٤٥ ئاودیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. ٤ - ١ — ١٩٤٦ گەیشتووەتە دێی"تورکومان کەندی". ٥ - ٣ - ١٩٤٦ نێردراوەتە سەرا و سەرچاوەی ناوچەی سەقز کراوەتە میرزا (کاتب) لە لای حەمە ڕەشید خانی بانە و سەرۆکی لکی سەقز و بۆکانی یەکەتیی جەوانانی دێمۆکڕاتی کوردستان. کە حەمە ڕەشید خان لە ٣ - ٨ - ١٩٤٦ [ئەو تاریخە هەڵەیە، بە پێی نووسینی مەنگوڕی- ٢٤ - ٨ - ١٩٤٦ دروستە. ڕوونکدنەوەی ح.ق ] گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی عێراق، ئەم گیراوە و خراوەتە زیندان، کە هیچی لە سەر ساغ نەبووەتەوە، بەرەڵا کراوە. بە خۆ وەشێری لەو دیو [ڕۆژهەڵات] لای "حەماغای عەلی ئاغای جەوانمەردی" ی سەرخێڵی گەورکی سەقز ماوەتەوە.

تشرینی دووەمی ١٩٤٨ بەماڵەوە گەیشتووەتەوە سلێمانی، هەژاری پەرێشانی کردووە. لە دائیرەی ئاو و کارەبای سلێمانی دامەزرێنراوە، بە ڕۆژانە ٥٠٠ فلس. ١٩٥٠ "بەهێی محێدین شەریف" ی هاوسەری کە لە ١٩٣٣ دا هێنابووی، مردووە. پاشان حەلاوە خانی کچی زێوەری شاعیری هێناوە. لەبەر ئەوەی مووچەکەی کەم کراوەتەوە دەستی لە وەزیفە هەڵگرتووە چووەتە ڕانیە لەوێ سێیەم ژنی هێناوە. دامەزراوەتەوە بە کاتبی لێژنەی ئاو و کارەبای ڕانیە بە مانگانەی ٢٠ دینار.

سەرەتای سەردەمی کۆماری [لە عێراق]، چالاکیی ئەدەبیی زیاتر و بە شێعر و چیرۆک بەشداری کۆڕ و ئاهەنگەکان بووە. ١٩٦١ بووە بە ئەندامی پارتیی دێمۆکڕاتی کوردستان. مایسی ١٩٧١ لە سەر کتێبی (گەشتی ئەستێرەی مەریخ) لە بەر گوایە بێ دینی و کافر بوون، دوچاری کێشە بووە لە ڕانیە و قەستی کوشتنی کراوە. لە سەر ئەوە وەک ژمێریار و سنووقدار گوێزراوەتەوە بۆ شارەوانیی تەوێڵە. دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی. ٢٧ - ٣ - ١٩٧٥ چووەتەوە سەر وەزیفەی ژمێریاری لە شارەوانیی تەوێڵە. ١ - ١ - ١٩٧٦ خۆی خانە نشین کردووە. ١٩٨١ چاوی داویەتە کزی. سەعاتی یەکونیوی شەوی ١٣ - ١ - ١٩٨٨ کۆچی دوایی کردووە. ١٩ - ٦ - ١٩٩٢ لە سەر وەسێتی خۆی، تەرمەکەی بەڕێورەسمێکی جەماوەری براوەتە سەر چیای کێوەڕەش و لە (گۆڕ مریەم) بە خاک سپێردراوەتەوە. ئەم بەرهەمانەی میرزا مەنگوڕی لە چاپ دراوە:

١- هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن، چاپخانەی بەلەدیە - سلێمانی، ١٩٣٨

٢- چیرۆکی ماهراکۆ، چاپخانەی ڕاپەڕین - سلێمانی، ١٩٧١

٣- چیرۆکی زێرینا ئامێدی، چاپخانەی الغری - نەجەف، ١٩٧١

٤- بووکێکی ناکام، چاپخانەی النعمان - نەجەف، ١٩٧١

٥-گەشتی ئەستێرەی مەریخ ، چاپخانەی العنان - نەجەف، ١٩٧١

٦- فەیرووز خانی پشکۆ، چاپخانەی القضاء - نەجەف، ١٩٧١

٧- کورد و ئەرمەن، ١٩٩٧

٨- کورد و ئاسووری، ١٩٩٧

٩- بەسەرهاتی سیاسی کورد، بەشی یەکەم (١٩١٤ - ١٩٥٨)، سوێد، ١٩٩٩

١٠- بەسەرهاتی سیاسی کورد، بەشی دووەم (١٩١٤ - ١٩٥٨)، سلێمانی، ٢٠٠١

١١- کۆنگرێسی دوڕندە و ئاژەڵ،١٩٩٣

١٢- بەسەرهاتی مەنگوڕی، (بە دە ئەلقە لە ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" دا بڵاو کراوەتەوە، ١٩٩٥

١٣- دیوانی بەهەشتی دڵداری ، ٢٠٠٦

١٤- حەقایقی بەسەرهاتی شێخ مەحموود لە پەنای ئیستیقلالی کورد دا، ٢٠٠٣ "




نەمر مەحموود مەلا عێزەت لە ساڵی ١٩٩٩ بەشی یەکەمی "بەسەرهاتی سیاسی کورد"ی لە سوێد چاپ کرد و ئەمن

شانازی ئەوەم پێ برا یارمەتی بکەم بۆ چاپی کتێبەکە. بەرگی دووەمی 'بەسەرهاتی سیاسی کورد؛ کە هەمووی تەرخان کراوە بۆ باسی شکانی جمهووری کوردستان و محاکەمەی ڕێبەران و هەڵسووڕاوانی جمهووری لە ساڵی ۲۰۰۱ لە سلێمانی چاپ کراوە و ئەمر مەحموود مەلا عێزەت سەرەتایەکی بە نرخی بۆ ئەو بەشە نووسیوە و لەوانە دەنووسێ:

"بایەخی بەرهەمەکە هەر لەوە دا نییە کە چەند لاپەڕەیەکی شاردراوەی مێژووی سەردەمێکی زێڕین لە ژیانی سیاسیی کورد و دەسەڵاتی خۆماڵیی جەمهوورییەتی کوردستانە کە میرزا مەنگوڕی تۆماری کرد و نەیهێشت وەک زۆری تر لەو بیرەوەریی و زانیارییانە بکەونە ناو بازنەی لە بیر چوونەوە، بەڵکوو گرنگتر لەوانە ئەوەیە کە وا میرزا هەر وا بە ڕاگوزاریی ڕووداوەکانی تۆمار نەکردووە، هەر وا ڕوخساری کۆمەڵگەکە و گۆڕانە ڕووکەشەکانی نەبینیوە، بەڵکوو باسە گرنگەکانی ناو هەناوی گۆڕان و ناکۆکییەکانی کۆمەڵی کوردەواریی و دەزگاکانی کۆمار و ڕەفتاری نائاسایی هەندێ ناوەندی دەسەڵاتی بە سەر کردۆتەوە، ئەو لایەنانەی خستۆتە بەر ڕووناکیی کە مەگەر هەر لێکۆڵەر بایەخەکانیان بزانێت، چونکە دەتوانرێت باس و توێژینەوەی هەمە لایەنەی چین و بەشە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی لێهەڵبهێنجێت تا ئەو ئاستەی کە ببێتە سەرچاوەیەکی تری مێژووی ڕاستەقینەی جەمهووریەتی کوردستان ... سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ مێژووی سەردەمەکە کە دەرس و پەندی باشیشیان لێوەربگیرێت. ....

یەکێک لە کارەساتەکان کە سەرەنجامی ڕووخانی جەمهوورییەتی کوردستان بوو لە سێدارە دانی پێشەوا قازیی محەمەد و هاوڕێکانی بوو، دیسان ڕووداوەکانی هاوپێوەند بە لە سێدارەدانی تێکۆشەرانی هاوبەش لە خەباتی پیرۆزی کوردایەتی و جەمهوورییەتی کوردستاندا باسدەکات و لەگەڵ زۆر لە باسوخواسیی تری گرنگدا.

ئەوانە چەند نموونەیەکی گرنگی ناوبیرەوەرییەکانی ئەم بەرگی دووهەمەی "بەسەرهاتی سیاسیی کورد" ە، کە بایەخی مێژوویی بەرهەمەکە و ڕۆڵی باشی میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی دەردەخات، چ وەک هاوکار و نووسەر لە فەرماندەییەکەی جەنەڕاڵ حەمەڕەشید خان و داڕێژەری نووسین و نامەکانی خان، و چ وەک نووسەرو بەسەرکردنەوەی ڕووداوەکان لە ناو بیرەوەریی و یادداشتەکانیدا.. ئەم بەرگی دووهەمە وەک تەواو کردنی بەرگی یەکەم جێگەی خۆی لە ناو سەرچاوەکانی کۆمار ناسیدا ئەگرێت و کەلێنێکی بۆشاییەکانی ناو کتێبخانەی کوردی پڕ دەکاتەوە.



گڵکۆی پیرۆزی میرزا محەمەدئەمین مەنگوڕی لە سەر چیای "کێوەڕەش" لە گۆر مریەم کە دەڕوانێتە شاری ڕانیە

تێبینی: وێنەی میرزا حەمەدەمین مەنگوڕی بە جلوبەرگی کوردی و وێنەی گڵکۆکەی بە سپاسەوە لە لاپەڕەی کاک "موحیب مەهابادی" لە فەیس بووک وەرگیراوە. ئەو وێنەیەی میرزا محەمەد ئەمین پێشتر لە پێشەکی کۆکراوەی ڕۆژنامەی کوردستان، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح، سدیق ساڵح، ساڵی ٢٠٠٧ دا چاپ کراوە. وێنەکەی بە جلوبەرگی فەرەنگییەوە لە ئینترنێت وەرگیراوە و دەستخەتیشی لە بەرگی سێیەمی کتێبی "دەوڵەتی جمهوری کوردستان" نامە و دوکومێنت، کۆ کردنەوە و ڕێک خستنی مەحمود مەلا عززەت، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧ وەرگیراوە. دیارە زۆربەی هەرە زۆری نامەکانی ژەنەڕاڵ حەمەڕەشیدخان خانزادە ئەو سەردەمەی کە فەرماندەی "هێزی بۆکان و مەنتەقە" بووە لە "سەرا" بە دەستخەتی میرزا محەمەدئەمین مەنگوڕی نووسراون و هەر ئەویش ئارشیوی نامەکانی بۆ حەمەڕەشیدخان پاراستووە. بە پێی نووسینی ووردی مەنگوڕی، حەمە ڕەشیدخان لە ١ - ٥ - ١٣٢٥ی هەتاوی (٢٣ی ژوویەی ١٩٤٦) نامەی دەست لەکارکێشانەوەی بۆ وەزارەتی هێزی میللی کوردستان ناردووە و ژەنەڕاڵ سەیف قازی دوو ڕۆژ دواتر واتە لە٣ - ٥ - ١٣٢٥ (٢٥ - ٧ - ١٩٤٦) ئەو ئیستیعفایەی لێ قەبووڵ کردووە و خان لە ٢ - ٦ - ١٣٢٥ (٢٤ - ٨ - ١٩٤٦) گەڕاوەتەوە کوردستانی عێراق و نامەکانی لەگەڵ خۆی بردووە! ٢٧ ساڵ دواتر واتە لە سەرەتای مانگی مارسی ساڵی ١٩٧٣ ئەو نامە و بەڵگانەی داوە بەمەحموود مەلا عێزەت و بەو پێیە بەشێکی گەورە لە مێژووی جمهووری کوردستان لە فەوتان ڕزگاری بووە.

١٨ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ = ٨ی مارچی ٢٠١٧

## هێندێک لە کاربەدەستانی جمهووری لە زیندانی ورمێ








**ریزی پێشەوە لە ڕاستەوە: سەید محەمەد تەها زادە (ئەیووبیان)، ئەحمەد ئیلاهی، محەمەد سەعید زادە.**
**ریزی ناوەڕاست لە ڕاستەوە: غەنی خوسرەوی، مەناف کەریمی**

**ریزی پشتەوە لە ڕاستەوە: حوسێن فەتاحی قازی، سەید پیرە نیزامی، حەمەدەمین شەڕەفی**

**تێبینی: ئەم وێنەیە لە دووچاپی کتێبی "تاریخ مهاباد" ی نووسینی بەڕێز سەید محەمەد سەمەدی دا بڵاو کراوەتەوە و ئەو شەرحەی ژێر وێنەکەش هەر لەوێدا هاتووە. هەر لەگەڵ ئەو وێنەیە وێنەیەکی دیکەش هەڵگیراوە کە پێشتر لە "وێنەی کۆماری کوردستان" دا بڵاو مان کردەوە. بەرواری وێنە هەڵگرتنەکە بە ساڵنامەی زایینی دەبێ بە ٢٠ی ئووتی ١٩٤٨.**

**١٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ = ٥ی مارچی ٢٠١٧**

## چەند ساڵ بەر لە ڕاگەیاندنی جمهووری، نامەی فەرمانداری مەهاباد بۆ سەدری قازی


شماره ۲۷۱۰ بتاريخ ۹/۲۶ ماه ۱۳۲۱

وزارت كشور

استان چهارم

( فرمانداری مهاباد )

جناب آقای صدر قاضی

**شماره ۲۷۱۰**

**بتاريخ ۲٦ - ۹ - ۱۳۲۱**

**ضميمه**

**وزارت كشور**

**استان چهارم**

**فرمانداری مهاباد**

**جناب آقای صدر قاضی**

از قرار اطلاعاتی که میرسد بین پیران و منگور گفتگوی ملکی منجر بجنگ گردید، طرفین در لاهیجان سوار جمع کرده‌اند که زدوخورد نمایند. اولا در اینموقع که این آتش گرفته اگر این جنگ واقع شود حوزه مهاباد آرامشی را که مرهون مراقبت آقایان روسای عشایر است از دست خواهد داد بعلاوه مرتکبین در پیشگاه دولت مورد بازخواست خواهند بود خاصه در موقعی که آقایان حاجی قرنی آقا امیر العشایر و حاجی حمزه آقا قادری در لاهیجان حضور دارند بهیچوجه انتظار نمیرود چنین جنگی بین طایفه منگور و پیران واقع شود علیهذا جنابعالی را زحمت میدهم فورا به لاهیجان تشریف برده آقایان روسای مامش را ملاقات و بعدا با آقایان روسای منگور و پیران مذاکره و آنها را نصیحت فرموده در هر صورت از وقوع جنگ جلوگیری فرمائید موضوع گفتگوی ملکی بهیچوجه مستلزم جنگ نیست بعداز آنکه آقایان سوارهای خود را متفرق کردند و جنگ موقوف شد در مورد گفتگوی ملکی بهر وسیله که صلاح بدانند بررسی و اصلاح خواهد شد.

فرماندار شهرستان مهاباد

سریع القلم

وەرگێڕانی کوردی

ژمارە: ٢٧١٠

بەروار: ٢٦ - ٩ - ١٣٢١ [١٧ - ١٢ - ١٩٤٢]

پەیوەست

وەزارەتی ناوخۆ

ئەستانی چوارەم

فەرمانداریی مەهاباد

جەنابی ئاغای سەدری قازی

بە پێی ئەو زانیارییانەی هاتوون لە سەر کێشەی موڵکی لە نێوان پیران و مەنگوڕ دا شەڕ قەوماوە. هەر دووک لا لە ' لاجان' سوارەیان کۆ کردووەتەوە کە تێک هەڵچن. یەکەم کە ئێستا ئەو ئاورە کەوتووەتەوە ئەگەر ئەو شەڕە بقەومێ مەڵبەندی مەهاباد ئەو ئارامییەی کە لە بەر چاوەدێری ئاغایانی سەرۆک عەشیرەتەکان وەدەستی هێناوە لە دەست دەدا و لەوەش زیاتر بکەران دەبێ لای دەوڵەت وڵامی کردەوەکانیان بدەنەوە بەتایبەتی ئێستا کە ئاغایانی حاجی قەرەنی ئاغای ئەمیرولعەشایر و حاجی هەمزاغای قادری تەشریفیان لە لاجانە بەهیچجۆر چاوەڕوان ناکرێ شەڕێکی ئاوا لە نێوان تایفەی مەنگوڕ و پیران رووبدا، لەگەڵ ئەوەشدا زەحمەت دەدەم بە

جەنابی بەرزتان دەستبەجێ تەشریف بەرن بۆ لاجان چاوتان بە ئاغایانی مامەش بکەوێ و دوایە لەگەڵ سەرۆکانی مەنگوڕ و پیران قسە بکەن و نەسیحەتیان بفەرموون هەرچۆنێک بێ پێش بە قەومانی شەڕ بگرن کێشە لە سەر موڵک بە هیچجۆر نابێ ببێتە هۆی شەڕ دوای ئەوەی ئاغایان بڵاویان کرد بە سوارەکانی خۆیان لەوێندەرێ و شەڕ ڕاگیرا سەبارەت بە گفتگۆ لە سەر کێشەی موڵکی هەر چۆنێکی بە سەلاحی بزانن لێی دەکۆڵدرێتەوە و چاک دەکرێ.

فەرمانداری شارستێنی مەهاباد

سەریعولقەلەم


ئورکوارت کۆنسوولی بریتانیا ئاوا باسی سەریعولقەلەم دەکا

کۆنسوولی بریتانیا لە تەورێز لە "یادداشتی دیدارێک لە مەهاباد" کەلە ١٣ی مانگی ئۆکتۆبری ١٩٤٢ چووەتە ئەوێ و دوو ڕۆژ لەوێ ماوەتەوە بە دوورو درێژی باسی فەرماندار "سەریعولقەلەم" و بێ دەسەڵات بوونی دەکا"... هەر کە گەیشتمە مەهاباد دەستبەجێ چاوم بە فەرماندار، سەریعولقەلەم، کەوت کە نێوبانگی ئەوەی هەبوو خێراترین نووسەر بێ لە ئێران، بەڵام ئیشتیای لە تریاک بوو... فەرماندار گوتی بارو دۆخ لە مەهاباد زۆر تاریکە، حکوومەت چ دەستەڵاتێکی نییە و، عەشیرەتەکان بە بیانووی پاراستنی هێمنی بە هەموو شێوەیەک بە ڕووتاندنەوە و جاڕز کردنی خەڵکەوە خەریکن، یەک لەوانە زیندوو کردنەوەی داوای کۆن و تازە کردنەوەی ماڵە و حیسابی کۆنە. مامەشەکان سندووس دەدۆشن، مەنگوڕەکان مەهاباد، دێبۆکرییەکان بۆکان، پژدەرییەکان سەردەشت و، ئێستا بە پێشنیازی ئوستاندار لە تەورێز، سوارەیەکی تێکەڵاو لە مەنگوڕ، گەورک و مامەش چوونەتە "میاندواو" بۆ ئەوەی "هێمنی" ئەوێ "بپارێزن" فەرماندار زۆر بە توندی دژی ئەو کارەیە و، پێی وایە ئەوە دەبێتە هۆی کێشە ساز بوون لەگەڵ دێبۆکرییەکان... [ وەرگێرانی ئەو یادداشتە هەمووی لە لایەن ئەم قەڵەمەوە لە پێشدا لە گۆواری گزینگ و دواتر لە کتێبی "ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دا، ئەنوەر سوڵتانی، بنکەی ژین، ٢٠٠٥' بڵاو بووەتەوە

تێبینی: ئەم نامەیە لە ئارشیوی بنەماڵە دا بووە، ڕاگوێستنی بە شەرتی ئاماژە بە سەرچاوە ڕەوایە

١٣ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ = ٣ی مارچی ٢٠١٧

## کاپیتان حەمەدی ڕاتبی (حەمەدی مەولوودە چرچی)






کاپیتان حەمەدی ڕاتبی (حەمەدی مەولوودە چرچی)

کاپیتان حەمەدی ڕاتبی یەکێک لە فەرماندە بەوەجەکانی پێشمەرگە بوو لە سەردەمی جمهووری کوردستان دا. دوای ڕووخانی جمهووری کاک حەمەد و هێندێک پێشمەرگەی دیکەی ڕۆژهەڵات خۆیان بە دەستەوە نەدا و تا ئەو جێی توانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مانەوە. کاپیتان ڕاتبی دواتر پەنای بردە لای شێخ لەتیفی حەفید کە ماڵەکەی داڵدەی هەموو ئەو غەوارانە بوو کە لە سنووری دەستکرد پەڕیبوونەوە.

حەمەدی مەولوودی دواتر لە ساڵی ٢ - ١٩٥١ لە کوردستانی عێراقەوە چووە ئازەربایجانی شووڕەوی و ماوەیەک لە زیندان دا بوو لە زەمانی خرۆشچۆف دا بەر درا و لە دەور و بەری باکۆ خەریکی باغەوانی بوو. پێوەندیی بەو تێکۆشەرە ڕۆژهەڵاتییانەی کە لە باشوور دەژیان پاراستبوو و زۆر جار لەگەڵ ڕەحمەتی ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵا ئیسحاقی) نامەیان ئاڵوگۆڕ دەکرد. کاک حەمەد لەجەنگەی خەباتی کۆمەڵانی ڕاپەڕیوی ئێران بە دژی ڕێژیمی سەرەڕۆی پەهلەوی دا نەخۆش کەوت و بەداخەوە لە ٢٨ی ژووەنی ساڵی ١٩٧٨ لە تەمەنی ٧٠ ساڵی لە تاراوگەی ئازەربایجان چاوی وێک نا.

کاک حەمەد لە مەهاباد چوار منداڵی بە جێهێشتبوو کە وەک زۆر منداڵی دیکەی کورد بێ باب گەورە بوون و بە ئاواتەوە بوون چاویان بە بابیان بکەوێتەوە، ئامینی ڕاتبی (مامڵێ) یەک لەو منداڵانەیە. هاوسەری ڕەحمەتی خورشید ڕەهبەر لە نەبوونی کاک حەمەد دا منداڵەکانی گەورە کرد و هەتا مرد هەر بە هیوای دیتنەوەی بوو.

حەمەد لە تاراوگەی ئازەربایجانیش بۆ جاری دووەم خێزانی پێکەوە نا و کچێکی هەیە کە وەک لەم وێنەی سەرەوە دا دەبینین ئەو کێلەی بۆ گۆڕی پیرۆزی بابی دروست کردووە. لە سەر کارنامەی ژیانی کاپیتان حەمەدی ڕاتبی دەبێ زۆر لەوە درێژتر بنووسرێ. هەژار لە "چێشتی مجێور" دا باسی هێندێک بیرەوەری خۆی لەگەڵ وی دەگێڕێتەوە.

سەبارەت بە سەردەمی چالاکی وی لە کۆمەڵەی ژیانی کورد و جمهووری دا دەنووسێ: " لە دامەزرانی " ژ- ک" دا هاتە حیزبەوە. پیاوێکی زۆر بە بڕشت و موخلیس بوو. "ژ - ک" کە دە پێشدا خەڵکی دەترساند، تفەنگ هاویشتن و ترساندن لە عۆدەی حەمەد بوو. دەگەڵ هێزی چەکداری کۆمەڵە لە هاوکارە هەرە ئازا و بەکارەکان بوو، لە شەڕی "مەکلاوێ"ی دەوری سەردەشت، و لە ئەتڕافی سەقز ناوی دەر کرد. پڵنگێک بوو لە بەر هەزار کەس نەدەپرینگاوە. هەموو زۆرمان خۆش دەویست "

تێبینی: ئەو وێنەیە کە وێدەچێ یەک لە دوایین وێنەکانی کاک حەمەد بێ و وێنەی مەزارەکەی بە سپاسەوە بەڕێز ووریا مامڵێ نەوەی کاپیتان ڕاتبی بۆ "وێنەی کۆماری کوردستان" ناردووە. لە سەر کێلەکە بە زمانی تورکیی


ئازەربایجانی نووسراوە: "کورد محەمەدی کوڕی مەولوود، لە دایکبووی ١٩٠٨، کۆچکردوو لە ٢٨ - ٦ - ١٩٧٨، بیرەوەرییەک لەلایەن کچەکەیەوە.

دیسان بڵاو کردنەوەی وێنەکان و شەرحەکەیان بە ئاماژە بە سەرچاوە ڕەوایە!

١١ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ = ١ی مارچی ٢٠١٧

---

**حوسێنی زێڕینگەران (فرووهەر) لە پشت میلەی زیندانی ڕەزائییە (ورمێ)**



٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ = ٢٣ی فێبریوێری ٢٠١٧

## ڕەحمان گەرمیانی لە باکۆ



ڕەحمان گەرمیانی، لەو خوێندکارە کوردانەی کە بۆ پەروەردەی نیزامی لە سەردەمی جمهووری دا ناردرا بۆ باکۆ، دوای ڕوخانی حکوومەتی کوردی نەهاتەوە وولات و لە شووڕەوی خوێندنی پزشکی تەواو کرد.

٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ = ٢٣ی فێبریوێری ٢٠١٧

## جەعفەر کەریمی و هاوڕێیانی لە زیندانی ورمێ




جوان دەردەکەوێ ئەم وێنەیەش لەگەڵ وێنەکەی پێشوو هەڵگیراوە. کەسی یەکەم کە سەری تەواو دیار نییە سەید محەمەد تەها زادە یە. بەو تاریخە را [ ١٤ - ٠٧ - ١٣٢٦] = ٦ - ١٠ - ١٩٤٨ را تاریخی هەڵگیرانی وێنەکەی پێشووش ڕوون دەبێتەوە.

**تێبینی:** وێنەی سەرەوە لە ئینترنێت وەرگیراوە

٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ = ٢٣ی فێبریوێری ٢٠١٧

## وێنەیەکی دیکەی زیندانییە کوردەکان دوای ڕووخانی جمهووری




زیندانی ورمێ لە ڕاستەوە: مستەفا سوڵتانیان، سەید محەمەد سەییدی، محەمەد سەعید زادە، عەزیز سەدیقی، جەعفەر کەریمی و سەید محەمەد تەهازادە

بە سپاسەوە ئەم وێنەش لە کتێبی: "کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ زایینی، لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە خەباتی سەربەخۆیی کوردستان و گرینگی مێژوییەکەی، نوسەر سوڵیمان سولتانیان، ناساندن و چاودێری: هیتوشی سوزوکی ١٣٩٢ تۆکیو" وەرگیراوە

٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ = ٢٢ی فێبریوێری ٢٠١٧

---

## وێنەیەکی دیکەی مەناف کەریمی لە زیندانی ورمێ



وێنەی
مەنافی کەریمی و عەلی خوسرەوی لە بەندیخانەدا

**لەبن وێنەکە نووسراوە: دوای بیست مانگ زیندانی کێشان لە زیندانی مەهاباد و تەورێز و ساڵێکیش لە کرماشان لە بەرواری ٢٩ - ٥ - ١٣٢٧ی هەتاوی (٢٠ - ٠٨ - ١٩٤٨) ئەم وێنەیەمان بۆ بیرەوەری لەگەڵ برای خۆشەویستم ئاغای میرزا مەناف کەریمی هەڵگرت.**

**تێبینی: ئەو وێنەیە لە کتێبی "دەوڵەتی جمهوری کوردستان، نامە و دۆکومێنت "بەرگی سێیەم، ستۆکهۆڵم - ١٩٧٧، کە نەمر مەحمود مەلاعززەت کۆی کردووەتەوە و ڕێکی خستووە" بڵاو کراوەتەوە. دەستخەتی ژێر وێنەکە دەبێ ئی غەنی خوسرەوی بێ. بە داخەوە لە کتێبی نەمر مەحموود مەلا عێزەت دا لە جیات ناوی میرزا غەنی خوسرەوی نوسراوە عەلی خوسرەوی!**

**ڕاگۆێستنی وێنە و شەرحەکەی بە مەرجی ئاماژە بە سەرچاوە ڕەوایە!**

**٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ = ٢٢ی فێبریوێری ٢٠١٧**

## مەناف کەریمی، سەید محەمەد تەهازادە و برایم نادری لە زیندانی ورمێ



لە ڕاستەوە: برایم نادری، مەناف کەریمی و سەید محەمەد تەهازادە لە زیندانی ڕەزائییە (ورمێ)

مەناف کەریمی لە وتووێژێک لە گۆواری دووحەوتووانەی ڕوانگە ژمارەی ١١، ڕەزبەری ١٣٨١ هەتاوی = ئۆکتۆبری ٢٠٠٢ی زایینی سەبارەت بە گرتن و زیندانی کرانی هەیئەتی وەزیرانی جمهووری کوردستان دەڵێ:

**ڕوانگە: دوای ڕووخانی کۆمار هەیئەتی وەزیران چییان بە سەر هات و لە لایەن ڕژێمەوە چۆن ڕەفتاریان لە گەڵ کرا، بۆ وێنە لە گەڵ جەنابتان؟**

کەریمی: دوای گەڕانەوەی ئەرتەش بۆ مەهاباد ئێمە هەموو گیراین. ٤٢ کەس لە زیندانی شەهرەبانی ئێستا دا بوون و ١٠ کەس کە ئەمنیش لە گەڵ وان بووم لە زیندانی سەربازخانە دا بووین. تاوانی ئێمە قورستر بوو و بە ئیعدامی دەژمێردراین.دوای یەک مانگ و نیو دادگایی کران ٦ ساڵ زیندانیان بۆ بڕیمەوە .بەڵام دادستان نارەزایەتی لە سەر ئەو ڕایە دەربڕی و بۆ دادگایی کردنی دووبارە ناردیانینە تەورێز. لەوێ هەموومان لە زیندانی ئەو شارە دا بووین. پاش دادگایی کردنەوە، حوکمی من بوو بە ٦ ساڵ زیندانی هاوڕێ لە گەڵ بێگاری (اعمال شاقه) لە شاری دێزفوول. دوای ئەوەی کە داوای ئیستینافم کرد، بردیانمە زیندانی ورمێ. پاش ماوەیەک لێبوردنی گشتی

ڕاگەیەندرا و هەمووما ئازاد بووین. ئەمن سەرجەم ١٩ مانگ لە زیندان دا بووم. پیاو حەق بڵێ نە دەستیان بەستین و نە ئەشکەنجەیان کردین.

دیداریشمان لە گەڵ

بنەماڵەکانمان هەبوو.

مەناف کەریمی لە بیرەوەرییەکانی دا کە لە پەراوێزی بیرەوەرییەکانی سەعیدی هومایون دا "پیشوای بیداری" خاطرات سعید همایون، کە موسسە چاپ و نشر آراس، هولر، ٢٠٠٤ بە زمانی فارسی بڵاوی کردووەتەوە، لە مەڕ برایم نادری دەنووسێ: چوار مانگ لە حکوومەتی کوردستان تێپەڕیبوو و لەو ماوەیەدا کەموکورتی و کێشەی کاروباری پەروەردە تا ڕادەیەک بەلادا خرا،

بەڵام ئیدارە کردنی مەدرەسەکان لە گەڵ ئەو هەموو حەولەش کە درابوو پێداویستی بە جیدییەتێکی زیاتر بوو، بۆ پێشگرتن لەوەی کارەکان نەکەونەوە سەریەک و کاری فەرهەنگی چەتی تێنەکەوێ ئاغای برایمی نادری م کردە جێگری [وەزارەت] ی فەرهەنگی کوردستان ناوبراو یەکێک لە لاوانی خوێندەواری کرماشانی و لیسانسی ئەدەبییات بوو، بەڕێزی لاوێکی زۆر هەڵسووڕاو و لە جێبەجێکردنی کارەکان دا جیدی بوو ، شەو و ڕۆژ بۆ دەمێکیش چییە لە پێڕاگەیشتن بە پێداویستییەکانی مەدرەسەکان تەنەخی نە دەکرد و ئەرکەکانی خۆی بە باشترین شیوە پێک دەهێنا و من بە فکری ئاسوودەوە بە کارەکان دیکەی حیزبییەوە خەریک بووم.

تێبینی: ئەو وێنەیە لە تۆڕی ئینترنێت وەرگیراوە، دیسان بڵاو کردنەوەی ئەم وێنەیە و بە تایبەتی شەرحەکانی ژێری بە ئاماژە کردن بۆ سەرچاوە ڕەوایە!

٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ = ٢٢ی فێبریوێری ٢٠١٧

## هێندێک لە کاربەدەستانی جمهووری کوردستان لە زیندانی شارەبانی ورمێ



این عکس دسته جمعی خود را که در زندان شهربانی رضائیه - روزگار روزهای گرفتاری برداشته به یادگار به حضور یگانه دوست محترم خودمان حضرت آقای میرز مضطفی سلّطانیان (....  .. ....) تقدیم که در سخت ترین مواقع زندگی، بندگان را در زمرهء فراموش شدگان محسوب  نفرمایند.

ازطرف عموم جعفر کەریمی

امضاء

٢٦ - ١١ - ٢٦ = (١٦ - ٢ - ١٩٤٨)

### وەرگێڕانی کوردی

ئەم وێنە بەکۆمەڵەی خۆمان کە لە زیندانی شارەبانی [پۆلیس] لە ڕۆکانی گرفتاری دا بۆ یادگار گرتوومانە  پێشکێش دەکەین بە حزووری تاقە دۆستی بەڕێزی خۆمان حەزرەتی ئاغای میرزا مستەفا

سوڵتانیان(چەند ووشە ناخووێندرێتەوە) کە لە دژوارترین کات و ساتی ژیان دا ئێمەمان لە گوێن لە بیرکراوان وەحیساب نەهێنن.

لەلایەن هەموانەوە

جەعفەر کەریمی

٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٦ = (١٦ی فێڤریەی ١٩٤٨)

هێندێک لە کاربەدەستانی جمهووری کوردستان لە زیندانی شارەبانی ورمێ

شوێن: حەوشەی زیندانی شارەبانی ڕەزائییە (ورمێ)
بەروار: ڕێبەندانی ١٣٢٦ = فێڤرییەی ١٩٤٨

لە ڕاستەوە: ١- سەید مستەفای سەییدی، ٢- ؟ . ٣- جەعفەر کەریمی، ٤- حوسێن فتاحی قازی، ٥- محەمەد سەعید زادە ٦- کەریم ئەحمەدەین ٧ محەمەد داوودی ٨- سەید محەمەد ئیسحاقی ٩- سەید محەمەد تەها زادە (ئەیووبیان)، ١٠- ؟ دانیشتوو: سەید کامیل ئیمامی

وەک لە شەرحی وێنەکە را دەردەکەوێ ئەوە پێشکێش بە میرزا مستەفا سوڵتانیان کراوە کە دەبێ ڕاگوێزرابێ بۆ زیندانێکی دیکە. چونکە لە هەمان ئەم سەرچاوەی خوارەوە دا وێنەیەکی دی چاپ کراوە کە میرزا مستەفا شی تێدایە. میرزا مستەفا کادری دیپلۆماسی جمهووری بوو و لە وتووێژەکانی نێوان پێشەوا قازی محەمەد و قەواموسەلتەنە لە تاران لە پووشپەڕی ١٣٢٥- هەتاوی = ژووەن - ژوویەی ١٩٤٦ دا بەشدار بوو.
بە سپاسەوە ئەم وێنە و شەرحەکەی لە کتێبی: "کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ زایینی، لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە خەباتی سەربەخۆیی کوردستان و گرینگی مێژوییەکەی، نوسەر ڵ سولیەمان سولتانیان، ناساندن و چاودێری: هیتوشی سوزوکی ١٣٩٢ تۆکیو" وەرگیراوە

تێبینی: دیسان بڵاو کردنەوەی ئەو وێنە و شەرحەکانی بە ناوهێنانی سەرچاوە ڕەوایە!

٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ = ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٧

## بەشێک لە کاربەدەستانی جمهووری کوردستان لە زیندانی ورمێ



بە پێی شەرحێک کە ئەمر حوسێن زێڕینگەران (فرووهەر) لە پشت وێنەیەکی سی کەسی نووسیوە [بڕوانە پۆستی پێشوو]

دەردەکەوێ ئەم وێنەیەی سەرەوەش هەر ئەم ڕۆژە واتە لە ١٧ - ٢ - ١٣٢٧ واتە لە ٧ - ٥ - ١٩٤٨ لە زیندانی ورمێ هەڵگیراوە. هەر بە پێی نووسینی فرووهەر ئەوان دادگەی یەکەم و دووەمیان تێپەڕاندووە و چاوەڕوانی دادگەی سێیەم بوون.

ئەو کاربەدەستانەی جمهووری کە گیرابوون هەموویان تا ساڵی ١٣٣٠ [١٩٥١] وەبەر لێخۆشبوون کەوتن و لە زیندان هاتنە دەرێ بێجگەلە حوسێن فرووهەر (زێڕینگەران) نەبێ کە یەک دو ساڵێک ئازاد کرا و دیسان گرتیانەوە.

شوێن حەوشەی زیندانی ڕەزائییە (ورمێ)

بەروار: ١٧ - ٢ - ١٣٢٧ = ٧ - ٥ - ١٩٤٨

ڕیزی پێشەوە لە ڕاستەوە سەید محەمەد ئیسحاقی، دانیشتوو ئەحمەد ئیلاهی، مینە شەرەفی، برایم نادری، سەید محەمەد تەهازادە، ڕاوەستاو: کەریم ئەحمەدەین. ڕیزی پشتەوە لە ڕاستەوە: سەید پیرە نیزامی، عەزیزخان


کرمانج، حوسێن فڕووهەر (زێڕینگەران)، مەناف کەریمی. نوسخەی ئەم وێنەیە یەکەم جار لە کتێبی ویلیام ئیگلتن ی کوڕ دا بڵاو بووەتەوە، بەڵام لە بەرواری هەڵگرتنی وێنەکە دا نووسیویە بەهاری ١٩٤٧ کە دیارە ئەوە دروست نییە و وەک فڕووهەر بە ڕوونی دیاری کردووە ٧ی مانگی مەی ساڵی ١٩٤٨ ە!

**تێبینی:** گواستنەوەی ئەم وێنە و شەرحە بە مەرجی ئاماژە بە سەرچاوە ڕەوایە

٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ = ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٧

## حوسێن فرووهەر و دۆستانی لە زیندان، دوای ڕووخانی جمهووری





سەرچاوە
Serchawe

در دادگاه بدوی  زمان جنگ مهاباد روز ١٦ - ١١ - ٢٥  این ٣ نفر باعدام محکوم نمودند . روز ٣ - ٢٦ در دادگاه تجدید نظر زمان جنگ - بحبس دائیم با کار تبدیل و تقلیل گردید. در تاریخ  روز ١٧ - ٢ - ٢٧ در زندان رضائیه بدون تعیین تکلیف و محکومیت بانتظار تشکیل دادگاه ثالث محض یادبود در حیات [ط] جلو درب زندان بیاد بود مدت گذشته این عکس برداشته شد.

از راست بچپ آقای عزیز خان کرمانج

و - حسین فروهر

و چپ نهایت آقای احمد الهی

وەرگێڕانی کوردی

لە دادگەی سەرەتایی زەمانی شەڕ لە مەهاباد لە ڕۆژی ١٦ - ١١ - ١٣٢٥ [هەتاوی] = ٥ - ٢ - ١٩٤٧ ئەم سێ کەسەیان بە ئێعدام مەحکووم کرد. لە ڕۆژی ٣ - ٢٦ [!]  ئەو حوکمە لە دادگەی پێڕاگەیشتنەوەی زەمانی شەڕ - داشکا و کرا بە زیندانیی هەتایی لەگەڵ کار. لە بەرواری ڕۆژی ١٧ - ٢ - ١٣٢٧ [ ٧ - ٥ - ١٩٤٨ ]  لە زیندانی ڕەزائییە (ورمێ) بێ ڕوون بوونەوەی وەزع و حوکم درانەکە  لە چاوەڕوانی بۆ پێک هاتنی دادگەی سێیەم دا بۆ بیرەوەی لە حەوشەی پێش دەرگای زیندان بۆ بیرەوەری کاتی ڕابردوو ئەم وێنەیە هەڵگیرا.

لە ڕاستەوە بۆ چەپ ئاغای عەزیز خان کرمانج

و / حوسێن فرووهەر

و دواجار لای چەپ ئاغای ئەحمەد ئیلاهی

فرووهەر و دۆستانی لە زیندان دوای ڕووخانی جمهووری

ئەو شەرحەی حوسێن فرووهەر (زێڕینگەران) لە پشت وێنەکەی نووسیوە تیشک دەخانە سەر مێژووی گیران و محاکەمەی کاربەدەستانی جمهووری کوردستان. وا دەردەکەوێ دوای دادگەی یەکەم  لە مەهابادەوە ڕاگوێزرابن بۆ

ورمێ. وێنەکی دیکەی بەکۆمەڵی زیندانییە کوردەکان هەیە کە ئەو سێ کەسەشی تێدایە و بەجلوبەرگی ئەو سێ کەسە ڕا دەردەکەوێ لە هەمان تاریخ دا هەڵگیراوە واتە لە ١٧ - ٢ - ١٣٢٧ [٧ - ٥ - ١٩٤٨]


زۆربەی سەرچاوەکان سەبارەت بە مێژووی جمهووری کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ گیرانی ئیدارەی پۆلیسی مەهاباد لە ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٣ی هەتاوی [١٥ی فێڤریییەی - ١٩٤٥] ناوی عەزیز خانی کرمانج و حوسێن زێڕینگەران [ فڕووهەر] بەیەکەوە دەهێنن. وا دیارە ئەوان لە زیندانیش دا درێژەیان داوە بە دۆستایەتی یەکتر.


**تێبینی**: مافی ڕاگواستنی ئەم وێنە و شەرحەکەی بە شەرتی ناوهێنانی سەرچاوە ڕەوایە

٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ = ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٧

---

## وێنەی حوسێن فڕووهەر لە زیندان کاتی سەردانی دایکی





لەوانەیە مەبەست لەو کچەچکۆڵەیەی کە لە وێنەکە دەیبینین خانمی ڕەعنا ئەحمەدەین کچی گەورەی کەریم ئەحمەدەین بێ کە ئەویش ئەوکاتی هەر لەو زیندانە دا بووە!

روز چهارشنبه مورخه اول اردیبهشت ماه ۱۳۲۷ موفق بملاقات مادرم در زندان شهربانی رضائیه شدم.

بمحض یادبود این عکس را در جلو درب زندان که در راست بانو رعنا و دختر آقای احمدین ایستاده برداشته شده

حسین فروهر

امضاء

۲ - ۱ - ۲۷
۲ [۱] / ۱ [۲] / ۲۷

وەرگێڕانی کوردی

ڕۆژی چوارشەمە ڤەرواری یەکەمی بانەمەڕی ۱۳۲۷ی هەتاوی [۲۱ - ٤ - ۱۹٤۸] توانیم لە زیندانی پۆلیسی ڕەزائییە

(ورمی) دایکم ببین. بۆ بیرەوەری ئەم وێنەیە لە پێش دەرگای زیندان هەڵگیراوە کە لە لای ڕاست یای ڕەعنا و کچی ئاغای ئەحمەدەین ڕاوەستاون.

حوسێن فرووهەر
ئیمزا

١ - ٢ - ١٣٢٧ = ٢١ - ٤ - ١٩٤٨


تێبینی: مافی وێنەکە و شەرحەکەی بۆ "وێنەی کۆماری کوردستان" پارێزراوە. خواستنەوەی بە مەرجی ئاماژە بە سەرچاوە ڕەوایە!

٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ = ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٧

---

## نامەی سەرلەشکری ئامانوڵا جەهانبانی بۆ پێشەوا ٦ مانگ بەر لە ڕاگەیاندنی جمهووری





[illegible]
جناب آقای قاضی محمد
[illegible]
سرلشکر جهانبانی

نامەی سەرلەشکر [ دواتر سپەهبود] ئەمانولڵا جەهانبانی یەک لە ئەفسەرانی سەردەمی ڕەزای شای پەهلەوی بوو. ئەو سەرای فەرماندەیی شەڕی عەشیرەتان بۆ ماوەیەک لە بەر چاو کەوت و تەنانەت ڕەزا شا لە زیندانیشی کرد. لە دوای لە سەر تەخت لاچوونی ڕەزا شا، سەرلەشکر جەهانبانی جارێکی دیکە هاتەوە ناو ئەرتەش و لە دوو کابینەی سەردەمی سوهەیلی و فرووغی دا پۆستی وەزارەتی وەرگرت. ئەو نامەیەی نزیکەی ٦ مانگ بەر لە ڕاگەیاندنی جمهووری کوردستان بۆ پێشەوا نووسیوە. دواتر جێهانبانی بۆ ٥ خول بوو بە سەناتۆر و دواجار لە ساڵی ١٣٥٣ [ ١٩٧٤] لە تەمەنی ٨٣ ساڵی دا چاوی لە دنیا وێک نا!

خەلیلی فەتاحی قازی لە کتێبی "کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری" سەبارەت بە هاتنی جەهانبانی بۆ مەهاباد کە ڕەنگە لە دوای ئەو نامەیەی سەرەوە، یان سەفەرێکی پێشتووتر بووبێ دەنوسێ:" سپەهبود جەهانبانی لەگەڵ ژمارەیەکی بیست کەسی (ژاندارم) بە ماشێن لە ورمێ وە هاتە مهاباد و میوانی خوداڵێخۆشبوو قازی محەمەد بوو. بۆ بەیانی ئەو ڕۆژەی سپەهبود جەهانبانی هات بۆ مهاباد ، ئەو ژاندارمانەی لە گەڵی بوون بۆ کڕینی ئەو شتانەی پێویستییان پێی بوو، دەبوو بچنە بازاڕ، بەڵام نەیاندەوێر بچن...( ل ١٢٠)... بە لەبەرچاو گرتنی ئەو پێشینەیە بوو ژمارەیەکی بیست کەسی لە ئەمنییەکان نەیاندەتوانی بە ڕۆژی ڕووناک لە ماڵی خوداڵێخۆشبوو قازی محەمەدەوە تا بازاڕی مهاباف کە مەودایەکی ئەوەندە زۆریان نییە، بچن بۆیە دوونەفەر لە چەکدارانی خۆجێیی ژاندارمەکانیان بە دوو ڕیز دابەش کرد و لەگەڵ خۆیان بردیانن بۆ بازاڕ، و دوای کڕینی پێداویستییەکانیان، زەق و زیندوو گەڕاندیاننەوە ماڵی قازی محەمەد ... ( ل ١٢٢)

-------------------

دوشنبه ١٥ مرداد ماه ٢٤

جناب آقای قاضی محمد

بسمت بازرس ناحیه شمال و شمال غرب اینجانب مجددا کردستان آمدم. و خیلی میل داشتم از سردشت به مهاباد آمده وضعیت آن حدود را نیز مشاهده نموده وجنابعالی را ملاقات کنم متاسفانه بواسطهء کمی وقت و بدی راه میسر نگردید امیدوارم چندی دیگر از راه تبریز رضائیه موفق باین امر بشوم بدیهی است تا موقعیکه پادەگان بآن حدود نیامده نظم و ترتیب صحیح برقرار نگردیده شما تاحدی مسئولیت آرامش و حفظ منافع دولت را عهده دار هستید و با روح خدمت گذاری و میهن دوستی که در شما سراق [غ!] دارم یقین دارم که بخوبی از عهدهء انجام وظیفه مقدس و مشکل برخواهد آمد

سرلشکر جهانبانی

امضاء

وەرگێڕانی کوردی

دووشەمە ١٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ هەتاوی = ٦ی ئووتی ١٩٤٥ی زایینی

جەنابی ئاغای قازیی محەمەد

بە سیفەتی پشکنێری نیزامی ناوچەی باکوور و باکووری ڕۆژئاوا دیسان هاتم بۆ کوردستان. و زۆرم پێ خۆش بوو لە سەردەشتەوە بێمە مەهاباد و چلۆنایەتی ئەو سنوورەش ببینم و چاوم بە جەنابی بەرزتان بکەوێ بە داخەوە لە بەر کەمی کات و بەدیی ڕێگا هەڵنەسووڕا هیوادارم ماوەیەکی دیکە لە ڕێگای تەورێز- ڕەزائییەوە بتوانم بێم. ئاشکرایە تا ئەو کاتەی سەربازخانە نەهاتووەتەوە ئەو سنوورە، نەزم وڕێکی دروست بەرقەرار نەکراوە ئێوە تا ڕادەیەک بەرپرسیارەتی ئارامی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دوڵەتتان بە ئەستۆوەیە و بەو ڕوحی خزمەت کردن و نیشتمان دۆستییەی کە لە ئێوەی دا بەدی دەکەم دڵنیام بە باشی ئەو ئەرکە پیرۆز و دژوارە ڕادەپەڕێنن.

سەرلەشکر جیهانبانی
ئیمزا

تێبینی: کۆپی نامەی جیهانبانی و وێنەکەی لە تۆڕی ئینترنێت و زانیاری لە مەر وی لە ماڵپەڕی ویکی پێدیا وەرگیراوە.

ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ = ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٧

## وێنەیەکی دیکەی شەهید ژەنەڕاڵ مایور محەمەد حوسێن سەیف قازی لە شاری کیسلۆڤۆدسک




محەمەد حوسین خان سەیف قازی لە مانگی سێپتامبری ١٩٤٦ بۆ مو‌داوای پزشکی چووە سۆڤییەت لە پێشدا بۆ باکو و لەوێوە چووە شاری کیسلۆڤۆدسک کە بە هەبوونی ئاوی شۆری کانزا لە جیهان دا بەناوبانگە. ئەو شارە لە باکووری قەفقاسی ڕووسییە و لە نێوان دەریای ڕەش و دەریای خەزەر هەڵکەوتووە. لە بیرەوەرییەکانی ڕەحمەتی دوکتور ڕەحمان حەلەوی دا باسی ئەو سەفەرەی سەیف قازی بۆ کیسلۆڤۆدسک کراوە. لە سەر وێنەکە بە خەت و زمانی ڕووسی نووسراوە: کیسلۆڤۆدسک، کانی شووشە ١٩٤٦ - ٩ - ٨

**تێبینی:** ئەم وێنەیە بە سپاسەوە لە ئارشیوی کاک محەمەد ڕەزا سەیف قازی وەرگیراوە. وێنەی ئێستای کانی شووشە یانی هەر ئەو شوێنەی کە سەیف قازی و هاوڕێیەکەی لەوێ وێنەیان گرتووە لە گووگل وەرگیراوە. دیسان بڵاو کرنەوەی ئەو وێنە و شەرحەکەی بە شەرتی ئاماژە بە سەرچاوە ڕەوایە!

١ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ = ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٧

## جەنابی قازیش ڕۆییشت، کاتێک کە باران باریوە ، هیچ چارەیەک نییە جگە لە خواردنەوەی ئاوی باران نەبێ







**ڕۆژنامەی "ایران ما"**

**ژمارەی: ٥٧٧، ساڵی چوارەم دووشەمە ٢ی پووشپەڕی ١٣٢٥ [ هەتاوی ] = ٢٣ی ژووەنی ١٩٤٦**

**خاوەن ئیمتیاز: جەهانگیر تەفەزولی**

**جەنابی قازیش ڕۆییشت**

کاتێک کە باران باریوە، هیچ چارەیەک نییە جگە لە خواردنەوەی ئاوی باران نەبێکاتێک کە جەنابی قازیی محەمەد بۆ وتووێژ لەگەڵ سەرۆکوەزیر و دەوڵەتی ناوەندی هاتبووە تاران، دوای چەند ڕۆژ مانەوە لەتاران و چەند دیدار لەسەرۆکوەزیر و کاربەدستانی دی گەڕایەوە کوردستان

کاتێک کە جەنابی قازی هاتە تاران ئێمە بەو بۆنەیەوە چەند بابەتێکمان لە "ایران ما" دا بڵاو کردەوە و حەولمان دا تا ئەو جێگایەی کە لێی ئاگادار بووین چاوەڕوانییەکانیان لە دەوڵەت لێرە دا بڵاو بکەینەوە.

تا ڕادەیەک بارو دۆخی کوردستانمان لەگەڵ ئازەربایجان بەراورد کرد و وبیرمان هێنایەوە کە نێهزەتی دێمۆکڕاتی کوردستان لە ژێر ڕێبەرایەتی قازیی محەمەد دا بەو پەڕی لێوەشاوەییەوە هەڵدەسووڕێ و بە قەدەر نێهزەتی دێمۆکڕاتیکی ئازەربایجان بۆ پەرەپێدان و بەڕێوەبردنی دێمۆکڕاسی واقعی گرینگی هەیە.

ئەو کاتەی کە جەنابی قازی تازە هاتبووە تارانێ و هێشتا دەستی نەکردبوو بە وتووێژ لە گەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی خۆشبەختانە چاو پێکەوتنی بەڕێزیان وەک چاوپێکەوتنی نوێنەرانی ئازەربایجان کە هەر کەسانی تایبەتی بۆیان هەبوو بیان بینن، قەدەغە نەکرا بۆیە چەند کەس لە نووسەرانی "ایران ما" دیداریان کرد لە جەنابی قازیی محەمەد.

لەو دیدارە خۆمانەیە دا کە ژمارەیەک لە دۆستانی قازی و ڕۆژنامە نووسانی دیکەش ئامادە بوون یەک لە ئامادەبووان سەبارەت بە داوخوازەکانی کوردەکان هێندێک پرسیاری لە جەنابی قازیی کرد کە ئێمە ئەمڕۆ بەجێی نازانین بەشێک لەوان بڵاو بکەینەوە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارە دا کە کوردەکان چیان دەوێ، قازیی لەو پەڕی ڕووخۆشی دا وەڵامی دایەوە کە ئێمە تەنێ دێمۆکڕاسی و بەڕێوەچوونی ڕاستەقینەی ئەومان دەوێ، ئێمە تەنێ عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و ئازادیمان دەوێ لە پێناو پێشکەوتن و پێشوەچوونی ئاشتیانە بۆ تەواوی میلەتی ئێران. ئەمڕۆ بمانەوێ و نەمانەوێ بار و دۆخی دنیا گۆڕاوە و خەڵکی دنیا لەگەڵ شێوە و بیروڕای تازە ناسیاوییان پەیدا کردووە و داوخوازی تازەیان هەیە کە دەبێ بە قسەیان بکرێ.

**لێرە دا قازی تەمسیلێکی ناسک و شیرینی بۆ ئامادە بووان گێڕاوە.**

**قازی ئاوای گوت**: "سەردەمایەک لە وڵاتێک پادشایەک لەگەڵ وەزیرەکەی حوکمیان دەکرد.جارێک وەزیری پادشا

لە بەر زانستی ڕەهای خۆی زانی کە بە زوویی بارانێک دەبارێ کە هەر کەس لە ئاوی ئەو بارانە بخواتەوە فکری دەگۆڕێ و شێت دەبێ.

لە بەر ئەوە پادشا فەرمانی دا بە وەزیرەکەی کە چاوی بە سەر خەڵکەوە بێ بۆ ئەوەی هیچکام لە ڕعییەتە گوێڕایەڵەکانی لە ئاوی ئەو بارانە نەخۆنەوە. بەڵام باران باری و ئامادەکارییەکانی وەزیر کەلکی نەبوو و بەکار نەهات و خەڵک بەرە بەرە دەستیان کرد بە خواردنەوەی ئاوی بارانەکە و فکریان گۆڕا و لە ڕوانگەی پادشا و وەزیرەکەیەوە شێت بوون و دەستیان کرد بە نافەرمانی و سەرپێچی. ئەو جار کاتێک کە زۆربەی خەڵک لە بەر خواردنەوەی ئاوی باران شێت ببوون، هەموویان پادشا و وەزیریان کە لەگەڵ ئەوان نە دەسازن و هاوڕایان نەبوون بە شێت دەزانی و پێکێشیان دەکرد پادشا و وەزیرێکی عاقڵ بۆ خۆیان هەڵبژێرن کە بکرێ لەگەڵیان بسازێن.

پادشا لە دووی وەزیری نارد ڕاوێژ و تەگبیری پێ کرد و پرسی چ بکەین. وەزیر گوتی ئەی پادشا ئێستا خەڵک شێت بوون. نەکرا پێشی بارانەکە و خواردنەوەی لەلایەن خەڵکەوە بگرین، بەڵام ئەمن بۆ ئیحتیات جامە ئاوێکم پاشەکەوت کردووە و ئەگەر دەتەوێ درێژە بدەین بە حوکم کردن بە سەر ئەو خەڵکە دا دەبێ لەو ئاوە بخۆینەوە و لەگەڵیان هاوڕا بین و وەک پادشا و وەزیریان بمێنینەوە..."

قازی ئەو تەمسیلەی خۆی لە بیدەنگییەکی قووڵ و پڕ هەیەجان دا کە ڕوحی ئامادە بووانی داگرتبوو تەواو کرد و بۆ خۆی نەیەویست ئاکامی بەسەرهاتەکەش بڵێ.

بەڵام هەر کەس کە ئەو چیرۆکە ببیسێ دەزانێ تێ دەگا کە ئەمرۆ لە ڕاستیدا بارانێک کە بیروڕایان دەگۆڕێ لە وڵاتی ئێمەش دا باریوە و هەیئەتی فەرمانڕەوای ئێمەش بۆ ئەوەی دیسان بتوانێ لەگەڵ خەڵک بسازێ و حکوومەتیان بە سەر دا بکا ناچار دەبێ لەو بارانی دێمۆکراسییە بخواتەوە و دڵپاکانە لەگەڵ خەڵک هاوڕا بێ. قازی بەو تەمسیلە دەیەویست پێداویستییەکانی زەمان و مەکان و پێویستیی بەڕێوەبردنی دێمۆکراسی واقعی کە داوای وی و هەموو ئازادیخوازنی ئێرانە جەخت بکاتەوە.

لە وەڵامی پرسیارێکی دی سەبارەت محەممەد ڕەشید (حەمە ڕەشید) و مەلا مستەفای بارزانی کە لێی کرا قازی گوتی: "محەممەد ڕەشید کەسێکی کوردە ، بنەماڵەکەی و باب و باپیران و خۆی بە سەدەیان و بە ساڵان لە بانە نیشتەجێ بوون و خزمەتیان بەو مەملەکەتە کردووە و لە زەمانی حکوومەتی ڕەزا شا دا لە بەر گوشارە تاقەت پڕووکێنەکانی وی پەنایان برد بۆ کوردەکانی عێراق و لە دوای خەرمانانی ١٣٢٠ گەڕاوە ئێران. بەڵام مەلا

مستەفاش لە ئازادیخوازانی بەنێوبانگی کوردە لە عێراق کە بە ساڵانی درێژ بە دژی کۆلۆنیالیزم و بۆ یارمەتی بە میلەتی عێراق خەباتی کردووە و ئەمڕۆ لە بەر گوشاری ئەو کۆلۆنیالیستانەی کە بە سەر عێراق دا زاڵن پەنایان هێناوە بۆ خاکی ئێران و ئێستا ئەرکی دەوڵەتی ئێرانە وەک ئازادیخوازێکی بەناوبانگ پشتیوانی لێ بکا و بیحاوێنێتەوە:

ئێران نەک تەنیا دەبێ لانکی ئازادی بێ بەڵکوو دەبێ یەک لە پەناگەکانی تێکۆشەران و ئازادیخوازنی هەموو دنیا بێ.

یەک لە ئامادەبووان گوتی کە چاپەمەنی ڕاست ئاژۆ و سەر بە دەوڵەت ئەو ئۆپێڕاسیۆنە نیزامیانەی کە لە کوردستان دەکرێن وا نیشان دەدەن بە دژی مەلا مستەفا و محەمەد ڕەشید بن کە لە ڕوانگەی ئەواندا بێگانەن و ئەو هێرشانە بە دژی کوردە دێمۆکڕاتەکان نین.

قازی گوتی ئێمە پێمان وا نییە یانی لە ڕوانگەی ئێمەوە کوردەکان لە هەر کوێی دنیا دەبن با ببن ئێرانی بوون و دەبن و ئەگەر کەسانی ئاوا هەن کە کوردەکان بە نا ئێرانی و بێگانە دەزانن و پێیان وایە کە دەکرێ کورد نائێرانی بێ لە ڕاستی دا خیانەت بە ئێران و کۆمەڵی ئێران دەکەن.

ئەگەر دەوڵەتەکانی ڕابردوو بە درێژایی مێژوو لە بەر بێ لیاقەتی خۆیان ژمارەیەک لە باشترین تاکوتەرای میلەتی ئێرانیان خستووەتە پشت سنوورە دەسکردەکانی خۆیان، ئەوە میلییەتی ئەوان نائەستێنێتەوە و لە ڕاستیدا ئەوان میلییەتیان ناگۆڕن و نابێ ئەوان بە غەیری ئێرانی بزاندرێن ."

ئەوانە هێندێک نموونەن لە بیروڕای قازیی محەمەد ڕێبەری دێمۆکڕاتەکانی کوردستان. هەرچۆنێک بێ قازیی محەمەد بە ئیدەئاڵی زۆر ڕوون و ئاشکرا لە پێناو دێمۆکڕاسی ئێران و خۆشبەختی هەموو میلەتی ئێران هاتبووە تاران.

ئێستا کە بەڕێزیان گەڕاونەتەوە کوردستان ئاگاداری ڕەسمی سەبارەت بە وتووێژەکانی تاران و ئەو ئاکامانەی بوویەتی لە بەر دەست دا نین.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە ئەمڕۆ بە ڕواڵەت وەزع لە ناوەندی ئێران بە تەواوی گۆڕاوە و سەرۆکوەزیری ئێران ئاغای

قەواموسەلتەنە حەول دەدا  پێوەرە دێمۆکڕاتیکەکان لە سەرتاسەری ئێران پەرە پێ بدا و جێ بە جێیان کا و هەر بۆیە بە بۆچوونی ئێمە ڕێکەوتنی نێوان بەرێزیان و ئاغای قازیی محەمەد بە هاسانی  دەکرێ.

ئێمە پێمانوایە گەڕانەوە و چوونەوەی ئاغای قازیی محەمەد  بە دوای وتووێژی دۆستانەی کە هەر دووک لا لە سەریان پێک هاتوون بووە و دەبێ چاوەڕوان بین ئاکامی ئەو پێک هاتنە خۆی دەر بخا.

ئەو جۆرەی کە دەگوترێ ئێستا ڕێکەوتنێکی ئاوا  کراوە کە دەوڵەت ئەو هێزە نیزامیانەی ناردراون بۆ کوردستان بکشێنێتەوە، حکوومەتی نیزامی هەڵوەشێنێ و بارو دۆخ بگەڕێنێتەوە سەر وەزعێک لە پێش مانگی خەرمانانی  ١٣٢٠ دا هەبوو و دێمۆکڕاتەکانیش بڵاوە بکەن بە هێزە چەکدارەکانی خۆیان.

ئەوەی کە دەبێ لەبەر چاو بگیرێ ئەوەیە کە لە ڕاستیدا بۆ جێ بە جێ کردنی هەموو گیروگرفتەکانی ئێران دەبێ بەو پەڕی نیيەت پاشی بە جیدی و بە ووردی دێمۆکڕاسی بەڕێوە ببردرێ.

لە ڕاستیدا دەبێ هەیئەتی فەرمانڕەوای ئێمەش جامی ئاوی باران فڕ کا و لەگەڵ ئازادیخوازانی ووشیاری ئێران دڵپاکانە هاوڕا و هاو ئاهەنگ بێ تەنیا بەو شێوەیەیە کە هەموو کێشەیەک بە هاسانی چارە دەکا.

وەرگێڕان لە فارسییەوە: حەسەن قازی

٢٣ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ = ١١ی فێبریوێری ٢٠١٧


## ٣ خوێندکاری کورد کە لە سەردەمی جمهووری کوردستان دا لەباکۆ دەیانخوێند سەری نیشتمان دەدەنەوە



ڕەحمان حەلەوی لەکاتی خوێندن لە دانشکەدەی پزشکی باکۆ



خوسرەو زولفەقاری لەکاتی خوێندنی لە دانشکەدەی پزشکی باکۆ



تاریخ ۱۳۲۴/۱۱/۱۲

این عکس خودم را بعنوان اولین یادگاری شهر باکو

بخدمت پدر عزیز و مهربانم تقدیم میدارم.

فرزند عزیز شما دکتر خسرو ذوالفقاری

در شهر باکو - تاریخ ۲۸ دیماه ۱۳۲۴ برداشته شد

در سن بیست سالگی دانشجوی سال اول دانشکده پزشکی باکو



**مستەفا شەڵماشی**

**سەرلێدانەوەی ٣ خوێندکاری کورد لە نیشتمان لە سەردەمی جمهووری کوردستان دا**

سێ لەو خوێندکارە کوردانەی لە سەر دەمی بەر لە ڕاگەیاندنی جمهووری دا بە وەرگرتنی بوورسی خوێندن چوون بۆ باکۆ و لەوێ لە مەدرەسەی تیبی دا دەستیان بە خوێندن کرد بریتی بوون لە ڕەحمان حەلەوی،خوسرەو زولفەقاری و مستەفا شەڵماشی. پێشەوا قازیی محەمەد لە دوو شوێن دا ئاماژە دەکا بە هاتنەوەی ئەو خوێندکارانە بۆ مەهاباد و لە نوتقێک دا کە بەبۆنەی گەڕانەوە لە سەفەر بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردوویە ( بڕوانە خوارتر) گازندەی کاربەدەستانی جمهووری دەکا کە ئەو جۆرەی شایان بووە پێشوازی لەو خوێندکارانە نەکراوە. لە نامەیەکیش دا کە بۆ میر جەعفەر باقرۆف ی نووسیوە و بەو خوێندکارانە دا ناردوویەتی ڕوون دەبێتەوە کە لە سەردەمی حوکماتی جمهووری دا سەردانی مەهابادیان کردووەتەوە. پێشەوا لە نوتقەکەی دا داوا لەو خوێندکارانە دەکا بۆ ئاگاداری کۆمەڵانی خەڵک دیتراوەکانی خۆیان بنووسن و یەک لەو خوێندکارانە، ڕەحمان حەلەوی ئەو ویستەی پێشەوای پێک هێناوە و ووتارێکی کورتی لە مەر "جوغرافیای باکۆ" نووسیوە کە لە ژمارەی ٧٩ی کوردستان [سێ شەمۆ ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٢٥ = ٢٠ ئووتی ١٩٤٦] دا بڵاو کراوەتەوە.

بە ساڵانێکی زۆر دواتر نەمر ڕەحمان حەلەوی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا کە تاکوو ئێستا بەزنجیرە ٥٦ بەشی لە تۆڕی کۆمەڵی فەیس بووک دا بڵاو کراوەتەوە بەدوور و درێژی باسی سەردانەوەی مەهاباد و دیداری خۆیانی لەگەڵ پێشەوا نووسیوە . بە پێی نووسراوەکەی حەلەوی کە لە فارسییەوە کردوومانەتە کوردی ئەو و دوو هاوڕێیەکانی لە ٣ی خەرمانانی ١٣٢٥ [٢٥ ئووت ١٩٤٦] مەهابادیان بە جێ هێشتووە و گەڕاونەتەوە باکۆ، وا دیارە هەر ئەو دەمەی کە حەلەوی و هاوڕێیانی لە مەهاباد بوون نووسراوەکەی لە "کوردستان" دا بڵاو بووەتەوە.

وێنەکانی حەلەوی و زولفەقاری ئی سەرەتای خوێندیانە لە باکۆ، و وێنەی مستەفای شەڵماشی ئی ساڵانی دواترە.

حەسەن قازی

ی فێڤرییەی ٢٠١٧

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٧٦ سێ شەمۆ ٢٢ی گەلاوێژی ، ١٣٢٥

## نوتقی حەزرەتی پێشەوای کوردستان

..... و لە خوێ و ورمێ ئاغای پیشەوەری سەدری فرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجانم مولاقات کرد ئاغای پیشەوەری ڕاجیع بە برایەتی کورد – ئازەربایجان زۆر دەستووراتی فەرموو و ووتی حازرین هەر چی لێمان بخوازن کۆمەک بە کوردان بکەین و ئازەربایجانی ئامادەن خوێنی خۆیان لە سەر کوردان بڕێژن فەقەت پیشەوەری گلەیی لە

هێندێ کوردەکانی ئەتراڤی ورمێ کرد منیش جوابم داوە کە کوردانیش حازرن بە گیان و ماڵیان لە ئازەربایجان دیفاع بکەن و فەرقێک لە بەینی کورد و ئازەربایجان دا دانانێن چەند مانگە ئێمە قشوونمان لە ئەتراڤی سەقز و بانە و سەردەشت ڕاگرتبوو ئەو لەشکرە تەنیا بۆ پاسەوانی کوردستان نەبوو بەڵکوو بۆ پاراستنی سنووری کوردستان و ئازەربایجان بوو و ئەلئانیش حدووداتی خاریجی کوردستان و ئازەربایجان ئەورۆ لە تەڕەف کوردانەوە پاس دەکرێ. دیسان فەرمووی قەتعەن ئێمەش بۆ هەموو خزمەتێکی پێویست بە کوردان ئامادەین و لە بابەت گلەییەکانیەوە جوابی لازمم داوە.

و ئەمن لەو سەفەرە دا [سەفەری سەلماس، خوێ و ماکۆ] هێندێ کارم مابوو کە جێ بە جێیان بکەم بەڵام چونکوو بیستم کە ٣ نەفەر لە موحەسیلینی ئێمە کە لە باکۆ دەخوێنن بۆ سەردانی وولات هاتوونەوە تاڵووکەم کرد کە چاوم پێیان بکەوێت و ئینتیزاریم هەبوو کە لە وەختی هاتنەوەی ئەواندا پێشوازێکی زۆر چاکیان لێ بکرێ چونکوو ئەوانە هەوەڵ موحەسیلێکن کە لە کوردان چوون بۆ خاریجە میلەت دەبێ زۆریان قەدردانی لێ بکا. بەڵام داخەکەم لەم خسووسەوە وەک پێویستە تەوەجوهی لازم و پێشوازی شایانیان لێ نەکراوە. ئومێدەوارم کە هەموو ساڵێک مەووەفەق بین ژمارەیەکی زۆر لە موحەسیلین بنێرین بۆ خاریجە کە کە بە حەول و قووەتی خودا مووەفەق بین بە هۆی عیلم و زانست کەشتی کوردستان بگەیێنینە ساحیل و خواهیش لەو دانشجووە خۆشەویستانەی خۆمان دەکەین کە لە ماوەی ئیقامەتی خۆیان لە مەهاباد موشاهەداتی خۆیان لەوێ بە نووسین و گوتن بە خەڵکی بلێن و بنووسن کە میلەت ئاشنا بێت کە میلەتانی دیکە چلۆن بە قووەتی عیلم و زانست ئەرز و ئاسمان، سەر دەریا و ژێر دەریایان موسەخەر کردووە. لەوە زیاتر زەحمەتوو نادەم و لە زەحمەماتی ئێوە تەشەکور دەکەم و لە خوا دەخوازم هەر پێشکەون و هەر پیرۆز بن.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی: ٧٩ سێ شەمۆ ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٢٥

## ڕەحمان حەلەوی دانیشجووی کورد لە مەدرەسەی تیبی بادکووبە

### بڕێک لە جوغرافیای شاری باکۆ

گەشت و گەڕان لە مەملەکەتاندا و تەماشا کردنی تەرزی ژیان و گوزەرانی خەڵکی و زانینی بیر و ئەفکاری میلەتان و وورد بوونەوە لە هۆی پێشکەوتن و شارستانییەکی تودەیان و پاش کەوتنی میلەتێکی دی وەک چرایەکی لە تاریکاییە دا هەڵ بێ چاوی پیاوی دەکاتەوە و پێش چاوی ئینسان ڕووناک دەکا و ئینسان زۆر بە هاسانی دەتوانێ

ڕێگای ڕاست لە ڕێی خوار جویٚ کاتەوە.
لە سەر ئەو کەسانەی کە شاران و مەملەکەتانی گەورە دەبینن پێویستە کە بۆ ووشیار کردنەوە و ڕووناک کردنی بیری خەڵکی لە سەنعەتی [!] ئەو جێگایانە بگێڕنەوە و بنووسن.

یەکێک لەو مەملەکەتانەی کە ئەورۆ دەستە دەستە خەڵک بۆ دیتنی چلۆنەتی فەرهەنگ و شارستانییەتی و پێشکەوتنیان دەچن و لە مەمالیکی زۆر موتەمەدینەوە بۆ ویٚ دەچن نیشتمانی ئیتیحادی جەماهیری شووڕەوی یە.


بیٚ گفتوگۆ دەوڵەتی شووڕەوی ئەورۆ بۆ ئەو میلەتانەی کە داخڵی ڕێی ئازادییٚ بوون و بۆ تەڕەقی و سەعادەتی نەوعی بەشەر کۆشش دەکەن و مەینەت دەکێشن و ئەیانەوێ پەردەی ئەوهام و خەیالات لە بەر چاوی میلەتی خۆیان هەڵگرن و عەداڵەت و بەرابەری و دێمۆکڕاتی دەنێو خۆیان دا بەرقەرار کەن نموونە و سەرمەشقێکی یەجگار چاکە.

ئەمن دەگەڵ وەی کە ماوەیەکی زۆر کەم لە خاکی شووڕەوی دا بووم و ئەو مودەتە بۆ ئاشنا بوون بە تەمەدون و فەرهەنگی وان یەجگار کەمە دیسان بە غەنیمەت دەزانم کە چەند دێڕێک لە دەفتەری خاتراتی خۆم بۆ ووشیاری هاووڵاتییانی خۆم بنووسم هەتا کەمێک بە وەزعییەتی ئەو جێگایەی کە دەنگی تەڕەقی وی دنیای داگرتووە ئاشنا و ئاگادار بن بەڵام لە پێش وەی کە دەست بە نووسینی دیتراوانی خۆم بکەم پێویست دەزانم کەمێک لە جوغراڧیای شاری باکۆ بدوێم، وەزعییەتی ئەم شارە بۆ خوێندەوارانی ڕۆژنامەی کوردستان دیاری بکەم:

باکۆ پایتەخت و گەورەترین شاری جمهووری ئازەربایجانی شووڕەوی یە و یەکێک لە بەندەرانی گەورە و زۆر موهیمی دەریای خەزەرە. جەمعییەتی ئەو شارە یەک میلیۆن و شتێکە. لە شاری باکۆ دا لە هەموو میلەتەکانی جمهوورییەکانی ئیتیحادی جەماهیری شووڕەوی تێدایە. شار لە درێژایی کەناری دەریایە دا هەڵکەوتووە و شار و دەریا بە وەسیلەی بوڵوارێکی زۆر جوان لە یەک جویٚ بوونەتەوە. هەر سیٚ لای شاری نیسبەت بەو بەشەی کە لە کەناری دەریایە هەڵکەوتووە بلیندترە. باکۆ لە بەر وەی کە سەد میتر لە سەتحی دەریایە قووڵترە فشاری هەوای زۆرە. هەوای دە هاویندا گەرم و دە زستانێدا ساردە وە چونکوو لە کەنار دەریایە هەمیشە بایەکی بەقەوەتی دیٚ و گۆڕانی هەوایە بە ئەندازەیەکە کە مۆمکینە دە ڕۆژێک دا پێنج شەش جوور هەوا بگۆڕیٚ.

باکۆ شارێکی کەون و مێژوویەکی کەونی هەیە دەگەڵ وەی کە پتر خانووی ئەویٚ تازە و بە مۆدی نویٚ دروس کراون دیسان عیماڕاتی کەون و بە عەزەمەت لەو شارە دا زۆرە. بە تەوری کولی باکۆ شارێکی جوان و بە شەوکەتە و لە

مێـژووی ئینقیلابـی ڕووسییە دا نێـوێکی گەورەی هەیە. یەکێک لە عیمـاڕاتی قەدیمی و گەورەی بـاکۆیە عیمـاڕەتی ئاکادێمی یە کە زۆر جوان و نموونەیەک لە زەوق و سەلیقەی دەورەی سابیقی ڕووسییەیە.یەکێک لەو جێگایانەی کە زۆرقابیلی تاریفە ئۆپێرا(تەماشاخانە) یە، بەڵام نە ئەو تەماشاخانانەی کە ئێمە دیومانە. لەو تەماشاخانە دا چەند هەزار کەس جێگایان دەبێتەوە و دەتوانم بڵێم دەتەواوی مەمالیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیدا جێگـای وا جوان نییە.، سینەمای چاک بە تایەبەتی پارکی بڵیند کە یەکێ لە وەساییلی تەفریح و دڵخۆشی خەڵکی بـاکۆیە. زۆر شـەوانە وەختەکـی خەڵـک لە کـار تەواو دەبـن و وەختـی ئیسـتراحەتیان دێت هـیچ یەک لەو سینەمایانە چـۆڵ و تەماشاخانە بەتـاڵ نـابن. چەنـد کارخـانەی زۆر گەورە کە هەزاران کـارگەر دەوانـدا کـار دەکەن بـاکۆی بە شـارەکی سـەنعەتی گۆڕیـوەتەوە. وەختەکـی کە ئێمە بە فڕۆکە بە سـەر بـاکۆیە دا دەهـاتین بەشێکی زۆر لە شـاری لە بەر دووکەڵی کارخانان دیار نەبوو.


بیوک آذربایجانن اعظم رهبری آتا و باش معلم میرجعفر باقراو حضرتلرینه
ایندی که بیزیم کیچیک تمدن کاروانیز اوز منزلگاهینا
تمام ایدوب بیزی دان کسب علم و کمال ایچون اوز اولکه‌نیزه
آلشیق لاندریق ایچون قایدیرلار وقتی غنیمت
بیلدیم اوز صمیمی سلام لاریمی تقدیم ایدوب و تقاضا
ایلیرم که مذکور دستور صادر بیوریرسیز که سیزین مراجع
و بیوردیغز کورسدلارین بارەسندە کاملاً عملی اولوب
و اوجنابات خیرخواهلیق لطف لاری جدتحت
تعقیب اولونسون محمد قاضی

دومین نامه قاضی محمد به میرجعفر باقراف

نامەی سێیەمی پێشەوا بۆ باقرۆڤ

[نامەکەمان لە زمانی تورکی ئازەربایجانییەوە وەرگێڕاوە]

ڕێبەری گەورەی ئازەربایجان باوک و سەرمامۆستامان حەزرەتی میرجەعفەر باقرۆف

ئێستا کە کاروانی پچووکی شارستانییەتی ئێمە پشووی خۆیان تەواو کردووە و دیسان بۆ وەرگرتنی زانست و کەماڵ و ڕوون داگیرانی وڵاتی خۆیان دەگەڕێنەوە، ئەم کاتە بە دەرفەت دەزانم سلاوی دڵپاکانەی خۆمتان پێشکێش بکەم و دەمەوێ داوا بکەم کە دەستووری پتەو بدەن گەورەیی و ڕوحمی ئێوە سەبارەت بە کوردەکان بە جێ بهێندرێ و لوتفی خێرخوازانەی جەنابتان بە شێوەیەکی جیدیتر شوێنگیرێ بکرێ

محەمەدی قازی

----------------------------------------------------------------

"گەڕانەوە بۆ ئێران" ٢١

نووسینی: ڕەحمان حەلەوی

[لە فارسییەوە وەرگێردراوە]

ئەو خەبەرە هەموو خوێندکارانی زۆر خۆشحاڵ کرد. خوێندن لە وڵاتی یەکێتیی جەماهیری شووڕەوی و ئاشنا بوون لەگەڵ موحیتی کۆمەلایەتی ئەوێ، وڵاتێک کە چوونە ناو خاکەکەی بۆ ژمارەیەکی کەم نەبێ کە باوەڕیان پێ دەکرا لە محالات بوو. ئەوە شتێکی زۆر چاوڕاکێش بوو و هاتنە دەریش لەو وڵاتە ئەوەندەی دیکە جێی سەرنجتر بوو. هەرچۆنێک بێ گەڕانەوە بۆ نیشتمان و دیتنی بارودۆخی ناوچەی پڕ لە ئاڵۆزی و ئامادەی ڕووداوان و چاوپێکەوتنەوەی دۆستان و خزمان غەنیمەتێکی گەورە بوو.

ئاشکرایە ئیزنی گەڕانەوەیان بۆیە بە ئێمە دابوو چونکە هەموو خوێندکارەکان یان لە کوردستانەوە هاتبوون یان ئازەربایجانی بوون و لە هەر دوو ناوچەش دا پارتییە سیاسییەکان و ئەو حکوومەتە جێییانەی کە هەبوون دەستنیژ و جێی باوەڕی ئەوان بوون. هەڵبەت بەو مووچە کەمەی کە مانگانە دەدرا بە ئێمە دەرفەتی کڕینی دیاریمان بۆ خزم و دۆستان نەبوو بەلام لەو ماوەیە دا ئەمن دووربینێکی عەکاسیم کڕیبوو وام دانابوو دوای گەڕانەوە بۆ تەورێز بیفرۆشم و بە پارەکەی هێندێک دیاری بۆ خوشکم و منداڵەکانی بکڕم. بە قەتار لە باکۆ وە هاتین بۆ جولفا. سەفەری بە کۆمەڵ بەڕاستیش بە چێژ و خۆشە. واگونێک تەرخان کرا بوو بۆ ئێمە، گۆرانی کوتن و هەرا و هوریا، شۆخی و گاڵتە و گەپ تا شاری سنووریی جولفای تێپەڕاندین. دوای کورتەیەک لە ڕێوشوێنی سەر سنوور ئێمە هاتینە ناو جولفای ئێران. هەڵبەت جولفایەک کە لە بەر دەست فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان

دا بوو. لە جوڵفاوە دیسان بە ترێن بەرەو تەورێز وەڕێ کەوتین هەر وەک ئەوە وابوو لە دنیایەکەوە هاتبینە دینیایەکی دیکە. لەو دنیا دا هەمووشت لە بەر دەست و دە کۆنترۆڵی دەوڵەت دا بوو لە ئینسانەوە بگرە تا کەلوپەل بەڵام لەم دنیایە دا بە پێچەوانە وەک ئەوە وا بوو دەوڵەتێک نەبێ هەموو شت ڕزگار و ئازادە. لە وێستگەی تەورێز هەر کە لە ترێن دابەزین لەگەڵ پێشوازیی ژمارەیەک لە مەئموورانی حکوومەتی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان ڕووبەڕوو بووین.

ئێمە سێ کەس کورد من و خوسرەو [زولفەقاری] و ئاغای شەڵماشی و چوار کەس لە خەڵکی ڕەزائییە [ورمێ] یان بردە گڕاند هۆتێلی تەورێز ئەوانیدی هەموویان دانیشتووی تەورێز بوون. ئێمە سێ ڕۆژ لە تەورێز ماینەوە و هەموو ڕۆژێ بەرنامەیەکمان هەبوو، شەوی سێیەم گشت خوێندکارەکانیان بانگهێشتنی شێوی شەوێ کرد لە مەجلیسی نەتەوەیی ئازەربایجان لەوێ لەگەڵ سەرانی فیرقە ئاشنا بووین، سەید جەعفەری پیشەوەری و ئاغایانی شەبوستەری سەرۆکی مەجلیس و غوڵام یەحیا و محەممەد بی ڕیا وەزیری فەرهەنگ و چەند کەسی دیکە لەوێ بوون. لە پێشدا ئاغای پیشەوەری و دوایە ئاغای شەبوستەری بە زمانی ئازەری هێندێک قسەیان بۆ کردین. دوایە چووینە پای مێزی خواردن سفرە و خوانێکی زۆر ڕەنگین بوو بە چێشتی جۆر بە جۆر و دێسێری زۆر و زەوەند، لە سەر مێزەکەش هێندێک دروشم بە سڵامەتی فیرقەی دێمۆکڕات دەردەبڕدرا لە پڕ یەکێک لە خوێندکارە ئازەرییەکانی هاوڕێی ئێمە بە دەنگی بەرز و بە زمانی فارسی هاواری کرد: بژی محەممەد ڕەزا شای پەهلەوی شاهەنشای ئێران، دوو لە لاوەکانی دیکەش چەپڵەیان بۆ لێ دا هەڵبەت مەبەستی ئەو خوێندکارە و ئەو دوو کەسەی کە پشتیوانییان لێ کرد و لەگەڵی کەوتن ئەوە بوو وەفاداری خۆیان لە ئاست حکوومەتی ناوەندی و خەمساری خۆیان بە نیسبەت فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان دەرببڕن. بە دڵنیاییەوە ئەوە پیلانێکی لە پێشدا داڕێژراو بوو. ئەو شەخسە و دوو کەسەکەی دی پێشتر خۆیان ئامادە کرد بوو بۆ دەربڕینی ئەو دروشمە. ئەو سێ کەسە گورج لە ساڵۆنەکەوە چوونە دەرێ، کەسیش پێشی پێ نەگرتن. ئەگەر هەڵە نەبم ئەو سێ کەسە بریتی بوون لە جەلالی و مەجید فرووغ و مەسعوود بێهجەت، هەموو واقیان وڕمابوو کەس چاوەڕوانی ئەوەی نە دەکرد دروشمێکی ئاوا لەو مەجلیسە دا بەرز بکرێتەوە، کەم کەم هەموان لە مێزی نانخواردن کشانەوە و مەجلیسەکەمان تێک چوو. ئێمە گەڕاینەوە گڕاند هۆتێل و هەتا درەنگانێک سەبارەت بەو ڕووداوە قسەمان کرد. بۆ بەیانی ڕا من دووربینە عەکاسییەکەم فرۆشت و هێندێک دیاریم کڕی و لەگەڵ ئاغایانی زولفەقاری و شەڵماشی بەرەو مەهاباد وەڕێ کەوتین. گۆیا سێ کەسەکەش بەیانی زوو لە تەورێز وەدەرکەوتبوون و خۆیان گەیاندبووە تارانێ. ئەو کارە چ بە پێی فەرمانێک ئەنجام درا بێ یان ئەوەی لە فکر وخەیالی خۆیانەوە هەڵقوڵابێ، بووە هۆی ئەوەی هەر سێکیان بێ هیچ تەشریفاتێک درێژە بدەن بە خوێندنی خۆیان لە دانشکەدەی پزشکی تاران. سیاسەت وەک کایە کردن بە ئاور وایە، جاری وایە لەوانەیە ئینسان پێی گەرم بێتەوە و لەگەرماییەکەی چێژ وەربگرێ و جاری واش هەیە لەوانەیە

پێی بسووتێ و ببێتە خۆڵەمێش.
بەڵام شتێک کە بۆ من سەیر بوو ئەوە بوو بۆچی فیرقە هیچ کاردانەوەیەکی لە ئاست ئەو سێ کەسە نیشان نەدا. لە میاندواو بە دواوە دیمەنی ناوچە بە دیتنی پێشمەرگەی کورد بە تەواوی گۆڕا. لێرە دا دەتگوت بە ڕاستی تاکو تەرا ئامادەن بۆ هەستانەوەیەکی بە بڕیار و بێ باک شتێک کە لە ئازەربایجان دا نەمدیت. بە دڵنیاییەوە مەسەلە دەمارگرژی و سۆز نییە ئەمن ئەوەی دیتم دەنووسم. لە گشت ماوەی بوونی کاتیم لە مەهاباد تەنانەت چ بە ڕواڵەت و چ بە نهێنی هێچ دژایەتییەکم نەدی.

ژەنەڕاڵ بارزانی بە هەموو دەستە و لایەنگرە چەکدارەکانی خۆیەوە لەگەڵ حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان کەوتبوو. پەیوەست بوون بە مەکۆی ناوەندی خەباتی میلەتی کورد دژی ڕێژیمی شاهەنشاهی لە هەڵکەوتێکی ئاوا دا گەورەترین لێ بوردەیی و فیداکاری بوو و بریتی بوو لە دووربینییەکی قووڵ. ئەمن سڵاو دەنێرم بۆ ڕوحی ئەو پیاوە مەزنە کە لەو هەڵکەوت و دەرفەتە بەقیمەتەی کە ساز ببوو پیاوانە شوێنی لە دایکبوونی خۆی بەجێ هێشت و هەموو خێڵ و کەسوکار و توانای شەڕیی خۆی لە بەر دەست حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران نا. عاقڵ ئیشارەیەکی بەسە.

ئەو ئیمان و یەکگرتووییەی کە من لە مەهاباد دیتم لە ئازەربایجان چاوم پێی نەکەوت. حکوومەتی فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان تەواو لە بەر دەست حکوومەتی ئازەربایجانی شووڕەوی دابوو لە کاتێکدا لە کوردستان ئاوا نەبوو.

سێ ڕۆژ دوای گەڕانەوە بۆ مەهاباد جەنابی قازیی محەممەد پێشەوا و ڕێبەری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان فەرمانی دا کۆبوونەوەیەک لە دەفتەری حیزب شوێنی شارداری ئێستا ڕێک بخرێ ئەمنیش لەو کۆبوونەوەیە دا بەشدار بووم.
قازیی محەممەد بۆخۆی و سەرانی حیزب و ژەنەڕاڵ مەلا مستەفا بارزانی لە هەیوانی خانووبەرەکە ڕووبەڕووی مەیدانی چوار چرا (کە پاشان قازی لەوێ لە دار درا) دانیشتبوون. من و دوو کەس لە هاوسەفەرەکانیشم لەوێ ئامادە بووین.

لە پێشدا قازیی محەممەد چووە پشت تریبوون و بە لەحنێکی ئارام و لەسەرەخۆ هێندێک قسەی کرد و دوایە بانگی من کرا تا هێندێک قسە بکەم ئەمنیش دوای باسی دۆخی خوێندن لە شووڕەوی و چلۆنایەتی هەڵسوکەوتی بەرپرسان و مامۆستایانی زانکۆ لەگەڵ ئێمە، ئارەزووم کرد هەرچی زووتر بتوانین بگەڕێینەوە

نیشتمان و خزمەت بە هاونیشتمانانی کوردی خۆمان بکەین و هەر وەها پێشنیازم کرد بەجێیە لەو دەرفەتە کەلک وەربگیرێ و ژمارەیەک لە جەوانانی کورد بۆ درێژەدان بە خوێندن بنێرن بۆ شووڕەوی. لە دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەکە
جەنابی قازیی محەممەد میهرەوانی لەگەڵ نواندین و بە ژەنەڕاڵ بارزانی ناساندین.

شتێک کە لەو کۆبوونەوەیە دا بۆ من ڕوون بووەوە ئەوە بوو کە تاکوتەرای هەموو کۆمەڵگە بەشەرییەکان بیانەوێ و نەیانەوێ دەکەونە بەر کوورانی مەسەلە سیاسییەکان و خۆ دزینەوە لەوە نە دەلوێ و نە شیاوی ژیانی ئینسانی یە بەڵام بە هیوای ئەو ڕۆژەی کە گشت کۆمەڵگەکان ویست و ئاواتەکانی یەکتری بە بێ دەمارگرژی و دوژمنایەتی لێک دەنەوە و لێی تێبگەن و دژایەتییەکان بە بێ زۆر و زۆڵم جێ بەجێ بکەن.
کاروباری شار لە لایەن مامە غەنی خوسرەوی شارەدار و سەید پیرەی نیزامی بەرپرسی شارەبانی بەڕێوە دەچوو و لە مەدرەسەکان دا بە زمانی کوردی دەرسیان دەخوێند.

هەڵبەت لە تەشکیلات و ڕێکخستنی حیزب دا کەموکووڕی زۆر هەبوو بەڵام چ دەکرا بکرێ؟ بە نەبوونی کادری پسپۆڕ و خوێندوو ئەویش لە سەرەتای هەنگاوێکی گەورە دا نەدەکرا لەوە زیاتر تەوەقوع بکرێ بەڵام ئەمن لە سەر ئەو باوەڕە بووم ئێستا کە بانگ بۆ دۆزێک دراوە و کارێک دەست پێکراوە باشتر وایە بە ئیحتیات و تەگبیر هەنگاو هەڵبگیرێ و بیر لە ئاکامی کارەکەش بکرێتەوە بە بێ گومان ئەرتەشی شووڕەوی بۆ هەمیشە لە خاکی ئێران دا نابێ. شەڕی جیهانی تەواو بووە، ئەڵمانی نازی تێک شکاوە دەرەنگ یان زوو هێزە بێگانەکان دەبێ خاکی ئێران بە جێ بێڵن. ئەگەر بێتوو ئێرانیش هێزی وەدەر نانی ئەوانی نەبێ هێزەکانی ئینگلیس و ئەمریکا و دۆستەکانیان ئەو کارەیان دەکرد ئەوان بە هیچجۆر ڕازی نەدەبوون ئەرتەشی شووڕەوی لە ئێران دا بمێنێتەوە کە وابوو دەبوو حیسابی ئەو ڕۆژەش کرا با. ئەو کەسانەی کە کایەی شەترەنج دەزانن دەزانن کایەکار دەبێ چەند جووڵەی دواتری خۆی و چەند جووڵەی دواتری هەمبەرەکەی پێش بینی بکا بۆ ئەوەی مات نەبێ. دۆڕاندن لە شانۆی شەترەنج دا زۆر گرینگ نییە بەڵام دۆڕاندن لە شانۆی سیاسەت دا خەساری گیانی و ماڵی زۆر لەگەڵ خۆی دێنێ.

بەداخەوە ئەوەی کە بە گرد بڕی بیری لێ نەکرا بووەوە ئەوە بوو و کەمترین هەنگاوێک کە نیشانەی بیرکردنەوە لە پاشەڕۆژ بێ بۆ ئەوەی خەباتەکە نەدۆڕێنن لەلایەن حیزبی دێمۆکڕاتەوە نەدەکرا. ئێستا بۆ ئەوەی زنجیرەی بیرەوەرییەکانم نەپسێ پاشماوی ئەو بابەتە ڕادەگرم بۆ دەرفەتێکی لەباری دیکە.

دواجار لە ڕۆژی سێیەمی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٥ [ی هەتاوی] دوای ماڵاوایی خواستن لە جەنابی قازی و سەرۆکەکانی دیکەی حیزب و دۆستان و خزمەکانمان ئێمە سێ کەس چووینە تەورێزێ و لە پێشدا ڕوومان لە کۆنسوولخانەی شووڕەوی نا لەوێ، پێیان ڕاگەیاندین هەتا ئەوەی کە خوێندکارانی دیکەش ئامادە دەبن بچینە گراند هۆتێل و لەوێ چاوەڕوان بین. ئەو جارەیان میوانی کۆنسوولخانەی شووڕەوی بووین لە گراند هۆتێل دوای سێ ڕۆژ مانەوە لە تەورێز و کڕینی بڕێک دیاری بە قەتار چووینە جولفا چوار کەس لە ژمارەی خوێندکاران کەم ببۆوە، ئەو سێ خوێندکاری کە لە مەجلیسی میلی [ئازەربایجان] دا بە قازانجی شا دروشمیان دا و ئەویدیش خانمی مونیرە بوو. بەڵام لە جیاتیان خانمێک لە کۆمەڵی ئێمە زیادی کرد بوو. ئەو خانمە زیبەندەی سەدرییە خوشکی محەمەد حوسێن سەدرییە و دەستگیرانی ئاغای ئەمین هاوسەفەری ئێمە بوو. من زیبەندە خانمم پێشتر لە مەهاباد دیتبوو. ئەو خوشکی هاوسەری ئاغای سەریعولقەلەم بوو کە لە مەهاباد لە ئیدارە [؟] کاری دەکرد.

لە تەورێز جگە لە دیاری بۆ دۆستان چەمەدانێکی پڕیشم خەنە پێ بوو چونکە لە بادکووبە خەنە دەست نەدەکەوت و شتێکی بە قیمەت بوو. لە جولفای شووڕەوی بێ پشکنین و ڕەچاوکرانی تەشریفاتی گوومرگی سواری ترێن بووین و ڕۆژی دەیەمی خەرمانان گەیشتینە بادکووبە و یەکسەر چووینە شوێنی حاوانەوەی پێشوومان، هیچ شتێک نەگۆڕابوو، ئاغایانی نووریێڤ و محەمەدۆئۆف و کرێکارەکان هەموو مابوون. کیسەیەکم خەنە پێشکێشی ئەو خانمە کرد کە سەرپەرشتی ئاشپەزخانە و بەڕاستی مێهرەوان و دڵسۆز بوو بۆ ئەوەی مووی سەری پێ ڕەنگ کا و بۆ ئەوانیدیکەش هەر کامەیان شتێکم ئامادە کردبوو.

دوای هاتنەوە دەرکەوت سێ کەس لە کۆی ئێمە زیاد بوون، یەکیان جەوانێکی قەڵەو خریلەی خەڵکی تاران و ئەویدیکەیان پیاوێکی نزیک ٣٥ ساڵان خەڵکی ئازەربایجان بوو بەڵام لەهجەی قسەکردنی تەواو وەک خەڵکی بادکووبە وا بوو، ئەوەی سێهەمیشیان نەوجەوانێکی زۆر جوان و وێچوو بوو.

ئەمن هیچ جەوانێکم بە وێچوویی وی بە قیافەی ڕۆژهەڵاتی و ئورووپاییەوە نەدیتبوو. ئەو کوڕی سەرلەشکر جەهانبانی بوو و لەبەر ئەوەی زمانی ڕوسی چاک دەزانی گۆیا دایکی ڕووس بوو بڕیار وا بوو لە مەدرەسەی نەوت بخوێنێ و هەر کاتێکیش لەگەڵ ئێمە هاتبا کۆبوونەوە و مەخلیسێک، هەموو کچان وەک پەپوولە بە دەوری دا دەگەڕان و دەیانەویست لەگەڵی ئاشنا بن. سەعدی خودالێخۆشبوو سەبارەت بە جوانی ئاوای فەرمووە: کەمێک جوانی زۆر لە ماڵی زۆر باشترە و ڕووی جوان مەڵحەمەی دڵی نەخۆش و کلیکی دەرگای داخراوە.

تێبینی: سێیەم نامەی پێشەوا بۆ باقرۆڤ لە کتێبی لاهروودی وەرگیراوە و پێشتر لە "وێنەی کۆماری کوردستان" دا

بڵاو کراوەتەوە . وێنە ڕەحمان حەلەوی و بەشێک لە بیرەوەرییەکانی لە تۆری کۆمەڵی فەیس بووک و وێنەی خوسرەو زولفەقاری کە بە داخەوە ئاگادارییەکی ئەوتۆم لە سەر ژیانی نییە ئەوەندە نەبێ لە شووڕەوییەوە هاتەوە نێشتمان و دواتر چوو بۆ ئەمریکا لە لاپەڕەی "وێنە مێژووییەکانی کورد و کوردستان: وەرگیراوە. وێنەی مستەفا شەڵماشی کە لە شووڕەوی بە مستەفا سەڵماسی دەناسرا چەند ساڵ لەمەو بەر کاک سالار شەڵماشی برازای بۆی ناردم.

۱۲ی ڕێبەندانی ۱۳۹۵ = ۳۱ی جانێوێری ۲۰۱۷

---

## هاتنی محەمەد حوسێن خانی سەیف قازی بۆ بادکووبە، بەشێک لە بیرەوەرییەکانی ڕەحمان حەلەوی





## بەشێک لە بیرەوەرییەکانی ڕەحمان حەلەوی

### ٢٢- "هاتنی محەمەد حوسێن خانی سەیف قازی بۆ بادکووبە "

کاتێک ئێمەی خوێندکار گەڕاینەوە شوێنی حەسانەوەی خۆمان وەک ئەوە وابوو هاتبینەوە ماڵی خۆمان. هێشتا چەند ڕۆژێکی هاوین ما بوو ، مەجال هەبوو بۆ چوونی سینەما و تیاتر چونکە بە دەستپێکردنی دەرسەکان ئیتر دەرفەت بۆ ئەو جۆرە کارانە هێندە نەدەبوو.

هەرچۆنێک بێ هاوین تەواو بوو و ساڵی خوێندن دەستی پێ کرد. ئەو بێدەنگی و ئارامییەی کە باڵی بە سەر خانووەکانی دانیشکەدە دا کشاندبوو تێک شکا. لە ساڵی دوویەمی دانیشکەدەی پزشکی بووم بڕیارم دابوو ئەوساڵە بە جیدیتر لە ساڵی ڕابردوو دەرس بخوێنم شانس و دەرفەت تەنێ جارێک ڕوو لە ئینسان دەکا دەبێ لەو دەرفەتە

کەلک وەربگرم. بەڵام کەس نازانێ کایەی چارەنووس چییە.
کۆتاییەکانی مانگی ڕەزبەر [١٣٢٥] بوو ڕۆژێک لە دانیشکەدەوە دەگەڕامەوە پانسیۆن. لە بەر دەرگا پێشخزمەتی پانسیۆن کە پیرەپیاوێکی چاویلکەداری ڕووس بوو گوتی ئاغای نووریێڤ کاری پێتە بەر لەوەی بچمە وەتاغی خۆم چوومە ئافیسەکەی وی، دەستبەجێ گوتی باش بوو هاتی  نانی نیوەڕۆت خواردووە؟ گوتم نا، گوتی کە وا بوو زوو بچۆ نانەکەت بخۆ و بە ئۆتۆمۆبیلەکەی من بچۆ بۆ هۆتێلی ئینتوریست. پرسیم لەوێ چ باسە؟ گوتی یەک لە مەزنانی کورد هاتووە و لەوێ دابەزیوە و بە تەلەفون خەبەریان داوە کە ئێوە بچنە لای.
بە پەلە نانی نیوەڕۆم خوارد و بە ماشینی هاوڕێ نووریێڤ چوومە هۆتێلی ئینتوریست ڕەوانەیان کردم بۆ وەتاغی ژمارە ١٢٠ و ئیزنم وەرگرت بچمە ژوورێ. ژەنەڕاڵ محەمەد حوسێن خانی سەیف قازی م دیت سڵاوم لێ کرد و ئەو هەستا و بە هەیکەلی درشت و بە سیمایەکی بە بزە و شادییەوە باوەشی لێ وەرێنام بەخێر هاتنم کرد و لێم پرسی کەنگێ تەشریفتان هێناوە؟ فەرمووی ئەمڕۆ سەر لەبەیانی گەیشتوومە جێ. زەنگی لێ دا پێشخزمەت هات، داوای لێکردم بە پێشخزمەتەکە بڵێم چای بێنێ. هۆتێلی ئینتووریست دەیڕوانییە سەر دەریای خەزەر و دیمەنێکی زۆر  دڵرفێنی هەبوو ئەو هۆتێلە زیاتر بۆ ڕێبوارانی بێگانە و کاربەدەستانی پایە بەرز تەرخان کرا بوو و تاقە هۆتێلی شاری باکۆ بوو. لێم پرسی بۆچی زووتر تەشریفتان نەهێنا تا لە مەلە کردن لە ئاوی دەریا دا زیاتر کەلک وەربگرن؟ فەرمووی دەرفەت نەبوو، ئێستاش بۆ موداوا هاتووم کێشی بەدەنم زۆر زیادی کردووە و دەڵێن نەخۆشی ئارتروز [نەخۆشی جومگە]م هەیە. بە تایبەتی پێم زۆر دێشێن. لە تەورێز چوومە نەخۆشخانەی شووڕەوی بۆ موداوا منیان ناردووەتە ئێرە بڕیارە بمنێرنە کیسلۆڤۆدسک شوێنی ئاوی سوێر و ئێستا چەند ڕۆژێک لە باکۆ دەبم. گوتم قوربان هاوڕێیانیش لە دیتنی جەنابتان خۆشحاڵ دەبن ،گوتی نا جارێ خۆت لەگەڵم بە پاشان ئەوان دەبینین. دوو ڕۆژی تەواو نەچوومەوە پانسیۆن و نەچوومە زانکۆ، شەو و ڕۆژ لەگەڵی بووم هەموو شوێنە دیدەنییەکانی شارم لە ئۆپێرا و تیاتر و سیرک و تەنانەت پارکەکانی ناو شار و مووزخانە و زانکۆ بە بەڕێزیان نیشان دا. نانی نیوەڕۆ و شێومان لەگەڵ یەکتر لە ڕێستورانی ڕاقی و جوانی هۆتێل دا دەخوارد کە چێشتی زۆر خۆشی هەبوو بەتایبەتی "تاوە کەبابی". شەوانەش ئۆرکێسترێکی پچووک لە ڕێستورانی هۆتێل دەیژەنی. ڕۆژی سێیەم لە خزمەتیان دا چوومە فڕۆکەخانە و بەڕێزیان بە فڕۆکە  بەرەو کیسلۆڤۆدسک هەڵفڕی و ئەوە دوایین دیداری ئێمە بوو. ئەو بۆ هەمیشە ماڵاوایی کرد و ئەمن ئیتر بەڕێزیانم نەدیتەوە. خودا عەفووی کا ئینسانێکی زۆر دلنزم و دڵپاک بوو.... "

تێبینی: بیرەوەرییەکانی ڕەحمان حەلەوی دوای کۆچی دوایی وی بەزنجیرە لە فەیس بووک دا بە زمانی فارسی بڵاو بووەتەوە و ئەو بەشە لەوێ وەرگیراوە و کراوەتە کوردی.خودا لێخۆشبوو ڕەحمان حەلەوی لە ئەندامە بەراییەکانی کۆمەڵەی ژیانی کورد بووە.لە سەر وبەندی جمهووری کوردستان دا لە زانکۆی پزشکی باکۆ خوێندوویە و بە بێ

خواستی خۆی ناردراوەتەوە ووڵات، دیسان چووەتەوە شوورەوی، لەوێ گیراوە. دواتر لە زانکۆی تاران لە بواری حقووق دا خوێندوویە و بووە بە پارێزەر. ڕەحمان حەلەوی لە ٢٣ی ئووتی ١٩٢١ لە سابڵاغ لە دایک بووە و لە ٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٠ لە تەمەنی ٨٩ساڵی دا لەو شارە ماڵاوایی لە ژیان کردووە. وێنەکانی کاتی بوونی لە شوورەوی لە لاپەڕەی "رحمان حلوی" لەفەیس بووک وەرگیراوە.

دەکرێ بیرەوەرییەکانی بە زمانی فارسی لەو لینکە دا بخوێننەوە:

https://www.facebook.com/rahman.halavi

### ئەو وێنەیەی محەمەد حوسێن سەیف قازی لە کیسلۆڤۆدسک




ئەو وێنەیەی محەمەد حوسێن سەیف قازی لە کیسلۆڤۆدسک شوێنی ئاوی کانزا هەڵگیراوە کە حەلەوی لەم دێڕانەی سەرەوە دا باسی لێوە دەکا! کیسلۆڤۆدسک شارێکە لە باکووری قەفقاسی ڕووسییە و لە نێوان دەریای ڕەش و دەریای خەزەر هەڵکەوتووە. لە خوارەوەی وێنەکە نووسراوە ٧ی مانگی ٩ی ساڵی ١٩٤٦.

٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ = ٢٨ی جانێوێری ٢٠١٧

## ساڵی: ٢٠١٨

### هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە تەورێز بۆ بەڕێ کردنی ئەرتەشی سوور









بەشداری هێزی پێشمەرگەی جمهووری کوردستان لە ڕێورەسمی ماڵاوایی و چوونەوەی ئەرتەشی سووری شوورەوی لە تەوریز لە ٧ی بامەڕی ١٣٢٥ = ٢٧ی ئاوریلی ١٩٤٦. سەید محەمەد تەهازادە و سەدیق حەیدەری سەرپەرستی ئەو هەیئەتەی کوردستان و دانی دیاری بە ئەرتەشی سوور بوون.

تێبینی: ئەو وێنانە لە فیلمێک وەرگێراون کە لە سایتێکی ئەمریکایی دا بڵاو کراوەتەوە

٢٢ی سەرماوەزی ١٣٩٧ = ١٣ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## سەعید هومایوون و سەید عوبەیدیلا ئەیووبیان



لە ڕاستەوە: سەعید هومایوون (ئاجودانی پێشەوا قازیی محەمەد) و سەید عوبەیدیلای ئەیووبیان لە سەر دەمی کۆماری کوردستان دا. سەعید هومایوون لە سەفەری پێشەوا بۆ تاران و دیدار لە تەک قەواموسەلتەنە دا لەگەڵی بووە و لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا (پیشوای بیداری) ئاماژەی بەو سەفەرە کردووە. ناوەرۆکی ئەو قسانەی لەو دیدارە دا هاتوونە گۆڕێ و ئەو بەڵێێنانەی حکوومەتی ناوەندی داویەتی تا ئێستا بە تەواوی ڕوون نەبووەتەوە.

تێبینی: ئەو وێنەیە موحیب مەهابادی لە تۆڕی فەیس بووک دا بڵاوی کردووەتەوە.

١٧ی سەرماوەزی ١٣٩٧ = ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## وێنەیەکی مەلا مستەفا بارزانی لە سەردەمی جمهووری کوردستان دا



وێنەیەکی کەم بینراوی مەلا مستەفای بارزانی لە سەر دەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ئەو کەسە ردێن سپییەی لە شانی ڕاستی مەلا مستەفا دەبیندرێ دەکرێ قازیی موکری بێ. ئەو ئەفسەرەش کە لە پشت سەری مەلا مستەفا ڕاوەستاوە سماییل خانی فەروخی یە. بە داخەوە کەسەکانی دیکەمان بۆ نەناسرایەوە. زۆر سپاسی بەڕێز کاک دەرسیم ئۆرەمار دەکەین کە ئەم وێنەیەی بۆ "وێنەی کۆماری کوردستان" ناردووە. لە خوارەوە بەشێک لە ژیاننامەی سمایل خانی فەڕوخی دەخوێننەوە.

"بە دوای دامەزرانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران [دیارە ئەو دەمی ووشەی "ئێران" بەشێک نەبووە لە ناوی ئەو حیزبە.ح.ق.] دەچێتە ناو ئەو حیزبەوە و لە سەردەمی کۆماری مەهاباد دەبێتە فەرماندەری هێزی حیزب لە سایین قەڵا. پێش تێکچوونی کۆمار لە حیزب دێتە دەرێ و دەچێت بۆ تەورێز و لە سەردەمی کۆماری ئازەربایجان دا هەر لەوێ دووکانێکی وێنەگری دەکاتەوە. دوای تێکچوونی کۆماری ئازەربایجان لە تەورێز دەگیرێت و دەخرێتە زیندان. دوای ماوەیەک لە زیندانی تەورێزەوە دەگوێزرێتەوە بۆ زیندانی ورمێ. دوای ئازاد بوونی لە زیندانی ورمێ هەر لەو شارە دووکان دادەنێت. لە سەر داوای خزم و کەس لە ورمێ وە دێتەوە بۆ کوردستان و لە شاری سەقز نیشتەجێ دەبێ و لەوێشەوە دەگەڕێتەوە بۆ بۆکان و دوای ماوەیەک بۆ تاران کۆچ دەکا و هاوکات لە تاران دوو دووکانی وێنەگری دەبێت. دوای مانەوەی چەند ساڵێک لە تاران وورده وورده پیری ڕوی تێ دەکا و دەگەڕێتەوە بۆ


بۆکان و دوای چەند جار دووکان دانان لە بۆکان بۆ ئاخرین جار لە ناو بۆتکەی ئاسنی دا هەتا ئاخرین ڕۆژەکانی تەمەنی وێنەگری دەکا.

م. فەروخی "

۲۸ی خەزەڵوەری ۱۳۹۷ = ۱۹ی نۆڤەمبەری ۲۰۱۸

---

## سەربەرگی یەکێک لە ژمارەکانی گۆواری "هەڵاڵە" کە لە سەردەمی جمهووری کوردستان دا لە بۆکان دەردەکەوت





سەربەرگی یەکێک لە ژمارەکانی گۆواری "هەڵاڵە"
حەسەن قزڵجی سەرنووسەری ئەم گۆوارە بوو

۲۲ی ڕەزبەری ۱۳۹۷ = ۳۰ی سێپتەمبەری ۲۰۱۸

## دوو وێنەی دیکەی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سەر بنکەی هەیئەت ڕەئیسەی میللی کوردستان





هەڵکردنی ئاڵا لە سەر خانووی هەیئەت ڕەئیسەی میللی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ = ١٧ی دیسامبری ١٩٤٦ ، مهاباد گۆڤاری کوردستان بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆ کوردستان لە ژمارەی سێیەمی خۆیدا، مانگی خاکەلێوەی ١٣٢٥ = مارسی ١٩٤٦ی زایینی لە ژێر سەردێڕی "هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردوستان لە مهاباد" دەنووسێ: "..... ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ی ١٣٢٤ی هەتاوی = ١٧ی دیسامبری ١٩٤٥، تەواوی نوینەرەکانی ئەهالی کوردوستان لە شاری, مهاباد کوبونەوە. لە سەعات ١٠ی بەیانی لە کانگای حیزب ئاڵای کورد بە حوضوری دەهەزار نەفەر هەلگیرا و لە کاتیک دا دەستەی موزیک مارشی میللی لی دەدا و لە سەرتاسەری شەقامی وەفایی دا صەفی نیزام کە لولەی تفەنگ

و موسەلسەل وسەرنیزەیان دەدرەوشا دەستەی لاوان و قوتابیانی مەکتەب،کچ و کور، لە لای راستی ئالا لە حەرەکەت دا بون گەورە وچوکی مهاباد هەیئەت و نوینەرانی حیزبی دیموکرات لە پشت سەری ئالا سەری تەعظیمیان بو دانەواندبو و، بو ئیحتیرام چەپلەیان لی دەدا و هورایان دەکیشا و، پیشەوای موعەظەمی کوردستان جەنابی قاضی محمد وتاریکی بە تینی لە بابەت ئالای موقەدەسی کوردستان ئیراد فەرمو.ئەوجار لە پاش نوتق و خیطابە و تیرهاویشتنیکی زور وبە جیهینانی مەراسیم و نەصبی ئالا لە سەر عەمارەتی هەیئەتی رەئیسەی میللی جیژنە دوایی هات...."

وێنە هەڵگر: سەیادیان یان سمایل خانی فەرۆخی

بە ئەگەری زۆر نەفەری یەکەم لە دەستی ڕاستەوە کە باڵتۆی درێژی دە بەر دایە میرزا مستەفای سوڵتانیان و ئەو کەسی دەستی بە دیرەکی ئاڵاکەوە گرتووە عەلیی خوسرەوی یە.

٢٦ی بانەمەڕی ١٣٩٧ = ١٦ی مای ٢٠١٨

## مەلا مستەفا و هێندێک لە سەرکردەکانی دیکەی کوردستانی عێراق لە مەهاباد



لە پشت سەر ژەنەڕال مایۆر مستەفا بارزانی

لە ڕاستەوە: محەمەد مەحموود، عێزەت عەبدولعەزیز، نووری ئەحمەد تەها،؟

لەدەوڵەتی جمهووری کوردستاندا محەمەد حوسێنی سەیفی قازی کۆمەک فەرماندەی هەموو هێز و وەزیری جەنگ [هێزی دێمۆکڕاتی کوردستان]، مستەفای بارزانی قائدی کوردی بارزان و فەرماندەی هێزی بارزانیان، ئەمەر خانی شەریفی سەرۆکی تایفەی کارداری کۆنفیێدراسیۆنی عەشیرەتی شکاک و یەک لە نوێنەرانی کوردستان بۆ ئیمزا کردنی پەیمانی برایەتی و دۆستایەتی لە نێوان کوردستان و ئازەربایجان و حەمە ڕەشید خانی قادرخانزادە فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی سەرا پلەی ژەنەڕال مایۆری یان هەبوو.

پێشەوا لە وتەیەکدا لە کاتی ڕۆیشتنی بۆ تەورێز لە ١٥ - ٢ - ١٣٢٥ کە لە "کوردستان ی، ژمارەی ٤٦، شەمۆ ٢١ی بانەمەڕی ١٣٢٥ = ١١ی مەی ١٩٤٦" دا چاپ کراوە لە گەڵ شتی دی دەڵێ: "برایانی خۆشەویستی بارزانی کە

لە ڕێگای وەدەست خستنەوەی ئازادیی کوردستانی مەزن وڵات و ماڵ و منداڵیان لە پێش چاو نییە و هەموویان لە پێناو ئەو مەتڵەبە ناوە، مەردانە لە کۆشش دان، جێگای شانازییە و ئازادیخواهی میللەتی کوردەواری نمایش دەدەن و شارەزایی وان لە عەمەلییاتی جەنگی و ئازایی و ڕەشیدییان کە سیفاتی مومەیزەی کوردانە لە شەڕی سالح ئاوایە دا مەعلووم بوو کە عیدەیەکی ٢٠٠ نەفەری ئۆردووی فارسەکان دەیەویست بۆ لای سەرایە بێت ئەوان بە ١٧٠ نەفەری پێشیان پێ گرتن، ١١٠ نەفەریان لێ کوشتن، ٤٠ ئەسیریان لێ گرتن و تەلەفاتێکی زۆریان لێ دان بە بێ ئەوەی یەک نەفەریان خوێنی لە کەپۆی بێ.

جەنابی حەمە ڕەشیدخان کە چەند وەختە لەو ڕێگایە دا ئیمتیحانی خۆی داوە، هەمووی ئەوانە بەڵگەیەکی زۆر گەورەن کە جونبشی ئازادیخواهی کوردستان بە هۆی سیاسەتی خاریجی نەبووە بەڵکوو هێزێکە لە دڵی هەموو کوردێک دا مەوجوودە.........."

**ئەم وێنەیە دەبێ لە عەکاسخانەی سەیادییان لە مهاباد هەڵگیرابێ.**

**٢٦ی بانەمەڕی ١٣٩٧ = ١٦ی مای ٢٠١٨**

---

## بەڵگەیەکی وەزارەتی عەدلیەی کوردستان، جەمهوری کوردستان


نسخه اول

شماره مرکزی ٦٦٠٥٢٥

شماره محلی

دولت شاهنشاهی ایران

وزارت عدلیه کوردستان

قبض اقساط رسمی

نوع مالیات

شرح

مبلغ


ریال

جمع ١٤٥ ٧٥

**٢٦ی بانەمەڕی ١٣٩٧ = ١٦ی مای ٢٠١٨**

# ساڵی: ٢٠١٩

## سەربەرگی جزمی یەکەمی دیوانی قانع، چاپی سەردەمی جمهووری کوردستان


پەرلانی ـ ئەیوبیان
PERLANI AYYUBIYAN

جـــــــزمی یەکـە
لەدیوانی قـــانع

١٥ خاکەلیوە
( ١٣٢٥ )

—=«( قیمت ١ قران )»=—


چاپخانەی بوکان

**سەربەرگی جزمی یەکەم لە دیوانی قانع کە لە سەردەمی جمهووری لە بۆکان چاپکراوە.**

**تێبینی: وا دیارە ئەو سەربەرگە لە ئاڕشیڤی نەمر سەید عوبەیدیلا ئەیووبیان دا بووە بۆیە لە لای سەرەوەی لاپەڕەکە مۆری خۆی پێوە ناوە.**

**١٧ی بەفرانبارانی ١٣٩٧ = ٧ی جانیۆیری ٢٠١٩**

## بەڵگەیەکی نوێی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لە سەردەمی جمهووری


حزب دیموکرات کوردستان

ژمارە: ١٢٤

بەروار: ١٦ - ١٢ - ٢٤ [ ٧ - ٣ - ١٩٤٦]

ئێمبلێم:

حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان

کۆمیتەی مەحەلی

لکی شنۆ

فەرمایشی برای خۆشەویست ئاغای حوسێن فرووهەر

بە وەسیلەی سیمی نەغەدە - جەنابی قازی سەدری کۆمیتەی شنۆ - لە سەر ئەمری (ڕیاسەتی جمهووری کوردستان) بە تەواوی ئەو ئاغایانەی کە ماڵی بارزانییان لە کنە خەبەر بدە کە نیسبەت بەو ماڵانە لە حەیسی

سووختەنی، تفاق، نان، موساعەدە و کومەکیان پێ بکەن وە نەیەڵن ئەو چەند ڕۆژانەی کە لە کن مە ماون زەیقەت بینین و هەر ئاغایەکی خودداری کرد بە مەرکەزی بناسێنن.

حوسێن فرووهەر

١٦ - ١٢ - ٢٤ - ٨١٧ عەینی فەرمایشی برای خۆشەویست ئاغای حوسێن فرووهەر بە تەواوی ئاغایانی دێهاتی شنۆیێ ئیبلاغ دەکرێ. پێویستە ئەمری موبارەکی حەزرەتی پێشەوای موعەزەم بە کەماڵی ڕووخۆشی ئەنجام بدرێ.

سەدری کۆمیتەی مەحەلیی شنۆ قازیی خزری

مۆری لکی شنۆی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان

ئیمزا لە سەر مۆرەکە

تێبینی: ئەو بەڵگەیە بەڕێز ئازاد ئێلخانی زادە لە لاپەڕەی فەیس بووکەکەیدا ئەمڕۆ ٣ی ژانڤییەی ٢٠١٩ بڵاوی کردووەتەوە. حوسێنی فرووهەر (زێڕینگەران) ئەندامی ژمارە یەکی ژێکاف و تا ئۆکتۆبری ١٩٤٤ سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە بووە. لە سەردەمی جمهووری دا ئەندامی کۆمیتەی شاریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بووە و دەورێکی سەرەکی گێڕاوە لە ڕێوڕەسمەکانی هەڵکردنی ئاڵا لە بۆکان، نەغەدە، شنو و هەر وەها لە کۆ کردنەوە و دەبەرخوێندن نانی منداڵانی بێ دایکوباب، دوای ڕووخانی جمهووری بە ساڵان لە زیندانەکانی پەهلەوی دووەم دا بووە و تا ئاخر ڕۆژی ژیانی لە پێناو بیروباوەری دا قەت کۆڵی نەداوە. قازیی خزری سەدری کۆمیتەی مەحەلی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لە شنۆ یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی جمهووری کوردستان بووە بۆ ئیمزای پەیمانی دۆستایەتی کوردستان و ئازەربایجان لە تەورێز.

١٣ی بەفرانبارانی ١٣٩٧ = ٣ی جانێوێری ٢٠١٩

---

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێنەی کۆماری کوردستان

/http://weneykk.blogspot.com/2008/02

---

ڕێکەوت: ڕێبەندانی ٢٧١٨ی کوردی = فێبریویێری ٢٠١٩ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

